لە ئیعجازی قورئانەوە
وەلامێك بۆ رەخنەكانی مەریوان هەڵەبجەیی

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

نووسینی
عبدالله علی زەنگەنە

نووسینی پیشەكی
* دكتور سید احمد پیرجوینی
* د.د نجم الدین زەنگی
كەركوك

2011

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

له ئیعجازی قورئانەوە

وەڵامێک بۆ ڕەخنەکانی مەریوان هەڵەبجەیی

نووسینی

عبد الله علی زەنگەنە

نووسینی پێشەکی

❖ دکتۆر سید احمد پێنجوێنی

❖ د.د نجم الدین زەنگی

کەرکوک

٢٠١١

ناوی کتێب: له ئیعجازی قورئانەوە

وەڵامێك بۆ ڕەخنەکانی مەریوان هەڵەبجەیی

نووسینی : عبد الله علی زەنگەنە

تایپ : هێمن عبدالله

دیزاین : د. ئازاد عبدالواحد

سەرپەرشتی چاپ : نهرۆ محمود

نۆرەی چاپ یەکەم

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (٥١٨) ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

بسم الله الرحمن الرحیم

پێشەکی بە پێنووسی : دکتور : سید احمد پێنجوێنی .

الحمد لله رب العالمین ، و صلی الله و بارك علی عبد الله و رسوله الخاتم ، رحمة الله تعالی للعالمین ، سیدنا محمد حجة الله علی الخلق اجمعین .

پاشان / بە خۆش حاڵی و شەوقێکی زۆرەوە ، ئەم نوسراوە بەهێز و چڕ و پڕەی برای بەڕێزم : مامۆستا عبد الله علی زەنگەنەی کەرکوکیم خوێندەوە ، کەئ خۆی داوای لێکردم کە چاوێکی پیابخشێنمەوە پێشەکی یەکی بۆ بنوسم ، بۆیە وا منیش ئەو کارەم بۆ کرد کە لە ناوەندی دەیان کار و جەنجاڵی و سەرقاڵیمدا ، چونکە شیاوی ئەوە بوو کە برایەکی ئاوا بە هیمەت و بە هەڵمەت ، لەو تەمەنەیدا ئەوەندە بە غیرەت و بە عیزەت بێ و بیەوێ بێتە ناو ئەم گۆڕەپانەی دەمکوتی نەفامان و بێ شەرمان و دوشمنانەوە و ، ئەویش ئەسپی خۆی لەو مەیدانەدا تاوبدات و هاوبەشیەکی سوارچاکانەی تیا بکات ، کەسی ئاوا شیاوی ئەوە بوو ، منیش دڵی خۆش بکەم داواکاری یەکەی جێ بەجێ بکەم ، بۆیە ئەم چەند دێڕەم بۆ ئەم کتێبە نووسی وەکو دەستخۆشی و هاوبەشی بۆ ئەم خەبات و غیرەتە ، هیوادارم لە جێگای خۆیدا بێ و ، کەلێنێکی تر لە کتێبخانەی کوردیدا پڕبکاتەوە و ، ئەویش بێتە پێزی ئەو چەند نوسراوە بەهێز و بە پێزەی کە پێشی ئەم ، مامۆستایان د. عثمان و

مامۆستا عمر کمال و ئەوانیتر نوسیویانە و ، بەرپەرچی دروٚ دەلەسە و بوختانەکانی دوشمنانی ئیسلامیان داوەتەوە .

بە ڕاستی خوٚشبەختانە ئەمیش توانیوێتی بڕگە بڕگەو تەوەر تەوەر بە شوێنی کتێبەکەی بە ناو مەریواندا بچێت و هەمووی بەرپەرچبداتەوە و بوختانەکان و نەزانییانەکانی ئەو لایەنە بڕمێنێ .

لە هەمان کاتدا ئەم نوسراوە بوٚچوونی بەهێز و تازەی زوٚریشی تێدایە ، کە نوسەرەکەی توانیوێتی بە بەڵگەی ڕوون و بەهێز بیر و بوٚچوونەکانی بڵێت و بنوسێت ، کە زوٚر جار ڕاو و بوٚچوونەکانی لەگەڵ ڕاو و بوٚچوونی زاناکانی تری پێش خوٚیدا یەکیشناگرنەوە ، بەڵام قسەی خوٚی هەر کردووە و شتی تازەشی نیشانداوە ، کە کەسایەتی خوٚی تێدا نمایش کردووە ، کە ئەمەش یەکێکە لە قەدر و بەهای ئەم کتێبە و ، زیرەکی نووسەرەکەی و نایابی نووسینەکەی مامۆستا عبد الله زەنگەنە لە زبانی عەرەبی و ڕێزمانەکەیشیدا تۆێشووی باشی هەیە و دەوڵەمەندە ، هەروەها ئاگادارییەکی باشیشی لە فقە و شەریعەدا هەیە ، کە ئەمەش یەکێکی تری لە نایابی ئەم کتێبەی ، من هیوادارم خوشك و برایانی ڕووشنبیر بە تامەزروٚیی و گرنگی یەوە ئەم کتێبە بخوێننەوە و زیاتر شارەزایی پەیدا بکەن لە ئایینەکەیان و ، لە بێ وێژدانی دووژمنەکانی و داخ لە دڵی و بێ ئاگایی یان لە ئەلف و بێی ئەم ئاینە ڕوون و بێ گەردە .

لە کوٚتاییدا ، سەرکەوتنی زیاتر و زوٚرتر ئەخوازم بوٚ مامۆستای نوسەر و ، بەهرە و بەرەکەت و بە غیرەتیش بوٚ خوشك و برایانی خوٚینەری ئەم نوسراوە خنجیلانەیە و ، هیواداریشم بەرهەمی چاکتر و دەمکوتکەرترمان بکەوێتە بەرچاو و ، میللەتەکەمان پاریٚزراوبێت لە ژەنگ و ژاری خەڵکی دوٚراو و بێگانە

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

پەرست و ، پـتر شـانازی بکـەین بـە ئیمـان و ئاییـنەکەمانـەوە . لەگـەڵ ڕێـز و حورمـەتم بـۆ هـەموان و ئومیـدی وولاتێکـی ئـاوەدان و گـەلێکی خـاوەن هـۆش و عیرفان .

قال سبحانه و تعالى :

((فَإِنْ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ)) القصص : ٥٠



دكتور : احمد سيد عبد الوهاب پێنجوێنی

شعبان ١٤٣١ ك

حزيران ٢٠١٠ م

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

پێشەکی د.د. نجم الدین زەنگی

بسم الله الرحمن الرحیم

پێشەکی سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکەش بە جەنابی مامۆستا عبدالله زەنگەنە دەکەم بۆ ئامادەکردنی وەلامێکی بەپێز و پڕ و چڕی لەم جۆرە بۆ ڕەخنە نابەجێیەکانی مەریوان هەڵەبجەیی کە ئیسلامی کردۆتە ئامانج و بەبێ هۆ نابەجێ ڕەخنەی بێ ئامانجی ئاراستەی قورئان و سوننەت کردووە .

ئەم هەوڵەی مامۆستای بەڕێز بەسوودە و ئامانجەکانی خۆی پێکاوە. سەرنجی ووردی لەسەر تەفسیری ئایەت و فەرموودەکان بەئاراستەی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکاندا پێشکەش کردووە . بەووردی توانیویەتی نەخۆشیەکانی مەریوان دیاری بکات و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە .

لەم پەرتوکەی جەنابی مامۆستادا سەرنجی نوێ و گەل تێڕوانینێك هەن کە پێشەنگن و دەکرێت سەرەتایەك بن بۆ ئەزموونێکی نوێ لەکاری تەفسیری و فیقهی دا کەلەکەنارێکی فراوانترەوە چارەسەری هەندێك پرسیاری زمانەوانی و فیقهی دەکات .

هیوادارم مامۆستای بەڕێز کتێبخانەی کوردی بەم بەرهەمە جۆرییانە دەوڵەمەند بکات و وەك پسپۆرێکی شارەزا لەزانستی عەرەبی و ئیسلامیدا ئەزموونەکەی بخاتە گەڕ بۆ خزمەتی ئایین و ئاکار و شوناسی گەلی کوردستان .

له ئیعجازی قورئانەوە وەڵامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

لەکۆتادا هیوا خوازم کەخاوەنی ئەم نووسراوە تەمەن درێژو سەرکەوتوو بێت ونموونەی لەگەڵ کورددا زیاتر بێت .

دڵسۆزتان

د.د. نجم الدين زەنكى

ئەسۆشیەت پرۆفیسۆری ئەزموونداری لەیاسای مەدەنی و شەریعەتی ئیسلامی

زانکۆی ئیسلامی نێودەوڵەتی IIUM لە ماڵیزیا

٦ – ٣ – ٢٠١١

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله رب العالمین والصلاة والسلام علی خیر الخلق محمد وعلی آله وصحبه اجمعین .

بەیارمەتی خوای گەورە دەمانەوێت لە دوتوێی ئەم باسەدا وەلامی رەخنە و پڕو پاگەندەکانی مەریوان هەڵەبجەیی بدەینەوە کە ئاڕاستەی ئیسلام و سەرکردەکەی کردووە لە پەرتووکەکەیدا (سێکس و شەرع) بەناهەق و دوور لە یاسای رەخنەگیری تاوەك و ڕاستی مەریوانیش دەرکەوێت و ڕووت و قووت وەك خۆی ببینرێت .

داوا لە خوێنەریش دەکەین خۆی دادوەر بێت و بڕیار بدات ئەگەر رەخنەکانی ناوبراو پێکابێتی و نەمانتوانیبێت وەلامی بدەینەوە ، ئەوە پەیمان دەدەین لە نووسینەکەمان پەشیمان ببینەوە و گوواهی بیرمەندی و بلیمەتی بۆ بدەین ،بەڵام ئەگەر وەلامان دابێتەوە بەتەواوی و بەباشی دەبێ ئەویش خاوەنی قسە و پەیمانی خۆیبێت کە ووتویەتی لە لاپەڕە (٣١)دا :(پێشتر لە میدیاکاندا بڵاوم کردبووەوە ئەگەر توانیان بیسەلمێنن یەك لەسەر چواری ئەم کتێبە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە و ناڕاستن بەبێ دوو دڵی لە نوسینی پەشیمان دەبمەوە).

خوێنەری بەڕێز ،لەوانەیە پرسیارێك بکرێت و بووترێت بۆ مەریوان هەڵساوە بەم کارە ؟ ئایا لەدوای ڕاستیدا دەگەڕێت ؟ ئێمە بەدڵنیاییەوە دەڵێین : نەخێر مەریوان لەوانە نییە ، ئێمە وا دەزانین یەکێك لەو هۆیانە ئەوەیە

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

ناوبراو تووشی گرێی دەرونی بووە ، چونکە لە هەتیوخانە چاوی کردووەتەوە و لە سۆز و ناز و خۆشەویستی کەس و کاری بێبەش بووە ، بۆیە وا دەزانێت بێئەوەی هەست بکات کە کۆمەڵگا بەرپرسیارە لەکارەساتەکەی لەبەر ئەوە کەسێکی روخێنەر و رەشبین و قین لە دڵی ڵێ دەرچووە .

ئێمەش لێرەدا وەك ئەرکی ئایینیمان هەستاوین بەوەلامدانەوەیەکی وردی ئەو رەخنە و بوختانانەی کە ناوبراو وورۆژاندویەتی و ئاڕاستەی خوێنەرانی کردووە .

لەکۆتاییدا داواکارین لەخوای گەورە پاداشتی ماندوبونمان بداتەوە و بیخاتە بەر تەرازووی ڕۆژی دواییمان .

عبد الله علی زەنگەنە

١٤٣٢ هـ ٢٠١١ م

له لاپەڕه (٤) دا مەریوان باسی توندو تیژی کردووه کەله دژی ئەنجام دراوەو باسی کیمیا بارانی هەڵەبجه و ئەنفال و زۆر شتی دیکەی کردووه کە ئێمه وەلامی نادەینەوە ، چونکه پەیوەندی بەئاییني ئیسلامەوە نییەو ئەرکی ئێمەش نییه.

له لاپەڕه (٢١) دا ناوبراو دەڵێت :-

{ مەرج نییه کتێبەکەم له هەڵه دوور بێت و کەم و کوڕی تێدا نەبێت }.

ئێمەش لێرەدا دەڵێن : وا دیارە ناوبراو بەگومانە لە نووسین و بۆچوونەکانی ، بۆیه له پێشدا پاکانه دەکات، ئیتر چۆن دەتوانێت بەمەزەندەو بەبێ متمانەیی رەخنه له ئاییني ئیسلام بگرێت کەزیاتر له ملیارێك موسوڵمان شوێنی کەوتوون و پەیڕەوی دەکەن ؟.

له لاپەڕه (٢٣)دا دەڵێت:

{ له مەدینەدا قسه کردن لەسەر بەهەشت جیاوازتره لەمەککه و ماناکان له وێنەی خەیاڵدان ودەگۆڕێن بۆ وێنایەکی فۆتۆگرافی فول سێکس ، رۆژێکیان موحەممەد باسی خۆشییەکانی بەهەشتی بۆ دانیشتوانی دەوروبەری کردووه و تێیدا باسی لەوه کردوه کەهەر پیاوێك بچێته بەهەشتەوه دەچێته لای حەفتاو دوو حۆری لەو حۆرییانەی کە خوا بەتایبەت دروستی کردوون . بچێته لای هەر حۆرییەکیان و سێکسی لەگەڵ بکات ، دوایی بۆی بگەڕێتەوه ، وا دەزانێت تازه دەستی بۆ دەبات ، چونکه دەگەڕێتەوه دۆخی کچێنی ... تاد ، (دواتر نووسیومه) پرسیاریان له موحوممەد کردووه :

انطأ في الجنة ؟ قال نعم : والذي نفسي بيده دحماً دحماً فاذا قام عنها رجعت مطهرة بكراً .

ئایالەبەهەشتدا دەپەرین ؟ (واتە دەگەینە تەواوی رەحەت بوون ئۆرگازم) موحەممەدیش لەوەلامدا دەڵێت : بەڵێ بەو کەسەی روحی منی بەدەستە تەکان لەدوای تەکان ، پەرین هەیە ،هەرکاتێکیش پیاوەکە لەسەر ئافرەتەکە هەستا پاك و پوخت دەگەڕێتەوە دۆخی کچێنی .

مەبەستم لەم چەند دێڕەی سەرەوە دەستنیشانکردنی مافەکانی پیاوی بەهەشتی بووە).

لەوەلامدا دەڵێن : قۆناغی مەککەو مەدینە لە هەندێك یاساکانیاندا جیاوازییان تێدا بووە بە گوێرەی پێویست ئەمە شتێکی ئاساییە . وەدەربارەی سێکس لە بەهەشتدا بێگومان ئەوە یەکێکە لە خۆشییەکانی بەهەشت ،پیاوو ژن هەردووکیان وەکو یەك لەو خۆشییەدا بەشدارن ، بەڵام بۆ ئەوەی کە نووسیویەتی حەفتا و دوو حۆری لەبەهەشتدا دەدرێت بەیەك موسوڵمانێك و ئاماژەی کردووە بۆ تەفسیری (ابن كثير) و ئایەتەکانی (٣٥ ، ٣٦) (**سورة الواقعة**) .

ئێمە کاتێك تەماشای تەفسیری (**ابن كثير**) مان کرد لەم بارەیەوە هیچمان نەبینی ،بەڵام ئەو فەرموودەیەمان وەرگرتووە لە تەفسیری (**ابن كثير**) و (**اللباب**) دا کە دەفەرموێت : **اقبل اعرابي يوما، فقال يا رسول الله : ذكر الله في الجنة شجرةً تؤذي صاحبها ، فقال رسول الله : وما هي ؟ قال : السدر ، فان له شوكاً مؤذياً فقال رسول الله : اليس الله يقول (في سدر مخضود) خضّد الله شوكه،**

فجعل مكان كل شوكةٍ ثمرةً فإنها لتنبتُ ثمراً تلتَقُ منها عن اثنين وسبعين لوناً من طعامٍ ما فيها لونٌ يشبه الآخر [1]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) باسی داری (سدر) دەکات و باسی ئەوە دەکات کە لە جێگەی هەر درکێك لەو دارە هەفتاو دوو جۆری میوەی تێدا دروست دەبێت و هیچ کامیان لە چێژ دا لەوی تر ناکەن ، وا دیارە مەریوان لە نەزانیدا هەفتاو دوو میوەکەی کردووە بە حۆری .بەڵام لە پەرتووکی (**التذكرة**) ی پێشەوا قورتوبیدا هاتووە و دەفەرموێت :-

(سعدی کرب) فەرموویەتی ،پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی (**للشهيد ست خصال .... ويزوَّج ثنتين وسبعين زوجةً من حور العين**) [2] واتە شەهید لای خوای گەورە شەش تایبەتمەندی هەیە ، یەکێك لەوانە هەفتاو دوو حۆری دەدرێتێ .

بۆ ووتەکەی دیکەی کە دەڵێت :(**انطاً في الجنة ... تاد** ؟).

بەڵێ راستە لەبەهەشتدا هەزارەها خۆشی هەن ، یەکێك لەوانە سێکس کردنە بۆ پیاوو ژن وەکو یەك ، بۆیە پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) باسی کردووە چونکە خەڵکی لە دونیادا ئەوە بەیەکەم خۆشی دەزانن ، بەڵام لە پۆژی قیامەتدا و لە بەهەشتدا ئەوەندە خۆشی زۆر هەیە هەر وەکو لە فەرموودەیەکدا هاتووە (**فيها ما لا عين رأت ولا أُذن سمعت ولا خطر بقلب احد**) .

١- تفسير (ابن كثير) و (اللباب) .

٢- التذكرة للقرطبي ، لاپەرە (٤٥٩) .

له لاپەرە (٢٤) مەریوان نووسیویەتی :

{ژنێك پرسیار لە موحەممەد دەکات :(ئەی ئێمە ؟) واتە ئێمەی ئافرەت کە دەچینە بەهەشت چەند پیاومان پێ دەدرێت ؟ موحەممەدیش وەلامی دەداتەوە :(ئێوەش دەگەڕێنەوە بۆ لای مێردەکانتان) ئوم سەلەمەی ژنی موحەممەد پرسیاری لە موحەممەد کردووە : **یا رسول الله المراة منا تتزوج زوجین والثلاثة والأربعة ، ثم تموت ، تدخل الجنة ویدخلون معها ،من یکون زوجها ؟ قال یا امَ سلمة : إنها تخیّر فتختار احسنهم خلقاً .**

ئەی پەیامبەری خوا ئافرەت لەناوماندا هەیە دوو شوو یا سێ شوو یاخود چوار شوو دەکات و دوای دەمرێت و دەچێتە بەهەشتەوە هەروەها مێردەکانیشی دەچنە

بەهەشتەوە ،ئایا کامیان لەوانە دەبنە مێردی ؟ موحەممەدیش لەوەلامدا پێی دەڵێت : ئەی ئوم سەلەمە ، خۆی ئازادە لە هەڵبژاردنی یەکێکیان ، دیارە کەجوانترین کەسیان هەڵدەبژێرێت } .

لەوەلامدا دەڵێین : لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هانی ئیمانداران دەدات کە لە دونیادا رەوشتیان باش و بەرز بێت بەتایبەت لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا ، ئەگەر ... نا ئەوا لە قیامەتدا ژنەکانیان کە لەجوانیدا لە پادە بەدەرن لەبەر خوا پەرستی لەدەستدەچێت ، چونکە ئەو ژنانە سەر پشك کراون یەکێك لە مێردە رەوشت باشەکانیان هەڵبژێرن ، بە پێچەوانەی ئەم دونیاە کە پیاوان زیاتر مافیان هەیە بەدڵی خۆیان ژنیان پەسەند بکەن تا وەکو ژیانێکی کامەران و خۆش لەگەڵیاندا ببەنە سەر .

له لاپەرە (٢٦) مەریوان نووسیویەتی :

{ئەو نازادییەی ژنان له بەهەشتی (خەیاڵدا)هەیانە ناگاتە چارەکە مافێکی ئەو نازادی و خۆشیانەی کە لەدونیای (حەقیقیدا) ئیسلام داوێتی بەپیاو ،بەداخەوە ژنێکی دیکە لەو کاتە دا لەوێ نەبوو پرسیار لە موحەممەد بکات : (ئەگەر ژنی بەهەشتی هیچ کام لە مێردە کۆنەکانی بەدڵ نەبوو چی بکات ؟ بۆچی پیاوان حەفتاو دوو حۆرییان پێڕەوا بینراوە ، بۆچی ژنان ئەو مافەیان پێڕەوا نەبینراوە حەفتاو دوو پیاو لەهەڕەتی لاویدا ببنە هاوسەریان ؟ }.

لەوەڵامدا دەڵێین : مەریوان باسی ژنان و پیاوانی بەهەشت دەکات وا دەزانێت وەکو ئەم دونیایە جوانو ناشرینیان تێدایە ، بەڵام ئەوە نازانێت لە بەهەشتدا ئەو پەڕی خۆشی و کامەرانی تێدایە پیاو و ژن لە بەهەشتدا لەجوانیدا بێوێنەن ، ئیتر چۆن ژنان پیاوی بەهەشتی پەسەند ناکەن و بەدڵی خۆیان سێکس ناکەن ؟

لە لاپەرە (٢٦، ٢٧) دا مەریوان دەڵێت:

{ئەمەیە رەخنەکەی من با مێردە جوانەکەیان نەبێت باشەکەیان بێت ،ئەگەر واشبێت مانای وایە ئافرەتەکە بۆی نییە کەسێکی جوان هەڵبژێرێ تا سێکسی لەکەڵ بکات ، بەڵکو دەبێت مێردە باشەکەیان هەڵبژێرێت کەرەنگە سەروو سیمای ئەم مێردەی قابیلی دڵخۆشی ئافرەتەکە نەبێت !!

ئەوکاتەی کە شووی پێکردووە هیچ پرس و ڕایەکی وەرنەگیراوە و لەسەر داواو خواست و زۆری پیاوانی دەورو بەری شووی پێکردووە !! بەم شێوەیەش بەدڵی ویستەکانی خۆی سێکسی نەکردووە ئێستا ئەو لە ئەنجامی ملکەچبوونی بۆ فەرمانەکانی ئیسلام لەبەهەشتی خەیاڵدایەو دەیەوێ لەکەڵ

خواست و دڵ و دەروونی سێکسییانەی خۆیدا لەگەڵ کەسێکی ڕێکپۆش و جوانکەڵەدا سێکس بکات ، بەڵام ڕێگەی لێگیراوە و دەبێت بگەڕێتەوە بۆ لای مێردە کۆنەکەی خۆی ، لەوەشدا هەر ئارەزوو مەند نییە، بەڵکو دەبێت یەکێك لە مێردە باشەکەیان هەڵبژێرێت نەك جوانەکەیان ، چونکە ئەخلاقی باش لە بەهەشتدا بەهای نییە کەواتە خراپتر !}

لەوەڵامدا دەڵێن: هەروەکو لەمەو پێش باسمان کردووە لەبەهەشتدا ئەو پەڕی خۆشی وداد پەروەری و کامەرانی تێدایە ،ژنان لەبەهەشتدا بەخواست و ئارەزووی دڵیخۆیان سێکس دەکەن هەرچەند سێکس تەنها خۆشی بەهەشت نییە ، بێگومان هەموو بەهەشتییەکان ئارەزوومەندن ، بەتایبەت ژنی بەهەشتی سەر پشك دەکرێت بەئارەزووی خۆی باشترین مێردی هەڵبژێرێت ، هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کەلەبەهەشتدا پیاو و ژن لەتەمەنی (٣٣) ساڵی ولەو پەڕی جوانیدان و بەبەردەوامی دەمێننەوە ، ئیتر وتەکەی مەریوان کە دەڵێت (ئافرەتەکە بۆی نییە کەسێ جوان هەڵبژێرێ ...تاد) بێ مانا و نا بەجێیەو نەزانی و نا شارەزایی خۆی دەردەخات ، هەروەها ووتەکەی تریشی کە دەڵێت {چونکە ئەخلاقی باش لە بەهەشتدا بەهای نییە کەواتا خەراپتر } بێ ماناترە .

لەلاپەڕە (٢٧) دا ناوبراو دەڵێت { بەم پێودانگە لەبەر ئەوەی لەبەهەشتدا پیاوی باش هەیە کەواتە پیاوی خراپیش هەیە ، ئەگەر جوانەکەیان بێت واتە لە بەهەشتدا کەسانی ناشرینیش هەن ، ئەگەر باشەکەیان بێت کەواتە کەسانی خراپ لەبەهەشتدا هەن ، هەرچۆن لێکی بدەینەوە لە گەڵ لۆژیکی گوتاری میتافیزیکی ئایینداناپەتەوە و توشی گرفتی شیکردنەوە دەبین . دیارە

نێوانی ئەو ژن و مێردانە گرژی و ئاڵۆزی هەبووە بۆیە لەگەڵ یەك نەگونجاون و تەلاق لەنێوانیاندا رووبداوە یان رەفتار و بیرکردنەوەی ژنەکە باش نەبووە بۆیە تەلاقدراوە یاخود ژنەکە پاش چوار شوو کردنی مێردێکی باشی دەست نەکەوتووە لەگەڵی ژیان ببات سەر ، هەر لایەکیان بێت کەسێکی خراپ لەم نێوەندەدا دەردەکەوێت ، ئەدی ئەو کەسە خراپە لەبەهەشتدا چی دەکات ، بۆ لەبەهەشتدا کەسی خراپ هەیە ؟ بەکورتی بەهەر بارێکدا لێکی بدەینەوە نەشاز دەردەچێت ، جا ئایا ئەم تێگەیشتنە لەگەڵ چەمکی بەهەشتییاندا دەگونجێت کە دەڵێت هەرچی خۆشی و دڵگیری هەیە لەبەهەشتدا هەیەو پێچەوانەکەی ناڕاستە }.

لەوەڵامدا دەڵێین : بەراستی هەرچەند بیری لێدەکەینەوە نازانین ئەم هەموو هاوکێشە سەقەت و نادروستەی چۆن دروست کردووە کەهیچ پەیوەندییەکی بە ئەقڵ و هۆش و زانستەوە نییە ؟ وادیارە لەرێزمان و یاسای عەرەبیدا زۆر بێئاگایە ، جا بۆیە لێرەدا بە پێویستم زانی بۆ پوچەڵ کردنەوەی هاوکێشەکانی مەریوان باسی (**اسم التفضیل**) بکەم لەزمانی عەرەبیدا تا وەکو خوێنەر باشتر بۆی ئاشکرا بێت کەمەریوان سەری لێشێواوەو نەزانە .

(**اسم التفضیل**) لەرێزمانی عەرەبیدا بۆ بەشدار بوونی دوو لایەنە لەهەر شتێکدا بێت ، بەڵام یەکێکیان لەو شتەدا لەوی تریان زیاتر بێت ، بێگومان ئەوە مانای ئەوە نییە کەیەکێکیان باشە و ئەوی تریان خراپە هەروەکو ناوبراو تێگەیشتووە . بۆ نموونە ئەگەر وتمان (**خالد احسن من سعید خلقاً**) ئەوە (خالد) و (سعید) هەردووکیان رەوشتیان باشە بەڵام (خالد) لە (سعید) باشترە ، کەواتە بەگوێرەی ئەم یاسایە فەرموودەکەی پێغەمبەر (صلی الله

علیه وسلم) (**فتختار احسنهم خلقا**) مانای وایە هەموویان پەوشتیان باشە ، بەڵام ئەو ژنە لەبەهەشتدا لە نێوان مێردەکانی دونیایدا ئەوەیان هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵیدا پەوشتی لەوانی تر باشتربووە .

لەلاپەرە (٢٨) دا مەریوان دەڵێت :

{ با نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە ، من نووسیومە :

موحەممەد لەقسەیەکی دیکەیدا ئەوەی پووون کردۆتەوە کە ئافرەتان شایستەی بەرێوەبردن نین :

(**لن یفلح قومٌ ولّوا أمرهم امراةً**) هەر نەتەوەیەك ئافرەت سەرداری بکات رزگاری نابێت ، یاخود سەرکەوتوو نابێت ، ئەمە لەکاتێکدا کە قورئان باسی دانایی و توانای ئافرەتێکمان بۆ دەکات کەناوی بەلقیس بووە . بەم شێوەیەش دژایەتی لەنێوان دەق و سوننەدا دەبینین } .

لەوەلامدا دەڵێین : لە پێشدا وا بەباش دەزانین ووشەکان شی و راڤە بکەین تاوەکو مەبەستی فەرموودەکە بەتەواوی روون و ئاشکرا بێت .

ووشەی (الفلاح) : (**الفوز والبقاء والنجاة**)[١] واتە سەرکەوتنی بەردەوام و رزگاربوون نەك سەرکەوتنی ئاسایی.

ووشەی (قوم) : (**الرجال دون النساء لا واحد له من لفظه**)[٢] واتە پیاوان.

ووشەی (ولی) :(**تولی عنه : اعرض، ولّی هاربا ، فرّ**)[٣] واتە پشتیان لێکرد

---

[١] مختار الصحاح ، لاپەرە (٥١٠) .

[٢] هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٥٥٦).

[٣] هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٧٣٦) .

.ئەمجا لەدوای ئەم شیکردنەوەیە واتەی فەرموودەکە ئەمەیە : هەر نەتەوەیەك فەرمانیان بدەنە دەستی تاکە ژنێکەوە و پشتی لێبکەن و لێینەپرسننەوە و بەهەموو کردەوەیەکی قایل بن ، ئەوە ئەو نەتەوەیە سەرکەوتن و رزگاربوون بەدەست ناهێنێت ، بێگومان ئەم فەرموودەیە زۆر ڕاستە ، خۆ ئەگەر پیاویش بەو جۆرە بکرێتە سەرکردە ، ئەویش تەواو سەرکەوتو نابێت ، بەڵام پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لێرەدا باسی ژنانی کردووە ، چونکە ئەوان زیاتر مەزەندەی سەرنەکەوتنیان لێدەکرێت و دژایەتیش لە نێوان دەق و فەرموودەی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) نییە ، چونکە بەڵقیس چەندین ڕاوێژکاری هەبووە هەروەکو لە ئایەتی (٣٢)ی سورەتی (النمل) هاتووە (**قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنْتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّى تَشْهَدُونِ**).

لە لاپەڕە (٣١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ پێشتر لە میدیاکاندا بڵاومکردبووە گەر توانیان بیسەلمێنن یەك لەسەر چواری ئەم کتێبە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە و ناڕاستن ، بێ دوو دڵی لە نووسینی پەشیماندەبمەوە) .

لە وەڵامدا دەڵێین : لێرەدا خوێنەر دەکەینە دادوەر ئەگەر مەریوان توانی وەڵامەکانی ئێمە بە ناڕاست و هەڵە بدات لە قەڵەم ، ئەوە ئێمەش پەیمان دەدەین ببینە هاوڕێی مەریوان و چەپڵەی سەرکەوتنی بۆ لێبدەین ، ئەگەر ... نا دەبێ خاوەنی قسەی خۆی بێت و پەشیمان نەبێتەوە و بێتە ڕێزی ئیمان دارانەوە وەکو (شفيق منير) و هەزارەهای شیوعییەکانی ئەمڕۆ .

تێبینییەکی گرنگ

پێش ئەوەی بڕۆینە سەر ئەو هەڵەیانەی کە مەریوان لە قورئاندا دۆزیوێتییەوە و ئەو ڕەخنانەی کە لە ئیسلام گرتوویەتی ، وا بە باش دەزانین بە کورتی باسی نیوە دورگەی عەرەب پێش ئیسلام بکەین چونکە زۆر پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە .

هەموو مێژوو نوسان بە یەك دەنگ کۆکن لەسەر ئەوە کە عەرەب پێش ئیسلام لە هەموو بوارێکدا دواکەوتوو بوونە . لە بواری کۆمەلایەتیدا لەسەر شتێکی بێبەها لە نێوانیاندا شەڕ بەرپا بووە و چەند سالێك بەردەوام بووە و تالان و کوشتن و بڕین ڕۆژانە پوویداوە یاسای (**انصر اخاك ظالما او مظلوما**) لایان زۆر پەسەند بووە و پەیڕەوییان کردووە ، لە کاتی شەڕدا دیلیان لە یەکتر گرتووە و کردویانن بە کۆیلە و کەنیزەك ، ژنانیش لایان بێ نرخ بووە و کچەکانیان زیندە بە چاڵ کردووە . لە بواری زانستیدا نەزان و نەخوێندەوار بوونە بە پادەیەك لە نێوان نەتەوەکاندا بە (اُمی) ناسراون و چەرخەکەشیان بە چەرخی (الجاهلي) لە قەڵەم دراوە ، بەڵام لە بواری (شعر)دا پێشکەوتوو بوون ، چونکە (شعر) پەیوەندی بە هەستی مرۆڤەوە هەیە ، بە پێچەوانەوە پەخشانیان زۆر کەم بووە مەگەر ئەمسال وەکو (**إياك أعني و اسمعي ياجارة** ، یان حیکمە وەك (**في الصيف ضيعت اللبن**) یان پەخشانی قەشە و ڕاهیبەکان . کەواتە دەتوانین بڵێین پەخشان پێش ئیسلام نەبووە ، چونکە پەخشان نیشانەی پێشکەوتنە لە بواری شارستانیدا ، بێگومان عەرەبیش لەو بوارەدا دواکەوتوو بوون . کەواتە ئەو کاتە قورئانی پیرۆز دابەزیوە هیچ بنەمایەکی

پەخشان نەبووە کە قورئان پەیڕەوی بکات ، بە واتەیەکی دیکە دەڵێین : قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پەخشانیان لە زمانی عەرەبیدا دروستکردووە و گەیاندویانەتە لوتکەی (بەلاغەت و فەصاحەت) لەو ماوە کەمەدا بێئەوەی بە پلەکانی پێشکەوتنی پەخشاندا تێپەڕببێت ، ئەم حاڵەتە خۆی لە خۆیدا موعجیزەیەکە لە موعجیزەکانی قورئان ، سەر باری ئەمەش ئەگەر وورد ببینەوە لەو ووشە و ئیشتیقاقانە کە قورئان بەکاری هێناون سەرمان سوڕ دەمێنێ و ناتوانین هیچ بڵێین مەگەر بڵێین ووتەی خوایە و ئیتر هیچی تر ، ئەمە جگە لەو هەموو یاساو تەشریعاتانە کەباسی هەموو شتێکی تێدا کردووە ، خودای گەورە لەماوەی ٢٣ ساڵدا پەخشانێکی(کامیل و موتەکامیل)ی دابەزاندووە و هیچ لە بێبڕوایان لە و کاتەدا نەیانتوانیوە ڕەخنەیەکی لێبگرن،یان هەڵەیەکی بچووکی لێبەدی بکەن ، لەگەڵ ئەوەشدا قورئان تەحەددای هەموو عەرەبی کردووە کە قورئانێك وەك ئەم قورئانە یان سووڕەتێك وەك سووڕەتەکانی بهێنن .

ئێمە مەبەستمان لەم ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە کە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە ڕەخنە لە ئوسلووبی قورئان بگرێت ، ئەگەر لە قورئاندا جۆرە بەکارهێنانێك بوو کە ئێمە لەگەڵیدا ئاشنا نەبوین و بەکارمان نەهێنابوو .

لە لاپەڕە (٣١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ بۆ نموونە با ئەم ئایەتە بخوێنینەوە :

((هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ حَتَّى إِذَا كُنْتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِمْ بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا بِهَا جَاءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءَهُمُ الْمَوْجُ مِنْ كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ

أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنْجَيْتَنَا مِنْ هَذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ)) .

ئێمەی زمان کورد گەر لەم ئایەتە رەخنە بگرین پرۆژەی تیشك و هەوادارانی پێمان دەڵێن : لە رێزمانی عەرەبیدا شارەزاییتان نییە وبۆ ئێوە شەرمە دەست لەکارێك وەربدەن کە شارەزاییتان لێ نەبێت) هەروەها لەسەری دەڕوات تا دەڵێت (بەڵام کەسێکی وەك (عباس عبدالنور) وەك بڵێی وەڵامی ئەوان بداتەوە دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت : یەکێك لەخاڵە لاوازەکانی ئەم ئایەتە بەکار نەهێنانی زەمیرەکانە لەشوێنی خۆی ، ئەمەش وایکردووە ماناو چەمکی ئایەتەکە لە سیاقی خۆی دەربچێت .

ئەگەر ئەم کارە لە یەکێکی وەك من یان تۆوە ئەنجام بدرێت بەکەسێکی گەمژە ناویان دەهێنن و تاوانباریاندەکردین بەنەزان و نە شارەزا لە زمان و رێزماندا ، بەڵام کاتێك کە هەڵەیەکی لەم شێوەیە لە قورئاندا ببینرێت بە بەلاغەو موعجیزەی دەزانن ، بەڵکو زیادەشی دەخەنە سەروو دەروازەیەکی تایبەتی بۆ ئەم جۆرە بەلاغەتە دەکەنەوە .لە راستیدا دەبوو لە جێی (وجرين بهم) بنووسرایە (وجرين بكم) هەروەها لە جێی ووشەی (وفرحوا بها) بنووسرایە (وفرحتم بها) }.

لە وەڵامدا دەڵێین : ئەگەر بەوردی تەماشای ئایەتەکانی قورئان بکەین و بەباشی بیری لێبکەینەوە ، دەبینین زۆربەی ئەو ئایەتانە پاڵبەخۆیانەوە دەنێن و ڕایدەوەشێنن تا بیر لەمانا بەرزو مەبەستە گرنگەکانی بکاتەوە (**أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا**) بێگومان ئەم ئایەتەش کە رەخنەیان

لێگرتووە یەکێکە لەو جۆرە ئایەتانە .

بەڕای ئێمە خوای گەورە لەم ئایەتەدا مەبەستی لە ووشەی (الفلك) کەشتی نییە بەتەنها ، بەڵکو مەبەستی دەستکەوتەکانی دونیایە بەهەموو جۆرەکانییەوە، چونکە کەسانێك هەن هەر کات خۆیان بینی لەناو خۆشی و نازو نیعمەتی دونیادا دەگۆڕێن و بوغرا دەبن (**كَلَّا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَيَطْغَى (٦) أَنْ رَآهُ اسْتَغْنَى (٧))** .

جا بۆیە خوای گەورە لەم ئایەتەدا لە پێشدا بەراستەوخۆ لەگەڵ بەندەکانیدا دووادە (**هو الذي يسيركم في البر والبحر حتى اذا كنتم فى الفلك**) بەڵام کاتێك ئەو بەندانە خۆیان لەناو خۆشییەکانی دوونیا دا بینی (الفلك) خوایان لە بیر چووەوە و بوغرابوون و شایستەی ئەوە نەبوون کەخوا بەڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵدا بکات ، بۆیە (خیتابە)کەی گۆڕی بە غایب (**وَجَرَيْنَ بِهِمْ بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا بِهَا**) .

،بەڵام لەدواییدا کاتێك هەستیان بەمەترسی کرد (**وظنوا انهم احيط بهم دعوا الله مخلصين له الدين**) خودای بەبەزەییش ماوەی پێدان بەڕاستەوخۆ لەگەڵیدا بدوێن (لان انجيتنا من هذه لنكونن من الشاكرين) لە جێگەی (لان انجانا) . لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئایەتەکە بەو جۆرە ببوایە کە مەریوان دەڵێت (**هو الذي يسيركم في البرّ والبحرِ حتى إذا كنتم في الفلك وجرين بكم بريحٍ طيبةٍ وفرحتم بها جاءتها ريحٌ عاصفٌ وجاءكم الموج من كل مكان وظننتم انّكم احيط بكم دعوتم الله**) ئەو کاتە دەشوبهایە ووتەی بەشەر و ئیعجازو مانا بەرز و جوانەکانی لەدەستدەدا و بیرکردنەوەی تێدا نەدەبوو ، **لەکۆتاییدا دەڵێین** هەندێ جار چاو شەواڕە دەکات و لای ڕاست بەلای چەپ دەزانێت ، مرۆڤ

ناتوانێت یەك هەنگاوێکی ڕاست بنێت ، هەروەها بەهەمان شێوەش بیرو باوەڕیش هەندێ جار شەواڕە دەکات و ڕاست بەناراست دەزانێت و ناڕاست بە ڕاست.

لە لاپەڕە (٣٢) مەریوان نووسیویەتی:

{ دیارە ئەم لێدوانە بۆ کەسێکی وەك (عباس عبدالنور) لەدایکبووی (١٩٢٧) کەم نییە چونکە :

یەکەم – کورد نییەو عەرەبە واتە عەرەبی چاك زانیوە

دووەم – زانکۆی ئەزهەری تەواو کردووە

سێیەم – دواتر لە زانکۆی (سۆربۆن) لە پاریس دکتۆرای لە فەلسەفەی زانستدا هێناوە

چوارەم– یاریدەدەری دائیرەی ئەوقافی ئیسلامی بووە لە میسر.

پێنجەم – چەندین ساڵ ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکانی کردووە.

شەشەم– مامۆستای زانکۆی ئەزهەر بووە .

حەوتەم–شێخ و فەقیهو سوننی مەزهەب بووە .

هەشتەم– دریژڵایی ژیانی بۆخزمەتی ئیسلام بەخت کردووە .

کاتێك بەسەر قورئاندا چووەتەوە چەندین هەڵەی لەم شێوەیەو چەندین شێوەی تری دۆزیوەتەوە وهێرشێکی زۆر توند دەکاتە سەر ڕاڤە کاران کە ئیمانداڕانیان تووشی سەر لێشێواندن کردووەو پاساوو بەهانەیان بۆ ئەم جۆرە هەڵانە هێناوەتەوە }.

لەوەڵامدا دەڵێین : ئەگەر چی زۆر بەگومانین لەنووسینەکەی مەریوان بەڵام ئەوەی سەرنجمانی ڕاکێشاوە ئەوەیە کەلە سۆربۆندا بڕوانامەی (دوکتۆرا)ی لە

فەلسەفەی(زانست)دا پێبەخشراوە ، جا بۆیە گەیشتووینەتە ئەو بڕوایە کە ئەو ناوبراوە لەو کاتەوە بڕوانامەکەی پێدراوە تاوەکو ئێستاش لە هەر بواریکدا کاری کردبێت دژی ئیسلام بووە ، چونکە بڕوانامە لەو جۆرە بوارەدا نرخی خۆی هەیەو بەئازایی و دانای نییە خۆ ئەگەر بەگومانیت دەتوانیت تەماشای کتێبەکەی خوا لێخۆشبوو مامۆستای بەرز دکتۆر (عبدالله النقشبندی) مامۆستای زانکۆی بەغدا بکەیت کە دەربارەی بڕوانامەکەی خۆی نووسیویەتی ئەو کاتە تۆیش وەك ئێمە دەزانیت ئەو جۆرە بڕوانامانە چۆن و بەکێو بە چ مەرجێك و شێوەیەك دەدرێت .

لەگەڵ ئەوەشدا حاڵەتی (عباس عبدالنور) زۆر نا لۆژیکە و لە ئەقڵەوە دوورە ، بەتایبەت بۆ یەکێك کە تەمەنی زۆری تەرخانکردبێت بۆ خزمەتی ئایینەکەی . ئەمجا لەدووای ئەو هەموو خزمەتەو تەمەنە زۆرە لە خەو هەڵبسێت و ببێتە دژی ئایینەکەی خۆی! بەڵی ئەمە دوور نییە روو بدات لەگەنجێکی دونیا نەدیدە و سەرکێشەوە ، بەڵام ئەمە مەحاڵە بۆ کەسێك کەتەمەنی گەیشتبێتە (٨٠) ساڵ و ئەو تەمەنەشی لەخوا پەرستیدا بردبێتە سەر !خۆ لەو تەمەنەدا زۆر لە بێبڕوا و نەیارانی ئیسلام دەگەڕێنەوە بۆ بارەگای خواو پەشیمان دەبنەوە لە کردەوەی پێشوویان ، چونکە هەست بە نزیك بوونەوەی مردنیان دەکەن و بۆیان دەردەکەوێت کەماددە هەموو شتێك نییە ، بەڵگەشمان سەدەها شیوعییەکان و بێبڕواکانن کەلەم رۆژانەدا لە مزگەوتەکان دەبینرێن و کڕنوش بۆ پەروەردگار دەبەن .

لەکۆتاییدا دەڵێین: لەبەر ئەوەی مەریوان نەشازو سەر لێشێواوە ، دەگەڕێت بەدوای هاوەڵەکانی خۆیدا (الطیور علی اشکالها تقع) ئەگەر وانییە بۆ باسی

هەزارەها پسپۆرو زانایانی ئیسلام ناکات کە خزمەتی ئاییني ئیسلام دەکەن بێماندو بون و پاداشت .

له لاپەرە (٢٤)دا مەریوان نووسیویەتی :

خۆ (عبدالخالق معروف) عەرەبیزان بوو ، ئەدی بۆ وەلامیان نەدایەوە و تیرۆریان کرد؟ سەدان نووسەرو بیرمەندی دیکە بۆ تیرۆر کران ؟ .

لەوەلامدا دەڵێین : ئیسلام هیچ کاتێك پەنای نەبردووەتە بەر کوشتن و تێرۆری نەیارەکانی و بڕوایشی بەتیرۆر نەبووەو نییە ، خۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەیتوانی هانی ئەو کۆیلانە بدات کە ئازاردەدران بۆ کوشتنی خاوەنەکانیان کە ئەو کاتە کوشتنیان زۆر ئاسان بووە ، بەڵام هەمومان دەزانین کاری وا ئەنجام نەدراوە ، ئەگەر لەم رۆژانەدا کاری تیرۆر ڕوویدابێت هەر وەکو ناوبراو باسیکردووە ئەوە دژی یاسای ئیسلامەو ئیسلامیش لەو جۆرە کارانە بەرپرس نییە .

لەلاپەرە (٣٦) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ئیسلام و ڕابەرەکەی چنینەوەی دەستکەوت بە کۆیلەو کەنیزەککردنی ژن و منداڵ بەحەڵاڵ دەزانن ، لە یەك رۆژدا سەدان گەنج و پیاوی بەنی قورەیزەیان سەر بڕی و تا دەست بەسەر ماڵ و سامانیاندا بگرن } .

لەوەلامدا دەڵێین :وا بەباش دەزانین لە پێشدا تەماشای (السیره النبویه) بکەین کە دەڵێت :

(بەنی قورەیزە هەرچەندە پەیمانیان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا بەستبوو ، بەڵام زۆر جار بە نهێنی و بەئاشکرا دژایەتی ئیسلامیان دەکردوو بوبوونە بنکەی بێبڕواکان و هانی دوو رووەکانیشیان دەدا بۆ دژایەتی کردنی ئیسلام ،ئیتر

کاتێك بێپرواکان و(الاحزاب) هێرشیان کردە سەر مەدینە و گەمارۆیاندا ، ئەو کاتە جولەکەکانی بەنی قورەیزە ئەمەیان بە هەل زانی و پەیمانەکەیان شکاندو باری ٢٠ حوشتر خورما و جۆ و هەنجیریان نارد بۆ کافرەکان وەك نیشانەی بەشداربونیان لەو شەڕەدا ، بەلام ئەوە بوو ئەو بارە حوشترانە بوونە دەستکەوتی موسوڵمانەکان ، ئەمجا کاتێك بێپروایان سەرنەکەوتن و گەرانەوە ، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی بەموسوڵمانەکاندا کە هێرش بکەنە سەر بەنی قورەیزە ،ئیدی دەستگیریان کردن و ئەوانیش قایل بوون بە بڕیاری(سعد) ،ئەوەبوو سەعدیش بڕیاریدا بەکوشتنی شەڕکەرەکان و کۆیلەکردنی ژنان و منداڵ [١] .

دەڵێین : مەریوان و هاوەڵەکانی تانەو تەشەر لە موسوڵمانەکان دەدەن گوایە نزیکەی (٤٠٠) کەس لەو دیلە شەڕکەرانەیان کوشتووە ، بەڵام ئەوەیان لەبیر چووە ، ئەگەر کافرەکان سەرکەتنیان بەدەست بهێنایە یەك موسوڵمانێك لەمەدینەو شوێنەکانی دیکەدا نەدەمان و هەمویان قەتڵوعام دەکران و ئایینی ئیسلامیش کۆتایی پێدەهات ، لەبەر ئەوە لەو کاتەدا موسوڵمانەکان مافی خۆیان بووە کە بەرگری لەخۆیان بکەن و تۆڵەی ئەو خیانەتەگەورەیەیان لێ بسەننەوە ،چونکە ئەو کاتە نەدەبوو بەجۆرێکی دیکە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرایە ، بەڵام کاتێك موسوڵمانەکان زۆر و بەهێزبوون یاسای کوشتن گۆڕا بە (فإما منّاً بعد وإما فداءً) واتە بەرەڵاکردنی دیل بە خۆڕایی یان بەرامبەر شت.

١- السيرة النبوية ، محمد محمود الصواف ، لاپەرە ١٥٠ .

لەلاپەرە (٣٦) دا مەریوان نووسیویەتی:

{ لەشەری خەیبەر دا ، بە مەبەستی دۆزینەوەی زێر و زیو کەسێکیان پەلپەل کردووە }.

لەوەلامدا دەڵێین : وا بەباش دەزانین تەماشای (السیرە النبویە) بکەین و راڤەشی بکەین بەکوردی و بەکورتی :

جولەکەکانی خەیبەر دوژمنایەتی خۆیان دژی موسوڵمانەکان ئاشکرا نەکردبوو تا ئەو کاتە جولەکەکانی (بەنی نەزیر) دەرکران لەمەدینەو رۆیشتنە ناویانەوە ، ئیتر ئەوەبوو گەورەکانی (بەنی نەزیر) (سلام بن أبی الحقیق) و (کنانە بن أبی الحقیق) و (حیي بن اخطب) بونە گەورەو سەرکردەی جولەکەکانی خەیبەرو بەهەردوو لایان رۆڵێکی زۆر گرنگیان هەبوو بۆ کۆکردنەوەی قورەیش و ئەحزاب و پارەو پوڵێکی زۆریشیان کۆکردبۆوە بۆ ئەم مەبەستە ، سەرەڕای ئەمەش ئەو دوو هۆزە بوبوونە هۆی شکاندنی پەیمانی (بنی قورەیزە) لەگەڵ موسوڵمانەکاندا ، ئا بەو جۆرە بوونە مەترسییەکی زۆر گەورەو خەتەر لە دژی موسوڵمانەکان و کۆمارە تازەکەیان [١] .

خوێنەری بەڕێز هۆی شەڕی خەیبەر ئەمەبوو نەك دۆزینەوەی زێر و زیو بێگومان ئەو کاتە موسوڵمانەکان مافی خۆیان بووە کە بەرگری لەخۆیان و ئایینەکەیان بکەن بەهەر جۆرێکی ڕاست و پێویست .

١- السیرة النبویة الدکتور محمد علي الصلابی لاپەرە (٦٩٦) -(٦٠٧) .

لەلاپەرە (٣٦) مەریوان نووسیویەتی:

{ بەڵام شوێنکەوتوانی ئەم ئایین و ڕابەرە بەڕەوای نابینن نووسەر بۆ پارە و بژێوی ژیان پەنا بۆ نووسین و ووشە ببات }.

لەوەڵامدا دەڵێین :پەنا بردن بۆ قەڵەم کارێکی زۆر پیرۆزە و مافێکی ڕەوایەو هیچ کەسێکیش ناتوانێت نکۆڵی لێبکات ، بەمەرجێك ئەو قەڵەمە خۆی و خاوەنەکەی لەبازاری گەرمی کۆیلەداریدا بەهیچ شێوەیەك نەفرۆشێت ، ئەمجا لێرەدا مافی خۆمانە بپرسین ئایا قەڵەمەکەی مەریوان وایە ؟ **دەڵێین** بەدڵنیاییەوە نەخێر وانییە ،بەڵکو بەتەواوی پێچەوانەیە بەڵگەشمان ئەم هەموو بوختان و درۆیانەیە کە لەپەرتووکەکەیدا نووسیویەتی و بەناڕەوا ناڕاستەی ئیسلام و بڕوا پێهێنەرانی کردووە ،ئەوەتا زۆربەی ئایەتەکانی هێناوە بەنا تەواوی یان بەهەڵە ڕاڤەیانی کردووە یان مانایانی نەزانیوە ، هەر وەها فەرموودەکانیش بەهەمان شێوە ،ئەمە لە لایەکەوە ،لەلایەکی دیکەوە تەماشای ئایینی ئیسلام دەکات وەك پەڕەیەك هەردوو لای ڕەش بێت و هیچ خاڵێکی ڕۆشنایی تێدا نەبێت ، جا بۆیە نابینین باسی یەك ئیجابییاتێکی ئیسلام بکات کەتەمەنی (١٤٣٠) ساڵە و ملیارو نیوێك بڕوایان پێیەتی و پۆژانەش لە ئەمریکا و غەیری ئەمریکا خەڵکان ئیسلام دەبن .

لە لاپەرە (٣٧) دا مەریوان نووسیویەتی:

لەقورئاندا نووسراوە ((**فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنْتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً**)) بۆ ئیسلام ڕەوایە بۆ موجاهیدەکانی ئینسان سەربڕن دواییش دیلەکان قۆڵبەست کەن و بێڕێزییان پێبکەن و بەپارە بیانگۆڕنەوە }.

لەوەلامدا دەڵێین : وا بەباش دەزانین تەماشای تەفسیری (ابن كثیر) بكەین كەدەفەرموێت (**فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ**) أي اذا واجهتموهم فاحصدوهم حصداً بالسيوف (حتى إذا اثخنتموهم) أي اهلكتموهم قتلاً)(فشدّوا) فشدوا وثاق الاسارى الذين تأسرونهم ثم انتم بعد انقضاء الحرب وانفصال المعركة مخيرون فى امرهم إن شئتم مننتم عليهم فأطلقتم اساراهم مجانا وإن شئتم فاديتموهم بمالٍ تأخذونه منهم والظاهر إن هذه الآية نزلت بعد وقعة بدر [١] .

راڤەی ئایەتەكە بەكوردی : خوای گەورە لەم ئایەتەدا داوا لەموسوڵمانەكان دەكات گەر بەرەنگاری بێبڕوایان بوونەوەو زۆرتان لێیان كوشت لەملیان بدەن ئەمجا دیلەكان كەلەپچە بكەن و بیانبەستنەوە ئیتر لەدوای تەواو بوونی جەنگ ئازادیان بكەن بەخۆڕایی یان بەرامبەری ئەو نرخەی كە بۆیان دیاریدەكەن .

ئێمەش دەڵێین : بێبڕوایانی مەككە موسوڵمانەكانیان دەربەدەر كردبوو مالّو حاڵیان لێ زەوت كردبووں ئازارو ئەشكەنجەی زۆریان دابووں هەندێ جار تا ڕادەی مردن ، بۆیە خوای گەورە مافی دا بەو موسوڵمانانە كە تۆڵەی خۆیان بسێننەوە ، بەو جۆرانە كە لە ئایەتەكەدا هاتووە ، جگە لەمەش ئەو بێبڕوایانە نەیان دەهێشت ئەعرابەكان موسوڵمان ببن و هەموو كاتێكیش پرو پاگەندەیان دژی ئاینی ئیسلام بڵاودەكردەوە .

١- ابن كثير ، سورة محمد .

لاپەڕە (٣٧)مەریوان نووسیویەتی:

{دەنا ڕابەری ئایینێك (١٨) ژنی هێنابێت و دەشیویست (٢٧) ژنی دیکە بهێنێت ، کچێکی (٦) ساڵەی ماڕە کردبێت و بە (٩) ساڵی تەواو لەگەڵی جووتبووبێت ، کەچی ئایینزانی ئەم دینە بەنەیاری ئەم کەسایەتییە بڵێن نوقمی سێکس بووە }.

ئێمەش دەڵێین : وا بەباش دەزانین لە پێشدا باسی خێزانەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بکەین تا وەکو خوێنەر بۆی دەرکەوێت هۆی ئەو ژن هێنانە چی بووە ، ئایا بۆ سێکس ئەو ژنانەی هێناوە یاخود بۆ مەبەستی تر ؟

یەکەم هاوسەری : (خدیجە بنت خویلد) بووە کە ئەو کاتە تەمەنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) (٢٥) ساڵ بووە و تەمەنی ئەویش (٤٠) ساڵ بووە هەروەکو (محمد محمود الصواف) ئاماژەی بۆ ئەم ڕاستیە کردووە و دەڵێت : زۆر ژیانێکی خۆشیان بردووەتە سەر و شتێکی نا ئاسایی لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەبینراوە لەو ماوە زۆرەدا و هیچ ژنێکی دیکەی نەهێناوەتە سەری تاوەکو خدیجە کۆچی دوواییی کردووە بەر لە کۆچکردنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ مەدینە بە سێ ساڵ ، کەواتە ئەو ماوەیە کە (٢٥) ساڵ بووە بەتەنها ئەو هاوسەری بووە [١]

دووەم هاوسەری : (سودە بنت زمعە) بووە و بێوەژن بووە و مێردە پێشووەکەی ناوی (السکران بن عمرو) بووە ، ئەم ژنە لەگەڵ مێردەکەیدا کۆچیکردووە بۆ حەبەشە کاتێك گەراونەتەوە بۆ مەککە مێردەکەی دەمرێت و

١- محمد محمود الصواف ازواج النبی ، ل (٢١) .

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

ئەویش نەیتوانیوە بگەڕێتەوە بۆ لای کەس و کاری چونکە دەیانکوشت ، ئەوەبوو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەمەی زانی ناردییە خوازبێنی و ئەویش شووی پێکرد لەتەمەنی (٥٥) ساڵیدا ، کاتێ خزمو کەس و کاری سۆدە بەمەیان زانی زۆربەیان موسوڵمان بوون [١]

سێیەم هاوسەری: (عائشة بنت ابو بکر)بووە (إمام الطبري) دەفەرموێت کە لە (عائشة)وە دەگێڕێتەوە (جبرائیل) هاتووە بۆ لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و پارچە هەورێشمی پێبووە رەسمی (عائشة)ی تێدا بووە و ووتویەتی بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەمە هاوسەرتە لەدونیا و لە قیامەتدا (أخرجه ابو حاتم) [٢] .

خوێنەری بەڕێز ئەم خەوەی باسمان کرد ئەوە دەگەیەنێت کە خوای گەورە ئامازەی بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) کردووە کە دەبێ عائشة ببێتە هاوسەری ، چونکە ئەگەر وانەبوایە ، بە چی لۆژیکێك دەڕواتە ئەقڵەوە خوازبێنی منداڵێکی تەمەن (٦) ساڵی بکات ؟ خۆ جوان و زیرەکی لەو تەمەنەدا هیچ دەرناکەوێت ، بەڵام وادیارە ئەمە لەخواوە بووە و نووسیویەتی دەبێ (عائشة) ببێتە یەکێك لە سەرچاوەکانی فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەر وەکو (محمد محمود الصواف) دەڵێت : (عائشة) بەحرێکی پڕ

١- محمد محمود الصواف ازواج النبی ، ل (٢٧).

٢- الطبری السمط الثمین في مناقب ام المؤمنین ، ل (٣٠١).

بووە لە دین و قوتابخانەیەکی تەواو بووە بەتەنها بەڕادەیەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : ئێوە نیوەی ئایینتان لەم سورەوە وەربگرن .

هاوسەری چوارەم :(حفصة بنت عمر بنت خطاب) بووە و مێردی پێشووی (خنس بن حذافة الانصاری) بووە (محمد محمود الصواف) دەڵێت جوان نەبووە ، ئەوکاتە تەمەنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) (٥٥) ساڵبووە .

هاوسەری پێنجەم : (زینب بنت خزیمة) بووە مێردەکەی دەمرێت و ناوی (عبیدة بن الحارث بن عبدالمطلب)بووە کاتێ مێردەکەی دەمرێت تەمەنی (٦٠) ساڵ بووە و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەیکاتە هاوسەری خۆی تا رزگاری بکات لەهەژاری .

هاوسەری شەشەم : (ام سلمة بنت ابی امیة المخزومیة) بووە لە پێشدا شووی کردووە بە (عبدالله بن عبدالاسد بن المغیرة) کاتێك مێردەکەی مردووە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ناردویە بۆ خوازبێنی ، ئەویش لە پێشدا دوو دڵبووە و نەیزانیوە چۆن وەڵامی بداتەوە ، بەڵام لە دواییدا وەڵامی داوەتەوە و ووتویەتی : من گەنج نیم و تەمەنم هی شووکردن نییە و چوار منداڵم هەیە و زۆر بە غیرەتم ، دەترسم تووشی ناخۆشی بیت بەهۆی منەوە ، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) وەڵامی دەداتەوە و دەفەرموێت ئەگەر تۆ تەمەن گەورەیت من لە تۆ گەورەترم و منداڵەکانیشت لەسەر خواو لە سەر من و غیرەتەکەشت خوا نا یهێڵێت ئیتر ئەویش قایل دەبێت و شووی پێدەکات [١] .

١- محمد محمود الصوف ازواج النبی ، لاپەرە (٣٥) .

هاوسەری حەوتەم : (زینب بنت جحش) بووە کاتێك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەنێرێت بۆ خوازبێنی کەسو کاری زۆریان پێخۆشدەبێت ، بەلام کەزانیان بۆ خۆی نییە بەڵکو بۆ کۆیلەیەکی ئازاد کراوە بە ناوی (زید) رازی نابن ، ئیتر ئەوەبوو ئایەتی (٣٦) لە سورەتی (أحزاب) دابەزی ((**وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا**)) ، ئیتر ئەوانیش قایل بوون و زەینەبیش بووە هاوسەری زەید .

بەڵام رازی بوونی زەینەب نەیتوانی ئەو جیاوازییە لەنێوانیاندا هەیە کەمی بکاتەوە ، بەڵکو بەبەردەوامی کێشەو ناکۆکی لەنێوانیاندا زیادی دەکردو پەرەی دەسەند تا پارادەیەك زەید بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەڵێت : زەینەب تەلاقدەدەم بەڵام پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) رازی نابێت ، ئەمجا ئایەتی ((**وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا**)) [١] دابەبەزێت .

لێرەدا نەیاران وناحەزانی ئیسلام بوختان بە پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) دەکەن ، گوایە زەینەبی لەماڵ زەیدا بینیوە وحەزی لێکردووە بەڵام ئەمە بوختانێکی زۆر گەورەیەو لە ئەقڵەوە دوورە ، چونکە زەینەب پورزای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بووە و هەموو کاتێك بینیویەتی ، ئەگەر

١- محمد محمود الصوف ازواج النبی ، ل (٤٣ – ٤٥) .

لەبەر جوانیو سیکس بووایە ئەوا بە کچی دەیخوازی نەك بە بێوەژنی . ئێمە لەم رووداوەدا بۆمان دەرکەوتووە ئەو زەواجە لەبەر دوو هۆی سەرەکی بووە :

یەکەم : تاوەکو حەرام کردنی ژنی کوڕ بە (تبنی) نەهێڵێت .

دووەەم : (زەینەب و کەسوکارەکەیشی بەهاوسەرگیری(زەید) و (زەینەب) زۆر دڵشکاوو نارەحەت بوون ، بۆیە خوای گەورەو بەبەزەیی پاداشتی ملکەچبوونیان بۆ فەرمانی خودا دایەوەو مارەی زەینەبی لە ئاسماندا بڕی لەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ، هەروەها ناوی زەیدیش بووە بە ویردی موسوڵمانان لە قورئاندا .

هاوسەری هەشتەم : (ام حبیبه رمله بنت ابی سفیان) بووە ، ئەم ژنە لە پێشدا هاوسەری (عبدالله بن جحش) بووە ،

لەبەر ئازاری بێبڕوایان کۆچ دەکەن بۆ حەبەشە ، لەوێ مێردەکەی لەدین هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە(مەسیحی) بۆیە (ام حبیبە) لەگەڵیدا جودا دەبێتەوە ، کاتێ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەمە دەزانێ وەلام دەنێرێت بۆ (نجاشی) مەلیکی حەبەشە کە داخوازی (ام حبیبه)ی بۆ بکات ، ئیتر بەو جۆرە بووەتە هاوسەری [1] .

هاوسەری نۆیەم : (جویریة بنت الحارث) بووە هەر وەکو لە (مجموعة امهات المؤمنین)دا هاتووە کە دەڵێت : (حارث بن ضرار) گەورەی (بنو مصطلق) بووە ، هەموو کات هەوڵی داوە بێبڕواکان کۆ بکاتەوە وهێرش بکەنە سەر موسوڵمانەکان ، کاتێك موسوڵمانەکان دەزانن هێز کۆ دەکەنەوە و هێرش

١- مجموعة أمهات المؤمنين ، محمد محمود الصواف .

دەکەنە سەریان و بەشێکیان دەکوژرێن و بەشێکی دیکەشیان بە دیل دەگرن ، لەناو دیلەکاندا جویریە بووە و بووەتە بەشی (ثابت بن قیس) ناوبراو داوا لە (جویریە) دەکات پارەیەکی زۆری بداتێ تا ئازادی بکات (جویریە) یش بۆ ئەم مەبەستە دەڕواتە خزمەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەڵکو یارمەتی بدات ، ئیتر پێی دەڵێت : (شتێك لەمە باشتر هەیە ، بۆ نایکەیت؟) ئەویش دەڵێت چییە؟ پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) پێی دەڵێت: ئازادت دەکەم و دەتخوازم ، ئیتر ڕازی دەبێت . کاتێك موسوڵمانەکان بەمە دەزانن هەرچی دیلیان لا دەبێت ئازادیان دەکەن و دەڵێن ئەمانە خەزورانی پێغەمبەرن (صلی الله علیه وسلم) .

ئا بەو جۆرە ئەو زەواجە دەبێتە هۆی ئازاد کردنی دیلەکانی هۆزی بەنو موستەلق و موسوڵمان بونیان .

دەیەمین هاوسەری : (صفیة بنت حیی بن اخطب) بووە لە پێشدا هاوسەری (کنانة ابن ابي عقیق) بووە ، لەغەزای خەیبەردا بەدیل گیراوە ، ئەمجا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە پێشدا دەیبەخشێت بە صەحابەیەك بەناوی (دوحیة) بەڵام چەند موسوڵمانێك بە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەڵێن : کچی گەورەی بەنی نەزیرە بۆ تۆ باشە ، ئەویش ڕازی دەبێت و ئازادی دەکات و پێی دەڵێت : ئەگەر دەتەوێت بڕۆیت بۆ لای کەس و کارت ، یاخود دەتەوێت موسوڵمان ببیت و بتکەمە هاوسەری خۆم ، ئەویش دەڵێت : من ئیسلام پەسەند دەکەم و دەمێنێتەوە [1]

١- مجموعة أمهات المؤمنين محمد محمود الصواف، ل (٧٧)

هاوسەری یازدەمین : (میمونة بنت الحارث الهلالیة) بووە ، ئەو ژنە زۆر خوا پەرست بووە لەغەزای (تبوك) دا بەشداری کردووە ، مێردەکەی (ابي دهم بن عبدالعزی) بووە ئیمام عباس بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەڵێت ئایا دەتەوێت (میمونة) ببێتە هاوسەرت ؟؟ئەویش ڕازی دەبێت ، ئیتر بەو جۆرە دەبێتە هاوسەری [1] .

ئەم ژنانە کە باسمان کردوون پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەگەڵیاندا جووتبووە بەڵام چەند ناوێکی دیکە هەن کە لەگەڵیاندا جووتنەبووە جا ئێمەیش بە پێویستمان نەزانی باسیان بکەین .

ئەمجا لەکۆتاییدا باسی کەنیزیکەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەکەین هەر وەکو لە (السمط الثمین في مناقب امهات المؤمنین) دا هاتووە (ابو عبیدة) ووتویەتی : چوار کەنزیکی هەبووە :

یەکەم (مارية القبطية) کە (مقوقس القبطي) خاوەنی ئەسکەندەرییە بەدیاری بۆ پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) ناردبوو ، کوڕێکیشی لێبووە بەناوی ئیبراهیم : دووەم (ریحانة بنت شمعون) بووە لە هۆزی بەنی قوڕەیزە یە لە پێش کۆچی دواییی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) مردووە .

تێبینیەکی گرنگ لەسەرهاوسەرگیریی پێغەمبەردا (صلی الله علی وسلم):

خوێنەری بەڕێز : ئەگەر بە شێوەیەکی لۆژیکی بیر لە هاوسەرگیری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بکەینەوە ، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو حاڵەتە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تاکە و بێوێنەیە، چونکە بە هیچ شێوەیەك

١- مجموعة أمهات المؤمنين محمد محمود الصواف .

ناگونجێ و ناڕواتە ئەقڵەوە ، گەنجێك لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بێوەژنێکی تەمەن چل ساڵە بکاتە هاوسەری خۆی و بیست و پێنج ساڵ تەواو لەگەڵیدا بە تەنها ژیان ببات سەر ، ئەمجا ئەو ژنە لە دوای مردنی سامانێکی زۆری بۆ بەجێ بهێڵێت و سێ ساڵی دیکەش لەگەڵ یەك بێوەژنێکی تەمەن گەورەی تردا ژیان ببات سەر !! خۆ ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەتە بەردەوام ببوایە ئەوە ئاسایی دەبوو سەرنجمانی ڕانەدەکێشا ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەر سوڕمانە و لە ئەقڵ بەدەرە ئەوەیە لە تەمەنی پەنجا ساڵییدا خوازبێنی منداڵێکی تەمەن شەش ساڵانەی کردووە ، ئەمجا کاتێك تەمەنی ئەو منداڵە گەیشتووەتە نۆ ساڵ ، بە تەمەنی پەنجا و سێ ساڵی لەگەڵیدا جووتبووە ، ئەمجا دەستیکردووە بە بێوەژن و پێرەژن هێنان یەك لە دوای یەك بەشێوەیەکی نائاسایی .

بە بۆچوونی ئێمە هاوسەر گیری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی :

یەکەم : ئەو هاوسەرگیرییە بە هیچ شێوەیەك بۆ خۆشی و سێکس نەبووە ، چونکە لە کاتی هێز و توانای سێکسیدا لەگەڵ (خدیجة)ی تەمەن گەورەدا بیست و پێنج ساڵ ژیانی بردووەتە سەر بە خۆشی و کامەرانی و لە دوای مردنی ئەویش لەگەڵ بێوەژنێکی تەمەن گەورەی دیکە دا سێ ساڵ ژیاوە ، بێئەوەی لەم ماوە زۆرەدا کارێکی نا ئاسایی لێ بینرابێت ، بە ڕادیەك کە نزیکیشی نەبووە کە ئەو کاتە زۆر بووە و لە ناو عەرەبدا باو بووە .

دووەم : ئەگەر لە تەمەنی پەنجا و سێ ساڵییدا هێزی سێکسی زیاد بوبێت ، دیارە ئەوە خوای گەورە پێی بەخشیوە لەبەر ئەو ئەرکە گرانانە و

ناخۆشییانەی کە لە ڕێگای ئیسلام و ڕاگەیاندنی فەرمانەکانی خودادا تووشی بووە . هەروەها خاڵێکی نا لۆژیکی دیکەش لە هاوسەرگیری پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) تێبینی دەکرێت ، ئەوەش ئەوەیە لەو تەمەنە زۆرەیدا و لەو هەموو ژنانە دەبوایە دەها کوڕی لە دوای خۆی بە جێ بمایەن و ببوایەنە جێگری ، بەڵام بە پێچەوانەوە لە حەزرەتی (خدیجة) دوو کوڕی بووە بە ناو (القاسم) و (عبد الله) و لە ماریەیەش یەك کوڕ بە ناوی (ابراهیم) ، هەرسێکیان لە ژیانی خۆیدا مردوون .

بە ڕای ئێمە ئەم حاڵەتەش حیکمەتێکی خواییە تاکو لە دوای خۆی خیلافەت ببێتە شووڕا ، هەروەها تاوەکو خوای گەورە پاداشتی زیاتری بداتەوە و خۆ ڕاگری ببێتە وانە بۆ موسوڵمانان هەتا هەتایە .

لە لاپەڕە (٣٨)دا مەریوان نووسیویەتی:

{ سەدان ساڵە باسی ئوم سەلەمە و عائشة و خەدیجە مان بۆ دەکەن، تا ئێستاش هیچ مەلا و شارەزا و عەمامە بەسەر و ئاینزایەك باسی حیکایەتە جەرگ بڕەکانی ڕەیحانەیان بۆ موسوڵمانان نەکردووە ، ئەرێ بەڕاستی ئەی پڕۆژەی تیشك و ئەی زانایانی ئیسلام خۆ ئەویش ژنی موحەممەد بوو ! ڕەیحانە کێ بوو ؟ کەس و کارەکەی کێ بوون ؟ تووشی شەرمەزاری بوون وا باسی کۆمەڵکوژی کەس و کارەکەیتان نەکرد ؟ جورئەتی ئەوەتان نەبوو باسی سەربڕینی باوك و مێردو براو کوڕی ڕەیحانە بکەن ؟ پەنجەتان قەڵەمی نەدەگرت باسی ئەو ڕۆژ و شەوەمان بۆ بکەن کە موحەممەد بۆ ڕەیحانە چووە پەردەوە ؟ ئەی بۆ باسی صەفییەتان نەکرد ، خۆ ئەویش ژنی موحەممەد بوو ! کێیە ؟ مێردو کوڕ و کەس و کارەکەی چییان لێهات ! چۆن بوو بە ژنی موحەمەد ؟

باسی جوەیریيە مان بۆ بکەن ، باسی ماریيەمان بۆ بکەن ، باسی زەینەبەمان بۆ بکەن ، باسی سەودەی پەراوێزکراوەمان بۆ بکەن }.

لە وەلامدا دەڵێین: ئەگەر بگەڕێیەتەوە سەر باسەکەمان بە ناونیشانی هاوسەرەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ، ئەو کاتە دەزانیت ئەو ناوبراوانە کێ بوون و پێویست بە دووبارە ناکات .

لە لاپەڕە (٣٨)دا مەریوان نووسیویەتی:

{ باسی شەوی بەراتمان بۆ بکەن با موسوڵمانان تێبگەن شەوی بەرات لە چییەوە هاتووە }.

ئێمە لە وەلامەکانی داهاتوودا لە باسی (حادثة الإفك)دا باسی دەکەین .

لە لاپەڕە (٣٩)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ باسی ئەنفالەکانی مەدینە و خەیبەرمان بۆ بکەن } .

لە وەلامدا دەڵێین : ئەم باسەمان کردووە لەمەو پێش ، ئیتر پێویست بە دووبارە ناکات .

لەلاپەڕە (٣٩)دا مەریوان نووسیویەتی:

{لە دێڕێکیاندا بێ هیچ بەڵگەیەك نوسیویانە مەریوان دروزنە ، دوو ڕووە .

بەڵای خۆمەوە ئەمە بە هەڵەی تایپ دەزانم ، چونکە دڵنیام لەوەی گەر بیانویستایە باسی بکەن ، هەستیان بەوە دەکرد کە باسی ڕابەریان دەکەن نەك من ، بۆ نموونە ،ئەوا لە ئایەتێکدا دەڵێت :

((**لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ**))

کەچی لە ئایەتێکی دیکە دا دەڵێت : ((**قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ**)) .ئەم شەڕەش دەبێت بەردەوام بێت تا : {**حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ** } .

لە وەڵامدا دەڵێین : وا باسکراوە هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە (**لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ**) بۆ ئەنصار بووە . (ابن جریر) وتوویەتی (ابن عدی) بۆمانی باس کردووە ئەویش لە (شعبە)ەوە ئەویش لە (ابن بشیر)ەوە ئەویش لە (سعد بن جبیر)ەوە ئەویش لە (ابن عباس)ەوە ژنانی ئەنصار ئەگەر منداڵیان بۆ نەمایە ، پەیمانیان دەدا ئەگەر منداڵیان بۆ بمێنێت دەیانکەن بە جولەکە ، جا ئەو کاتە بەنی نەزیر لە مەدینە دەرکران ، لەو جۆرە منداڵانە هەبوون و ئەنصارەکان دەیان گووت ئەوانە منداڵی ئێمەن و جولەکەکان دەیان ووت منداڵی ئێمەن ، ئیتر ئەوە بوو ئایەت دابەزی کە منداڵەکان سەرپشك بکەن هەر لایەك هەڵبژێرن ئەوە ماف خۆیانە و لەگەڵ ئەو لایەدا دەبن [1] .

بۆ وەلامی ئایەتی (٢٩)ی سورەتی (التوبة) ((**قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ**)) .

دەڵێین : ئەم ئایەتە باسی (الیهود و النصاری) دەکات ، لە سالی نۆی کۆچیدا خوای گەورە لەم ئایەتەدا داوا لە موسوڵمانەکان دەکات کە لەگەڵ (ڕۆم)دا بجەنگن ، تا ئەو کاتە موسوڵمان دەبن یان بە (جزیة) قایل دەبن [1] .

١- تفسير ابن كثير ، سورة البقرة ، الآية (٢٥٦) .

١- تفسير الطنطاوي ، سورة التوبة ، الآية ٢٩

خوێنەری بەڕێز هەر ئایەتێك کە دادەبەزێت مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەیە ، جا لەبەر ئەوە هیچ دژایەتیەك لە نێوان ئەم ئایەتە و ئایەتەکەی پێشوودا بەدی ناکرێت ، چونکە هەر یەك لەم دوو ئایەتانە هۆی دابەزینی خۆی هەیە ، ئەمجا لە مەککەدا ئایەتی جەنگ دا نەبەزیوە ، لەبەر ئەوە ئەو کاتە موسوڵمانەکان زۆر کەم و بێهێز بوونە ، بەڵام لە دوای کۆچکردنیان بۆ مەدینە و بەهێزبوونیان ئەو کاتە خوای گەورە ئایەتی جەنگی دابەزاند تا وەکو خەڵکان لە ستەم و زوڵم و زۆر ڕزگاریان بێت و ئایینی ئیسلام و شەریعەتەکەی بلاوبکەنەوە لە هەموو دونیادا ، بێگومان ئەمە یاسایەکی سروشتییە و هەموو ئاین و بیر و باوەڕێك بەم جۆرە پەرەی سەندووە و بلاوبووەتەوە ، بۆیە هەرکەسێکیش لەم بارەیەوە ڕەخنە لە ئیسلام بگرێت ، ئەقڵ و هۆشی لە دەستداوە و لە میژوو بێ ئاگایە .

لە لاپەڕە (٤١)دا مەریوان نووسیویەتی:

{ نوسیویانە مەریوان فێڵ بازە ، لەمەشدا سەر لێ تێکچوون

هەیە ، ئەگەر بمانەوێت لەسەر ئەم بابەتە بنوسین زۆری دەوێت ، بۆ ڕاستی بۆچوونەکەمان پێنج ئایەتی قورئان وەك پێنج نمونەی (زۆر بچوك) دەربارەی نەزانی و فێڵبازی دەهێنینەوە:

یەکەم :

هەر لە کۆنەوە خەڵکی ڕاهاتوون لە ڕێگەی دەرکەوتن و وون بوون و دەرەوشاندنەوەی خۆر و مانگ و ئەستێرەکانەوە کاتەکانیان دیاری بکەن . بۆ نیشاندەری ڕێگەیان و هاتوو چۆش سودیان لێوەرگرتوون . ئەم زانینە لە زانستە هەرە کۆنەکانی مرۆڤایەتییە ، بەڵام ئەوەی بە لای خەڵکانی ئەو

سەردەمەوە جێی پرسیار بوو نەیاندەزانی بۆ چی مانگ پڕ دەبێت ، دواتر پڕێکەی کەم دەبێتەوە تا تەواو دەبێتە کەوانەیی، جارێکی دیکەش سەر هەڵدەداتەوە و بەم ڕەوتەدا تێپەڕ دەبێتەوە ! جگە لە چیرۆکە خوڕافیەکان هیچ شتێکیان دەربارەی ئەم گۆڕانکارییە نەدەزانی . ئەمە پرسیارێك بوو لە موحەممەدیانکرد ، پێیان وابوو خواکەی موحەممەد هەموو شتێك دەزانێت ، ئەویش بە ئایەت وەلامی دانەوە ، با بزانێن ئاقاری ئایەتەکە بۆ کوێ دەچێت : (**يسألونك عن الأهلة**) خوای ئیسلام بە موحەممەد دەڵێت : ئەی موحەممەد دەربارەی کەوانەیی مانگ پرسیارت لێدەکەن :

((**قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا**)) .

پێیان بڵێ کەوانەیی مانگ بۆ دیاریکردنی کاتی حەج و کاتەکانی خەڵکییە ، ئەوەش کارێکی چاك نییە لە پشتی ماڵەکانەوە دەچنە ژوورەوە ، بەڵکو چاکە و باشە ئەوەیە خۆیان بپارێزن و لە دەرگاکانەوە بچنە ماڵەکانەوە.موحەممەد جگە لەوەی نەیزانیوە وەلامی پرسیارەکە بداتەوە ، بۆ ئەوەی درێژە بەم پرسیارانە نەدەن و خۆی دەرباز بکات ، بە فێڵێك باسەکەی گۆڕیوە بە تەقەی دەرگا ! ئەگەر باسەکە لە یەك ئایەتدا نەبوایە ئێمەش قسەمان نەدەبوو ، ئایا چ پەیوەندییەك لە نێوان کەوانەیی مانگ و تەقەی دەرگاوە هەیە؟ ئەی کوا وەلامی قورئان کە دەڵێن هەموو شتێکی تێدایە ؟}.

لە وەلامدا دەڵێین: وا بە باش دەزانین لە پێشدا تەماشای تەفسیری (الجلالین) بکەین کە دەفەرموێت :

(یسألونك) ئەی محمد (عن الأهلة) کۆی هیلالە ، بۆ بچوك دیارە لە دواییدا زیاد دەکات تا پڕ ڕۆشنایی دەبێت ، ئەمجا دەگەڕێتەوە وەك پێشوو وەك یەك نابێت وەکو خۆر (قل) تۆ بڵێ(هی مواقیت)کۆی میقاتە (للناس) تاکو کاتی کشت و کاڵ و بازرگانی و (عدّە)ی ژنان و ڕۆژو شکاندن بزانن (والحج)عەتفە لەسەر(الناس) تاکو کاتەکە بزانن ئەگەر وەك یەك بوایە ئەو کاتە نەدەزاندرا(ولیس البر بأن تأتوا البیوت من ظهورها)لە ئیحرامدا کون لە خانوو بکەن و لەوێوە بڕۆنە ژوورەوە و بێنە دەرەوە و دەرگا بەجێبهێڵن

ئەوان وایان دەکرد ، وایاندەزانی ئەوە شتێکی چاکە (ولکن البرّ) بەڵام چاکە (من اتّقی) ترس لە خواو وازهێنان لە خەراپە (واتوا البیوت من ابوابها) لە ئیحرامدا و لە غەیری ئیحرامدا لە دەرگاوە بڕۆنە ماڵەوە (**واتقوا الله لعلکم تفلحون**) ڕزگاربن [1]

ئێمەش کاتێك تەماشای ئەم ئایەتەمانکرد بەگوێرەی ئوسلوبی بەشەر چەند نەشازییەکمان تێیدا بەدیکرد :

یەکەم : هیچ پەیوەندییەك تێبینی ناکرێت لەنێوان سەرەتای ئایەتەکە و چەمکەکەیدا هەر وەك مەریوان ڕەخنەی گرتووە . چونکە لە پێشەکەیدا پرسیار لە مانگەکان دەکات و چەمکەکەش لە جیاتی وەڵامدانەوە دەڵێت : چاك نییە لە پشتی ماڵەوە بڕۆنە ژوورەوە و بێنە دەرەوە ، بەڵکو چاك وایە لە دەرگاکانەوە ئەو کارە ئەنجام بدەن .

١- تفسیر الجلالین ، سورة البقرة ، الآیة (١٨٩) .

دووەم : لە زمانی عەرەبیدا دەوترێت (ابواب وخلف الابواب) ناوترێت (ابواب وظهر الابواب) هەر وەکو لە ئایەتەکەدا هاتووە : (**ولیس البر بان تاتوا البیوت من ظهورها**) .

سێیەم : ووشەی (لعلّ) بۆ (ترجّی) یە کەلای بەشەر بۆ کارێك دەوترێ کە بوونی لە نەبوونی زیاتربێت ، بەڵام لای خودا بۆ تأکیدە ، بەڵام لێرەدا ماناکەی نادیارەو لە جێگەی خۆیدا نابینرێت .

چوارەم : دەبوایە لەجێگەی ووشەی (تفلحون) ووشەی (تتقون) بەکار بهێنرایە ، چونکە ئەم ووشەیەو موشتەقاتەکانی لە سورەتی (البقرە) دا (٤٤) جار بەکار هێنراون ، بەڵام ووشەی (تفلحون) لێرەدا بەکار هێنراوە کە بەجێگەی خۆی نابینرێت ، هەرەوەها لە ئایەتی پێنجەمیشدا .

خوێنەری بەڕێز ئەمە تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ مانای ئەم ئایەتە ، بەڵام ئیمانداران لەم جۆرە حاڵەتانەدا دەزانن کەبۆچونەکەیان نا تەواوە و دەگەڕێن بەدوای ڕاستییەکاندا ، بۆیە ئێمەش وامانکردوو بیرمان لە ئایەتەکە کردەوە و لە دواییدا گەیشتینە ئەو ئەنجامە کە ئەم ئایەتە نەشاز نییە ، بەڵکو ئیعجازە، بەڵێ ئەم ئایەتە خۆی لە خۆیدا بەتەنها ئیعجازێکی ئاشکرا و بێوێنەی ئەم چەرخەی ئێمەیە .

جا بۆ ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە و ئیعجازەکەی با بە گوێرەی بۆچوونی خۆمان ڕاڤەی بکەین :

(**یسألونك عن الاهلّة**) ئەی محمد پرسیاری مانگەکانت لێدەکەن (**قل هی مواقیت للناس والحج**) تۆش بڵێ مانگەکان بۆ زانینی کاتەکانە بۆ خەڵکان و بۆ

زانینی کاتی (الحج) ، (**ولیس البرُّ بأن تاتوا البیوت**) لێرەدا ووشەی (البیوت) مەبەستی خانووەکان نییە هەروەکو موفەسیرەکان ئاماژەیان بۆ کردووە ، بەڵکو (کینایە) یە لە خودی مانگ ، چونکە باسەکە باسی مانگە (من ظهورها) ئەم ووشەیە لێرەدا بەتەواوی لە جێگەی خۆیدا بەکار هێنراوە ، چونکە لەلایەکەوە مانای پشتەدا ولەلایەکی دیکەشەوە مانای دیاربوونەدات کە ڕاستی مانگە و لێرەدا ئەو دوو مانایانە مەبەستن ، چونکە ئەگەر لەئایەتەکەدا (خلف) بوایە ئەو کاتە ئایەتەکە مەبەستی خۆی بەتەواوی نەدەپێکا و مانای ئاشکرابوونی تێدا نەدەبوو وەك لە ووشەی(ظهور)دا هەیە(لعلّکم تفلحون) واتە بە تاکید رۆژێك دێت ڕاستی مانگەکانتان بۆ دەردەکەوێت ، کەئەم رۆژانەیە ، لێرەشدا ووشەی (لعلّکم) بەتەواوی لە جێگەی خۆیدا بەکار هێنراوە .

کەواتە پوختەی ئایەتەکە : ئەی محمد پرسیارت لێدەکەن دەربارەی مانگەکان ، تۆیش بڵێ : مانگەکان بۆ زانینی کاتەکانە ، بۆ ئێوە ئێستا باش نییە ڕاستی مانگەکان بزانن چونکە بڕواپێکردنی لە ئەقڵ بەدەرە ، بەڵام بە تاکید رۆژێك دێت سەردەکەون و ڕاستی مانگەکانتان بۆ ئاشکرا دەبێت .

خوێنەری بەڕێز بۆ بوختانەکەی مەریوان کە دەڵێت: (موحەممەد جگە لەوەی نە یزانیوە ... بەفێڵێك باسەکەی گۆڕیوە بەتەقەی دەرگا) . **دەڵێین** : ئەگەر ئەو کاتە ڕاستەو خۆ ئایەت باسی ڕاستی مانگی بکردایە ، یەك کەس موسوڵمان نەدەبوو ، ئەوانەش کە موسوڵمان بوبوون هەمویان لە دین هەڵدەگەڕانەوە ، چونکە ئەو کاتە هیچ کەس بڕوای نەدەکرد کە مانگێك بەچاو دەبینرێت بەو بچوکییە لە زەوی گەورەتربێت و بەردو خۆڵ و شیوی

تێدا بێت ! بەڵگەشمان ئەوەیە کاتێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (اسرا)ی پێکرا لە مەککەوە بۆ (بیت المقدس) هەندێك لە موسوڵمانەکان هەڵگەڕانەوە لە ئایین و بڕوایان بەو حاڵەتە نائاساییە نەدەکرد.

جا بۆیە خوای (علیم) و (حکیم) ئایەتەکەی بە جۆرێك هێناوە و دایڕشتووە ، کە بۆ ئەو کاتە زۆر گونجاو بووە و بۆ ئێستاش موعجیزەیەکی گەورەی حاشا هەڵنەگری قورئانە و هیچ بێبڕوایەکیش ناتوانێ نکۆڵی لێبکات .

دووەم :

لەلاپەڕە (٤٢) دا مەریوان نووسیویەتی :

{دانیشتوانی نێوە دورگەی عەرەب نەیانزانیوە چۆن و بۆ چی لەشەودا روناکی نابێت و دونیا تاریك دەبێت، نەیانزانیوە خۆر چی لێدێت و بۆ کوێ دەچێت ، موحەممەدیش پێی وایە چڵپاوێکی خەستی ڕەش خۆرەکە لە ناوخۆیدا دەشارێتەوە .

(وتغرب فی عینٍ حمأه ٍ) .واتا خۆر لە قوڕە لیتەیەکی ڕەشدا ئاوا دەبێت .

لە ڕاستیدا ئەم وەلامە نازانستییە، نەك بۆ ئێستا ، بەڵکو بۆ ناوچەیەکی دواکەووتوی وەك نیوە دورگەی عەرەبیش جێی باوەڕ نەبووە }.

لەوەڵامدا دەڵێین : لە پێشدا با بڕۆینە خزمەتی (ایسر التفاسیر) کە دەفەرموێت (**وجدها تغرب في عينٍ حمأةٍ**) ذات حمأ وهي الطين الاسود ، وغروبها انما هو نظر العين وإلاّ فالشمس في السماء والبحر في الارض [١]

١- أيسر التفاسير ، سورة البقرة ، الآية (٨٦) .

ئێمەش لێرەدا بە چەند خاڵێك بۆچوونەکانمان دەنوسین :

یەکەم : مەبەست لە پێی وایە چەپاوێکی خەستی ڕەش خۆرەکە لەناو خۆیدا دەشارێتەوە).

نەخێر ئەمە فەرمودەی محمد (صلی الله علیه وسلم) نییە بەڵکو ووتەی (ذو القرنین)ە و زۆریش ناشرین و حەیاچوونە درۆی وا گەورە و ئاشکرا ، بەتایبەت بۆ یەکێکی ڕەخنەگر .

دووەم : ڕستەی (وجدها) ی لە ئایەتەکەدا بچراندووە کەمانای تایبەتی خۆی هەیە و مانای ئایەتەکە بەتەواوی دەگۆڕێت ، چونکە ووشەی وجد) لە (افعال القلوب)ە بەمانای (تصور) دێت ، لەبەر ئەوە ئەگەر بڵێین : (وجدت الامتحان صعباً) ئەوە مانای ئەوە نییە بەچاو بینیومە تاقیکردنەوەکە گرانبووە ، بەڵکو مانای وایە لە (تصور) مندا وابووە ، نەك بەڕاستی ،لەوانەیە لای یەکێکی دیکە گران نەبوبێت .

سێیەم : مەبەستی لەنەزانینی خۆی ئەم ئایەتەی هێناوەو ڕەخنەی نادروستی لێگرتووە چونکە ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی دیکەیە کە قورئان فەرمودەی خودایە ، خۆ ئەگەر هی بەشەر بووایە چۆن دەڕۆیشتە ئەقڵەوە (ذو القرنین) ئەو هەڵە مێژوویی یە

نەقۆزێتەوە و باسی ئەو خۆرە بەدرێژی نەکات ، قەبارەکەی چەند بووە و چۆن و لەچی پێك هاتووە ، گەر سورەتێکیشی بۆ تەرخان بکردایە ئەو کاتە کەس نەبوو بڵێ وانییە . ئەمجا بە گوێرەی ئایەتەکە دیارە ئەو شوێنە ئاو بووە کە خۆرەکەی لێ ئاوا بووە ، بۆیە وای (تصور) کردووە کە کەوتووەتە خوارەوە ،

بێگومان ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە کە خۆر لە کۆڵ ئاوا بێت وا دەزانرێت دەکەوێتەوە خوارەوە .

چوارەم : خوای گەورە بۆیە لە قورئاندا باسی (ذو القرنین)ی کردووە ، تاوەکو خەڵکان پەندی لێوەربگرن و بزانن ئەم دونیایە بۆ کەس بەردەوام نابێت و کەسیش شانازی بە دەسەلات و توانای خۆیەوە نەکات ، چونکە هیچ کەسێك لە (ذو القرنین) بەتواناتر نابێت کە لەناو و کردەوەکەی زیاتر هیچی تری بۆ نەماوەتەوە .

سێیەم :

لە لاپەڕە (٤٣) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ چیرۆکێکی مێژوویی هەیە بەناوی هاوەڵانی ئەشکەوت (اصحاب الكهف) لەم چیرۆکەدا ئەفسانەیەك باس دەکەن ، گوایە خوا ویستوویەتی موعجیزەیەك نیشانی خەڵکی بدات . بۆ ئەم مەبەستە چەند کەسێك لەگەڵ سەکێکیاندا ماوەی (٣٠٠) ساڵ کەمتر یان زیاتر ، لە ئەشکەوتێکدا دەخەوێنێت دواتر لە خەو هەڵیاندەسێنێت و تێکەڵی خەڵکیان دەکاتەوە .

سەرباری ئەوەی کەتەواوی چیرۆکەکە بە خورافە دەزانین ، بەڵام هەر لە کۆنەوە لەسەر ژمارەی کەسەکان بۆچوونی جیاواز هەبووە و نازانرێت ژمارەیان چەند بوون ، دەڵێن : سێ کەس بوون و سەگێکیان لەگەڵ بووە، یان چوار کەسبوون و سەگێکیان لەگەڵ بووە ... تاد . لەبەر ئەوەی قورئان قسەی خوایە و خوایش هەموو شتێك دەزانێت ، دانیشتوانی شاری مەدینە بە باشیان زانیوە ئەم پرسیارە لە موحەممەد بکەن ، بەڵکو لە رێگەی خواکەیەوە ژمارەی

تـەواویان دەسـت بکـەوێت ، موحەممـەد بـە ئایـەتێك بـەم شـێوەیە وەلامیـان دەداتەوە:

(سَيَقُولُونَ ثَلَاثَةٌ رَابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْمًا بِالْغَيْبِ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ قُلْ رَبِّي أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِمْ) .

دەڵێن : سیانبوون و چوارەمینیشیان سەگەکەیان بووە .

(**ویقولون خمسه سادسهم کلبهم**) هـەروەها دەڵێن : پێنج بوون و شەشەمیان سەگەکەیان بووە .

(رجما بالغیب) ئەم قسانە ڕاست نین و بەر بە تاریکییەوە دەنێن .

لێرەدا هەموو خوێنەر چاوەڕێی وەلامی دروستە ، چونکە دەڵێت ئەو بۆچوونانە هەڵەن و بەرد بە تاریکییەوە دەنێن ، کەچی دەڵێ:

(**ویقولون سبعة وثامنهم کلبهم**) هـەروەها دەڵێن حـەوت بوون و سـەگەکەیان هەشتەهەمیان بووە .

جارێکی دیکەش ژمارەی مەزەندەمان بۆ دوبارە دەکاتەوە .دەبوو ئەم نیوە دێرە پێش بکەوتایە و لەگەڵ ژمارەکانی دیکە تێکەڵ بکرایە ، چڕی و پڕی یەکێکە لە نیشانەکانی ئیعجاز ، بەڵام ئەو وای نەکردووە . بە هـەر حاڵ گـرنگ ئەوەیە ژمارەی ڕاستەقینەمان پێ بڵێت ، دەڵێ : (قل ربی اعلم بعدتهم) .

ئەی موحەممەد تۆ بڵێ هـەر پـەروەردگارم دەزانێت ژمارەیان چـەندە ، بێئـەوەی ژمـارەی ڕاست و دروستمان بۆ دەستنیشان بکات ، بەهـەمان شـێوەی خـەڵکی کۆمەڵێك ژمارەمان بۆ دەخـەملێنێت . ئەی کـوا وەلامـی پرسیارەکە ؟؟ ژمارەیـان چەند بوو .. ؟؟ بۆ ئـەوەی خەڵکەکە دەمکوت بکات ، موحەممـەد دەڵێت : هـەر خوا دەزانێت .ئـەی قورئـان قسـەی خـوا نییـە ..؟ خـوا عالیمولغـەیب نییـە ؟ چـی

دەبوو ژمارەی پاستی دەستنیشان بکردایە !؟ چ نهێنییەك لە دەرنەخستنی ژمارەکەیانەوە هەیە !؟ ئایا بۆمبی ئەتۆم ئەتەقییەوە ، یاخود لە پاستیدا موحەممەد نەیزانیوە وەلامیان بداتەوە ؟! }.

لەوەلامدا دەڵێین : وا بەباش دەزانین لە پێشدا تەماشای تەفسیری (البقاعی) بکەین کە دەڵێت :

(سيقولون) أي اهل الكتاب ومن وافقهم في الخوض في ذلك بعد اعترافهم بما قصصته عليهم من نبأهم بوعد لا خُلف فيه هم (ثلاثةٌ) اشخاص (رابعهم كلبهم) ولا علم لهم بذلك ولذلك اعراه عن الواو ، فدلّ اسقاطها على انهم ليسوا ثلاثة وليس الكلب رابعاً (ويقولون) أي سيقولون ايضاً (خمسة سادسهم كلبهم رجما بالغيب) ولما تغيّر قولهم حسن جداً قوله تعالى رجماً بالغيب اعلاماً بالأمر الغائب عنهم الذي لا اطّلاع لهم عليه بوجه (ويقولون) ايضاً دليلاً على انهم لا علم لهم بذلك (سبعةٌ وثامنهم كلبهم) وتأخير هذا عن الرجم وإن كان ظناً يُشعر بأنه حقٌ ويؤيده هذه الواو التي تدخل على الجملة الواقعة صفةً للنكرة ، كما تدخل الواو حالاً على المعرفة في نحو (إلاّ ولها كتاب معلوم) فإن فائدتها توكيد لصوق الصفة بالموصوف والدلالة على أن اتصاف الموصوف بالصفة امر ثابت مستقرٌ ، فدلت هذه الواو على أن اهل هذا القول قالوه عن ثبات علمٍ وطمأنينة نفسٍ ولم يرجموا بالظن [1]

١- تفسير البقاعي . سورة الكهف ، الآية (٢٢) .

ئێمەش دەڵێین : پێش ئەوەی بڕۆینە خزمەتی ئایەتەکە ، ڕێزمانێك لە زمانی عەرەبیدا هەیە پەیوەندی بە مانای ئایەتەکەوە هەیە پێویستە بیزانین ، ئەویش ئەوەیە :

ئەگەر ناوێك (ئیضافە) کرایە سەر ناوێکی (معرفە) ئەوە (مضاف)یش دەبێتە (معرفە) بەڵام ئەگەر (ئیضافە) کرایە سەر (نکرە) ئەوە نابێتە (معرفە) ، کەواتە ئەم ڕێزمانە بەسەر ژمارەشدا لە (سێ)وە، تا (دە) جێبەجێ دەبێ .

ئەمجا بە چەند خاڵێك وەڵامی هەڵە و نەزانیەکانی مەریوان و هاوەڵەکانی دەدەینەوە :

یەکەم : مەریوان دەڵێت (دەبوایە بڕگەی (**و یقولون سبعة و ثامنهم کلبهم**) پێش بکەوتبایە ، بەم جۆرە (**سیقولون ثلاثة رابعهم کلبهم ، و یقولون خمسة سادسهم کلبهم ، و یقولون سبعة و ثامنهم کلبهم رجما بالغیب**) .

ئێمەش دەڵێین : ئەمەیە نەزانی و نەگبەتی ، مەریوان بە پاچە کولێکەوە دەیەوێت شاخەکەی سەگرمە بڕوخێنێت ، خۆ ئەگەر ئایەتەکە بەو جۆرە ببوایە کە مەریوان دەڵێت ئەوە مانا و مەبەستی ئایەتەکە بە تەواوی دەگۆڕا و ئامانجەکەی نەدەپێکا ، چونکە خوای گەورە دەیەوێت ووشەکانی (رجما بالغیب) بۆ بڕگەکانی (**سَيَقُولُونَ ثَلَاثَةٌ رَابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ**) بێت نەك بۆ هەر سێ بڕگەکە ، لەبەر ئەوە بڕگەی (**ویقولون سبعة و ثامنهم کلبهم**) تەواوە و حەوت کەس بوونە بۆیە خوایش جارێکی تر ڕەتیانی نەداوەتەوە .

دووەم : ڕستەی (**رابعهم کلبهم**) ئیعراب دەکەین (**فی محل رفع صفه**) بۆ ووشەی (**ثلاثة**) کە (**ئیضافة**) کراوەتە سەر (**تمییز**)ی (**محذوف**) کە ووشەی (**رجال**)ە یان (**اشخاص**) . هەروەها ڕستەی (**سادسهم کلبهم**) بە هەمان شێوە صیفەتە بۆ (**خمسه**) .

بەڵام ڕستەی (**و ثامنهم کلبهم**) بە گوێرەی ئەو ڕێزمانە کە دەڵێیت : (**الجمل بعد المعارف احوال و بعد النکرات صفات**) ئیعراب دەکەین (**فی محل نصب حال**) بۆ ووشەی (**سبعة**) کە لێرەدا (**معرفه**)یە چونکە (**ئیضافة**) کراوەتە سەر (**الرجال**) نەك (**رجال**) ، چونکە ئەو پیاوانە ناسراون و زانراون و ناوەکانیشیان لە تەفسیرەکاندا تۆمار کراون . ئینجا بەم ئیعرابە ، ووشەی (**سبعة**) ناسراوە ، بەڵام چۆنیەتییەکەی نەزانراوە ئەویش بە ڕستەی (**و ثامنهم کلبهم**) زانراوە .

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر و پەسەندی بۆچوونەکەمان ، ئەگەر بڵێین: (**جاء محمد مسرورا**) ئەوە گومان لە هاتنی (**محمد**)ی ناسراودا نییە بەڵام چۆنێتی هاتنەکەی نەزانراوە و بە ووشەی (**مسرورا**) ڕوون بووەتەوە کە بە خۆشی بووە . بە هەمان شێوەش ڕستەی (**و ثامنهم کلبهم**) ڕستەیەکی (**حالیه**)یە و چۆنیەتی ئەو حەوت کەسە ناسراوانەی ڕوونکردۆتەوە کە لەگەڵ سەگدا بوون و بە بێ سەگ نەبوون .

سێیەم : لە ئایەتەکەدا هاتووە (**قل ربی أعلم بعدتهم**) واتە خوا باشتر دەزانێت ژمارەیان چەند کەس بووە ، ئەمە مانای وایە خەڵکانی تریش دەزانن ، بەڵام خوا باشتر دەزانێت ، چونکە ئەگەر زانیارییەکە بە تەنها لای خوا ببوایە وەکو

مەریوان بە هەڵە ڕاڤەی کردووە (ئەی موحەمەد تۆ بڵێ هەر پەروەردگارم دەزانێت ژمارەیان چەندە) دەبوایە بیفەرمووایە (**لا یعلم عدتهم إلا الله**) .

چوارەم : هەر وەکو لە تەفسیرەکاندا هاتووە : لە نێوان (اهل الکتاب)دا سێ ڕای جیاواز هەبووە :

ڕای یەکەم : بە بۆچوونی زۆربەی (اهل الکتاب) ژمارەی (اصحاب الکهف) (سێ) کەس بوون .

ڕای دووەم : بە بۆچوونی هەندێکی دیکەیان (پێنج) کەس بوون.

ڕای سێیەم : بە بۆچوونی کەمینەی (اهل الکتاب) (حەوت) کەس بوون .

ئەگەر بە ووردی تەماشای ئەم ئایەتە بکەین ، موعجیزەی قورئان و جوانکارییەکانی بە باشی دەبینین کە خوا بە جۆرێك بەکاری هێناوە کە هیچ عەرەبێك لە هیچ چەرخێکدا ئوسلوبی لەو جۆرەی بەکار نەهێناوە و لەگەڵیدا ئاشنا نەبووە ، ئەوەتا لە پێشدا ژمارەی کەمی هێناوە کە (ثلاثة)یە بەڵام پەسەندکەرانی زۆرینەی (اهل الکتاب) بوون ، ئینجا ووشەی (خمسة)ی بەکار هێناوە کە لە (ثلاثة) زیاترە ، بەڵام پەسەند کەرانی لە (ثلاثة) کەمترن .

ئەمجا لە دواییدا ووشەی (سبعة)ی بەکار هێناوە کە لە (خمسة) زیاترە بەڵام پەسەندکەرانی لەو کەمتربوون و خوایش پەسەندی ئەم کەمینەی کردووە (ما یعلمهم إلا قلیل) .بە واتایەکی دیکە ، هەر چەند ژمارەکە زیاتر بووبێت پەسەندکەرانی کەم بونەتەوە .

پێنجەم : ڕستەی (ما یعلمهم إلا قلیل) بە ئاشکرا ئاماژە دەکات کە ژمارەیان زانراوە ، بەڵام ئەوانە کەمینەن . بە واتەیەکی دیکە ئەوانە ئەو کەمینەن کە

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

گووتویانە ژمارەیان (حەوت)ە و خوایش پەتیانی نەداوەتەوە ، ئیتر لە دوای دابەزینی ئایەتەکە هەر کەسێك عەرەبی بزانێت و ئایەتەکە بخوێنێتەوە دەزانێت ژمارەیان حەوت بووە ، بۆیە فەرمودەکەی (ابن عباس) (انا من هذا القلیل) لە جێگەی خۆیدا نابینین ! .

شەشەم : ئەم ئایەتە ئاماژەیە کە کەمینەی (اهل الکتاب) بۆچوونیان پاستە نەك زۆرینەیان .

لە کۆتاییدا لەبەر گرنگی بوختانەکەی مەریوان کە دەڵێت (لەم چیرۆکەدا ئەفسانەیەك باس دەکەن ... سەر باری ئەوەی کە تەواوی چیرۆکەکە بە خورافە دەزانین ... تاد.

ئێمەش ئەم خەڵاتە و دیاریە و پاداشتە پێشکەش بە مەریوان و هاوەڵەکانی دەکەین .

روائع سورة الكهف

طالما شكك الملحدون بقصة أصحاب الكهف ، فهل تأتي لغة الرقم لتثبت أن كلمات هذه القصة هي وحي من عند الله ، و لا يمكن لبشر أن يأتي بمثلها ؟

قصة أصحاب الكهف قصة غريبة ، فقد هرب الفتية من ظلم الملك الجائر و لجأوا إلى كهف و دعووا الله أن يهيء لهم من أمرهم رشدا ، و شاء الله أن يكرمهم و يجعلهم معجزة لمن خلفهم ، و أنزل سورة كاملة تحمل اسم (الكهف) تكريما لهؤلاء الفتية . و لكن المشككين كعادتهم يحاولون إنتقاد النص القرآني ويقولون: إن القرآن من تأليف البشر ، لأنه لا يمكن لأناس أن يناموا (٣٠٩) سنوات ثم يستيقظوا ، إنها مجرد اسطورة تعالى الله عن ذلك علوا كبيرا .

إنني على يقين بأن معجزات القرآن لا تنفصل عن بعضها . فالإعجاز العددي تابع للإعجاز البياني ، و كلاهما يقوم على الحروف و الكلمات . و قد تقودنا معاني الآيات إلى إكتشاف معجزة عددية ! و هذا ما نجده في قصة أصحاب الكهف ، فجميعنا يعلم بأن أصحاب الكهف قد لبثوا في كهفهم (٣٠٩) سنوات ، و هذا بنص القرآن ، يقول تعالى (**و لبثوا في كهفهم ثلاثمائة سنين وازدادوا تسعا**) **الكهف ٢٥** .

فالقصة تبدأ بقوله تعالى((**أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَابَ الْكَهْفِ وَالرَّقِيمِ كَانُوا مِنْ آيَاتِنَا عَجَبًا (٩) إِذْ أَوَى الْفِتْيَةُ إِلَى الْكَهْفِ فَقَالُوا رَبَّنَا آتِنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا (١٠) فَضَرَبْنَا عَلَى آذَانِهِمْ فِي الْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا (١١) ثُمَّ بَعَثْنَاهُمْ لِنَعْلَمَ أَيُّ الْحِزْبَيْنِ أَحْصَى لِمَا لَبِثُوا أَمَدًا**)) الكهف ٩ – ١٣ ، و تنتهي

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله على زەنگەنە

عند قوله تعالى (ولبثوا في كهفهم ثلاثة مئة سنين وازدادوا تسعا + قل الله أعلم بما لبثوا) الكهف ٢٥ – ٢٦ .

و السؤال الذي طرحته : هل هناك علاقة بين عدد السنوات التي لبثها أصحاب الكهف ، و بين عدد كلمات النص القرآني ؟ و بما اننا نستدل على الزمن بالكلمة فلا بد أن نبدأ و ننتهي بكلمة تدل على زمن و بما أننا نريد أن نعرف مدة ما (لبثوا) إذا فالسر يكمن في هذه الكلمة . لقد بحثت طويلا بهدف إكتشاف سر هذه القصة ، ووجدت أن بعض الباحثين قد حاولوا الربط بين عدد كلمات القصة و بين العدد (٣٠٩) و لكنني اتبعت منهجا جديدا شديد الوضوح و غير قابل للنقض أو التشكيك ، فقد قمت بعد الكلمات كلمة كلمة مع اعتبار واو العطف كلمة مستقلة لأنها تكتب منفصلة عما قبلها و بعدها (انظر موسوعة الإعجاز الرقمي) و كانت المفاجأة !

فلو تأملنا النص القرآني منذ بداية القصة و حتى نهايتها ، فإننا نجد أن الإشارة القرآنية الزمنية تبدأ بكلمة (لبثوا) في الآية(١٣) و تنتهي بالكلمة ذاتها أي (لبثوا) في الآية ٢٦ .

و العجيب جدا اننا إذا قمنا بعد الكلمات (مع عد واو العطف كلمة) إعتبارا من كلمة (لبثوا) الأولى و حتى كلمة (لبثوا) الأخيرة ، فسوف نجد بالتمام و الكمال (٣٠٩) كلمات بعدد السنوات التي لبثها أصحاب الكهف !!! و هذا هو النص القرآني يثبت صدق هذه الحقيقة ، لنبدأ العد من كلمة (لبثوا) :

لبثوا + أمداً + نحن + نقص + عليك + نبأهم + بالحق + انهم + فتية + امنوا + (١٠).

بربهم + و + زدناهم + هدى + و + ربطنا + على + قلوبهم + إذ + قاموا + (٢٠).

فقالوا + ربنا + رب + السموات + و + الارض + لن + ندعو + من + دونه + (٣٠).

الها + لقد + قلنا + اذا + شططا + هؤلاء + قومنا + اتخذوا + من + دونه + (٤٠).

آلهة + لولا + يأتون + عليهم + بسلطان + بيّن + فمن + اظلم + ممن + افترى + (٥٠).

على + الله + كذبا + و + اذ + اعتزلتموهم + و + ما + يعبدون + الا + (٦٠).

الله + فأووا + الى + الكهف + ينشر +لكم + ربكم + من + رحمته + و + (٧٠).

يهىء + لكم + من + امركم + مرفقا + و + ترى + الشمس + اذا + اطلعت + (٨٠).

تزاور + عن + كهفهم + ذات + اليمين + و + اذا + غربت + تقرضهم + ذات + (٩٠).

الشمال + و + هم + في + فجوة + منه + ذلك + من + ايات + الله + (١٠٠).

من + يهد + الله + فهو + المهتد + و + من + يضلل + فلن + تجد + (١١٠).

له + وليا + مرشدا + و + تحسبهم + ايقاظا + و + هم + رقود + و + (١٢٠).

نقلبهم + ذات + اليمين + و + ذات + الشمال + و + كلبهم + باسط + ذراعيه +(١٣٠).

بالوصيد + لو + اطلعت + عليهم + لوليت + منهم + فرارا + و + لملئت + منهم + (١٤٠).

رعبا + و + كذلك + بعثناهم + ليتساءلوا + بينهم + قال + قائل + منهم + كم + (١٥٠).

لبثتم + قالوا + لبثنا + يوما + او + بعض + يوم + قالوا + ربكم + اعلم + (١٦٠).

بما + لبثتم + فابعثوا + احدكم + بورقكم + هذه + الى + المدينة + فلينظر + ايها + (١٧٠).

ازكى + طعاما + فليأتكم + برزق + منه + و + ليتلطف + و + لا + يشعرن + (١٨٠).

بكم + احدا + انهم + ان + يظهروا + عليكم + يرجموكم + أو + يعيدوكم + في + (١٩٠).

ملتهم + و + لن + تفلحوا + اذا + ابدا + و + كذلك + اعثرنا + عليهم + (٢٠٠).

ليعلموا + ان + وعد + الله + حق + و + ان + الساعة + لا + ريب +(٢١٠).

فيها + اذ + يتنازعون + بينهم + امرهم + فقالوا + ابنوا + عليهم + بنيانا + ربهم + (٢٢٠).

اعلم + بهم + قال + الذين + غلبوا + على + امرهم + لنتخذن + عليهم + مسجدا + (٢٣٠).

سيقولون + ثلاثة + رابعهم + كلبهم + و + يقولون + خمسة + سادسهم + كلبهم + رجما + (٢٤٠).

بالغيب + و + يقولون + سبعة + و + ثامنهم + كلبهم + قل + ربي + اعلم +(٢٥٠).

بعدتهم + ما + يعلمهم + الا + قليل + فلا + تمار + فيهم + الا + مراءا + (٢٦٠).

ظاهرا + و + لا + تستفت + فيهم + منهم + احدا + و + لا + تقولن + (٢٧٠).

لشيء + انى + فاعل + ذلك + غدا + الا + ان + يشاء + الله + و + (٢٨٠).

اذكر + ربك + اذا + نسيت + و + قل + عسى + ان + يهدينى + ربي + (٢٩٠).
لاقرب + من + هذا + رشدا + و + لبثوا + في + كهفهم + ثلاثة + مئة + (٣٠٠).
سنين + و + ازدادوا + تسعا + قل + الله + اعلم + بما + لبثوا + (٣٠٩).

تأملوا معي كيف جاء عدد الكلمات من (لبثوا) الاولى وحتى (لبثوا) الاخيرة مساويا ٣٠٩ كلمات !!

انها مفاجأة بالفعل ، بل معجزة لانه لا يمكن ان تكون مصادفةً ! اذن البعد الزمني للكلمات القرانية بدأ بكلمة(لبثوا) وانتهى بكلمة(لبثوا) وجاء عدد الكلمات من الكلمة الاولى وحتى الاخيرة مساويا للزمن الذي لبثه اصحاب الكهف ،والذي يؤكد صدق هذه المعجزة وانها ليست مصادفة هو ان عبارة (ثلاث مئة) في هذه القصة جاء رقمها (٣٠٠) وهذا يدل على التوافق والتطابق بين المعنى اللغوي والبياني للكلمة وبين الارقام التي تعبر عن هذه الكلمة.

وهنا لابد من وقفة بسيطة

هل يعقل ان المصادفة جعلت كلمات النص القراني وتحديدا من كلمة (لبثوا) الاولى وحتى كلمة(لبثوا) الاخيرة (٣٠٩)كلمات بالضبط بعدد السنوات التي لبثها اصحاب الكهف؟ وإذا كانت هذه مصادفة فهل المصادفة ايضا جعلت ترتيب الرقم (ثلاث مئة) هو بالضبط (٣٠٠) بين كلمات النص الكريم؟هل هي المصادفة ام تقدير العزيز العليم؟!

ماذا نستفيد من هذه المعجزة الرقمية

قد يقول قائل وماذا يعني ذلك؟ونقول انه يعني الكثير:

١- ان التطابق بين كلمات النص وعدد السنوات ٣٠٩ يدل على ان هذا النص هو كلام الله تعالى ولا يمكن لبشر ان يقوم بهذا الترتيب المحكم مهما حاول و

بخاصة ان النبي الاعظم عاش في عصر لم يكن علم الاحصاء والارقام متطورا بل كان علما بسيطا

٢- ان هذا التطابق المذهل بين عدد كلمات النص وبين العدد ٣٠٩ يدل على سلامة النص القراني ، فلو حدث تحريف لاختل عدد الكلمات واختفت المعجزة ، اذن هذا التطابق العددي دليل على ان القران لم يحرف كما يدعي الملحدون

٣- بالنسبة لي كمؤمن فان مثل هذا التطابق العددي يزيدني ايمانا وخشوعا امام عظمة كتاب الله تعالى وهذا هو حال المؤمن عندما يرى معجزة فانه يزداد ايمانا وتسليما لله عز وجل:

(**وما زادهم الا ايمانا وتسليما**) الاحزاب (٢٢)

٤- في هذه المعجزة رد اولئك المشككين بصدق هذه القصة والذين يقولون انها اسطورة ، مثل هذه المعجزة ترد عليهم قولهم وتقدم البرهان المادي الملموس على صدق كتاب الله تبارك وتعالى .

((**سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ**)) . بقلم عبدالدائم الكحيل منقول من موقع الاعجاز العلمى فى القران .

ئێمەش باسی ئەم موعجیزەیە بە چەند خاڵێك دەکەین :

یەکەم / لە یەکەم ووشەی (لبثوا)وە تا وەکو ووشەی (لبثوا)ی دووای یەکسانە بە (٣٠٩) ووشە ، واتە ماوەی مانەوەی هاوەڵانی ئەشکەوت لە ئەشکەوتەکەدا.

دووەم / ووشەی (ثلاث مئة) لە ئایەتەکەدا هاتووە بەرامبەر ژمارەی (٣٠٠) بە تەواوی هەر وەکو لە خشتەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە !

سێیەم / (وازدادوا تسعا) ئەم ڕستەیە پێك هاتووە لە (نۆ) پیت و ئاماژە بۆ ووشەی (تسعا) دەکات بە واتەیەکی دیکە

(نۆ) پیت بەرامبەر بە ژمارەی (نۆ) .

چوارەم / لە ووشەی (لبثوا)ی یەکەمەوە تاوەکو (لبثوا)ی ئەخیر (چواردە) ئایەتە و باسی (أصحاب الكهف) دەکەن ، ئەو ژمارەیە دابەش دەبێت بەسەر (حەوت)دا کە ژمارە ڕاستەکەیە ، بەڵام دابەش نابێت بەسەر (سێ) و (پێنج)دا چونکە ئەو ژمارانە ڕاست نین .

پێنجەم : ئەم (الاعجاز العددی)یە بەڵگەیە کە :

ا- قورئان یەك ووشەی تێدا نەگوڕاوە .

ب- ڕووداوی هاوەڵانی ئەشکەوت ڕاستە و (ئوستورە) نییە .

ج- ئەم ڕووداوە موعجیزەیەك بووە بۆ کاتی دەرچوونی هاوەڵانی ئەشکەوت لە ئەشکەوتەکەدا و موعجیزەشە بۆ ئەم کات و ساتەی ئێمە .

چوارەم :

لە لایەڕە (٤٤)دا مەریوان نووسیویەتی :

{(وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي)}.

دەربارەی ڕووح پرسیارت لێدەکەن (ئەی موحەمەد پێیان بڵێ : ڕووح شتێکە لەو شتانەی کە پەیوەندی بە پەروەردگارمەوە هەیە) .

موسوڵمانان دەزانن نەك ڕووح بەڵکو هەموو شتێك پەیوەندی بە خواوە هەیە و ئەو هەموو شتێك دەزانێت ، بەڵام ئەوان پرسیاریان لە پەیامبەرەکەی خوا کردووە بۆ ئەوەی بزانن ڕووح چییە . چونکە دەڵێت من لەلایەن خواوە نێردراوم

، خواکەشی ووتویەتی من هەموو شتێك دەزانم ، ئەی بۆ وەلامی ئەم پرسیارەیەی نەزانی ؟} .

ئێمەش دەڵێین : جارێکی دیکەش مەریوان قاچەکانی خلیسکاون و کەوتووەتە ناو چڵپاوی نەزانینەوە ، لەبەر ئەوەی ئەگەر زانا و دانا بوایە بیری لە ئایەتەکە دەکردەوە و ڕەخنەی لێنەدەگرت و دەیزانی ئەم ئایەتەش وەکو ئەو دوای ئایەتەکانی قورئان موعجیزەیەکی حاشا هەڵنەگری قورئانە ، بەڵێ ئەم ئایەتە کە پێش هەزار و چوار سەد ساڵ زیاتر دابەزیوە و وەلامی پرسیاری بێبڕواکانی قورەیشی بە جۆرێك داوەتەوە کە لەم ڕۆژە پێشکەوتووەشدا لەو وەلامە زیاتر نییە ، ئەگەر ... نا با مەریوان وەلامی ڕاست و تەواومان پێ بڵێت ، تاوەکو ئێمەش بڵێین (عالمول الغیب) وەلامەکەی نەزانیوە بەلام مەریوان زانیوێتی !

پێنجەم:

لە لاپەڕە (٤٥)دا مەریوان نووسیویەتی:

{ ئایەتی حیجاب پەیوەندی بە میز کردن و دەستاو و ئافرەتی ئازاد و کەنیزەکەوە هەیە بەلام ئایینزاکان لێیان کردووین بە پۆشاکی پاك داوێنی و ئیمانداری .

(ابن کثیر) و (قورتوبی) و (تەبەری) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا نوسیویانە :

کان ناس من فساق اهل المدینة یخرجون باللیل حین یختلط الظلام إلی طرق المدینة فیعرضون للنساء و کانت مساکن أهل المدینة ضیقة ، فإذا کان اللیل خرج النساء إلی الطرق یقضین حاجتهن ، فکان أولئك الفساق یبتغون ذلك

منهن ، فإذا راوا المراة عليها جلباب قالوا هذه حرة ، فكفوا عنها ، فإذا راوا المراة ليس عليها جلباب ، قالوا هذه امة فوثبوا عليها }.

ئێمەش لە وەلامدا دەڵێین : با لە پێشدا بڕوانە خزمەتی تەفسیری (الطبري) کە دەفەرموێت :

(يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا) [1] .

يقول تعالى ذكره لنبيه محمد صلى عليه وسلم **(يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ)** لا يشبهن بالإماء في لباسهن إذا خرجن من بيوتهن لحاجتهن ، فكشفن شعورهن ووجوههن ولكن ليدنين عليهن من جلابيبهن ، لئلا يعرض لهن فاسق ، إذا علم أنهن أحرار بأذى من قول [2] .

ئێمە دەڵێین : ئایەتەکە دەستووریکی جوانی بۆ ژنانی موسوڵمانان داناوە و ئامۆژگارییان دەکات کە بەو جۆرە پۆشاك بپۆشن ، تاوەکو خۆیان لە خراپە و خراپە کاران بپارێزن لە هەموو جێگە و شوێنێکدا ، ئێمە وا دەزانین ئەم دەستوورە هیچ زیانێکی بۆ هیچ کەسێك تێدا نییە تاوەکو ڕەخنەی لێبگیرێت و پەسەند نەکرێت .

خوێنەری بەڕێز دەمەوێ باسی دوو ئیعجازی گرنگی قورئان بکەم هەر چەند لە دەرەوەی پرسیارەکانن :

١- سورة الاحزاب ، الاية (٥٩) .

٢- تفسير الطبري ، سورة الأحزاب ، الآية (٥٩) .

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

ئیعجازی یەکەم:

بسم الله الرحمن الرحيم

(الم (١) غُلِبَتِ الرُّومُ (٢) فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ (٣) فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِنْ قَبْلُ وَمِنْ بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ (٤) بِنَصْرِ اللَّهِ يَنْصُرُ مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (٦) يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ) ، (٧) .

با له پێشدا تەماشای (صفوة التفاسير) بکەین کە دەفەرموێت:

(الـم) الحروف المتقطعة ، للتنبيه على إعجاز القرآن (غلبت الروم في أدنى الأرض) أي هزم جيش الروم في أقرب أرضهم إلى فارس (و هم من بعد غلبهم سيغلبون) أي وهم من بعد إنهزامهم و غلبة فارس لهم ، سيغلبون الفرس و ينتصرون عليهم (في بضع سنين) أي فترة لا تتجاوز أعوام ، و البضع : ما بين الثلاث إلى التسع ، قال المفسرون : كان بين فارس و الروم حرب ، فغلب فارس الروم فبلغ ذلك رسول الله صلى عليه وسلم و أصحابه ، فشق ذلك عليهم ، و فرح المشركون بذلك لأن فارس كانوا مجوسا ولم يكن لهم كتاب ، والروم أهل كتاب ، و نحن أميون و قد ظهر إخواننا من أهل فارس على إخوانكم من الروم ، فلنظهرن عليكم، فقال أبو بكر لا يقر أعينكم ، فأنزل الله (وهم من بعد غلبهم سيغلبون في بضع سنين) و قد التقى الجيشان في السنة السابعة من الحرب ، و غلبت الروم فارس و هزمتهم ، و فرح المسلمون بذلك ، قال أبو السعود : و هذه الآية من البينات الباهرة الشاهدة بصحة النبوة و كون القرآن من عند الله عز وجل، حيث أخبر عن الغيب الذي لا يعلمه إلا العليم الخبير ، ووقع كما أخبر ،

قال البيضاوي : و الآية من دلائل النبوة ، لأنها أخبار عن الغيب (لله الأمر من قبل و من بعد) اي لله عز و جل الأمر أولا و آخرا من قبل الغلبة و من بعد الغلبة ، فكل ذلك بأمر الله و إرادته ليس شيء منهما إلا بقضائه ، قال إبن الجوزي : المعنى أن غلبة الغالب و خذلان المغلوب بأمر الله و قضائه (**و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله**) اي يوم يهزم الروم الفرس و يتغلبون عليهم ، و يحل ما وعده الله من غلبتهم يفرح المؤمنون بنصر الله لأهل الكتاب على المجوس ، لأن أهل الكتاب أقرب إلى المؤمنين من المجوس و لقد صادف ذلك اليوم يوم غزوة بدر ، قال إبن عباس كان يوم بدر هزيمة عبدة الأوثان و عبدة النيران ، (**ينصر من يشاء وهو العزيز الرحيم**) اي ينصر من يشاء من عباده ، وهو العزيز بانتقامه من أعدائه ، الرحيم بأوليائه و أحبابه (و عد الله لا يخلف الله وعده) اي ذلك وعد مؤكد وعد الله به فلا يمكن أن يتخلف ، لأن وعده حق و كلامه صدق [1] }

ئێمەش دەڵێین : هیچ گومانێك لەوەدا نییە كە ئەوەڵی ئەم سورەتە موعجیزەیەكی ئاشكرای ئەوەڵی ئیسلامە ، هەموو مێژوو نوسان و ڕاڤەكەران ئامازەیان بۆ ئەم ڕووداوە كردووە و بە یەك دەنگ كۆكن لەسەر ڕاستییەكەی .

لە سەرەتای سورەتی ڕووم‌دا خوای گەورە بە پێنج ئایەت باسی سەركەوتنی فارسی مەجوسی كردووە بەسەر ڕووم‌ی مەسیحیدا ، لە هەمان كاتیشدا مزگێنی داوەتە موسوڵمانەكان بە سەركەوتنی ڕووم بەسەر فارسدا لە ماوەی (بضع سنين) كە بریتییە لە (سێ سالْ تاكو نۆ سالْ) جا

١- صفوة التفاسير ، سورة الروم ، الآيات (٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ، ٧) .

موسوڵمانەکان سەرکەوتنی فارسەکانیان زۆر لا گران و ناخۆش بووە ، بە پێچەوانەی کافرەکانەوە ، بەڵام زۆر بەوە دڵخۆشبوون کە لە ماوەیەکی کەمدا شەڕێکی دیکە بەرپا دەبێت و مەسیحییەکان سەرکەوتن بە دەستدەهێنن ، هەر چەند لە ئەقڵ بە دەر بوو ، چونکە هەموو شارەکانیان داگیر کرابوون و دیلێکی زۆریان دابووە دەستەوە . بۆیە مێژوونووسی ئینگلیز (ئێدوارد) سەری سووڕماوە ، چۆن ڕووم بە سەرکردایەتی (هەرقل) توانیویانە لەو ماوە کەمەدا ، کە حەوت ساڵە بەسەر فارسەکاندا سەر بکەون، هەروەها لەوەش سەری سووڕماوە چۆن ئەو (هەرقل)ە نەیتوانیوە بەرامبەر موسوڵمانەکان هیچ سەرکەوتنێك بە دەست بهێنێت ! .

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بۆ دوو خاڵ بکەین :

یەکەم : پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ، نە کەس پرسیاری لێکردبوو ، نە زۆریشی لێکرابوو باسی سەرکەوتنی ڕووم بەسەر فارسەکاندا بکات لەو ماوە کەمەدا ، ئەگەر ئەو ئایەتانە (وەحی) نەبوایەن چۆن جورئەتی دەکرد خۆی بخاتە ناو کێشەیەکی پڕ مەترسی لەو جۆرەوە ! چونکە ئەگەر جەنگ ڕووبنەدابوایە ئەوە موسوڵمانەکان بڕوایان بە ئایینەکەیان نەدەما و هەڵدەگەڕانەوە لە دین .

دووەم : خوای گەورە لە ئایەتەکانی ئەوەڵی سورەتی ڕووم‌دا ئاماژەی کردووە بۆ سەرکەوتنی ڕوومەکان بەسەر فارسەکاندا لە دوای چەند ساڵێك ، هەر لەو ڕۆژانەشدا مژگێنی داوەتە موسوڵمانەکان کە سەردەکەون بەسەر بێبڕواکانی مەککەدا لە غەزای (بەدر)دا (**و یومئذ یفرح المؤمنون بنصر الله**).

ئیعجازی دووەم:

((إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)) .

لە پێشدا با بڕوانینە خزمەتی تەفسیری (النسفي) کە دەفەرموێت **(إن الله عنده علم الساعة) اي وقت قيامها (و ينزل الغيث) في إبانه من غير تقديم و لا تاخير (و يعلم ما في الأرحام) اذكر ام انثى و تام ام ناقص (و ما تدري نفس) برة او فاجرة (ماذا تكسب غدا) من خير او شر و ربما كانت عازمة على خير فعملت شرا ، و عازمة على شر فعملت خيرا (و ما تدري نفس باي ارض تموت) اي اين تموت .**

ئێمەش دەڵێین : ئەم ئایەتە موعجیزەیەکی ئاشکرای دیکەی قورئانە ، چونکە چرو پڕی و داڕشتنی و ماناکانی لە ئەقڵ بەدەرن و لە توانای (جن و إنس)دا نییە ، چ جای کەسێکی نەخوێندەوار لە نێوان نەتەوەیەکی دواکەوتوو دا پێش هەزار و چوار سەد ساڵ زیاتر !

خوێنەری بەڕێز ، زانایانی ئەم چەرخە پێشکەوتووە ، ئەمڕو یاسایەك دادەنێن و سبەی دەیگۆڕن ، ئەمڕۆ شتێك دەنووسن و دوای ماوەیەك بە هەڵەی دەزانن بە پێچەوانەی قورئانەوە کە نەگۆڕە و وەکو شاخی پیرە مەگرون لە شوێنی خۆیدایە هەتا هەتایە ناتوانرێت تاکە ووشەیەکی تێدا بگۆڕدرێت !

ئێمە بەم جۆرە تەماشای ئەم ئایەتە دەکەین ، بەڵام مافی خۆمانە ڕاڤەی بکەین بە مەرجێك بگونجێت لەگەڵ ڕێزمان و زمانی عەرەبیدا بە زۆر و بە مەزەندە نەبرێت بەملا و بەو لادا کە ووشە و ڕستەکان (تەحەمولی نەکەن) .

(**إن الله عند علم الساعة**) واتە بە تاکید لای خوایە زانینی کاتی کۆتایی دونیا لێرەدا ووشەی (عندە) پێی دەووترێ (شبە جملة في محل رفع خبر مقدم) و (علم) (مبتدأ مؤخر) ، دوا کەوتنی موبتەداکە لێرەدا بۆ (حەصرە) چونکە (نکرە) نییە تا بۆ (تخصیص) بێ (و ینزل الغیث) واتە بە تاکید خوا باران دەبارێنێت ، ئەم ڕستەیە ئاساییە و نە (حەصر)ی تێدایە و نە (نەفی)ش ، واتە ئایەتەکە ئەوە ناگەیەنێت کە باران بارین بە تەنها لە توانای خودادایە ، بە واتەیەکی دیکە ، ئەگەر مرۆڤیش بە زانست توانی کەش و هەوا بگۆڕێت و باران ببارێت ئەوە بە هیچ شێوەیەك دژی ئایەتەکە نییە و ئاساییە (و یعلم ما في الأرحام) واتە خوا بە تاکید دەزانێت چی لەسکی دایکاندایە ، نێر یان مێ ، ئەمەش ڕستەیەکی ئاسایی دیکەیە و نە (حەصر)ی تێدایە و نە (نەفی)ش ، جا ئەگەر مرۆڤ بە (سۆنەر) یان بە (تەحلیل) نێر و مێی زانی ئەوە نابێتە دژی ئایەتەکە بەڵکو بە پێچە وانەوە دەبێتە موعجیزە (و ما تدري نفس ماذا تکسب غدا) واتە هیچ کەسێك دوا ڕۆژی خۆی نازانێت (و ما تدري نفس بأي أرض تموت) هیچ کەسێکیش نازانێت لە کوێ دەمرێت .

لە کۆتاییدا دەمانەوێت وەستانێك لەسەر کۆتایی سورەتی لوقماندا بکەین :

یەکەم : (**إن الله عنده علم الساعة**) لێرەدا لە جێگەی ئوسلوبی (نەفی) ئوسلوبی (حەصر)ی بەکار هێناوە ، چونکە زانستەکە لای خوایە ، بەڵام نیشانەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) زانیوێتی و بە موسوڵمانەکانی ڕاگەیاندووە (و ینزل الغیث) ڕستەیەکی ئاساییە (**ویعلم ما في الأرحام**) ئەم ڕستەیە بەم جۆرە بە بێ (نەفی) و (حەصر) دەبێتە موعجیزەیەکی حاشا هەڵنەگری قورئان ، چونکە ئەگەر بیگوتبایە (**و ما یعلم ما في الأرحام إلا الله**)

ئەو کاتە بە هیچ پینە و پەڕۆیەك چارەسەر نەدەکرا و موسوڵمانانی تووشی گومانێکی زۆر دەکرد .

ئەمجا ئەگەر بەراوردێك لە نێوان سەرەتای ئایەتەکانی سورەتی ڕووم و کۆتایی ئایەتی سورەتی (لقمان)دا بکەین کە پێکەوەن، تەوازن و تەرابوتێکی بێوێنە و سەر سووڕهێنەر دەبینین (الإعجاز العددی) وەکو تیشکی خۆر لە نێوانیاندا پرشنگ دەداتەوە . ئەوەتە لە ئەوڵی سورەتی ڕووم‌دا بە پێنج ئایەت باسی موعجیزەی ئەوەڵی ئیسلامی کردووە، هەروەها لە کۆتایی سورەتی (لقمان)نیشدا بە پێنج ڕستە باسی موعجیزەی کۆتایی دونیای کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا حەوت پیتەکانی (سبع سنین) ئاماژە دەکەن بۆ ساڵی حەوتەم کە شەڕەکە تێیدا بەرپابوو، بۆیە خوای گەورە نەیفەرموو (سبع سنوات) چونکە هەشت پیتەکەی (سبع سنوات) (الاعجاز العددی) ی دروست نەدەکردو ئاماژەی بۆ ساڵی حەوتەم نەدەکرد کە شەڕەکە تێیدا بەرپابوو .

لە لاپەڕە (٤٦)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ **دەڵێن** : مەریوان ویستویەتی فەلسەفە لێبدات ، بەڵام پێی هەڵخلیسکاوە .لە یەکەم دێڕی کتێبەکەدا قسە و باسم لەسەر فەلسەفە نەکردووە بە پێچەوانەی بۆچوونیانەوە با بڕوانینە فەلسەفە و بەڵاغەتی ئیسلام :

ئەوەی بەلای باوەڕدارەوە گرنگ بێت بۆچوونە بەهەشت کاری چاکەیە نەك خراپە دیارە هەموو باوەڕدارێکیش ، چ ئەوانەی باشەیان زۆرە و چ ئەوانەی خراپەیان هەیە بە نیازن بچنە بەهەشتەوە ، ئەمەش مافێکی هەرە سەرەتایی باوەڕدارانە بەم دینە ، بەڵام ئەم مافە ، ئەگەر چی لە خەیاڵدایە و لەسەر زەمینەی (واقع) نا سەلمێندرێت و هەر لە سەرەتاوە زەوت کراوە ، بەڵام با

بزانین ئیسلام چۆن وەلامی فەلسەفی هەموو ئەو کەسانە دەداتەوە کە ئارەزووی چوونە بەهشتیان هەیە :

(أَيَطْمَعُ كُلُّ امْرِئٍ مِنْهُمْ أَنْ يُدْخَلَ جَنَّةَ نَعِيمٍ (٣٨) كَلَّا إِنَّا خَلَقْنَاهُمْ مِمَّا يَعْلَمُونَ (٣٩)) .

(ئایا هەر یەکێك لەوانە بە تەمان بچنە بەهەشتەوە ؟ نەخێر ، ئێمە لە شتێك دروستمان کردوون کە خۆیان دەزانن چییە ؟ .

دیارە مرۆڤ لە دیدی ئایینی ئیسلامدا لە (تۆو) یان لە (خۆڵ) یان لە (ئاو) دروست کراوە ، نزیکترین شتیش کە ئایەتەکە مەبەستی بێت ، ئەوەیە کە مرۆڤ بە تۆوی پیاو دروست کرابێت .

موحەمەد دەڵێ : نابێ هەموو کەسێك بە تەمای ئەوە بێت بچێتە بەهەشتەوە ، چونکە لە شتێك دروستمان کردوون کە خۆیان دەزانن ئەو شتە چییە . جا ئایا لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەو تۆوە دروست کراوە نابێ بە تەمای ئەوە بێ بچێتە بەهەشتەوە ؟

بە ڕاستی ئەمە لۆژیکێکی سەیرە و ناتوانین پەیوەندی نێوان چۆنێتی دروست کردنی مرۆڤ بە چوونە بەهەشتەوە ببەستینەوە ! ئەمەیە پێ هەڵخلیسکان لە فەلسەفە) .

لە وەلامدا دەڵێین : وا بە باش دەزانین لە پێشدا بڕوێنە خزمەتی تەفسیری (ابن عباس) کە دەفەرموێت (فمال الذین کفروا) واتە بێبڕوایانی مەککە و غەیری ئەوان کە گاڵتە بە موسوڵمانان دەکەن (قبلك) واتە لەم لا و لەولات (مهطعین) تەماشات دەکەن و نزیکت ناکەوونەوە (عن الیمین و عن الشمال عزین) هەڵقە هەڵقە بلاوبوونەتەوە (**ایطمع کل امرئ منهم ان یدخل جنة نعمیم**)

ئەمە ڕەددە لەسەر ئەوانە نایانخاتە بەهەشتەوە (**إنا خلقناهم**) واتە بێبڕوایانی مەککە (مما يعلمون) واتە (النطفة) کە مەنییە [1]

ئێمەش دەڵێین : بە ڕاستی ئەمەیە نەزانی و سەر لێشێوان و پێ هەڵخلیسکان ، ئەم بەناو نوسەرە لە درۆ و چەواشەکاری زیاتر هیچی دیکەی پێنیە ، بە خەیاڵی دەبەنگی خۆی وادەزانێت ئەم خەڵکانە هەموو نوستوون و بە بوختانەکانی لە خەو هەڵدەستن و ئافەرین و شاباشی دەکەن و چەپڵەی سەرکەوتنی بەسەر خورافەتدا بۆ لێدەدەن ، نەخێر لە ڕاستیدا مەریوان خۆی نووستووە و ووڕێنە دەکات .

ئەوەتا لێرەشدا وەکو پیشەی هەمیشەیی بێ حەیا و شەرم دوو ئایەتی کردووە بە بەڵگە بۆ سەلماندنی مەبەستە گلاوەکەی و خەڵەتاندنی خوێنەران ، بەڵام ئەگەر ئایەتەکانی بە تەواوی بهێنایە ئەوا یەکسەر تەونەکەی بەر لە دوای بەر هەڵدەوەشایەوە و درۆکانی ئاشکرا دەبوون .

خوێنەری بەڕێز : ئەم ئایەتانە بە تایبەت دژ بە بێبڕوایانی مەککە دابەزیون ، هەر وەکو لە تەفسیرەکەی (ابن عباس)دا هاتووە ، ئەوانەی گاڵتەیان بە پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) کردووە نەك بۆ کەسانی تر، بۆیە خوایش هەڕەشەی تونـد و تیـژبیانی لێکـردووە و ئیهانـەیانی کـردووە کـە فەرموویەتی (**كلا إنا خلقناهم مما يعلمون**) واتە (مەنی) .

لە لاپەڕە (٤٧)دا مەریوان نووسیویەتی :

{لە ئایەتی (النحل ١٠٤)دا نوسراوە :

١- تفسير ابن عباس ، سورة المعارج ، الآيات (٣٦ ، ٣٧ ، ٣٨ ، ٣٩) .

(إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ لَا يَهْدِيهِمُ اللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ) .

ئەوانەی بڕوا بە بەڵگەکانی خوا ناکەن ئەوە خوا هیدایەتیان ناکات و سزای بەسوێیان هەیە .

بە ڕاستی جێی سەر سووڕمانە ئەوانەی بڕوایان بە ئایەتەکان نییە خودا هیدایەتیان نادات ! هەڵیگرتوون سزایەکی تووندیشیان دەدات ! ئایا ئەمە لۆژیکییە ، یاخود ئەوە لۆژیکییە کە خودا هیدایەتیان بدات و سزایان نەدات !! ئایا کامیان چاوڕێی هیدایەتی خودایە ، ئەوانەی بڕوایان پێهێناوە ، یاخود ئەوانەی بڕوایان پێنەهێناوە ؟؟ ڕاستر وابوو بنوسرایە :

إن الذين لا يؤمنون بآيات الله يهديهم الله .

ئەوانەی بڕوایان بە بەڵگەکان نییە خودا هیدایەتیان بدات ، یان دەدات } .

ئێمەش دەڵێین : وا بە باش دەزانین لەپێشدا بڕۆینە خزمەتی تەفسیری (السمرقندی) کە دەڵێت :

(**إن الذين لا يؤمنون بآيات الله**) واتە قورئان (**لا يهديهم الله**) واتە خوا ڕێگایان پێشان نادات و ڕێزیان لێناگرێت ، لەبەر ئەوە خۆیان ئارەزوویان نییە [1]

هەروەها با تەماشای (معانی النحو) بکەین – چونکە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە – کە دەڵێت :

و الفرق بين الجملة الاسمية و الفعلية ، هو أن الفعلية تدل على الحدوث و التجدد ، الاسمية تدل على الثبوت . و إيضاح ذلك ، إن الفعل يدل على حدث مقرون بزمن ، فإذا كان الفعل ماضيا ، فقد انقضى ، نقول (حمدت الله) أي في

١- تفسير السمرقندي ،سورة النجل ، الاية (١٠٤) .

الماضي فإذا كان الفعل مضارعا فهو يدل على الحال أو الاستقبال ، نقول (احمد الله) أي في الحال أو الاستقبال ، و أما الاسم فهو غير متخصص بزمن، و إنما هو عام ثابت نقول (الحمد لله) على قصد ثبوت الحمد له ، و دوامه غير متخصص بزمن معين [1] .

بە گوێرەی ئەم یاساو ڕێزمانەی سەرەوە ، ئیعراب و ڕاڤەی ئایەتەکە دەکەین : (إن) پیتی تەئکیدە (الذين) (اسم موصول في محل نصب اسم إن) (لا يؤمنون) (جمله فعليه لا محل لها من الاعراب صلة الموصول) (لا يهديهم الله) (جملة فعلية في محل رفع خبر إن). لێرەدا ڕستەی (مبتدا) و (خبر) ئاماژە بۆ بەردەوامی دەکەن . بە واتەیەکی دیکە ئەوانەی بە بەردەوامی بەڵگەکانی خودا دەبینن کە قورئان و ئەم کەونەیە لە (لە زەرەوە تا مەجەرە) ئەمجاش بڕوای پێناکەن و گومرا و یاخی دەبن و لەسەر بێبڕوایی بەردەوام دەبن ، ئەوانە شاییستەی هیدایەت و بەزەیی خودا نین و لێیان خۆش نابێ ، چونکە ئەگەر هیدایەتی هەموو کەسێکی لەم دونیایەدا بدایە ئەو کاتە بوونی دونیا بێ مانا و (عبث) دەبوو ، نەدەبووە (مزرعة الآخرة) کە مەبەستی ئایەتەکەیە .

١- معاني النحو ، د.فاضل السامرائي ، المجلد الاول ، ص (١٦٩) .

لەلاپەرە (٤٧) دا مەریوان دەڵێت :

{یاخود با بڕوانینە ئەم دوو ئایەتە کە لەپاڵ یەکدا نووسراون ، لە ئایەتی (٧٨) ژناندا دەڵێت (وإن تصبهم حسنة يقولوا هذه من عند الله وإن تصبهم سيئة يقولوا هذه من عندك قل كل من عند لله).

ئەگەر چاك و باش بێتە ڕێگەیان دەڵێن ئەوە لە خواوەیە ، ئەگەر کاری خراپیش بێتە ڕێگەیان (ئەی موحەممەد) دەڵێن ئەوە لە تۆوەیە ، پێیان بڵێ هەر هەمووی لەلایەن خواوەیە .

ئێستا زانیمان هەموو پێشهاتێك ، بەچاکو خراپەوە ، لەلایەن خواوەیە ، کەچی هەر لە دوای ئەو ئایەتەوە واتە ئایەتی(٧٩) ی هەمان سورەت دەڵێت (ما اصابك من حسنة فمن الله وما اصابك من سيئة فمن نفسك) .

هەرچی لەکار باش و چاك بۆ تۆ پێش دێت ئەوە لە خواوەیە ، دوچاری هەر ناخۆشیەکیش بیت ئەوە لە خۆتەوەیە.

لە ئایەتی یەکەمدا دەڵێت هەموو پێشهاتێك بەچاکو خراپەوە لە لایەن خوداوەیە کەچی لە ئایەتی دووهەمدا تەنها چاکەکان لە خواوەیە !؟ }.

ئێمەش دەڵێین : دەربارەی ئایەتی (٧٨) وا بەباش دەزانین بڕۆینە خزمەتی تەفسیری (النسفی) کە دەفەرموێت :

(وإن تصبهم حسنة) نعمة من خصب ورخاء (يقولوا هذه من عند الله) نسبوها الى الله (وإن تصبهم سيئة) بلية من قحط وشدة (يقولوا هذه من عندك) اضافوها اليك وقالوا هذه من عندك وماكانت الا بشؤمك ، وذلك ان المنافقين واليهود كانوا اذا اصابهم خير حمدوا الله تعالى واذا اصابهم مكروه نسبوه الى

محمد صلى الله عليه وسلم ، فكذبهم الله تعالى بقوله (قل كل من عند الله)والمضاف اليه محذوف اي كل ذلك ، فهو يبسط الارزاق و يقبضها [1] .

دەڵێین : ئەم ئایەتە دەربارەی دوو رووەکان و جولەکەکان دابەزیوە ، چونکە ئەگەر باران ببارێبایە و هەرزانی ببوایە دەیانگوت لەخواوەیە ، بەڵام ئەگەر باران نەبارێبایەو گرانی رووی بدایە ، دەیانگوت ئەمە لەبەر نگبەتی موحەممەدە ، ئەمجا خوا وەڵامیانی داوەتەوە و فەرموویەتی : هەموو شتێك لای خواوەیە ، کەواتە ئەم ئایەتە باسی حاڵەتێکی تایبەت دەکات بۆ هەموو کەس و کاتێك نییە .

بۆ ئایەتی(٧٩) ، وابەباش دەزانین بڕۆینە خزمەتی تەفسیری (البيضاوي) کە دەفەرموێت :

(ما اصابك) يا انسان (من حسنة) من نعمة (فمن الله) اي تفضلا منه ، فان كل ما يفعله الانسان من الطاعة لا يكافئ نعمة الوجود ، فكيف يقتضي غيره ،ولذلك قال عليه السلام: ما يدخل الجنة احد الا برحمة الله تعالى ، قيل ولا انت ، قال : ولا انا (وما اصابك من سيئة) من بلية (فمن نفسك) لانها السبب فيها لاستجلابها بالمعاصي [1] .

ئێمە دەڵێین : ئەگەر خێر و چاکەت لە دونیادا دەسکەوت ئەوە لە خواوەیە، چونکە ئەو ئەقل و هۆش و توانای پێت بەخشیوەو و تۆیش بەکارت هیناون و ئەو دەستکەوتەت بەدەستهێناوە ، بەڵام ئەگەر خراپەت تووش بوو سەر

١- تفسير النسفي ، سورة النساء ، الآية (٧٨) .

١- تفسير البيضاوى ، سورة النساء ، الآية (٧٩) .

نەکەوتیت ئەوە تاوانی خۆتە ، لەبەر ئەوە ئەقڵ و توانات بەباشی ولە جیگەی خۆیدا نەخستووەتە گەڕ و ڕێگە ڕاست و دروستەکەت نەگرتووەتە بەر ، بۆیە سەر نەکەوتووی . بۆ ئەوەی واتەی ئایەتەکە باشتر روون ببێتەوە نموونەیەك دەهێنینەوە :

نەخۆشێك دەڕواتە لای پزیشکێك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی ، ئەویش دەرمانی باشی پێدەدات و نەخۆشەکەش ئەو دەرمانە بەباشی بەکار دەهێنێت و چاك دەبێتەوە .لێرەدا چاکبوونەوەی ئەو نەخۆشە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پزیشکەکە و بە پلەی دووەم بۆ نەخۆشەکەش چونکە دەرمانەکەی بە چاکی و بە تەواوی بەکار هێناوە ، بەڵام ئەگەر ئەو نەخۆشە دەرمانەکەی بە خراپی بەکارهێنابێت و نەخۆشییەکەی خراپتر بوبێت ئەوە خەتای نەخۆشەکە خۆیەتی بەتەنها و تاوانی پزیشکەکەی تێدا نییە، چونکە ئەرکی خۆی بەباشی بەجێهێناوە ، بۆیە ڕاست نییە هیچ گوناهێك بخرێتە سەری .

لەلاپەڕە (٤٧) دا مەریوان نووسیویەتی :

((**وَنَحْشُرُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى وُجُوهِهِمْ عُمْيًا وَبُكْمًا وَصُمًّا مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَاهُمْ سَعِيرًا**)) هذا يومٌ لا ينطقون .

لەڕۆژی قیامەتدا لەسەر ڕوو کۆیان دەکەینەوە کەڕ و کوێر و لاڵ شوێنگەیان هەر دۆزەخەو هەرکات بڵێسەی نەما زیادی دەکەینەوە ، ئەو ڕۆژە بەهیچ شێوەیەك قسە ناکەن .

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت : لەڕۆژی قیامەتدا کەڕ و کوێر و لاڵ ئینسانەکان هیچ قسەیەك ناکەن بەڵام دواتر لە بیری دەچێتەوە کە قسەیەکی وایکردووە

دەڵێت (**وَيَوْمَ يَحْشُرُهُم جَمِيعًا يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُمْ مِنَ الْإِنسِ وَقَالَ أَوْلِيَاؤُهُمْ مِنَ الْإِنسِ رَبَّنَا اسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَا أَجَلَنَا الَّذِي أَجَّلْتَ لَنَا قَالَ النَّارُ مَثْوَاكُمْ خَالِدِينَ فِيهَا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ**) .

رۆژێك دێت و خوا حەشری هەموویان دەکات و پێیان دەڵێت : ئەی جنۆکەکان ئێوە زۆرتان لە مرۆڤ گومڕا کرد، لەو لایشەوە شوێنکەوتوانیان لەمرۆڤەکان دەڵێن پەروەردگار هەندێکمان سودو خۆشیمان وەرگرت و گەیشتوینەتە ئەو ساتە کە خۆت بۆت دیاری کردوین ،خوایش پێی وتن جێگەتان ئاگری دۆزەخە هەتا ماون تێیدا دەبن مەگەر خوا ئارەزووی شتیکی دیکە بکات ، پەروەردگار دانا و زانایە) .

ئەوەتا لە رۆژی قیامەتدا قسە دەکەن جا کامەیان ڕاستە؟؟} .

لەوەڵامدا دەڵێین : وا باشە لە پێشدا بڕۆینە خزمەتی تەفسیری (الماوردی)کە دەفەرموێت (**وَنَحْشُرُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى وُجُوهِهِمْ عُمْيًا وَبُكْمًا وَصُمًّا مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَاهُمْ سَعِيرًا**) .

فيه وجهان :

احدهما: ان ذلك عبارة عن الاسراع بهم الى جهنم ، من قول العرب ، قدم القوم على وجوههم :اذا اسرعوا .

الثاني: انهم يسحبون يوم القيامة على وجوههم الى جهنم كمن يفعل فى الدنيا بمن يبالغ في هوانه وتعذيبه .(**عميا وبكما وصما**) فيه وجهان : احدهما انهم حشروا في النار عمي الابصار بكم الالسن صم الاسماع ليكون ذلك زيادة في عذابهم ثم ابصروا .وقال مقاتل بن سليمان : بل اذا قال لهم (**اخسأوا ولا تكلمون**) صاروا عميا لا يبصرون صما لا يسمعون بكما لا يفقهون .

ثانیهما ان حواسهم علی ما کانت علیه ، ومعناه عمي عما یسرهم، بکم عن التکلم بما ینفعهم ، صم عما ینفعهم قاله ابن عباس والحسن .

ئێمەش دەڵێین :تاوان باران لە رۆژی قیامەتدا بە چەند پلەو شوێنێکدا تێدەپەڕن ، یەکێك لەو شوێنانە ڕایان دەکێشن بەسەر دەموچاویاندا ، بێگومان لەو کات و شوێنەدا مەزەندەی بینین و بیستن و ووتن ناکرێت ، چونکە لەو کاتەدا تاوانباران هەستیان لەدەستدەدەن و ئاگایان لە هیچ شتێك نابێت ، لە سزاکە زیاتر ، بەڵام لەهەندێك کات و شوێنانی تردا بەتەواوی هەستیان لای خۆیانە و لە خودا دەپارێنەوە و پەشیمانی خۆیان ڕا دەگەیێنن هەر وەك و لەم دونیایەدا تۆمەتباران لەبەردەم دادوەردا داکۆکی و سکالای خۆیان دەکەن ، ئەمجا لە دوای بڕیاری دادگا ئیتر هیچ ناڵێن ، ئەگەر هەر شتێکیش بڵێن بێسودە و وەك نەوتن وایە .

لە لاپەڕە (٤٩) دا مەریوان دەڵێت :

{لەچەند ئایەتێکدا نووسراوە لە رۆژی قیامەتدا پرسیار لە هەموو کەس دەکرێت بەتایبەت تاوانباران :

(ولتسألنّ عما کنتم تعملون ، فوربك لنسألنهم عما کانوا یعملون) .

دەربارەی ئەوانەی کردوتانە، پرسیارتان لێدەکرێت سوێند بە پەروەردگارت دەربارەی ئەوانەی کردویانە پرسیار لە هەموویان دەکەین .

کەچی لەچەند ئایەتی دیکەدا دەڵێت پرسیار ناکەین :

(**فیومئذ لا یسأل عن ذنبه**).

ئا لەو رۆژەدا پرسیار دەربارەی تاوانەکانی ناکرێت

(**ولا یُسئل عن ذنوبهم**).

پرسیار لە تاوانەکانیان ناکرێت}

ئێمەش دەڵێین :با لە پێشدا بڕۆینە خزمەتی (صفوة التفاسیر): کەدەڵێت (**فَيَوْمَئِذٍ لَا يُسْأَلُ عَنْ ذَنْبِهِ إِنْسٌ وَلَا جَانٌّ**) أي في ذلك اليوم الرهيب يوم تنشق السماء ، لايُسأل احد من المذنبين من الانس والجن عن ذنبه ، لأن للمذنب علامات تدل على ذنبه ، كاسوداد الوجوه وزرقة العيون ، قال فخر الرازي : لايُسأل احد عن ذنبه ، فلا يقال له انت المذنب او غير ذلك ، ولا يقال من المذنب منكم بل يعرفون بسواد وجوههم وغيره [1] .

لە کۆتاییدا دەڵێین: لە ڕۆژی قیامەتدا، دادپەروەری خودای گەورە وا پێویست دەکات ، لە پێشدا پرسیار و وەلام ئەنجام بدرێت ، بەڵام لە دوای وەرگرتنی نامەی کردەوە یان ،بەدەست ڕاست ، یان بەدەستی چەپ ، ئیتر پێویست بەپرسیار کردن ناکات .نامەکە بەڵگەی باشی و خەراپییە ، جگە لەوەش ڕەنگ و ڕوخساری تاوانباران بەڵگەیەکی ئاشکرای دیکەیە (فيومئذ لا يسأل عن ذنبه انس ولا جان + فبأيّ الآء ربكما تكذبان + يُعرف المجرمون بسيماهم فيؤخذ بالنواصي والاقدام) [2] .

لە لاپەڕە (٤٩) دا مەڕیوان نووسیویەتی:

{لە چیرۆکەکەی یونسیشدا ئیسلام دوچاری هەمان پرسیار دەبێتەوە

١- صفوة التفاسير ، سورة الرحمن ، الاية (٣٩) .

٢- صفوة التفاسير ، سورة الرحمن ، الاية (٤١) .

((فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ (١٤٢) فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ (١٤٣) لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (١٤٤) فَنَبَذْنَاهُ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ سَقِيمٌ (١٤٥))) .

ئەوجا نەهەنگێك (یونسی هەڵلوشی و خودی خۆی شایەنی سەر زەنشت بوو .سا ئەگەر (یونس) یادی خوای نەکردایە ئەوە تا رۆژی قیامەت لە وورگی نەهەنگەکەدا دەمایەوە ، ئینجا لە دەشت و دەرێکدا لاوازو بێهێز فرێماندا .

((فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُنْ كَصَاحِبِ الْحُوتِ إِذْ نَادَى وَهُوَ مَكْظُومٌ (٤٨) لَوْلَا أَنْ تَدَارَكَهُ نِعْمَةٌ مِنْ رَبِّهِ لَنُبِذَ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ مَذْمُومٌ (١٤٩))) .

(ئەی پەیامبەر ئارام بگرە تا پەروەردگارت داد بکات ، وەك یارۆی ناو نەهەنگەکە (یونس) نەبیت هەر پیشی دەخواردەوە و دەپارایەوە . گەر دلۆڤانی و بەخشندەیی پەروەردگار نەبوایە بەسەرزەنشتکراوی فریمان ئەدایە دەشت و دەر .

لەئایەتی یەکەمدا یونس (نبذناه) فرێدراوە ، کەچی لە ئایەتی دووهەمدا (لنبذ) فرێنەدراوە ؟!).

ئێمەش دەڵێین : بەڕاستی تا مەریوان رەخنەی زیاتر بگرێت ، باشتر نەزانی و نەفامی خۆی دەردەخات و مەبەستە نهێنییەکانی ئاشکرا دەبێت . لێرەدا گوایە هەڵەی لە ئایەتەکاندا دۆزیوەتەوە . ئێمە پێش ئەوە بێینە سەر ئایەتەکان باسی هەڵەکانی خودی مەریوان دەکەین کە لە ڕاڤەی ئایەتەکاندا کردوویەتی : یەکەم : مەریوان دەڵێت (لە ئایەتی یەکەمدا یونس (فنبذنا) فرێدراوە ، نەخێر ماناى فرێماندراوە نەك (فرێدراوە) چونکە ڕستەی (فنبذناه) پێی دەوترێ (مبنی للمعلوم) واتە فاعیلەکەی زانراوە کە خوای گەورەیە ، بەڵام ڕستەی فرێدراوە (مبنی للمجهول) ە واتە فاعیلەکەی نەزانراوە ، ئەمەش ڕاست نییە .

دووەم : لەوە عەیب و شورەیی تر ئەوەیە کەدەربارەی ئایەتی دووەم دەڵێت : (کەچی لەئایەتی دووەمدا (لنبذ) فرێنەدراوە) .

دیارە لەبەر ئەوەی زۆر لە زمانی عەرەبیدا کۆڵە بۆیە لامی ووشەی (لنبذ) بەلامی (نافیە) تێگەیشتووە ، بۆیە بەدژی ماناکەی خۆی ڕاڤەی کردووە ، بەڵام ئەو لامە لە وەڵامی (لولا) دا هاتووە و بۆ تاکیدە و ماناکەشی فڕێدەدرا نەك فرێنەدراوە ! . ئەمجا دێینە سەر مانای ئایەتەکان کەمەریوان بەهەڵەی زانیون و خۆی کەوتووەتە هەڵەوە :

لە ئایەتی یەکەمدا خوای گەورە باسی نازو نیعمەتی خۆی کردووە بەسەر یونسدا ، فەرموویەتی : ئەگەر زیکری (سبحان الله)ی نەکردایە ، ئەوە لە سکی نەهەنگەکەدا دەمایەوە تا ڕۆژی قیامەت ، بەڵام لەبەر ئەو زیکرە بەنەخۆشی فرێماندایە دەشتێکەوە،ئەمجا لە ئایەتی سورەتی (القلم)دا دەفەرموێت : ئەگەر نیعمەت و بەزەیی خوا فریای نەکەوتبایە لە دەشتێکدا بە سەرزەنشت کراوی فرێماندەدا، کەواتە هیچ دژایەتی لە نێوان ئەم دوو ئایەتەدا نابینرێت ، چونکە دەڵێت : یونسمان بەنەخۆشی فرێدا و بەسەر زەنشت کراوی فرێمان نەدا .

بۆ ئەوەی واتەی ئایەتەکان باشتر ڕوون ببێتەوە ، نموونەیەك دێنێنەوە : مامۆستایەك بە قوتابییەکی دەڵێت : تۆم ناجیح کرد لەبەر زیرەکی خۆت ، تۆم ناجیح نەکرد لەبەر خزمایەتی . لێرەدا ناوترێ دژایەتی لەم دوو ڕستانەدا هەیە ، چونکە لە لایەکەوە دەڵێت : (تۆم ناجیح کرد و لەلایەکی دیکەوە دەڵێت :تۆم ناجیح نەکرد).وابزانم ئەو شاعیرە عەرەبە مەبەستی مەریوان بووە کەووتویەتی

وكم من عائب قولا صحيحا + وآفته من الفهم السقيم

واتە هەندێك رەخنە دەگرن لەووتەو بۆچونی ڕاست بەلاّم تاوانی خۆیانە تێناگەن و كەودەنن .

لەلاپەرە (٥٠) دا مەریوان نووسیویەتی:

{لە ڕاستیدا ئەم هەڵە سەرپێیانە لە قورئاندا هەن ، كاری ئەم كتێبە نییە تا یەك بەیەكیان بەسەر بكەینەوە ، بەلاّم بۆ وەلاّم دانەوەی ڕاست و دروستمان ناچارین چەند نمونەیەكی دیكە بهێنینەوە . ئەوەتا لەمەسەلەی دروست كرنی زەوی و ئاسماندا هەمان كێشە دروست دەبێتەوە: (**إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ**) .

خوای پەروەردگارتان لەماوەی شەش ڕۆژدا زەوی و ئاسمانەكانی دروست كردووە ، ئێستا زانیمان لەماوەی شەش ڕۆژدا زەوی و ئاسمانەكان دروست كراون ، بابزانین لە ئایەتەكانی دیكە چی نووسراوە :

((**قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ (٩) وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ (١٠) ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ (١١)))** .

لە ئایەتەكەی یەكەمدا دەڵێت بەشەش ڕۆژ زەوی و ئاسمانەكانمان دروست كرد ، كەچی لە ئایەتەكانی تردا دەڵێت بە دوو ڕۆژ زەوی دروست كرد ، چوار ڕۆژیش خەریكی داكوتینی كێو و دابەشكردنی ڕزق و ڕوزێیەكان .ئەمە شەش بەدوو ڕۆژیش ئاسمانەكانی دروست كرد ئەمە هەشت ڕۆژ .

سەرباری ئەوەی ناچێتە ئەقڵەوە کە حەوت چین ، حەوت تەبەق ئاسمان بە دوو رۆژ دروست بکرێ و زەویش بەشەش رۆژ ، کەقەبارەیان لە گەورەیی و بچوکیدا تەواو جیاوازە ، بەڵام بەئاشکرا دوو قسەی جیاواز دەبینین ،لەلایەکەوە شەش رۆژە لەلایەکی دیکەوە هەشت رۆژە ، ئەگەر ئایەتی (٩ ، ١٠) یەك ئایەت بوونایە ئەو کاتە لێکدانەوەیەکی دیکەمان بۆی دەبوو } .

لەوەڵامدا دەڵێین : با لە پێشدا بڕۆینە خزمەتی (تفسیر الجلالین) کەدەفەموێت :

(**قل أتكفرون بالذي خلق الارض في يومين**) الاحد والاثنين (**وتجعلون له اندادا**) شركاء (ذلك رب) مالك (العالمين) جمع عالم وهو ما سوى الله ، وجمع لاختلاف انواعه بالياء والنون تغليباً للعقلاء (**وجعل فيها رواسي**) جبالاً ثوابت (من فوقها وبارك فيها) لكثرة المياه والزروع والضروع (وقدر) قسّم (فيها اقواتها) للناس والبهائم (في) تمام (اربعة ايام) أي الجعل وما ذكر معه في يوم الثلاثاء والاربعاء (سواء) أي استوت الاربعة استواءاً لا تزيد ولا تنقص (للسائلين) عن خلق الارض وما فيها (ثم استوى) قصد (الى السماء وهي دخان) بخار مرتفع (فقال لها وللارض ائتيا) الى مراد منكما (طوعا او كرها) في موضع الحال أي طائعتين أو مكرهتين (قالتا اتينا طائعين) فيه تغليب المذكر العاقل [١]

١- تفسير الجلالين ، سورة فصلت ، الآيات (٩ ، ١٠ ، ١١) .

ئێمەش بەچەند خاڵێك بۆچونەکەمان دەنووسین :

یەکەم : ئەم ئایەتانە وەکو زۆربەی ئایەتەکانی قورئان هانی خوێنەر دەدەن ، بۆ بیرکردنەوە و تێفکرین و ئەقڵ بەکارهێنان بۆ گەیشتن بەمانا ڕاست و تەواوەکانیان .

دووەم : ئەم ئایەتانە لەمەککەدا دابەزیون و هیچ کەسێك لە بێبڕوایان ڕخنەیان لێنەگرتوون ،خۆ ئەگەر هەڵەو ناتەواوییەکیان تێدا ببوایە ، یەکسەر دەیان قۆزییەوەو بڵاویان دەکردەوە .

سێیەم :بابەتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشەرە ، کە ئایەتی نۆیەمی سورەتی (فصلت) یەکسەر پێش باسکرنی زەوی بەهەڕەشە دەستی پێکردووە (**قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ**) ، بەپێچەوانەی ئەو دوای ئایەتەکانی دیکەوە کە باسی دروستکردنی ئاسمان و زەوییان کردووە لە سورەتەکانی تردا ، بێگومان خوای گەورە زانیوێتی کەخەڵکانێك دەبن و بەچاوی گومانەوە تەماشای ئەم ئایەتانە دەکەن ، بۆیە بەو شێوەیە دەستی پێکردووە .

چوارەم : ئەگەر ئایەتەکە هەر ئەوەندە بوایە (وقدر فيها اقواتها في اربعة ايام) ئەو کاتە ڕەخنەکەی مەریوان جێگەی مەزەندە دەبوو ، بەڵام ووشەی (سواءً) هەر وەکو لە (مختار الصحاح) دا هاتووە : (أي عدل ، وسط بين الفريقين)واتە ئەو چوار ڕۆژە وەکو یەك دابەشی کردووە بەسەر دروستکردنی زەوی و دروستکردنی شاخەکان و دابینکردنی بژێوی ، بەواتەیەکی دیکە ، دوو ڕۆژ بۆ دروستکرنی زەوی و دوو ڕۆژیش بۆ دروستکردنی شاخەکان و دابینکردنی بژێو کە بەهەمووی چوار ڕۆژ دەکەن .

پێنجەم : (**فقضاهن سبع سماوات في يومين**) واتە بە دوو رۆژێش ئاسمانەکانی دروست کردووە ، کەهەمووی (شەش) رۆژ دەکەن .

شەشەم : (**للسائلين**) واتە بۆ ئەو کەسانەی پرسیار لە دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکان دەکەن ، وەکو ئەم پرۆژانە کەخەڵکانێك پرسیارو رەخنەی بێ ماناو نادروست دەگرن ، خوایش پێش رەخنەکەیان وەلامیانی داوەتەوە .

لەلاپەرە (٥١)دا مەریوان دەڵێت :

{لە دوو ئایەتی دیکەدا هەڵەیەکی ئاشکرا دەبینین :

(**والوالدات يرضعن أولادهن حولين كاملين**)

واتە دایکان دوو ساڵی تەواو شیر دەرایی منداڵەکانیان دەکەن .

کەچی لەئایەتێکی دیکەدا دەڵێ (**حمله وفصاله ثلاثون شهرا**).

واتا سك پڕبوون و لە شیر بڕینەوەی منداڵ سی (٣٠) مانگی تەواو دەبێت .

وەك لەهەردوو ئایەتەکەدا هاتووە بە ڕوونی دیارە ،کە لە ئایەتی یەکەمدا دەڵێت:

شیردانی تەواو دوو ساڵە ، واتە بیست و چوار مانگ ، بەڵام لە ئایەتی دووهەمدا ماوەکەی دەبێتە بیست و یەك مانگ ، لەبەر ئەوەی دوو گیانی (حمل) نۆ مانگە ، گەر ئەو نۆ مانگە لە سی مانگەکە دەربکەین دەمێنێتەوە بیست و یەك مانگ} .

ئیمەش لەوەلامدا دەڵێین : با سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ ئایەتی یەکەم و بچینە خزمەتی تەفسیری (ابن عباس) کەدەڵێت:

(والوالدات) المطلقات ، (**يرضعن أولادهنّ حولين كاملين**) ، أي

سنتین کاملتین (**لمن اراد ان یتمّ الرضاعة**) رضاع الولد [1] .

هەروەها بۆ ئایەتی دووەم بڕۆینە خزمەتی تەفسیری (الخازن) کە دەفەرموێت (**وحمله وفصاله ثلاثون شهراً**)یعنی ومدة حمله الی أن ینفصل من الرضاع وهو الفطام ثلاثون شهراً ، فأقل الحمل ستة اشهرٍ ، واکثر مدة الرضاع اربعة وعشرون شهراً ، قال ابن عباس إذا حملت المراة تسعة اشهرٍ ارضعت واحداً وعشرین شهراً وإذا حملت ستة اشهر ارضعت اربعةً وعشرین شهرا [2] .

ئێمەش دەڵێین :مەبەستی جارێکی دیکە ئایەتێکی هێناوە و چەمکەکەی پچڕاندووە کە تەواو کەری واتەی ئایەتەکەیە ، بۆ ئەوەی خوێنەر چەواشە بکا ت و مەبەستە ناڕاستەکەی بسەلمێنێت کە دەڵێت (لە دوو ئایەتی دیکەدا هەڵەیەکی ئاشکرا دەبینین).ئایەتەکە بەتەواوی (**وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ**) واتە با دایکان بیست و چوار مانگ شیر بدەن بە کۆرپەکانیان ، ئەگەر دەیانەوێ شیری تەواویان بدەنێ . وەبە (مەفهوومی موخالەفە) مانای ئایەتەکە دەگۆڕێت بە (والوالدات لا یرضعن اولادهن حولین کاملین لمن لا یرید ان یتم الرضاعة) ، ئەم واتایە ئەوە دەگەیەنێت ، کە شیر خواردنی نا تەواویش هەیە ، هەر وەکو ئایەتەکەی دووەم ئاماژەی بۆ ئەکات (**وحمله وفصاله ثلاثون شهراً**) واتە سك پڕبوون و لە شیر بڕاندنەوە (٣٠) سی مانگە .

١- تفسیر ابن عباس ، سورة البقرة ، الایة (٢٣٣) .

٢- تفسیر الخازن ،سورة الاحقاف : الایة (١٥) .

ئەمجا ئەگەر نۆ مانگی سك پڕبوون لە سی مانگەکە دەربکەین ، بیست و یەك مانگ دەمێنێتەوە کە ماوەی شیر خواردنی ناتەواوە .

لە دوای ئەم شیکردنەوە ، بەباشی ئاشکرا بوو کە مەریوان خۆی هەڵەی کردووە و چەمکی ئایەتەکەی نەهێناوە و کەوتووەتە ناو چڵپاوی نەزانی و سەرلێشێواوییەوە .

لە کۆتاییدا بۆ روونکردنەوەی زیاتری بۆچونەکەمان چەند خاڵێك دەنووسین :

یەکەم : لەئایەتی یەکەمدا ، ماوەی شیر خواردنی تەواوی دیاری کردووە بە بیست و چوار مانگ، مانای وایە ئەگەر منداڵ لەو ماوەیە زیاتر شیری خوارد سوودی نابێت .

دووەم : بە ڕای ئێمە ئایەتی (**وحمله وفصاله ثلاثون شهرا**) دابەزیوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کە ڕووەدات لە نێوان ژنی تەلاقدراو و مێردەکەیدا دەربارەی شیردانی منداڵ .

چونکە لەحاڵەتی خێزانداری ئاساییدا هیچ کێشەیەك دەربارەی شیردانی منداڵی شیرەخۆر مەزەندە ناکرێت ، بەڵام لەحاڵەتی تەلاقدا لەوانەیە ژنەکە لەبەر (نفقة) و سۆزی دایکایەتیی بییەوێ شیری تەواو بداتە منداڵەکەی ، یان لەبەر شوو کردنی ماوەی شیردانەکەی کەم بکاتەوە ، هەروەها لەوانەیە پیاوەکەیش لەبەر (نفقە) نەیەوێ شیری تەواو بدرێتە منداڵەکەی ، ئەوجا ئایەتەکە دابەزیوەو ماوەی شیردانی دیاری کردووە .

سێیەم : ئەگەر شیرخوادنی منداڵ لەماوەی بیست و چوار مانگی تەمەنیدا نەبوو ، ئەوە نابێتە هۆی حەرامبوون (**يحرم من الرضاعة ما يحرم من النسب**).

چوارەم : لە ئایەتی دووهەمدا ماوەی کەمترین شیرخواردنی منداڵی دیاری کراوە ، کە بیست و یەك مانگە ، بەمە دەردەکەوێت ئەگەر شیرخواردن لەو ماوەیە کەمتربوو ، ئەوە بۆ منداڵی شیرخۆر زیانی دەبێت .

لەلاپەڕە (٥٢) دا مەریوان نووسیویەتی :

{لەقورئاندا دەیان ئایەت پێکەوە گرێدراون و ماناکانیان تەواو لێکجیاوازەو پەیوەندیان بەیەکەوە نییە ، بەڵکو دژەواتەی یەکتریشن ، ئایەتی (٣) ی ژنان لەم شێوەیەیە کە لە بەشی فرە ژنیدا باسمان کردووە، هەروەها لە ئایەتی ، المائدە (١١٧) نووسراوە کە عیسا مردووە بەڵام لەئایەتی (النساء ١٠٧)دا نووسراوە نەمردووە }.

ئێمەش دەڵێین : با لەپێشدا بڕوانە خزمەتی تەفسیری (البیضاوی) کە دەفەرموێت :

(فلما توفیتني) بالرفع الی السماء بقوله:(**انـي متوفیك ورافعك الـي**) والتوفي : اخذ الشیء وافیا والموت نوع منه [١] .

هەروەها بۆ هەمان مەبەست با بڕوانە خزمەتی تەفسیری (الخازن) کە دەفەرموێت :

قوله تعالی (**الله یتوفی الأنفس**) أي الأرواح (حین موتها) فیقبضها عند نفاد أکلها و إنقضاء أجلها وهو موت الأجساد (**و التي لم تمت في منامها**) و النفس التي یتوفاها عند النوم و هي التي یکون بها العقل و التمییز ، و لکل

١- تفسیر البیضاوي ، سورة البقرة ، الآیة (٢٣٣) .

إنسان نفسان ، نفس هي التي تكون بها الحياة و تفارقها عند الموت ، و تزول بزوالها الحياة ، و النفس الأخرى هي التي يكون بها التمييز و هي التي تفارقه عند النوم و لا يزول بزوالها النفس [1]

ئێمەش دەڵێین : ووشەی (توفی) مانای (**وەریگرت بە تەواوی**) بۆیە ئەگەر گوترا (و فیته دینه) ڕاست نیە پرسیار بکرێت و بووترێت (هل وفیته کاملا) بەڵام ئەگەر گوترا (اعطیته دینه) ڕاستە پرسیار بکرێت و بووترێت (هل اعطیته کاملا) . هەروەها لە ئایەتی (المائده ١١٧)دا دەفەرموێت (فلما توفیتنی کنت انت الرقیب علیهم) مانای ئەوەیە کاتێك بە تەواوی بردمت، واتە بە (گیان) و(لاشه) ، جا بۆیە **دەڵێین**: ئەم

ئایەتە باسی مردن ناکات چونکە :

یەکەم / مردن ، بردنی (گیان)ە بە تەنهاو (لاشه) بە جێ دەمێنێت .

دووەم ووشەی (توفیتنی) کە مانای (بردنە بە تەواوی) کاتێك لە مانا (ئەصلیە)کەی خۆی دەردەچێت ، ئەگەر بەڵگەیەك هەبێت کە مردنە ، وەکو (**الله یتوفی الأنفس حین موتها**) لێرەدا ووشەکانی (حین موتها) بەڵگەن کە ووشەی (یتوفی) بۆ مردن بەکار هێنراوە ، جگە لەوەش مەبەست لە ڕستەی (یتوفی الانفس) بردنی تەواوی ئەو نەفسانەیە کە کاتی مردنیان هاتووە نەك (گیان) و (لاشه) بە تەواوی .

١- تفسیر الخازن ، سورة الزمر ، الآیة (٤٢) .

دەربارەی ئایەتەکە کە خوای گەورە دەفەرموێت:

((**وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ**)) دەڵێن: ئەم ئایەتە باسی جولەکەکان دەکات کە گوتوویانە عیسی کوڕاوە ، خوایش بەرپەرچیانی داوەتەوەو فەرمویەتی (**و ما قتلوه و ما صلبوه**) ئیتر بە هیچ شێوەیەك ئامازەی بۆ مردن و زیندویی عیسای نەکردووە ، ئەمجا ئەگەر ئایەتی (المائدة ١١٧) بە مانا مردنیش بێت ئەوە لەگەڵ ئایەتی (النساء ١٥٧)دا دژایەتی لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت، سەرباری ئەم ڕوونکردنەوەی سەرەوە، ئەم بڕگەیە (**إني متوفيك و رافعك إلي**)[١] .

ڕستەی (إني متوفيك) ڕستەیەکی (اسمية)یە بە گوێرەی ڕێزمانی عەرەبی ئامازە بۆ بەردەوامی دەکات ، جا لەبەر ئەوە نابێ ووشەی (متوفيك) بە مانا مردن بێت ، چونکە خوا یەك جار مردنی دەمرێنێت ، بەڵام لێرەدا مانای وەرگرتنی(گیان) و(لاشە) یە بۆ لای خۆی بە بەردەوامی نەك یەك جار کە ئامازەیە بۆ مردن.

لە لایەڕە (٥٢)دا مەریوان نووسیویەتی:

{ لە ئایەتی (السجدة ١٣) نوسراوە ((**وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ**)) .

گەر ئارەزوومان هەبوایە هەموو کەسێکمان هیدایەت – ڕێنمووێی – دەکرد ، بەڵام بڕیاری ڕاستی من ئەوەیە دەبێ دۆزەخ پڕ بکەم لە مرۆڤ و جنوکە ، هەردووکیان پێکەوە .

١- سورة المائدة ، الآية (١١٧) .

جا ئایا ئەمە ڕاستە ؟؟ بۆ بە فوویەك هیدایەتی هەموو کەسێك ناکات ، بۆ هەر دەبێ دۆزەخیان لێپڕ بکات؟!

ئەمەیە فەلسەفەی ئیسلام کە مانایەك بۆ بیرکردنەوە و بڕیاری مرۆڤ ناهێڵێتەوە؟).

ئێمەش دەڵێین: با لە پێشدا بڕۆینە خزمەتی (صفوة التفاسیر) کە دەڵێت: (**وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا**) اي لو اردنا هداية جميع الخلق لفعلناه ولكن ذلك ينافي حكمتنا لأنا نريد منهم الإيمان بطريق الاختيار ، لا بطريق الإكراه و الجبر (**وَلَكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي**) اي ولكن ثبت و وجب قولي بعذاب المجرمين ، و تقرر وعيدي (**لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ**) اي لأملأن جنهم بالعصاة من الجن و الإنس جميعا } [1] .

ئێمەش دەڵێین : لە باسەکانی پێشوومانداوەڵامی ئەم جۆرە ڕەخنانەمان داوەتەوە ، بەڵام لێرەدا **دەڵێین** : خوای گەورە دۆزەخی دروست کردووە بۆ تاوانباران و هەموو کاتێکیش هەڕەشەیان لێدەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا خراپەکاران سڵ ناکەنەوە و بە بەردەوامی خراپە دەکەن ، ئەگەر بیگوتبایە بڕۆن هەر چی دەکەن ، ئێوە جێگەتان بەهەشتە ، دەبێ ئەو کاتە لەم زەوییەدا چی ڕووی بدایە ! .

لە لاپەڕە (٥٣)دا مەبەست نووسیویەتی :

((**إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنْذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنْذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ + خَتَمَ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ**)) .جا ئایا مۆر

١- صفوة التفاسير ، سورة السجدة ، الآية (١٣) .

بدرێت لە دڵی کەسێك تا باوەڕ نەهێنێت ، پەردەیەکیش بدرێت بە گوێ و چاویدا شیاوی ئەوەیە دواتر ببێتە ئیماندار ؟؟ کێ تاوانباری یەکەمە ، ئەو کەسەی باوەڕی بەم ئایینە کۆنە نەهێناوە ، یاخود ڕێگرەکەی کە ناهێڵێت ئیمان بهێنێت ؟ }.

ئێمەش دەڵێین :

با بچینە خزمەتی تەفسیری (مقاتل) کە دەفەرموێت ((**إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنْذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنْذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ**)) يعني لا يصدقون (**خَتَمَ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ**) يعني طبع الله على قلوبهم لا يعقلون الهدى (**وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ**) يعني وافر لا إنقطاع له ، نزلت هاتان الآيتان في مشركي العرب ، منهم شيبة و عتبة إبنا ربيع ، و الوليد بن المغيرة ، و أبو جهل بن هشام ، و عبد الله بن أبي امية ، و أمية بن خلف ، و عمر بن وهب ، و الحارث بن عمرو ، و النضر بن الحارث، و عدي بن مطعم بن عدي ، و عامر بن خالد ، وأبو بحتري بن هشام [1] .

ئێمەش دەڵێین : ئەم ئایەتە بە ڕستەی (إسمية) دەستی پێکردووە کە ئامازە بۆ بەردەوامی (ثبوت) دەکات ، واتە بەردەوامی لەسەر (بێبڕوایی) ئیتر مەزەندەی ئیسلام بوونیان لێناکرێت ، بۆیە خوای گەورە مۆری لە دڵیان داوە . لە لایەکی دیکەوە ئەم ئایەتانە دابەزیون بە تایبەت بۆ چەند کەسێك کە زۆر نازاری پێغەمبەر (صلى الله علی وسلم) و موسوڵمانەکانیان دابوو ، دڵیان ڕەش بوبوو و چاویان کوێر بوبوو، وە گوێیان کەڕ بوبوو ، بە هیچ شێوەیەك لە توانایاندا نەبوو ڕێگەی ڕاستی ئیسلام بگرنە بەر ، ئەم ئایەتە بۆ هەموو

١- تفسير مقاتل ، سورة البقرة ، الآية (٦) .

بێبڕوایەك نییە ، چونکە ئەگەر وابوایە هیچ کافرێك لە هیچ کاتێکدا موسوڵمان نەدەبوو .

لەلاپەڕە (٥٣) دا مەبەستی دەڵێت :

{هەمومان دەزانین جیاوازیەکی زۆر لە نێوان تاریکی و ڕوناکی ، کوێری و جاوساغی هەیە) ئەمجا لەسەری دەڕوات و لەدواییدا دەڵێت :کەچی قورئان بۆ سەلماندنی هەبوونی خۆی پاش دەیان هەزار ساڵ تازە بە تازە پرسیار لە ئێمە دەکات (**هل یستوی الاعمی والبصیر**) .

ئایا چاوکوێرێك و چاوساغێك وەکو یەك وانە .

(**کالاعمی والاصم والبصیر والسمیع هل یستویان** ؟) .

(**وما یستوی الاعمی والبصیر**).

((**وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ ۞ وَلَا الظُّلُمَاتُ وَلَا النُّورُ**)) .

ئایا ئەم هەموو دوبارەکردنەوە بێمانایە چییە و فەلسەفەی ئەم ڕستەیە لەم هەموو ئایەتەدا ئەبێ چی بێت ؟}.

لەوەڵامدا دەڵێین :

هەر یەك لەم ئایەتانە پەیوەندی بە پێشو پاش خۆیەوە هەیە ، ئەم ئایەتانە لە یەك سورەتدا نەهاتوون ،لەلایەکی دیکەوە دیارە مەبەستی وا دەزانێت ووشەی (الاعمی) کوێرە ،نەخێر ، ووشەی الاعمی (مانای بێبڕوایە) هەروەها مانای (البصیر) ئیماندارە نەك بینەر .

لەلاپەڕە (٥٥) دا مەبەستی نووسیویەتی :

{ باهەمومان تەماشای ئەم ئایەتە (فصلت ٤٧) بکەین و بەوردی بیخوێنینەوە:

((إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ السَّاعَةِ وَمَا تَخْرُجُ مِنْ ثَمَرَاتٍ مِنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنْثَى وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَائِي قَالُوا آذَنَّاكَ مَا مِنَّا مِنْ شَهِيدٍ)) .

ئایا کەس لەم ئایەتە تێگەیشتووە ؟ هیچ زانایەکی ئیسلامی دەتوانێ مانای بەستراو و پەیوەندیداری گشت ووشەکانی ئەم ئایەتەمان پێ بڵێت ؟سەرەتایی ئایەتەکە چ پەیوەندیەکی بە کۆتاییەوە هەیە ؟تکا لە خوێنەر دەکەم چەند جارێك بخوێنێتەوە .ئەمانە فەلسەفە و ئیعجازی قورئانن یان مەتەل؟ } .

ئێمەش دەڵێین : با بچینە خزمەتی تەفسیری (الزمخشری) کە دەفەرموێت: (**اليه يردُ علم الساعة**)أي اذا سئل عنها قيل : الله اعلم ولا يعلمها الا الله (**وَمَا تَخْرُجُ مِنْ ثَمَرَاتٍ مِنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنْثَى وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِ**) أي وما يحدث شيء من خروج ثمرةٍ ، ولا حمل حامل ولاوضع واضع الا وهو عالم به ، يعلم عدد ايام الحمل وساعاته واحواله من الخداج والتمام ، والذكورة والانوثة والحسن والقبح وغير ذلك (**ويوم يناديهم اين شركائى**) اضافهم اليه تعالى على زعمهم (**قالوا اذنّاك**) اعلمناك (**ما منّا من شهيد**) أي ما منا من احد اليوم – وقد ابصرنا وسمعنا – يشهد بأنهم شركاؤك أي ما منا الا من هو موحدك [1]

خوێنەری بەڕێز : ئێمە ڕاڤەی ئایەتەکە دەنووسین ئیتر تۆش دادوەربە : بەتەنها خوای گەورە ڕۆژی قیامەت دەزانێت و هەروەها دەزانێت بەری دار و میوە ، یان سك پڕبوون ، ئەگەر نێر یان مێ ،ئەگەر بەتەواوی بێت یان بە نا تەواوی ، هەروەها ئەو نهێنییەش دەزانێت کە لە ڕۆژی قیامەتدا خوا لە

١- تفسير الزمخشري ، سورة فصلت ، الآية (٤٧) .

بێبڕوایان دەپرسێت : کوا ئەو هاوڕێیانە بۆ منتان دانابوون ؟هەروەها وەلامی ئەوانیش دەزانێت کە دەڵێن – پاش ئاشکرا بوونی هەموو شتێك – خوایە ئەوە پێتمان راگەیاند ، هیچ کەس لەئێمە شاهێدی نادات تۆ هاوڕێت هەیە .

لەلاپەڕە (٥٥) دا مەریوان نووسیویەتی:

{ لە قورئاندا نووسراوە : خوا ڕێنمایی (هیدایەتی) هەر کەسێك دەکات کە خۆی ئارەزووی پێ هەیە .

(یهدی من یشا و البقره ١٤٢ ، ٢١٣ ، ٢٧٢ ، یونس ٢٥ ، النمل ٩ ، الفاطر ٨ ، ابراهیم ٤ ،النور ٤٦ ، القصص ٥٦ ، المدثر ٣١).

ئایا دووبارە بوونەوەی ئەم (سێ) ووشەیە بەو زۆرە فەلسەفەو ئیعجازی قورئان نیشاندەدات یان بە پێچەوانەوە } .

ئێمەش دەڵێین : بەکار هێنانی ئەو سێ ووشەیە (**یهدي من یشاء**) تەواو لە جێگەی گونجاوی خۆیاندا بەکار هێناوە ، هەر خوێنەرێك کاتێك ئەو ووشانە دەخوێنێتەوە لە شوێنەکانی خۆیاندا هەست بەهیچ ناڕێکییەك و نەشازییەك ناکات ، بە پێچەوانەوە هەست بە جوانی و بەلاغەتی قورئان دەکات و دەزانێت وتەی خوای گەورەیە .

ئەگەر مەریوان ڕاستگۆیەو ڕەخنەگرە و بالادەستە ،با ڕەخنە بگرێت لە بەکارهێنانی ئەو ووشانە کە لەو شوێنانەدا تیایدا بەکار هێناوە .

لەلاپەڕە (٥٦)دا مەریوان نووسیویەتی :

{قورئان لە بێ ووشەییدا چلوچوار ئایەتی بە(یعقلون) کۆتایی پێهێناوە ، ئەمەش ئایەتەکانە (أفلا تعقلون ، لعلکم تعقلون ، أفلا تعقلون ..... تاد) .

لێرەدا ئەم پرسیارە سەر هەڵدەدات ، ئایا سەروا و (سجع) دەکرێتە موعجیزە ؟ گەر موعجیزەیە ئەدی بۆ شاعیرەکان چی بڵێین ؟ }.

ئێمەش دەڵێین : دەبووایە مەریوان سەری سوڕبمایە لەو قورئانە، کە کاتێك دانیشتوانی نیوە دورگەی عەرەب لەوپەڕی پلەی دواکەوتندابوون و ناویان نرابوو (امیین) ، ئا لەو کات و ساتەدا قورئانی پیرۆز داوای لەهەموو کەسێك کردووە پەنا ببەن بۆ ئەقڵ وباوەڕیان بە خورافەو عادەتی کۆنی پڕیوی باوك و باپیریان نەبێت ، دەبوایە مەریوان دەسخۆشی بکردایە لەم بیر و باوەڕە بەرزە کە ئیسلام بانگەشەی بۆ کردووە و هانی مرۆڤی داوە بۆ ژیانێکی کامەران و باش و ئەقڵیش بکەنە چرای ژیانیان.

دیسان مەریوان لەلاپەڕە (٥٧)دا نووسیویەتی :

{ مارە بە جاش نەك هەر نەریتێکی کوردی نییە بەڵکو نەریتێکی عەرەبیش نەبووە حوکمێکی ئیلاهی ئیسلامەو لە قورئاندا نووسراوەو دواتر لە نێوە دورگەی عەرەبەوە بڵاوبووەتەوە ، بەم شێوەیە مارە بە جاش دەبێتە کلتورێکی کۆنی دانیشتوانە رەشۆکەکەی بیابان .ئەگەر کوردیش پەیڕەوی لێکردبێت ئەوە موسوڵمانەکان بوون و لە ڕێی مەلاوە تەڵاق و مارە بەجاش بەرێوە دەچوون بە پێی حوکمی ئەم ئایەتە :

(الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ ، فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا) بە پێی ئەم ئایەتە ئەگەر هاتوو مێردێك سێ جار ژنەکەی تەڵاقدا بۆی نییە بیگێڕێتەوە تا ئەو ژنەی لە گەڵ کەسێکی تر جووت نەبێت . ئیسلامگەرەکان چۆن تەفسیری ئەم ئایەتە دەکەن و خۆڵ دەکەنە چاوی عەوامەوە ، ئارەزووی خۆیانە ئێمەش گوێبیستی زانایانی خورافە نابین بۆ

خۆمان ئایەتەکە دەخوێنینەوە ، ماناکەشی روون و ئاشکرایە لە بری ئەوەی ئیسلام سزای پیاوەکە بدات ؛ چونکە پیاوەکە تەلاقەکەی خستووە و هەڵەکە لەلایەن پیاوەوە رووبداوە . بەپێچەوانەوە ئیهانەی ژن دەکات ! حوکمەکەش ئەوەیە دەبێت ئەو ژنە لەگەڵ یەکێکی تر جووت بێت ، ئەم ئایینەی کە خۆی بە (موتەکامیل) دەزانێت ناهەقی بەرامبەر ژن دەکات و لە بەرامبەر سزای پیاودا کەرامەتی ژن دەشکێنێت } .

ئێمەش دەڵێین : با بچینە خزمەتی تەفسیری (الآلوسی) کە دەفەرموێت :

والنكاح بشرط التحليل فاسد ، عند مالك واحمد والثوري والظاهرية وكثيرين واستدلوا على ذلك ما اخرجه ابن ماجه والحاكم وصححه والبيهقي عن عتبة بن عامر قال ،قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : (الا اخبركم بالتيس المستعار) قالوا بلى يارسول الله قال : هو المحلل ، لعن الله المحلل والمحلل له [1] .

ئێمەش دەڵێین: بەگوێرەی ئەم فەرموودەیە ، مارە بەجاش لە ئایینی ئیسلامدا حەرامە و فەتوادان لە سەر بوونی نییە ، بەڵام ئەگەر کرابێت ، ئەوە نا شەرعییە و ئیسلام لێی بەرپرس نییە و بە تاوانێکی گەورە دەژمێردرێت .

لێرەدا مەریوان ئایەتەکەی سورەتی بەقەرەی کردووە بەبەڵگە بۆ حەڵاڵ بوونی مارە بەجاش ، بەپێچەوانەوە ئایەتەکە دەبێتە

بەڵگە بۆ نەبوونی چونکە ووشەی (زوج) بەکار هێناوە لە قورئاندا لە چەند شوێنێکدا بۆ جووتبونی تەواو (گیان) و (جسم) (**يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ**

١- تفسير الآلوسي ، سورة البقرة ، الآية (٢٣٠) .

مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاةَ أَزْوَاجِكَ) بە پێچەوانەی ووشەی (إمراة) کە قورئاندا بەکاری هێناوە بۆ جووتبوونی نا تەواو (**ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَةَ نُوحٍ وَامْرَأَةَ لُوطٍ**)(**وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَةَ فِرْعَوْنَ**) کەواتە مارە بە جاش کەڕێککەوتنە لەسەر ماوەیەکی زۆر کەم ، بەهیچ لۆژیکێك پێی ناوترێت (زوج) بەڵکو پێی دەوترێت(المحلل) هەر وەکو لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا (صلى الله علی وسلم) هاتووە ،ئیتر بە چی بەڵگەیەك ئایەتەکە بۆ مارە بەجاشە ! بەڵێ ئایەتەکە بۆ حاڵەتێکە کە پیاوێك ژنەکەی تەڵاق بدات و ئەوجا ژنەکە شوو بکات بە پیاوێکی دیکە و جووت بێت لەگەڵیدا بەتەواوی ، لە دواییدا ئەویش بەهەڵکەوت و بێ ڕێکەوتنی پێشەکی تەڵاقی بدات ، ئیتر لەو حاڵەتەدا ئەو ژنە دەتوانێت جارێکی تر شوو بکاتەوە بەمێردە پێشووەکەی ئەگەر بەیەك رازی بوون و زانییان سنووری خۆدا نابەزێنن .

لە لاپەڕە (٥٩)دا نوسیویانە :

{(مانی قەڵپ سەر بە خاوەنەکەیەتی) .

بە ڕووی خۆیاندا ڕاستڕین دێڕیان نووسیوە ، ئایەتێکی قورئان هەیە دەڵێت : (**الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا**) عەرەبە ڕەشۆکەکان تووندترین خوا نەناس و دوو ڕوون ، لەبەر ئەوە ناچێتە ئەقڵەوە (ئەڵلاّ)یەك ئەگەر خولقێنەری دونیا بێت ؟) پێویستی بە ڕەشۆکێکی ڕێگر و چەتە هەبێ و بیانکاتە ڕێنیشاندەری تەواوی مرۆڤایەتی }.

لە وەلامدا دەڵێین : با لە پێشدا بڕوانە خزمەتی (صفوة التفاسير) کە دەفەرموێت : (**الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا**) الأعراب – اهل بدو – اشد كفرا

واعظم نفاقا من أهل الحضر ، لجفائهم و قسوة قلوبهم و قلة مشاهدتهم لأهل الخير و الصلاح [1] .

هەروەها با تەماشای (مختار الصحاح) بکەین کە دەڵێت (الأعراب) سکان البادية و النسبة إليهم اعرابي ، و ليس الأعراب جمعا للعرب [2] .

کەواتە (الأعراب) هەموو عەرەبێك ناگرێتەوە بەڵکو دانیشتوانی بیابانەکان دەگرێتەوە ، ئەمە لە لایەکەوە ، وە لە لایەکی دیکەوە بەشێك لە (الأعراب) خراپ بوون ، هەر وەکو ئەم ئایەتانە دەفەرموون : (**الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ**) [3] (**وَمِنَ الْأَعْرَابِ مَنْ يَتَّخِذُ مَا يُنْفِقُ مَغْرَمًا وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ الدَّوَائِرَ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ**) [4] .

بەڵام بەشێکی دیکەیان باش بوون و لە خوا ترس بوون وەکو ئەم ئایەتە دەفەرموێت : (**وَمِنَ الْأَعْرَابِ مَنْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَيَتَّخِذُ مَا يُنْفِقُ قُرُبَاتٍ عِنْدَ اللَّهِ وَصَلَوَاتِ الرَّسُولِ أَلَا إِنَّهَا قُرْبَةٌ لَهُمْ سَيُدْخِلُهُمُ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٩٩)**) .

١- صفوة التفاسير ، سورة التوبة ، الآية (٩٧) .

٢- مختار الصحاح ، الصفحة (٤٢١) .

٣- سورة التوبة ، الآية (٩٧) .

٤- سورة التوبة ، الآية (٩٨) .

خوای گەورە خۆی بڕیاری داوە کێ شایستەی قیادەی ئەم عالەمەیە (**لا یسأل عما یفعل و هم یسألون**) .

خۆ ئەگەر عەرەب شایستە نەبوایەن ، چۆن بەو ماوە کەمە دەیانتوانی دوو (امبراطور)ییەتی گەورەی ئەو کاتە بڕوخێنن و هەموو وولاتەکان پزگار بکەن و بێنە ژێر ئالای ئیسلامەوە ، ئەگەر ئەمە لە خواوە نەبێت ، کێ بڕوا دەکات ئەو خەڵکانە کە ئیسلام دەبوون ، یەکسەر لە عەرەب باشتر خزمەتی ئیسلامیان دەکرد ، بە جۆرێك لە هیچ کاتێکدا لە ئایینەکەیان هەڵنەدەگەڕانەوە .

لە لاپەڕە (٦٠) تاوەکو لاپەڕە (٧٣) مەریوان هەندێ بابەتی نووسیوە بۆ ئەوەی قەبارەی پەرتوکەکەی گەورە بکات بێئەوەی ڕاستییەك لەو نووسینانەیدا هەبێت ، یان پێویستی بە وەلاّم بێت ، بۆیە ئێمەش خۆمانی پێوە ماندوو ناکەین .

لە لاپەڕە (٧٤)دا مەریوان نووسیویەتی :

{دەخوازرێت بچینە ناو نەریت و بەها و ئەقڵێکی تەواو ڕەشۆکییەوە بۆ ئەوەی بتوانین بڕوا بەو بەسەر هاتە جەرگبڕ و یاسا بێسەر و بەرانە بکەین کە لە مێژووی ئیسلامدا ڕوویانداوە ، لە داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی وەهادا بگوزەرێین ، کە بمانگێڕێتەوە بۆ زیاتر لە (١٤٠٠) سالّ تا بتوانین ڕووداوەکانی ئەو کاتە لەگەڵ لۆژیکی ئیستاماندا بگونجێنین ، ئەو کاتە دەتوانین لە نزیکی ئەقڵی سەردەمی سەر هەڵدانی ئیسلامەوە وورد ببینەوە و خوێندنەوەیەك بۆ ئەم ئایینە بکەین.

کچێکی کورد (س) لە کوردستانی لکێنراو بە عێڕاقەوە ، ئەگەر چی هیچ لە ئیسلام تێنەگەیشت بەلاّم موسوڵمانێکی نوێژکەر و لەخواترس بوو ، لەسەر

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

کاری سیاسی برایەکی سالّی (١٩٨٦) لەلایەن پژێمی بەعسەوە دەستگیر کرا ، ئەو کاتە شووی نەکردبوو ، دوای چەند مانگێك کەس و کارەکەی توانیبویان لە ئەمنی عامی بەغدا ببینن چەند خولەکێك قسەی لەگەلّ بکەن . بەو ماوە کورتە بۆیان دەرکەوت کچەکەیان لاقە (ئیغتیصاب) کراوە و دوو گیانە ، پاش دادگاییکردنی بە بیست سالّ ، کچەکەیان بۆ زیندانە گەورەکەی ئەبو غریب ناردووە و منالّەکەشیان بە پارچە پرۆیەك ئالاّندووە و رەوانەی کەس و کارەکەیان کردووە ئەو لەگەلّ نەهامەتیەکانی زیندان دەژی تا بە لێبوردنی گشتی سالّی (١٩٨٨) ئازاد دەکرێت ، دوای دوو سالّ چاوی بە منالّەکەی دەکەوێت ، سالّی (١٩٩٧) بە مەبەستی رێپۆرتاژێکی رۆژنامەوانی چاوپێکەوتنێکم لەگەلّ سازکرد ، ئەگەر چی تەواوی چاوپێکەوتنەکەم بە کامیرای ڤیدیۆیی وێنەگرت بەلاّم ئەو ئامادە نەبوو بە هەر نرخێك بێت ئەو کارەساتە جەرگ بڕە بلاّوبێتەوە و ناو ناونیشانی بکەوێتە رۆژنامەکان ، بەو بەهانەیەی لەلایەن تاکەکانی کۆمەلّگاوە بە چاوێکی بێ رێز تەماشای دەکەن منیش لەگەلّ بەشێك لە داخوازییەکانی بووم چونکە بە پاساوی ئەوەی شەرەفی لە دەست داوە دەکەوتە بەر چەپۆکی تانە و تەشەری ئیماندارەکانی ئیسلام.

نووسینی ئەم کتێبە لە ئازاری ئەو چاوپێکەوتنەوە سەرچاوەی گرتووە} .

ئێمەش دەڵێین : لە پێشدا بە پێویست و بە ئەرکی خۆمانمان نەزانی وەلاّمی ئەم درۆ و ئەفسانانە بدەینەوە ، چونکە ئەو ڕووداوە قێزەوەن و نا مرۆییە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە ، لە لایەکی دیکەوە ئێمە بڕوا بە ڕووداوێك ناکەین مەریوان خۆی بیگێڕێتەوە و پاڵەوانەکەشی (س) بێت ! .

بەلأم لە دواییدا بڕیارماندا لێکۆڵینەوەیەکی لۆژیکی لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی درۆ شاخ و باڵدارەکانی ئاشکرا بکەین بە چەند خاڵێك :

یەکەم / ئایا دەڕواتە ئەقڵەوە ئەو کەسانەی لە ئەمنی عامی بەغدا لاقەی ئەو کچەیان کردووە و سکیان پڕ کردووە و لە دوای منداڵ بوونی ، هەر خۆیان ئەو منداڵە زۆڵە ببەنەوە بۆ لای کەس و کاری ئەتك پێکراوەکە !

دووەم / ئایا کەس و کاری ئەو کچە چۆن و بە چ ناوێك ئەو منداڵەیان وەرگرتووەتەوە .

سێیەم / ئایا لە چی وولاتێك یان شارێك یان دێیەك منداڵی حەرامزادە بەخێو دەکرێت بە تایبەت لەلایەن کەس و کاری کچەوە ؟

چوارەم/ مەریوان ئاگای لە ووتەکانی خۆی نییە هەر خۆی خۆی بە درۆ دەخاتەوە ، ئەوەتە دەڵێت :

(لە ساڵی (١٩٨٦)دا (س) برابوو بۆ ئەمنی عامی بەغدا لەوێ لاقە کرا و دووگیان بوو ئەمجا لە ساڵی (١٩٨٨)دا بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا و دوای دوو ساڵ چاوی بە منداڵەکەی دەکەوێت) . لێرەدا ماوەی دوو گیانییەکەی لە بیر چووە کە نزیکەی ساڵێکە . ئەگەر ڕووداوەکە ڕاست بوایە دەبوایە بیگوتبایە دوای ساڵێك یان دوای ساڵێك و چەند مانگێك چاوی بە منداڵەکەی دەکەوێت .

خوێنەری بەڕێز : هەر چۆن لێکی بدەینەوە ناڕواتە ئەقڵەوە و نە شاز دەردەچێت ، بەلأم لەوانەیە لای خودی مەریوان زۆر ئاسایی بێت، چونکە خۆیشی لە ناو خێزان و کەس و کاردا نەژیاوە تا عادەت و نەریتی خێزان و کۆمەلأیەتی بزانێت ، هەر ئەوەندەی زانیوە لە هەتیو خانە منداڵیان هێناوە و

لەوێ بەخێو کراون ، ئیتر نەیزانیوە ئەو منداڵانە چین ، بۆیە لێرەشدا ئەم دروّ ئەفسانەیەی بە نا لوّژیکی ڕێك خستووە .

لە لاپەڕە (٧٦)دا مەریوان نووسیویەتی :

{لە ئیسلامدا ژنان تاوانباری سەرەکی و گوناهەکانی پیاوانن ، بە پێی دەقەکان دەبێت پیاوان (ڕاستکەرەوە) یان بکوژی ژنان بن و ژنانیش ملکەچی شەهامەتەکانی پیاوان بن ، ئەم جیاوازییەش بەلایانەوە سروشتکرد نییە ، بەڵکو دەستکردی خوایە . لە سورەتی (النساء) ئایەتی (٣٤) نوسراوە (**الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا**)}.

ئێمەش دەڵێین : با لە پێشدا بڕوانە خزمەتی تەفسیری (المنتخب) کە دەفەرموێت (**الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا**) الرجال لهم حق الرعاية للنساء و القيام بشئونهن بما اعطاهم الله من صفات تهيئهم للقيام بهذا الحق و بسبب انهم هم الذين يكدون و يكدحون لكسب المال الذي ينفقونه على الأسرة ، فالصالحات مطيعات لله و للأزواجهن حافظات لكل ما يغيب عن ازواجهن بسبب امر الله بهذا الحفظ ، و توفيقه لهن و الزوجات اللائي تظهر منهن بوادر العصيان فانصحوهن بالقول المؤثر و اعتزلوهن في الفراش و عاقبوهن بضرب خفيف غير مبرح و لا مهين عند

التمرد ، فإن رجعن إلى طاعتكم في اي سبيل من هذه السبل الثلاث فلا تتطلبوا السبيل التي هي أشد منها بغيا عليهن إن الله فوقكم و ينتقم منكم إذا آذيتموهن او بغيتم عليهن [1] .

دەڵێن : ئەم ئایەتە یەکێکە لەو ئایەتانەی کەبەلاغەت و فەساحەتێکی بێوێنەی تێدا دەبینرێت ، پیتەکانی و ووشەکانی و ڕستەکانی هەمویان یاریدەی خوێنەر دەدەن بۆ تێگەیشتن لە مەبەست و مانا جوانەکانی ، بەجۆرێك هاوسەنگییەك دروست دەکەن مەگەر بڵێین(**إن هو إلا وحی یوحی**) .

ئایەتەکە بە ووشەی (الرجال) دەستی پێکردووە ، (ال) لێرەدا پێدەوترێت (ال الجنسیه) واتە : جۆری پیاوان، نەك هەموو پیاوان ، وەك و ئایەتی (**الاعراب اشد کفرا ونفاقا**) واتە جۆری (الاعراب)

نەك هەموو (الاعراب) چونکە لە ئایەتێکی دیکەدا هاتووە (**وَمِنْ الْأَعْرَابِ مَنْ یُؤْمِنُ بِاللّه**.. الخ) .

جا بەم ڕاڤەو تێگەیشتنە لە ئایەتەکە ، بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو پیاوێك لەهەموو ژنێك باشتر نییە، بەڵکو باشتر ئەوەیە کەخوا باشتریکردووە و پارەو پوڵ لە خێزاندا خەرج دەکات ، ئەگەر پیاوبێت ئەگەر ژن (**بما فضل الله بعضهم علی بعض وبما انفقوا**) .

خوا بە شێوەی ڕاستەو خۆ پیاوانی باسکردووە (الرجال قوّامون علی النساء .. الخ) لەبەر ئەوە مەسەلەی (نەفەقە) زیاتر ئەرکی پیاوانە و لە وان مەزەندە دەکرێت ، بەڵام بە پێچەوانەوە خوای گەورە لە بیرۆکەی (خواترسی و

١- تفسير المنتخب ، سورة النساء ، الآية (٣٤) .

داوێن و دەستپاکی و نهێنی پارێزیدا بەراستەوخۆ باسی ژنانیکردووە: (**فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ**) چونکە ئەوان بەرپرسی سەرەکین لەو رەوشتانەدا ، هەرچەند بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پیاوانیش دەگرێتەوە دەبێ ئەوانیش وەهابن .

ئەمجا ئایەتەکە دواتر باسی باشترین چارەسەری کێشەی خێزاندارێکردووە ، ئەگەر پەیڕەو بکرێت ، کێشەکانی هاوسەرگیری بنەبڕ دەکرێت .

ئایەتەکە دەفەرموێت :

(**واللاتی تخافون نشوزهن**) ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی (إسمیە) یە کە ئاماژە بۆ بەردەوامی دەکات ، واتە هەر لە پێشدا پێش ڕوودانی هیچ کێشەیەك ، ئەگەر ترسان لە سەر کێشی و خۆ بەزلزانینی ژنەکانتان بەبەردەوامی ، لەبەر جوانییان ، یان لەبەر دەوڵەمەندییان ، یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکە (فعظوهن)واتە زوو بەزوو ئامۆژگارییان بکەن ، بەر لەوەی کار لەکار بترازێت ، لێرەدا پیتی (ف) یێی بەکارهێناوە کە بۆ(تعقیب) ە واتە زوو بەزوو (واهجروهن في المضاجع) واتە جێگەکانتان لەگەڵیاندا بگوازێننەوە بۆ لایەکی دیکە لێرەدا پیتی (واو) ی بۆ (تەراخی) بەکارهێناوە نەك بۆ (مطلق الجمع) چونکە بەرامبەر پیتی(ف) بەکاریهێناوە ، جا لەبەر ئەوە نابێت یەکسەر پەنا ببرێت بۆ جێگە گواستنەوە ، (واضربوهن) واتە دوای ماوەیەك لە جێگە گواستنەوە ، ئەو کاتە پەنا ببەن بۆ لێدانێکی بێ ئازار و بێ ئیهانە ، ئەگەر هەر موسوڵمانێك ئەو سنورە ببەزێنێت ئەوە گوناهبارە و شایستەی سزایە .

(**فإن أطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا**) ئەگەر چاك بوون و ڕێك کەوتن لەگەڵ یەکتردا نابێ ستەمیان لێبکەن.

لەلاپەرە (٧٦) دا مەریوان نووسیویەتی:

{ نموونەیەکی دیکە ، کەلەسەر گوزەشتە نووسراوە باوەڕ پێکراوەکاندا هاتووە .خرج رسول الله الى المصلى فمرّ على النساء فقال يامعشر النساء تصدقن ، فإني أُريتكن اكثر اهل النار فقلن بم يارسول الله ؟ قال تكثِرن اللعن ، وتكفُرن العشير ما رأيت من ناقصات عقل ودين أذهب للب الرجل الحازم من احداكنّ ، قلن وما نقصان ديننا وعقلنا يارسول الله قال : اليس شهادة المراة مثل نصف شهادة الرجل ؟ قلن بلى ، قال فذلك من نقصان عقلها ، اليس اذا حاضت لم تصل ولم تصم قلن بلى ، قال: فذلك من نقصان دينها} .

لەوەلامدا دەڵێین :باڵەپێشدا تەماشای (شرح التصريح على التوضيح) بکەین کە دەڵێت :العهد الذكرى بكسر الذال المعجمة وهى التي يتقدم لمصحوبها ذكرٌ نحو كما أرسلنا الى فرعون رسولاً فعصى فرعون الرسول) فائدتها التنبيه على أن الرسول الثاني هو الرسول الاول [١] .

بەڕای ئێمە بەگوێرەی ئەم ڕێزمانەی سەرەوە ئەم فەرمودەیە(**خرج رسول الله الى المصلى فمرّ على النساء فقال يامعشر النساء**) مەبەستی لەووشەی النساء ئەو ژنانە بووە کە پێغەمبەر (صلى الله على وسلم) بەلایاندا تێپەڕیوە ، چونکە لێرەدا پیتی (ال) لەووشەی (**النساء**) کە دووهەم جار لەفەرمودەکەدا هاتووە ، بۆ (العهد الذكري)یە ، واتە ئەو ژنانەی کەلەفەرموودەکەدا باسیانیکردووە نەك هەموو ژنێك ، بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە ئەم خاڵانەی خوارەوەیە :

١- شرح التوضيح على التصريح ، الجزء الاول ، الصفحة (١٥٠) .

یەکەم : ووشەی (تصدقن) واتە ئێوە چاکەو خێر بکەن ، لێرەدا مەبەستی ئەو ژنانە بووە بە تایبەت ، چونکە ئەگەر مەبەستی ژنانی دیکەبوایە ، ئەو کاتە چاکەو خێری ئەوان چ سودێکی بۆ ژنانێکی دیکە دەبوو .

دووەم (**أُريتكن اكثر اهل النار**) واتە ئێوەم پێشاندرا کە زۆرینەی دۆزەخن ، بەمە دەردەکەوێ کەمەبەستی ئەو ژنانە بووە کە بینیویەتی ، چونکە بەوانی ووتوە ئێوەم پێیشاندرا نەك ژنانی دیکە .

سێیەم (**تكثرن اللعن وتكفرن العشير**) واتە ئێوە زۆر نەفرەت دەکەن و چاکەی هاوسەر دادەپۆشن و پێ نازانن .

چوارەم : لە هیچ دەقێکی فەرمودەدا نەهاتووە کە ژنان تاوانبارن لەبەر تەڕی بینینیان ، یان کەم ئەقڵن لەبەر ئەوە لەهەندێ حاڵەتدا دووانیان بەیەك پیاو دەژمێردرێن ،بەڵام لێرەدا کەباسی ناتەواوی ئەقڵ و دینیانی کردووە مەبەستی ئامۆژگاری کردنیان بووە .

لەلاپەڕە (٧٧) دا مەرویان نووسیویەتی :

{ لەسیرەکانیشدا هاتووە کە موحەممەد جکە لەوەی لەگەڵ هەژدە ژندا جووتبوونی سێکسی کردووە ، ویستوویەتی لەگەڵ بیست و حەوت ژنی دیکەدا هاوسەرگیری بکات }.

لەوەڵامدا دەڵێین : لەباسەکانی پێشودا بەتێرو تەسەلی باسی هاوسەرەکانی پێغەمبەرمانکردووە (صلى الله على وسلم) ، پێویست بەدووبارە ناکات، بەڵام بۆ ئەو بوختانە کە دەڵێت (ویستوویەتی لەگەڵ بیست و حەوت ژنی دیکەدا هاوسەرگیری بکات) وابزانین ئەمە درۆیەکی دیکەیە و پەیوەندی

بەڕاستییەوە نییە ، ئەگەر ... نا بۆ ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە ئەگەر بە درۆیش بێت .

لەلاپەڕە (٨٢) دا مەریوان بەرگی زانایەکی مێژوونووسی ئایینی داپۆشیوە و باسی جۆرەها ئایینی کردووە و دریژی بەنووسینەکەی داوە تا لاپەڕە (٩٤) لەبەر ئەوەی ئەو نووسینە ئەگەر ڕاستیش بێت ، لەدەرەوەی باسەکەی ئێمەیە بۆیە هیچی لەسەر نانووسین .

لەلاپەڕە (٩٤) دا مەریوان نووسیویەتی:

{ یەکێك لەو کارە نازانستییانەی کەموحەممەدی ئیسلام پیادەی کردووە ، ئەوەیە بێئەوەی ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکات ، سوودێکی زۆری لە پەڕاوە کۆنەکان وەرگرتووە ، کتێبە کۆنەکانی خوێندووەتەوەو هەندێکیانی وەرگرتووەو لەقورئاندا داینـاون و خـۆی کـردووە بـەخاوەنیان ، بابەتەکانیش زۆرن ، بـۆ نموونـە : شـێوەی دروسـتبوونی ئاسمانـەکان و زەوی و ، چـۆنێتی دروسـتبوونی ئـادەم و حـەوا ، ناوهێنـانی بوونـەوەران ، بەهەشـت و دۆزەخ ، لەشپیسـی و سەرخۆشـبوون ، حـەرام و حەلاڵـەکانی خـواردن و هاوسەرگیری،چیرۆکی هاوەڵانی ئەشکەوت (أصحاب الکهف) زۆرێکی دیکە لە چیرۆکەکانی دیکە ، کەبەشێکی زۆری لەقورئاندا داگیر کردووە ، دواهەمین سوود وەرگرتنیشی باسەکانی (عیسی و مریم) ن ،کە لە مزگێنییەوە (الانجیل) وەریگرتوون } .

لەوەڵامدا دەڵێین : ئەگەر قورئان لەهەندێك یاسا و زانیاریدا لەگەڵ (تەورات و ئینجیلدا) وەك یەك بن ئەوە ڕاستەو ئاساییە ، چونکە سەرچاوەی هەرسێ ئایینەکە خوای گەورەیە ، ئیتر ئەگەر جیاوازی هەبوو لە هەندێ بیرو

باوەڕدا ، ئەوە هۆی ئەوەیە کە تەوارت و ئینجیل گۆڕانکاریان تێدا دروستبووە بەهۆی تێپەڕبوونیان بەجۆرەها قۆناغی سەخت و دژواری مێژوودا ، بەڵام قورئان هەروەك ئاشکرایە لە دابەزینی یەکەم ئایەتەوە تا کۆتایی ئایەتەکان، هەمووی نوسراوە بێکەموو زیاد.

ئەمجا ئەگەر قورئان سوودی لە تەورات و ئینجیل وەربگرتایە ئەو کاتە وەکو مەسیحییەکان بڕوای بە(تثلیث) دەبوو ، یان وەك جولەکەکان دەیوت (عوزەیر) کوڕی خوایە ، ئیتر ئەوە نابێتە سوود وەرگرتن کە قورئان باسی هەندێك زانیاری وەك جۆلەکەو مەسیحییەکان کردووە ، چونکە ئەوە ڕاستەو پێچەوانەکەی ناڕاست .

لەلاپەڕە (٩٦) دا مەریوان نووسیویەتی :

{لەباسکردنی ڕاستییەکانی ژیانی پیامبەرانی نەوەی ئیسرائیلدا لۆژیك و لێکۆڵینەوەی زانستی داوامان لێدەکات پەنا بۆ سەرچاوە دێرینەکانی باوەڕپێکراوەکانی مێژوو ببەین ، تەوراتیش یەکێکە لەو سەر چاوە دیرین و باوەرپێکراوانە بۆیە لەم بەشەدا (پەیامبەرەکانی خوا وێنەیەك لەسێکس بازی (ئاینن) تەورات بەکۆنترو پێشتر دەزانین ، گەراینەوە بۆ سەرچاوە ئەصلەکە خۆمان لەسەرچاوەی دووەم کە قورئانە پاراستووە}.

ئیمەش دەڵێین : مەریوان : (لەباس کردنی ڕاستییەکانی ژیانی پەیامبەرانی نەوەی ئیسرائیلدا .. تاد) لێرەدا مەریوان پەنا دەبا بۆ تەورات کە لای ئەو باوەڕ پێکراوە ، ئیمەش مافی دەدەینێ چونکە (الطیور علی اشکالها تقع)بەڕاستی ئەم بەناو نووسەرە بیری شەوارەی کردووە ، هەرگیز بەلای ڕاست و ڕاستییدا ناڕوات ،ئەگەر...نا بۆ پەنا بۆ تەورات دەبا کەباسی پێغەمبەرانی نەوەی

ئیسرائیل دەکات بەشێوەیەکی زۆر ناشرین و قێزەون کە مرۆڤی ئاسایی کاری وا ئەنجام نادات نەك پێغەمبەران (صلى الله عليهم وسلم) .

لەلاپەرە (٩٦) مەریوان باسی پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل دەکات بەم جۆرەی خوارەوە :

یەکەم : ئیبراهیم (دورودی خودای لەسەر بێت) کاتێك ئیبراهیم لە کۆچەکەیدا دەگاتە میسر ، بە سارای ژنی دەڵێت : إني قد علمت انك إمراة حسنة المنظر فيكون إذا راك المصريون انهم يقولون هذه إمراته فيقتلونني ويستبقونك قولي إنك اختي ، ليكون لي خيرٌ بسببك وتحيا نفسي من اجلك ، فحدث لمّا دخل (ابرام) الى مصر انّ المصريين َ راوا امراة انها حسنةٌ جداً ، رآها رؤساء فرعون ومدحوها لدى فرعون فأُخذت المراة الى بيت فرعون ، فصنع الى إبرام خيراً بسببها، وصار له غنم وبقرٌ وحميرٌ وعبيدٌ وإماءٌ واتنٌ وجمالٌ. فضرب الربَ ُ فرعون وبيته ضربات عظيمة بسبب سارة إمراة إبرام ، فدعا فرعون إبرام وقال ما هذا الذي صنعت بى، لماذا لم تخبرني أنها إمراتك ، لماذا قلت هي اُختي حتى اخذتها لي لتكون زوجتي والآن هو ذا امراتك خذها واذهب .

ئەویش دەڕوات ، تا دەگاتە وولاتی (حەران) و بە هەمان شێوە سارای ژنی دەکاتەوە بە خوشکی و بە پادشای ئەو وولاتە دەڵێت : ئەمە خوشکمە ، پاش ماوەیەك پادشا (ابيمالك) لە خۆی ماڕەی دەکات دواتر پێی دەزانێ و پاش پێدانی مەڕو مالاّت و زیو لەو شارە دەریان دەکات } .

ئێمەش دەڵێین : (ابراهيم) باپیری (ا سرائيل)ە واتە (يعقوب) وا دیارە لەشفرۆشی و فرت و فێڵ و درۆ کردن لای مەریوان زۆر پیرۆز و باشە ، بۆیە دەڵێت : (لۆژیك و لێکۆڵینەوەی ڕاستی داوامان لێدەکات پەنا بۆ سەرچاوە

دێرینە باوەڕپێکراوەکانی مێژوو ببەین، تەوراتیش یەکێکە لەو سەرچاوە دێرین و باوەڕپێکراوانە) . بەڵام مەبەستی خۆی لەسەرچاوەی دووەم کە قورئانە پاراستووە ، چونکە بەو پەڕی ڕێز و تەقدیسەوە تەماشای پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل دەکات.

دووەم : لوط (دوورەی خودای لەسەر بێت)

لە لاپەڕە (٩٨)دا مەبەستی نووسیویەتی : { لوط برازای ابراهیم و پەیامبەرێکی دیکەی یەهوودییە خۆی و خێزانی لە شاری (سەدووم) ژیانیان بەسەر بردووە ، دانیشتووی شارەکە بە ڕەگەز (نێرباز) بوون هەر بەم هۆیەوە خوا نەخشەی کێشا کە ئەو شارە ژێرو ژوور بکات ، بۆ ئەم مەبەستەش دوو پەیامبەری خۆی نارد لای لوط تا پێیان بڵێت ئەو شارە چۆڵ بکەن ، خەڵکی شارەکەش بە هاتنی میوانەکانیان زانی ، داوایان لە لوط کرد لە ماڵەکەی خۆیدا بیانهێنێتە دەرەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا ڕابوێرن ، بەڵام لوط ڕازی نابێت لە بری ئەوان دوو کچی خۆی بە خەڵکەکە پێشاندەداو پێیان دەڵێت : ئەوەتا دوو کچم هەیە و پیاو نەچووە بەلایاندا ، ئەوەی خوا پێی ناخۆشە لەگەڵیاندا بیکەن ، بەڵام لاقەی ئەو دوو میوانە مەکەن . ئەوانیش ڕازی نابن میوانەکانیش بە لوط دەڵێن خۆت و ژنەکەت ، کچەکانت و زاواکانت ، هەر کەسێ دیکەش لە شوێن کەوتووانت ، لە شارەکەدا بچنە دەرەوە ، چونکە خوداوەند ئێمەی ناردووە تا تەواوی دێیەکە لە ناو ببەین ، (لوط)یش وای کرد ، بەڵام زاواکانی ئەو مەسەلەیان بە گاڵتە هاتە پێش چاوو لە شارەکەدا مانەوە ، لە کاتی خۆڕ هەڵاتندا لوط و ژنەکەی و کچەکانی لە (سەدووم)ەوە بەرە و (سۆخەر) دەرچوون ، لەو کاتەدا خوا بارانی (گۆگرد) و ئاگری بەسەر

(سەدووم) و (عامورا) دا باراند ، ژنەکەی لوط لەو کاتەدا سەیری شارەکەی دەکرد ، بۆیە ئاگرەکە سووتاندی . پاش سوتاندنی ناوچەکە خوا ژێرو ژوورێشی کرد . لوط و دوو کچەکەی رۆیشتن تا گەیشتنە ئەشکەوتێك ، لوط خەوی لێکەوت ، کچە گەورەکە بە خوشکە بچووکەکەی وت ، ئێمە باوکمان گەورە بووەو پیر بووەو هیچ پیاوێکیش لەسەر زەوی نەماوە ، وەك چۆن نەریتی سەرزەوییە وەرە با مەشرووبی دەرخوارد بدەین و لەگەڵیدا جووت ببین تا لە باوکمانەوە وەچە و منداڵ بخەینەوە . هەر ئەو شەوە مەشرووبیان دەرخواردی (لوط)دا و کچە گەورەکەی لەگەڵیدا جووت بوو ، بۆ شەوی دوایی کچە بچووکەکەی بە هەمان فێڵ لەگەڵیدا جووت بوو . بەمەش لە باوکیان سکیان پڕ بوو ، یەکێ منداڵێکیان بوو ، ناویاننان (موآب) و (بن عمی) بە هۆی جووتبوونی (لوط)ەوە لەگەڵ دوو کچەی خۆی نەوەکانی ئادەم لە فەوتان رزگاریان بووە} .

ئێمەش دەڵێین : (لوط)یش نەوەی (اسرائیل) نیە ئەمجا با لێکۆڵینەوەیەکی لۆژیکی لەگەڵ مەریوان و سەرچاوە ڕاست و پەسەندەکەیدا بکەین :

یەکەم / لەم باسەدا مەریوان و سەرچاوەکەشی کەوتوونەتە هەڵەیەکی مێژوویییەوە ، چونکە وا دەزانن چۆن موسوڵمانان بڕوایان وایە ئادەم باوکی یەکەمی مرۆڤایەتییەو نوحیش باوکی دووەم ،ئەوانیش وا دەزانن (لوط)یش باوکی سێیەمە .

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

دووەم / لوط و کچەکانی له شارەکه دەرچوون و پوێشتنه ناو ئەشکەوتێکەوە ، خۆ بۆ گەشت و گوزار نەپوێشتبوون تاکو مەشروب لەگەڵ خوێاندا ببەن و دەرخواردی باوکیان بدەن !

سێیەم / له ناو ئەشکەوتەکەدا باوکیان خەوت و هەردوو کچەکان نەخەوتن ، ئەمە چۆن هەڵکەوتێك بوو! خۆ ئەگەر بە لۆژیکی تەماشای مەسەلەکه بکەین دەبوایە بە پێچەوانەوە ببوایە .

چوارەم / هەرکات مرۆڤ خەوت وەکو مردوو ئاگای له خۆی نابێت ، ئیتر چۆن باوکیان مەشروبی خواردەوەو پایبواردووەو بە خەبەر نەهاتووە !

پێنجەم / ئایا چۆن پێکەوتێکه (لوط)ی پێغەمبەر بەو دوو جارە سێکسه لەگەڵ دوو کچی خوێدا دوو منداڵیان ببێت و یەکێکیان نێرو ئەوەی دیکەش مێ ! ئەی کچەکان چۆن پێشەکی زانیان بەو جۆرە منداڵیان دەبێت و مرۆڤایەتی لەفەوتان پزگار دەکەن !!

شەشەم / کاتێك ئەو دوو کچه دووگیانبوون ، ئایا هەڵوێستی پێغەمبەری باوکیان چۆن بوو ؟ .

خوێنەری بەڕێز ئەم ئەفسانەمان بە دڕێژی باس کردووە بۆ ئەوەی بزانڕێت مەریوان و سەرچاوەکەشی چەندێك پاست و پاستگۆن !

له لاپەڕه (۹۹)دا مەریوان نووسیویەتی:

{پێغەمبەری سێیەم یەهوودا دەبێت و ئەویش سێ کوڕی دەبێت ، ژنێك بە ناوی (ثامار) بۆ کوڕە گەورەکەی دەهێنێ بەڵام ئەم کوڕە گەورەیەی دەمرێت ، یەهوودا جارێکی دی ئەم ژنە لە کوڕە ناوەنجییەکەی مارە دەکات . ئەویش

دەمرێ . یەهوودا بە ئامار دەڵێت : بڕۆرە مانی باوکت دانیشە تا کوڕە بچووکەکەم گەورە دەبێت . لەوت مارە دەکەم . پاش سالانێك کە ئامار سەروچاوی خۆی داپۆشیبوو لە یەهودا نزیك دەبێتەوە . ئەویش وا لێکی دەداتەوە کە ژنێکی داوێن پیسە ، پێی دەڵێ : وەرە با بچین ڕابوێرین ، ئامار خۆی دەرناخات و پێی دەڵێت چیم دەدەیتێ ؟ ئەویش دەڵێت : گیسکێکت دەدەمێ : ئاماریش پێی دەڵێ وەك پێشەکی شتێکم بدەرێ تا گیسکەکە دەنێری ، یەهوداش موورو قەیتان و گۆچانەکەی دەداتێ و لەگەڵی جووت دەبێ ، ئامار خۆی لێ دوو گیان دەکات و دواتریش خۆی وون دەکات . یەهودا بە شوێنیدا دەگەڕێت بەڵام بۆی نادۆزرێتەوە . پاش ماوەیەك هەوالێ دەبیستن و دەڵێن : ئامار داوێن پیسیکردووە و دوو گیانە . یەهوداش نازانێ کە بکەر خۆی بووە و فەرمان دەدات ئامار بسوتێنن . کە هێنایان ئامار بە هۆی موورو قەیتان و گۆچانەکەوە خۆی لە سوتاندن ڕزگار دەکات و لە دوو گیانییەکەشی دووانەیەکی دەبێت ، عیسای مەسیح کوڕی یەکێك دەبێت لەو دوو منداڵە} .

ئێمەش دەڵێین : دەربارەی یەهوداو ئامار هیچ نالێین ، چونکە بە گوێرەی تەورات حاڵەتێکی زۆر ئاسایی بووە لە پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیلدا ، بەڵام لێرەدا باسی ئەوە دەکەین کە تەورات و مەریوان بە پیسترین شێوە تەماشای حەزرەتی عیسایان کردووە گوایە زۆڵی کوڕی زۆڵە ، بەڵام قورئانی ئیسلام بە پێچەوانەوە بەو پەڕی پاکی و ڕێزەوە تەماشای دەکات کە موعجیزەی خوا بووە لەو کاتەوە کە لە سکی دایکیدا بووە تا ئەو کاتە بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمان .

ئینجا خوێنەری بەڕێز با خۆی دادوەر بێت ئایا عیسای تەورات/شیاوی پێغەمبەرایەتییە یان عیسای قورئان ؟ئایا تەورات شیاوی سەرچاوەیە یان

قورئان .

لە لاپەرە (١٠٠)دا تا لاپەرە (١٠٦) مەریوان باسی پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل دەکات ، حزقیال ، داود ، هوشع ، سلیمان ئەمانەش بە هەمان شێوە زیناکەر و داوێن پیس بوونە.

لە لاپەرە (١٠٧)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ئیسلام وەك هەر ئایینێکی تەقلیدی لە نیوە دورگەی عەرەبدا دەرکەوت ، ووتاری ئەم ئایینە لەسەرەتاکانی سەر هەڵدانیدا ڕەهەندێکی میتافیزیکییانەی هەبوو . سفر کرنەوەی بتەکان ، ناساندنی خوا ، وەعزدانی خەڵکی لەسەر برایەتی ... تاد }.

ئێمەش دەڵێین : ئیسلام ئاینێکی تەقلیدی نەبووە بەڵکو تەواو کەری ئایینە ئاسمانییەکانی دیکە و ئاخر ئایینە لە مێژووی ئایینە ئاسمانییەکاندا ، ووتارەکەشی لە قۆناغی مەکەدا میتافیزیکی نەبووە بە تەنها ، بەڵکو فیزیکیشی فەراموێش نەکردووە ، بە گوێرەی پێویستی ئەو کاتە ، چونکە لە قۆناغی مەککەدا کۆمەڵگای ئیسلامی دروست نەبوبوو، تا پێویستی بە جۆرەها یاسا بێت کە لە قۆناغی مەدینەدا هێنایە بەرهەم ، ئەمە شتێکی سروشتییە و ڕەخنە هەڵناگرێ .

لە لاپەرە (١٠٨)دا مەریوان نووسیویەتی:

{ موحەممەد ڕوڵەی ناوچەکەی خۆی بووە ، تا ڕادەیەکی باش لە بەرامبەر نەریت و کلتوور و شارستانییەتی کۆمەڵگاکەی بە ئاگا بووە ، بە هۆی زیرەکییەوە لە خاڵی لاوازی کۆمەڵ شارەزا بووە ، بە ژیانی دانیشتوانی نیوە دورگە هۆشیار بووە) ئەمجا لەسەری دەڕوات و دەڵێت (زیاتر لە سیانزە ساڵی

تەواو خۆی خەریك کرد ، کە بە قۆناغی مەککە ناسراوە بەلام سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا) ئەمجا لە دواییدا دەڵێت : (دەربارەی سەرنەکەوتنی پەیامەکەی موحەممەد لە ماوەی ئەو سیانزە ساڵەدا پرسیار گەلێکی زۆر کراوە و بە چەندین جۆرێش لێکدانەوەی بۆ کراوە ، گرنگترینیان دوو دەر ئەنجامە .

یەکەمیان : ئەم ئایینە نوێیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگا لە پێکهاتەیەکی دەولەتیدا هیچی پێنەبوو .

دووەمیان : پەیوەندی بە سایکۆلۆجی کۆمەڵگاوە هەبوو ، موحەممەد لە هەموو قسە و باسێکی ڕۆشنکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیامەکەیدا داوای کۆمەڵێك ڕەفتار و قەناعەتی لە خەڵکەکە دەکرد کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ حەز و ئارەزووی ڕەووشت و ئاوەزیاندا یەکیان نەدەگرتەوە}.

ئێمەش دەڵێین : بە بۆچوونی مەریوان سەرنەکەوتنی پێغەمبەر (صلی الله علی وسلم) دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی .

یەکەم : (ئەم ئایینە نوێیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوری ... هیچی پێنەبوو) بێگومان ئەم بۆچوونە بۆ ڕاست و نا لۆژیکییە ، چونکە ئەو کاتە کۆمەڵگای مەککە زۆر سادە و بێکێشە بووە و پێویستی بە هیچ یاسایەکی نوێو مۆدرن و پێشکەوتوو نەبووە ، تا پێغەمبەر (صلی الله علی وسلم) نەتوانێت ئەنجامی بدات ، لە لایەکی دیکەوە مەریوان بە زمانی خۆی دەڵێت (موحەممەد ڕۆڵەی ناوچەکەی خۆی بووە ... تاد) ئیدی بۆ ئەو زیرەکییەی تەرخان نەکردووە و بەکاری نەهێناوە بۆ سەرکەوتنی پەیامەکەی ؟ ئەی ئەگەر بۆ کۆمەڵگای مەککە هیچی پێنەبوو ، ئەی بۆ لە مەدینەدا لەو شارە ئالۆزە و فرە ڕەگەزەدا ئەو هەموو سەرکەوتنەی لەهەموو بوارێکدا بە دەست هێناوە ؟

دەربارەی هۆی دووەم کە دەڵێت : پەیوەندی بە سایکۆلۆجی کۆمەڵگاوە هەبووە ... تاد) بەڵێ ئەم بۆچوونە هەندێك پاستی تێدایە ، نەك هەموو پاستییەکان ، چونکە عەرەب خۆ پەرست بوونە ، هەموو کات (أنا)یان لە بیر نەکردووە ، بە پادەیەك هەر شاعیرێك لە هەر بواریکدا شیعری وتوبێت لە پێشدا بە خۆی دەستی پێکردووە . ئەمجا ئەگەر ئەم بۆچوونە هۆی سەرەکییە خۆ دانیشتوانی شاری مەدینەش عەرەب بوون و هەمان سایکولۆجیان هەبووە ، بۆ لەوێ سەرکەوتنی بێ وێنەی بە دەست هێنا ؟ .

لە پاستیدا هۆی سەر نەکەوتنی لە مەککەدا ئەوە بووە ، شاری مەککە سەنتەرێکی گرنگی ئایینی و بازرگانی و پۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ... تاد بووە لە نیوە دورگەی عەرەبدا ، سەروك هۆزەکان و دەسەڵاتدارانی مەککە ، دەترسان کە ئەو ئایینە تازەیە ئەو پلە و پایەیان لە دەست بدات و ئابووری ناوچەکەیان بخاتە مەترسی و خەتەرەوە ، (**وَقَالُوا إِنْ نَتَّبِعِ الْهُدَى مَعَكَ نُتَخَطَّفْ مِنْ أَرْضِنَا أَوَلَمْ نُمَكِّنْ لَهُمْ حَرَمًا آمِنًا يُجْبَى إِلَيْهِ ثَمَرَاتُ كُلِّ شَيْءٍ رِزْقًا مِنْ لَدُنَّا وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ**) [1] جگە لەمەش قورئان هەموو بێبڕوایانی مەککە و باوك و باپیرانی بە بێئەقڵ و نەزان ناو بردووە و ئەو بتانەی دەیان پەرست و کەڕنووشیان بۆ دەبرد و داوای خێر و خێراتیان لێدەکردن ، بە هیچیانی دانا ، لەلایەکی دیکەشەوە هیچ پێغەمبەرێك لە شوێن و جێگای خۆیدا سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە .

١- سورة القصص ، الآية (٥٧) .

چەند تێبینیەکی پێویست

پێش ئەوەی بڕۆینە ناو بابەتێکی تازەوە ، کەباسی (ادم) و (حوا)یە ، وا بەباش دەزانین چەند تێبینیەك بنووسین :

یەکەم : وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە زانایان و بیرمەندان لە کۆنەوە کردوویانە و ئێستاش دەکرێت، ئایا بۆ خوای گەورە ئەم کەونەی دروستکردووە و چ پێویستییەکی پێیەتی ؟

دەڵێین : ئەگەر خوا ئەم کەونەی دروست نەکردایە و هەر خۆی بەتاکو تەنها ببوایە ، ئەو کاتە چۆن خوایەتی دەردەکەوت و دەناسرا و هەست بەناوە جوانەکانی دەکراو پێی دەوترا (خالق ، قادر، غفور ... تاد)، وەبۆ ئەوەی مەبەستەکەمان زیاتر روون بکەینەوە نموونەیەك دەهێنینەوە :

ئەگەر پیاوێك گوندێکی گەورەی هەبێت و زەوی و زارێکی زۆری بە پیتی تێدابێت و جۆگەی ئاو بەناویدا تێپەڕ بێت ، بەڵام ئەو خاوەن دێیە هیچ سوودێکی لێنەبینێت ، ئایا بەو پیاوە دەوترێت دەوڵەمەندو خاوەن موڵك ؟ بەهەمان شێوەش ئەگەر خوا ئەم کەونەی دروست نەکردایە بەو جوانییە ، ناوە جوانەکانی دەنگ و ڕەنگی نەدەدایەوە و نەدەناسرا .

دووەم : یاسایەکی خوایی هەیە هەستی پێ دەکەین، ئەویش ئەوەیە ، ڕووناکی نە لەحاڵەتی زۆریدا دەبینرێت ، نە لەحاڵەتی کەمیشدا ، هەروەها دەنگ و ڕەنگ و بۆن ... تاد ، بەهەمان شێوەش خوای گەورە لەبەر زۆر ئاشکرابوونی نابینرێت ئەوەتا لە (زەڕەوە تا مەجەڕە) هەمووی شاهێدی خوایی بۆ دەدەن .

سێیەم :یاسای (الزوجیە) لە زیندەوەر و غەیری زیندەوەردا (سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنْبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنْفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ)[1]، بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە ئەم کەونە بە ئەقڵێکی تەواو تەواوەوە دروستکراوە .

خوێنەری بەڕێز : تەماشا بکە و بیربکەرەوە ئەمە چ هێزێکە نێرو مێی لە هەموو گیان لەبەرێکدا وەك یەك دروستکردووە ،نێرێك بەرانبەر مێیەك ، ئایا ئەم یاسایە بۆ جارێك بەڕێکەوت هەڵەی نەکرد لە جۆرێکی زیندەوەرەکاندا ، هەمووی مێ بێ یان هەمووی نێر .

چوارەم : یاسای باڵندەکان ئەگەر لێی ورد ببینەوە ئەویش سەرسوڕهێنەر و لە ئەقڵ بەدەرە .

ئەو باڵندانە دوو جۆرن : جۆرێکیان لەسەر چڵ و گڵای دار هێلانەو هێلکە دەکەن ، یان لە کونی شاخەکاندا ، ئەمانە یان دوو هێلکە دەکەن یان سێ ، وەکو کۆتر و هەڵۆ و.....تاد ، لەبەر ئەوە لەو جێگانەدا جێگەی هێلکەی زۆری لێنابێتەوە ، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر جوجگی زۆر بهێنرێتە بەرهەم ، ناتوانرێت بە دەندوك ماوەیەکی زۆر تا باڵەفڕە دەبن خواردنیان بۆ دابین بکرێت .ئەمجا لەکاتی کڕبونیاندا ، یەکێ لەو نێرو مێیانە دەگەڕێ بەدوای خواردندا ئەوی تریش یەکسەر لەسەر هێلکەکان دەنوێت تا سارد نەبێتەوە .

جۆرێکی دیکەشیان لەسەر زەوی هیلکە دەکەن وەکو مریشك و کەو و سوێسکە .... تاد ، ئەم جۆرەیان هیلکەی زۆر دەکەن لەبەر ئەوە لە زەویدان و شوێنی زۆر هەیەو لەکاتی هەڵهێنانی جوجکەکانیشدا دایکەکە زوو بە زوو فێری

١- سورة یاسین ، الایة (٣٦) .

له ئیعجازی قورئانەوە وەڵامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

خواردنیان دەکات ئیتر خۆیان خواردن دەدۆزنەوە و دەیخۆن ، ئەم جۆرەیان مێیەکە بەتەنها لەسەر هێلکەکان دەنوێت لەکاتی کڕیدا ، چونکە خواردن نزیکی خۆیەتی و زوو دەگەڕێتەوە بۆ سەر هێلکەکانی پێش ئەوەی سارد ببێتەوە .

ئەفسانەی ئادەم و حەوا

لەلاپەڕە (١١٠) دا مەریوان ئەم ناونیشانەی سەرەوەی نووسیوە و دەڵێت :

{لە بیرو باوەڕی ئیسلامدا ، حەوای ژن بۆ پرکردنەوەی تەنیایی و چەشتنی خۆشییەکانی ئادەمی پیاو دروستبووە . ئەو کاتەی حوا ئادەمی دروستکرد ، بڕیاری نەدابوو حەوا دروستبکات .دواتر کە ژانی ئادەم لە ناو تەنیاییدا گەوزاوە و نازانێ چۆن ژیان بگۆزەرێنێ ، گەڕایەوە سەر لەوحی مەحفوز و لە ڕێزبەندی دروستکراوەکاندا ناوی حەوای زیاد کرد . لە قورئاندا نووسراوە (**هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا**) [١] .

ئەو (حوا) ئێوەی لە یەك نەفس دروستکردووە هەر لەو نەفسە ژنێکی دروستکرد بۆ ئەوەی (پیاوەکە) ئارامی لێوەربگرێت }.

ئێمەش دەڵێین : ئەم قسانەی مەریوان دەیکات زۆرتر خۆی ئاشکرا دەکات و لای خوێنەر سووکتر دەبێت و بە بێبەها و ڕێز لە قەڵەم دەدرێت .

خوای گەورە ، کاتێك ئادەمی دروستکرد ، هەر لەوکاتەشدا

بڕیاری دابوو حەوایش دروست بکات ، بۆ ئەوەی هەردووکیان پێکەوە و لەدوای ئەوانیش نەوەیان ئەم دونیایە ئاوەدان و تەعمیر بکەن (**وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً**) [١] ئەمە ڕاستییەکەیە و پێچەوانەکەشی ناراست و ناتەواوە و بوختان و درۆکانی مەریوانیش بڕ بە هیچ شوێنێك ناکەن

١- الاعراف – الاية (١٨٩) .

١- سورة البقرة ، الاية ، (٣٠) .

و هیچ کەسێکی ئاقڵیش پێ ناخڵەتێ .

لەلاپەڕەی (١١١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ إن المراة خلقت من ضلع .ئافرەت لە پەراسوو دروستکراوە .

لە ئیسلامدا بەم شێوەیە یەکەم رەگەزی مێ دروستبووە ، ئەم رەگەزە (حەوا) وەك رەگەزی نێر وەك (ئادەم) ئاقڵ نییەو وەك ئادەم لەشی تەواو نییە ، بەڵکو حەوا لە پەراسوویەکی خواری ئەو دروستبووە ،حەوای ژن مرۆڤێکی تەواو نییە بەڵکو تەواو کەرە ، حەوای ناتەواو بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و سرینەوەی نارەحەتییەکانی پیاو دروستبووە (لیسکن الیها) تا ئارامی لێوەربگرێت }.

لەوەڵامدا دەڵێین : مەریوان هەر لەخۆیەوە دەنوسێت بێئەوەی لە نووسینەکەیدا پاستییەکی تێدا هەبێت .ئەوەتا دەڵێت :(حەوا وەك رەگەزی نێر وەك ئادەم ئاقڵ نییە) ئەم بۆچوونە لەهیچ دەقێکی قورئاندا یان لە هیچ فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (صلی الله علی وسلم) نەهاتووە ، ئەگەر ئەم ووتە پاستبوایە دەبوایە حەوا بەتەنها لەبەهەشت دەربکرایە ، ئەمجا دەڵێت : (حەوای ژن مرۆڤێکی تەواو نییە ، بەڵکو تەواو کەرە) ئەم بوچونەش تێنەگەیشتن و دەبەنگی مەریوان زیاتر ئاشکرا دەکات ، چونکە ئەو لەیەك لاوە تەماشای مەسەلەکە دەکات ، ئەو هەر ئەوەندە دەزانێت حەوا تەواوکەرە ئیتر بیری لەوە نەکردووەتەوە تەواوکەر پێویستی بەتەواوکراوێك هەیە کە لێرەدا ئادەمە ، واتە لەم مەسەلەدا دوو ناتەواو تێبینی دەکرێن ،ئەگەر یەکێکیان حەوا بێت ، بێگومان دەبێ ئەوی دیکەشیان ئادەم بێت ، ئەم دووانە تەواوکەری

یەکترین،هەردوکیان وەك و یەك ، لێرەدا بەهیچ شێوەیەك ڕاست نییە بە حەوا بووترێت تەواوکەر و بەئادەم نەوترێت تەواوکراو .

بۆ وەلامی ئەوە کە دەڵێت : (حەوای ناتەواو بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و سڕینەوەی ناڕەحەتییەکانی پیاو دروستبووە (لیسکن الیها – تا ئارامی لێوەربگرێت) دیسانەوە (**عادت حلیمه الی عادتها القدیمه**) جارێکی دیکە مەریوان نەزانی خۆی دەردەخات کە باسی سڕینەوەی ناڕەحەتییەکانی پیاو دەکات بەتەنها ، ئەی بۆ ژنی لەبیرچووە ؟ ئەم دووانە هەردووکیان پێکەوە کامەرانی و خۆشی بۆ یەکتر دروستدەکەن بێجیاوازی، خۆ ئەگەر بەڵگەی ڕستەی (لیسکن الیها) بێت ،ئەوە لە ڕاستییەوە دورە ، لەبەر ئەوە هەرچەند خوای گەورە ڕاستەوخۆ باسی ئادەمی کردووە ، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (لتسکن الیە) تێبینی دەکرێت ، چونکە ئارامبوون و چێژ وەرگرتن لەیەك لایەکەوە نابێت ، هەر وەکو ئامرازی پەیوەندی (الی) ئاماژەی بۆ دەکات .

لەلاپەڕە (١١١) مەریوان دەڵێت:

{ تەنها خوای ئیسلام دەزانێ حیکمەتی دروست بوونی حەوا لە پەراسووی پیاو لە چیدایەو بۆچی بەو کەم و کوڕییە دروستی کردوون ! دەکرا حەواش وەك ئادەم بەتەواوی دروست بکرایە ،بەم پێیەش چارەسەری زۆربەی ئەو کێشانە دەکرا کە لەسەر ئەم نیوە ناچڵییە کاریگەری چینایەتی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری جێهێشتووە } .

ئێمەش دەڵێین : خوای گەورە ئادەم و حەوای بەم جۆرە دروستکردووە، تاوەکو ئەو دووانە لەحەزوو ئارەزوودا وەك یەك بن و لە ژیانیاندا هەست بەجیاوازی نەکەن خۆ بەووشەکانی (کن فیکون) دەیتوانی ئادەم و حەوا بەباشترین شێوە دروست بکات ، کە هیچ ناخۆشی و کێشەیەك لە نێوانیاندا روو نەدات ، بەڵام ئەگەر وابووایە ، ئەوکاتە باش و خراپی نەوەی ئادەم و حەوا و نەوەکانیان نەدەزانرا و دونیاش نەدەبووە کێڵگەی قیامەت .

لەلاپەڕە (١١٢)دا مەریوان نووسیویەتی :

فوسوس لهما الشیطان {(**فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ**) . حەوا فریو دراوو لەهەمان کاتیشدا فریودەرە .لەلایەنی شەیتانەوە فریودراو ئەویش ئادەمی فریوداو ئیمانداراني ئیسلامی بەرەو چارەنوسێکێ ناديارى برد کە تا ئەبەد پێوەی بتلێنەوە ، سەرباری نا لۆژیکی هەموو چیرۆکەکە ، لۆژیکی نییە بەخواردنی بەرهەمی درەختێك کە زەرەری بەهیچ کەسێك نەگەیاندووە ئەو دووانە لەبەهەشت دەربکرێن ، لە چەندین ئایەتی قورئاندا کەبەسەدان ئایەت دەژمێردرێت باس لە بەزەیی و میهرەبانی بێ سنووری خوای ئیسلام کراوە ، لەوەش نالۆژیکی تر ئەوەیە هەموو ژنانی دونیا بەهۆی هەڵەی حەوای ژنەوە بکەونە بەر سزای خوا ، کەئەویش تەڕی ژنانە . ئەوەی بڕیاری ئەم سزایەشی دەرکرد هەر خۆای دلۆقان بوو ! حەوا لەبیرو ڕای ئیسلامدا ، دایکی گەورەو یەکەمی هەموو ژنەکانی دونیایە . خوا بۆ خۆشییەکانی ئادەمی پیاو دروستی کردووە ، کەواتە هەموو ژنەکانی دیکە بۆ خۆشییەکانی پیاوان دروست بوون .

جا لەبەر کەم ئەقڵی حەوا کە بووە هۆی دەرپەڕاندنی ئادەم لە ژیانێکی تەواو خۆشەوە کەبەهەشتە بۆ ژیانێکی تەواو پڕ لە کێشەی سەر زەوی ، کەواتە هەموو ژنانی دونیا کەم ئەقڵن ، لێرەوە هەموو حەواکانی دونیا کەوتنە بەر ڕق و هەڕەشەی خوا و دەبێت هەموو ژنەکان بەر ئەو سزایەبکەون و وەك حەوا تووشی تەڕی مانگانە بن } .

لەوەڵامدا دەڵێین : وا بەباش دەزانین بەچەند خاڵێك وەڵامەکەمان بنووسین :

یەکەم: سزادانی ئادەم و حەوا و دەرکردنیان لەبەهشت لەبەر خواردنی بەرهەمی درەختێك نەبووە ، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە بێ ئەمری خوایان کردووە و خەڵەتاون بەقسەی شەیتان و فەرمودەکەی خوایان لەبیرچووەتەوە کە دەفەرمووێت : (**وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ**) [1] لەلایەکی دیکەوە ، تاوەکو سزادانیان ببێتەپەندو دەرس بۆ نەوەکانیان لە دواییدا.

دووەم : توشبوونی حەوا بەتەڕی ژنان و هەموو ژنان لەدواییدا بۆ سزادانی ژنان نەبووە ، بەڵکو بۆ ئەوەبووە تا دووگیانی ژنان و (عیددەیان) و سك نەکردنیان و باڵقبوونی کچان بزانرێت .

سێیەم : زۆر جار مەریوان باسی کەم ئەقڵی ژنانی کردووە ، ڕاستە لەفەرموودەیەکدا هاتووە (ناقصات عقل) واتە ئەقڵیان نوقسانە و تەواو نییە . ئەم ووشەیە جیاوازی هەیە لەکەڵ ووشەی (قلیل العقل) واتە کەم ئەقڵی ، چونکە ئەگەر گوتمان : ئەقڵی نوقسانە ، مانای ئەوەیە ئەقڵی هەیە بەڵام تەواو

١- سورة البقرة ، الآية (٣٥) .

نییە، خۆ بەو پێیە پیاویش ئەقڵی تەواو نییە (الكمال لله) بەڵام فەرموودەكە باسی ژنانی كردووە ، لەبەر ئەوە ئەوان زیاتر جێگەی مەزەندەن .

لەلاپەرە (١١٣) مەریوان نووسیویەتی:

{ بەپێی ئەفسانەكان بەخواردنی درەختەكە هەست بەرووت و قووتی خۆیان دەكەن بەگڵای درەختی بەهەشت پێش و دوایاندادەپۆشن . (**فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ**) [١] .

جا كاتێك تامی درەختەكەیان چەشت ، عەیب و عاریان بۆ یەكتر دەركەوت ، یەكسەر هەوڵیاندا بەگڵای درەختەكانی بەهەشت خۆیان داپۆشن .

ئێمە نازانین بۆچی خوای ئیسلام چۆك و زێ (ك ، ق) بەعەیب و عار و خراپی مرۆڤایەتی (سوأتهما)دەزانێت ! بەهەشت ، كە جێی هەموو خۆشییەكانە و لەهەموو خەفەتێك دوورە ، بۆچی مرۆڤ تێیدا هەست بەخەراپی و عەیب وعار بكات ؟ جیهانێكی چۆڵ و هۆڵ جگە لەئادەم و حەوا هیچ گیانلەبەرێكی دیكەی تێدا نازی ، چ پێویست بە داپۆشینی داوێن دەكات و خۆیان لەچاو یەكتر بشارنەوە ؟ بێئەوەی هیچ كرداریكی سێكس كرابێت یاخود باسیشی كرابێت ، بۆ سەیركردنی ئەندامەكانی سێكس حەرام كرا ؟ ئیسلام وەلامی ئەمانەی پێ نییە ، تەنها ئەوە نەبێت خۆمان خوێندنەوەی بۆ بكەین و بڵێین : یەكەم كێشە كە خوا بۆ دەروون و خەیاڵەكانی ئادەمیزادی دروست كردبێت داوێنی بووە ! لێرەوە پێشبینی بۆ كێشەی گەورە لەلامان دروست بوو . لەلایەكەوە حەوا بوو بە كون و جێی ڕابواردن ، ئادەمیش بووبە

١- سورة الاعراف ، الآية (٢٢) .

کـون کـەر و وێنـە سێکسـیەکانی هەوەسـی پیـاو .لەلایـەکی دیکەشـەوە هـەردووکیان بوونـە دیمەنـەکانی خـەتا ، یـەکێکیان گوناهبـارە ئـەوی دیکـەیان تاوانبارە }.

ئێمەش دەڵێین : مەریوان لـەخودا رەخنـە دەگرێت و دەڵێت : (ئێمـە نـازانین بۆچی خوای ئیسلام چۆك و زێی بەعەیب و عار و خراپی مرۆڤایەتی دەزانێت) **دەڵێین** : بامەریوان تەماشای زیندەوەران بکات ، تا بزانێت خوای گەورە چۆك و زێیانیداپۆشـیوە ، بـەدووگ ، یـا بـەکلك ، یـان بەپـەڕ ... تـاد . ئایـا مـرۆڤ لای مەریوان لەزیندەوەرەکان کەمتر و بێنرختـرە ؟ ئەگەر خوا (چۆك و زێـی) نـەوەی نـادەمی دانەپۆشـیوە لەبـەر ئەوەیـە کـە (فطـرة) ی پێیـان بەخشـیوە و هانیانـدەدات کـە عـەورەتیان دابپۆشـن ، بـەڵام ئەگـەر کەسـێك ئـەو ئەقڵـەو (فطرة)یەی لەدەستدا بێگومان ئەوە لـەریزی مرۆڤایـەتی دەردەچێت و قسـەکانی بەهیچ دەدرێ لەقەڵەم .

ئـەمجا کاتێـك ئـادەم و حـەوا خۆیـان بـەروتی بینـی هەسـتیان بەحـەیاو شەرمکرد ، چونکە بڕوایان وابو کە خوا بەو جۆرە دەیانبینێ ، بۆیـە یەکسـەر بەگڵای دارەکان خۆیان داپۆشی تا ئەو ڕووتییە نەبێتە تاوانێکی دیکە .

خوێنەری بەڕێز ئیسلام دینی(فطـرە)یـە بەڵگـەش ئەوەیـە دەتوانیت تەماشای ئـەو موسـوڵمانانە بکـەیت کـە تـەواف (کعبـە) دەکـەن و لـەلای چـەپەوە سـوور دەخۆن بە دەوری (کعبە)دا وەکو زەوی و ئەستێرەکان ... تاد .

لە لاپەڕە (١١٣)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ئەم بۆچوونە بەرهـەمێکی هێنایـە بەرهـەم یەکـەم تـاوانی تیرۆر و کوشـتن ، کـە خـوا لـە چارەی نـەوەکانی ئـادەم و حـەوای نوسـیبێت ، لەسـەر سـێکس بێت ،

ئەمەش پوویدا ! بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەسەر سێکس قابیل هابیل دەکوژێت .

(فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ) .

دڵو دەروونی هێنای کە براکەی بکوژێت ، ئەوە بوو کوشتی .کاتێك ئادەم و حەوا لەسەر زەوی ژیانیان بەسەر دەبرد ، لە یەك زك و زادا ، دوو منالیان بووە ، حەوای ژن لە دوای یەکزك پڕ بوون کوڕێك و کچێکی بووە ، بۆ جارێکی دیکە دوو منداڵی تر . واتە کوڕێك و کچێکی دیکەی بووە ، بۆ ئەوەی نەوەیان زیاد بکات ، خوشك و برای لە دایکبووی یەکەم مارە برابوون لەگەڵ خوشك و برای لە دایکبوونی دووەم . هەموویان خوشك و برا بوون و دەبوونە ژن و مێردی یەکتر . کەس بە دانایی ئەم کارەی خوای ئایینە یەکانەییەکان نازانێت ، بە تایبەت ئیسلام کە پێی لەسەر ئەم پاستییە داگرتووە ، ئەفسانەکانیش هیچ شتێکیان لەو بارەیەوە پێنەوتووین .

قابیل لەبەر جوانی خوشکەکەی ، بە پەوای نەبینیوە هابیل مارەی بکات . بۆیە دەیکوژێت ، لە کاتێکدا هیچ نێرینەیەکی دیکە نییە ئەم خوشکەی لێ مارە بکات و ببێتە هۆی وەچە خستنەوە} .

لە وەلامدا دەڵێن : با لە پێشدا بڕوانە خزمەتی تەفسیری (الجلالین) کە دەفەرموێت : (واتل) یا محمد (علیهم) علی قومك (نبأ) خبر (إبني آدم) هابیل و قابیل (بالحق) متعلق بأتل (إذ قربا قربانا) إلی الله وهو کبش لهابیل و زرع لقابیل (فتقبل من أحدهما) وهو هابیل (و لم یتقبل من الآخر) وهو قابیل ، بأن نزلت نار من السماء فأکلت قربانه ، فغضب و أضمر الحسد في

نفسه ، إلى أن حج آدم (**قال لأقتلنك**) قال لم ؟ قال تقبل قربانك دوني (قال **انما يتقبل الله من المتقين**) [1] .

ئیمەش دەڵێین : بە گوێرەی دەقی ئایەتەکە و ڕاڤەی سەرەوە ئەو کوشتنە لەسەر ئەوە بووە کە خوا خێر و قوربانی لە هابیل وەرگرتووە ، چونکە بەرانبێکی باشی کردووە بە خێر ، بەڵام لە قابیلی وەرنەگرتووە ، لەبەر ئەوە زەرعێکی خراپی کردووە بە خێر ، بۆیە قابیل حەسودی بە هابیل بردووە و کوشتوویەتی ، ئیتر هەر ڕاڤەیەکی دیکە بۆ ئایەتەکە بکرێت ڕاستنیە و بوختانەکەی مەریوانیش کە دەڵێت (قابیل لەبەر جوانی خوشکەکەی بە ژەوای نەبینیوە ... تاد) دووڕە لە ڕاستییەوە و ئەو باسەی تەفسیری (الخازن) کە دەڵێت : (ذكر اهل العلم بالأخبار و السير أن حواء كانت تلد لآدم في كل بطن غلاما و جارية ... إلخ) (ئیسرائیلیاتە)و نابێت بە بەڵگەو جێگەی متمانە نییە .

لە لاپەڕە (١١٤)دا مەریوان نووسیویەتی :

{دەتوانین بڵێین : قابیل لە پێناوی دامرکاندنەوەی حەز و پاڵنەڕە سێکسییەکانی خۆی لەگەڵ هەردوو خوشکەکەیدا سێکسی کردووە . بۆ یەك خوشکیان ڕاستە و ئەفسانەکانی قورئان و مێژووی ئیسلام دانی پێدا دەنێن ، بۆ خووشکی دووەمشیان گریمانەیە . دەخوازرا وەك چۆن خوا ئادەم و حەوای لە قۆڕ دروست کرد ، دەکرا هەر بەو شێوەیەش ئادەم و حەوایەکی تری لە تەختە دروست بکردایە ، تا ئەم دوو خێزانە لە نێوان خۆیاندا زەواجیان

١- تفسير الجلالين ، سورة المائدة ، الآية (٢٥) .

بکردایە ، ئەنجامیش نە خوشك و برا لە یەکتر مارە دەکران نە کەسیش کوشت و بڕ دەکرا و نە نەوەکانی خواپەرستانی ئیسلامیش دەبوونە حەرام زادە) .

ئێمەش دەڵێین : ئەم نووسینەی مەریوانە هی کەسێکی ڕەخنە گر و هۆشیار نییە ، بەڵکو هی یەکێکە پێشەکی خۆی ئامادە کردبێت بۆ تانە و تەشەر و دژایەتی ئیسلام .

ئێمەی موسوڵمان بڕوامان بە قورئان و بەو ئایەتانەیە کە باسی ئادەم و حەواو هابیل و قابیلیان کردووە ، لامان گومانی تێدا نییە کە خواردنی درختەکە لەلایەن ئادەم و حەواوە وکوشتنی قابیل هابیلی برای، بە ویستی خوا بووە تاوەکو ببنە پەند و دەرس بۆ نەوەکانی ئادەم و حەوا لە دواییدا . خۆ ئەگەر خوا نەیویستبایە نە ئادەم و حەوا درختەکەیان دەخوارد و نە قابیلیش هابیلی دەکوشت و دونیایەکی کامەران و بێ کێشەی دروستدەکرد ، بەڵام ئەمە دژی ویست و حیکمەتی خوایە لە دروست کردنی ئەم کەونەدا .

ئینجا بۆ ئەو بوختانە کە دەڵێت : (دەتوانین بەڵێین قابیل لە پێناوی دامرکاندنی ... لەگەڵ هەردوو خوشکەکەیدا سێکسی کردووە) . ئەمەش پێویستی بە بەڵگە هەیە و ڕاست نییە ، چونکە ئایەتەکە ئاماژەی بۆ نەکردووە ، ئێمەش بیر و باوەڕمان لە ئایەتەکانەوە وەردەگرین و هیچ زیادەیەکی ناخەینە سەری و دەوەستین . لە لایەکی دیکەوە ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت (**فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي الْأَرْضِ لِيُرِيَهُ كَيْفَ يُوَارِي سَوْأَةَ أَخِيهِ قَالَ يَا وَيْلَتَا أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَذَا الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَوْأَةَ أَخِي فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ**) [1] .

١- سورة المائدة ، الآية (٣١) .

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

بەڵگەیەکی ئاشکرا وحاشا هەڵنەگرە کە قابیل پەشیمان بووەتەوەو تۆبەی کردووە ، ئیتر چۆن دەڕواتە ئەقڵەوە لە دوای ئەو تاوانە گەورەیە جارێکی دیکە سنووری خوا ببەزێنێت و لەگەڵ خوشکی هاوسکیدا سێکس بکات ئەگەر بۆی حەرام بوبێت .

یوسف و سیناریۆی سێکس

لەلاپەڕە (١١٦) دا مەریوان ئەم ناونیشانەی سەرەوەی نووسیوە و دەڵێت :

{ لە قورئاندا بەدورو درێژی ، چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەربارەی پەیامبەرێك باسکراوە ،سیناریۆکە بەدەر نەبووە لە سێکس. قارەمانی ئەم چیرۆکە (یوسف) پەیامبەرێکە لە پاکداوێنیدا وێنەی نییە ، دواتر بەهۆی کێشەیەکەوە دەگاتە کۆشکێك و ماوەیەك لەژێر سێبەری دەسەلاتی خاوەن ماڵەکەدا ژیان بەسەر دەبات ، لەگرتەیەکدا ژنی ماڵەکە داوای مومارەسەی سێکسی لێدەکات ،ئایەتەکانی قورئان بەم شێوەیە ئەم کورتە فیلمەمان بۆ باسدەکات :

(وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَنْ نَفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الْأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ (٢٣) وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَا أَنْ رَأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ)} .

ئێمەش لەوەڵامدا دەڵێین : با لە پێشدا بڕۆینە خزمەتی (صفوة التفاسير) کە دەفەرموێت :

(**وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَنْ نَفْسِهِ**) هذه المحنة الثالثة بعد محنة الجب ، والاسترقاق . (والمراودة) الطلب برفق ولين ، كما يفعل المخادع بكلامه المعسول ، المعنى طلبت امراة العزيز التي كان يوسف في بيتها منه ان يضاجعها ، ودعته برفق ولين ان يواقعها ، (وغلقت الابواب) اي غلقت الابواب عليها وعلى يوسف وأحكمت اغلاقها (وقالت هيت لك) اي هلّم واسرع الى الفراش فليس ثمة ما يخشى (**قال معاذ الله**) اي عياذاً بالله من فعل السوء (انه ربي احسن مثواي) اي إن زوجك هو سيدي العزيز الذي اكرمني واحسن

تعهدي ، فكيف اسيء اليه بالخيانة في حرمه (إنه لا يفلح الظالمون) أي لا يظفر الظالمون بمطالبهم ، ومنهم الخائنون المجازون الاحسان بالسوء (**ولقد همت به**) أي همت بمخالطته عن عزم وتصميم عزما جازماً على الفاحشة لا يصرفها عنها صارف (**وهم بها**) أي مالت نفسه بمقتضى الطبيعة البشرية وحدّثته نفسه بالنزول عند رغبتها حديث نفس دون عزم وقصد (**لولا أن رأى برهان ربه**) جوابه محذوف أي لولا حفظ الله و رعايته ليوسف وعصمته له لخالطها وامضى ما حدّثته نفسه به (**كذلك لنصرف عنه السوء**) أي ثبتناه على العفة أمام دوافع الفتنة والاغراء لنصرف عنه المنكر والفجور ، وهذه آية بيّنة ومحجة قاطعة على انه عليه السلام لم يقع منه همّ بالمعصية ولو كان كما زعموا لقال (**لنصرفه عن السوء والفحشاء**) . (والفحشاء) أي لنصرف عنه الزنى الذي تناهى قبحه ، (**انه من عبادنا المخلصين**) أي الذين اخلصهم الله لطاعته [1]

ئێمەش دەچینە خزمەتی ئایەتەکان و بەبۆچوونی خۆمان راڤەیان دەکەین : (وراودته) واتە بە قسەی نەرم و قوربان و سێقە داوا لە دوولاوە دەستی پێکرد ، ئەم ووشەیە لەسەر وەزنی (فاعل) هیە ، بۆ بەشداربوون (مشاركة) بە کار دەهێنرێت (**عن نفسه**) ئامڕازی (عن) بۆ دوریيە ، واتە ژنەکە بەقسەی نەرم و قوربان و سێقە داوای کردنی کرد ، یوسفیش بەهەمان شێوە داوای نەکردنیکرد ، بەواتەیەکی دیکە ، قوربان و سێقە لەهەردوو لاوە بوو ، ژنەکە بۆ کردن ، یوسفیش – بەبەڵگەی – عن نفسه – بۆ نەکردن ، (**وغلقت الابواب**) ئەم کرداره لەسەر وەزنی (فعّل) یە و شەددەی تێدا زیادکراوە ، بۆ زیادبوونی

١– صفوة التفاسير ، سورة يوسف ، الآيات (٢٣ ، ٢٤) .

ماناکەی ، واتە دەرگاکانی بەتوندی پێوەدا (**معاذ الله إنه ربي**) بەرای زانایانی تەفسیر ڕاناو لەووشەی (إنه) دا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەن ماڵەکە (عەزیز) بەڵام بەڕای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی (الله) لەڕستەی (**معاذ الله**)دا لەبەر ئەوە : یەکەم : بەگوێرەی ڕێزمانی عەرەبی ، ڕاناو دەگەڕێتەوە بۆ نزیکترین ناوی باسکراوی گونجاو ، کە لێرەدا ووشەی (الله) یە لە ڕستەی (**معاذ الله**) دا ، نەك بەمەزەندە بگەڕێتەوە بۆ خاوەن ماڵەکە بێئەوەی باسیش کرابێت .

دووەم : خوا لەئایەتی (٢٥) دا دەفەرموێت (**والفيا سيدها لدى الباب**) واتە (سید) ی ژنەکە نەك یوسف ، ئیتر چۆن یوسفی ئیماندار مەبەستی خاوەن ماڵەکەیە لە ڕستەی (انه ربي احسن مثواي) لەکاتێکدا دەزانێت خوا بەتەنها خاوەنێتی و خاوەن ماڵەکە خاوەنی خۆیشی نییە ؟ (ولقد) پیتی (ل) ڕۆیشتووەتە سەر وەڵامی (قسم) وەووشەی (قد) بۆ تاکیدە (همّت به) واتە ژنەکە نیازی کرد (وهمّ بها لولا ان رای برهان ربه) واتە ئەگەر یوسف بەڵگەو موعجیزەی خوای نەدیبایە ئەویش نیازی دەکرد ، لێرەدا مەبەست لە موعجیزەی خوا شتێك نییە تەنها بۆ یوسف بێت ،بەڵکو ئەم کەونە لە بچوکترین دروست کراوێوە تا گەورەترین موعجیزەی خوای گەورەیە و هەندێك دەیبینن و هەندێکیش نایبینن .

لەم بڕگەیەدا بەبۆچونی زۆربەی زانایانی ڕێزمان و تەفسیر ڕستەی (وهمّ بها) نابێتە وەڵامی (لولا) چونکە لایان وایە وەڵامی (لولا) پێش خۆی ناکەوێت ، بەڵام بەڕای ئێمە لەم ئایەتەدا ، ئەم ئیعرابە ڕاست نییە لەبەر ئەوە هیچ بەڵگەیەك بۆ پەسەندی ئەم بۆچونەیان نییە ، جگە لەوە نەبێت زۆربەی وەڵامی

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

(لولا) کەوتووەتە دوای خۆیەوە . **ئێمە دەڵێین** : ئەگەر لێرەدا ڕستەی (وهمَ بها) بکرێتە وەلامی (لولا) دەگەینە ئەم ئەنجامە :

یەکەم : ئایەتەکە بەتەواوی مەبەستی خۆی دەپێکێت .

دووەم : یوسفیش لە (همَ) واتە نیازی کردن دوور دەکەوێتەوە کە جێگەی ڕەخنەیە.

سێیەم : بەزۆر و ناڕەوا پەنا نابرێتە (تەقدیر) کردنی وەلامی (لولا) .

چوارەم : زانایانی تەفسیریش لە کێشەی مانای (همَ) ڕزگاریان دەبێت .

پێنجەم : مەریوانیش دەگەڕێتەوە (بخفی حنین) .

(**لنصرف عنه السوء والفحشاء**) لێرەدا پیتی (عن) بۆ دوریيە ، وە ووشەی (السوء) واتە(نیازی کردن) وە ووشەی (الفحشاء) واتە مانای(خراپە) . ئەمجا مانای ئەم بڕگەیە : (نیازی خراپەمان لە یوسف دوور خستەوە) بەمە دەردەکەوێت (کە نیازی خراپە و خراپەکردن) ئەوان هاتوون بۆ لای یوسف نەك یوسف ڕۆیشتووە بۆ لایان ، چونکە ئەگەر وابوایە دەیفەرموو (لنصرفه عن السوء والفحشاء) .

هاجەر خانم

له لاپەرە (۱۱۸)دا مەریوان ئەم ناونیشانەی سەرەوەی نووسیوەو دەڵێت:
{ لـە چـیرۆکە ئایینییەکانـدا ، سـەربڕینی پەیامبـەرێك لەلایـەن باوکـە پەیامبەرەکەیـەوە بەناوبانگـە ، ئەفسـانەکان بـە شـێوەیەك بـاس لـەم ڕووداوە دەکـەن کـە سـارەی ژنـی ئیبراهیمـی پەیامبـەر کـە نیزەکێکـی هـەبووە بـە نـاوی هاجـەر ، دوای تێپەڕبوونی تەمـەنێکی زۆر ئیبراهیم و سـارە بـە وەجـاخ کـوێری دەمێننـەوە ، ئیبراهیم پەیوندی سێکسی لەگـەڵ هاجـەری کەنیزەکدا بەستووە و دوو گیانی کردووە . سارە بەمە دەزانێت و دوای ناڕەزایی سوێند دەخوات سێ ئەندام لە لەشی هاجەر ببڕێ ! هاجەریش لە ترسی هەڕەشەکانی سارە ڕادەکات و خۆی دەشارێتەوە ، لـە دواییدا ئیبراهیم و هاجـەر بـە نهێنـی یـەك دەگرنـەوە . هاجەر منداڵێکی دەبێ و ناوی دەنێ ئیسماعیل ، بۆ ئەوەی سارە پێیان نـەزانی ، یاخود وەك لە ئەفسانەیەکی دیکەدا هاتووە سارە پێی زانیـون مـەرجی ئـەوەی لەگەڵ ئیبراهیم کردووە : دەبێت هـەردووکیان (هاجـەر و ئیسماعیل) ببات بـۆ شـوێنێکی زۆر دوور و بـێ ئـاو و نـان و بگەڕێتـەوە ، تـا لەبرسـا و تینوێتیـدا بخنکـێن ، ئیـبراهیمیش بـە قسـەی سـارەی ژنـی دەکـاو لـە بیابـانێکی گـەرمی خۆرەتـاوو چـۆڵ و هـۆڵـدا جییـان دەهێڵێـت ، هـەر چـەند هاجـەر لـە ئیـبراهیم دەپاڕێتـەوە کـە لـەو شـوێنە ووشـك و بـێ نـان و ئـاوو چـۆڵەدانییەدا جێیـان نەهێڵێت ، بەڵام (ابراهیم) ئاووڕیان لێناداتەوە .
لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ئیسلامدا بـەم شـێوەیە (ابن عباس) چیرۆکی هاتنی ئیسماعیل بۆ نیوە دورگەی عەرەب دەگێڕێتەوە .

(به کورتی) : یەکەم کەسێك هاتە ئەم ناوچەیەوە (مەککە) دایکی ئیسماعیل بووە ، بۆیە ئەم ناوچەیەی هەڵبژارد تا خۆی لە سارا بشارێتەوە ، ئەو سەردەمە کەس لە مەککەدا نەدەژیا ، ئاویشی تێدا نەبوو ، چۆڵەوانی بوو . پێش ئەوەی ئیبراهیم بە جێیان بهێڵێت ، مشتێك خورماو کونەیەك ئاو لەلایان جێدەهێڵێت ، هاجەر دوای دەکەوێت و پێی دەڵێت : (ئەی ئیبراهیم بۆ کوێ دەڕوێیت و ئێمە لەم دۆڵەدا جێ دەهێڵیت ، نە خەڵکی تێدایە و نە شتێکی تێدا دەبینرێت ؟) جەند جارێك ئەمەی لێ دووپات دەکاتەوە، بەڵام ئیبراهیم لایان لێ ناکاتەوە .

(ابن عباس) بەر دەوام دەبێت و دەڵێت : هاجەر ئەوەندی بۆیکرا . سوودی لەو کەمە خورما و ئاوە وەرگرت ، خۆی دەیخوارد و دەبوو بە شیرو و دەیدا بە منداڵەکە بە تێپەڕ بوونی ماوەیەك برسێتی و تینوێتی زۆری بۆ هەردووکیان هێنا ، هاجەر لە دوورەوە دوو بەرزایی (صەفا) و (مەروە)ی بینی ، منداڵەکەی جێدەهێڵێ و دەچێتە سەر بەرزایی (صەفا) بەڵکو کەسێك یان شوێنێك ببینێ و لە برسێتی و تینوێتی ڕزگاریان بکات ، بەڵام کەس نابینێت و دەگەڕێتەوە بۆ دۆڵەکە ، دەچێتە بەرزایی (مەروە) دەوەستێ و چاوەچاو دەکات لەوێش کەس نابینێ ، دەگەڕێتەوە بۆ ناو دۆڵەکە بەم شێوەیە حەوت جار هاتوو چۆ لە نێوان صەفا و مەروەدا دەکات بە بێئەوەی هیچی دەستکەوێت ، لە پڕ فریشتەیەکیان لێپەیدا دەبێ و ئاوی زەمزەمیان بۆ هەڵدەقوڵێنێت ، هاجەر لەو ئاوە تێر دەخواتەوە ، لە مەککەکانیدا شیر دروستدەبێ و لەو شیرەش ئیسماعیل تێر دەکات . ئەم حاڵەتە بەردەوام دەبێت تا خەڵکی بەو شوێنە دەزانن ، نیشتەجێ زیاتر دەبێ و دەبێتە شارێك کە

ئێستا پێی دەڵێن مەکەکە . حەزرەتی ئیبراهیمیش کاتێك سەردانی ئەم دووانە دەکاتەوە کە هاجەر مردووە ئیسماعیلیش گەورە بووە و ژنی هێناوە .
یەکەم ئیشێك کە لەبەرامبەر ئیسماعیل بیکات تەلاقدانی ژنەکەی ئیسماعیل بووە .
دووەم ئیشی دروستکردنی خانوویەك بوو کە ئێستا پێی دەڵێن قیبلەی موسوڵمانان .
سێیەم ئیشی ویستی ئیسماعیل سەر ببڕێت} .
ئێمەش دەڵێین : هەر چەند مەریوان لە گواستنەوەی فەرموودەکەی (ابن عباس)دا دەست پاك نەبووە ، بەڵام ئێمە بە چەند خاڵێك وەڵامەکەمان دەنووسین :
یەکەم : دەربارەی بوختانەکەی لە لاپەرە (١٢١)دا کە دەڵێت :
اسماعیل لە هاجەری کەنیزەك لە دایك بووە ، واتە لە ژنێکی مارەنەبڕاوی ابراهیم . بە زمانی شەریعەتی سەردەم ، اسماعیل حەرام زادەیە) .
بێگومان ئەمە ڕاست نییە ، چونکە هاجەر کەنیزەکی بووە و بۆی حەڵاڵبووە.
دووەم : دەربارەی ئەوە کە دەڵێت : (سارە پێی زانیون ، مەرجی ئەوەی لەگەڵ ابراهیم کردووە ... تاد). ئەمە قسەیەکی ڕاست نییە و زۆرێش دوورە لە لۆژیکەوە ، چونکە ئەگەر سارە بیویستبایە لە هاجەرو اسماعیل ڕزگاری ببێت، ئەوە ڕێگای ئاسان هەبوو بۆ ئەو مەبەستە و پێویستی بەوە نەدەکرد لە باکووری نیوە دورگەی عەرەبەوە بیانباتە ناوەڕاستی نیوە دورگەی عەرەب.
سێیەم : ئەگەر ڕاستە ابراهیم هاجەر و (اسماعیل)ی بۆ مردن بردووە ، چ پێویست دەکات مشتێ خورما و کونەیەك ئاویان بۆ بەجێ بهێڵێت ؟

چوارەم : بە گوێرەی ئەم بڕگەیە (حەزرەتی ابراهیم کاتێك سەردانی ئەو دووانە دەکاتەوە ... تاد) بۆمان دەردەکەوێت کە هاجەر و اسماعیل بۆ ژیان براون نەك بۆ مردن ، چونکە ئەگەر بە فەرمانی خوا نەبوایە چۆن دەیزانی ماون و سەردانییان دەکات !

پێنجەم : کاتێك هاجەرە لە ابراهیم پاڕایەوە و گوتی : بۆ لێرە جێمان دەهێڵیت ؟ ئایا بە فەرمانی خوایە ؟ (ابراهیم)یش فەرمووی بەڵێ ، ئیتر هاجەرەش ووتی : کەواتە خوا لە بیرمان ناکات .

شەشەم : ئایا دەڕواتە ئەقڵەوە ، ابراهیم لە دوای تەمەنێکی زۆر خوا تاکە کوڕێکی پێببەخشێت و ئەویش بە قسەی سارەی ژنی لە چۆڵ و هۆڵێکدا جێیان بهێڵێت بۆ مردن ؟ خۆ ئەم کارە هیچ کەسێك پێی هەڵناسێت ، چ جای پێغەمبەری باوکی پێغەمبەران!

حەوتەم : ئێمەی ئیماندار بڕوامان وایە ، بە فەرمانی خوا ابراهیم اسماعیل و هاجەری لەو شوێنە داناوە کە مەککەیە ، تا ببێتە قیبلەی هەموو موسوڵمانان و جێگەی حەج و مەزارگای ئیمانداران . بەڵگەشمان ئەو ئایەتانەیە کە باسی حەزرەتی (ابراهیم)یانکردووە بو نمونە ئایەتی (٣٧)ی سورەتی (ابراهیم) کە دەفەرموێت (**رَبَّنَا إِنِّي أَسْكَنْتُ مِنْ ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِنْدَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُوا الصَّلَاةَ فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِنَ النَّاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ وَارْزُقْهُمْ مِنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ**)

هەشتەم : **لە کۆتاییدا دەڵێین** : ئەمە تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ ابراهیم ، کە تاقە کوڕەکەی لەو شوێنە خەتەر و ترسناکەدا بە فەرمانی خوا دابنێ ، لەلایەکی

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

دیکەوە پاداشتێکیش بوو بۆ هاجەر ، کە لاسایی شوێن پێیەکانی لە صەفا و مەروەدا ببێتە نیشانەی خوا پەرستی و عیبادەت تاکو ڕۆژی قیامەت .

نوێەم : تا وەکو ملکەچ بوونیان بۆ فەرمانی خوا ، ببێتە وانە و ئاموژگاری بۆ موسڵمانان و ئیمانداران لە دواییدا .

نەتەوەی لوط

لە لاپەڕە (١٢٢)دا مەریوان ئەم ناونیشانەی سەرەوەی نووسیوە و دەڵێت :
{ لـە قورئانـدا ، چـیرۆکێکی بـەناو بـانگ ، سـەبارەت بـە دیـاردەی نێـر بـازی نوسراوە ، لە چەندین ئایەتدا ئاماژە بەوە کراوە کـە : نەتەوەیـەك هـەبوون ، نێـر بـاز بـوون ، نێرەکانیـان ڕاهـاتبوون لـە کـونی دواوە سـێکس لەگـەڵ هـەموو کەسـێکدا بکـەن ، هـەر میـوان ، یـا خـود ڕێبوارێـك ڕووی لـەو شـارە بکردایـە پەلاماریان دەدا و کاری خۆیـان لەگـەڵ ئـەنجام دەدا . کەسـێکیش بـە نـاوی لـوط وەك پەیامبەرێك بۆ بلاوبوونەوەی ئایینەکەی و سڕینەوەی دیاردەی نێر بازی ، لە ناو ئەم نەتەوەدا سەریهەڵداوە :

(وَلَمَّا جَاءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالَ هَذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ) [١]
(قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ مُنْكَرُونَ ... تاد) .

هەروەها لەسەری دەڕوات و دەڵێت (لوط ئەگەر چی لـە پەیامەکەیـدا فەشـەلی هێنا ، بەڵام تەسلیمی ئەو واقیعە نەبوو کە نەتەوەکەی تێیدا دەژیـان ، نـەك هـەر نـەیتوانی ئایینەکـەی خـۆی بلاوبکاتـەوە و دیـاردەی نێربـازی بنـەبڕ بکـات ، تەنانەت ژنەکەشی لە دەست چوو ، چونکە فێری هەمان ڕەوشت بووە }.

ئێمەش دەڵێین : کاتێك مەلائیکەکان هاتن بۆ ماڵی لوط قەومەکەی پێیان زانی و مژدەیان بە یەکتری دەدا و هاتن بۆ ماڵی لوط بۆ ئیشی خراپە و ڕابواردن ، ئەوە

١- سورة هود ، الآية (٧٧) .

بوو لوط گوتی : (قَالَ يَا قَوْمِ هَؤُلَاءِ بَنَاتِي هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ فِي ضَيْفِي أَلَيْسَ مِنْكُمْ رَجُلٌ رَشِيدٌ) [1]

ئەوانیش وەلامیان دایەوە : (قَالُوا لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِي بَنَاتِكَ مِنْ حَقٍّ وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ) [2] .

ئەو قەومە زۆر (فطرە) و ئارەزوویان تێکچووبوو ، بە ڕادەیەك نەدەڕۆیشتن بە لای ژناندا نە لە پێشەوە و نە لە پاشەوە ، ئیتر بوختانەکەی مەریوان کە دەڵێت (نەك نەیتوانی ئایینەکەی بلاوبکاتەوە و دیاردەی نێر بازی بنەبڕ بکات ، تەنانەت ژنەکەشی لە دەست چوو ، چونکە فێری هەمان ڕەوشت بووە) ، ئەمە بوختانە و دوورە لە ڕاستییەوە ، لەبەر ئەوە ئەو قەومە نزیکی کچان نەدەبوونەوە ، ئیتر چۆن دەڕواتە ئەقڵەوە لەگەڵ پیرەژنێکدا لە کونی دواوە سێکس بکەن . خۆ ئەگەر بەڵگەی مەریوان ئەو ئایەتە بێت کە دەفەرموێت (ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَةَ نُوحٍ وَامْرَأَةَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَقِيلَ ادْخُلَا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ) [1] ئەوە ڕاست نییە و نابێتە بەڵگە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە بەڵگە بۆ نەبوونی ، چونکە ڕستەی (**فخانتاهما**) بە ئاشکرا ئاماژە بۆ خیانەتی (عەهدو پەیمانی ئیمان) دەکات ، نەك بۆ (الخیانه الزوجیه) بەگوێرەی ئەم خاڵانە:

١- سورة هود ، الآية (٧٨) .

٢- سورة هود ، الآية (٧٩) .

١- سورة التحريم ، الآية (١٠) .

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

١- هەر وەكو له ئایەتەكەدا هاتووە (**قَالُوا لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِي بَنَاتِكَ مِنْ حق وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ**) واتە ئەوانە بەلای ژنانەدا نەدەڕۆیشتن ، نە لە كونی پێشەوەو نە لەكونی دواوە ، ئیتر چۆن مەزەندە دەكرێت سێكس لەگەڵ ژنی (لوط)دا بكەن كە پیرێژن بووە .

٢- ڕستەی (**فخانتاهما**) ئەوە دەگەیەنێت ، دەبێ ئەو دوو ژنانە خییانەتەكەیان یەك جۆربێت ، ناكرێ بۆ ژنی نوح كونی پێشەوەبێت و بۆ ژنی (لوط)یش كونی دواوە .

٣-ئایەتەكەی سورەتی (التحریم) كە دەفەرموێت (**ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَةَ نُوحٍ وَامْرَأَةَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَقِيلَ ادْخُلَا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ**) بەشێوەیەكی گشتی باسی خییانەتی ئەو دوو ژنە دەكات و لە باسی سێكسدا نییە كەمەزەندە بكرێت.

٤- ئایەتەكانی (١٠ - ١١ - ١٢ التحریم) بەراوورد لە نێوان خیانەتی ئیمانی ژنانی (نوح و لوط)دا و ئیمانی ژنی (فرعون) و حەزرەتی (مریم)دا و هیچ پەیوەندی بە سێكسەوە نییە ، نە لە دواوە و نە لە پێشەوە .

لە لاپەڕە (١٢٥)دا مەریوان نووسیویەتی :

{لێرەدا و بەم ئایەتانە بۆمان دەردەكەوێت كە دیاردەی نێر بازی ، لای موحەممەد كاری تەواو ناشرین و خراپ و حەرامە . بەو بەڵگەیەی لە مێژووی ئیسلامدا هیچ سەرگوزەشتەیەك نەنوسراوە كە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەمان بێت ، ئەگەر چی كەسێكی زۆر سێكس بووە ، جگە لە سێكس ناوگەڵ ، بە هیچ شێوەیەك نزیكی نێربازی نەبوونەتەوە . بەڵام ئەوەی جێی وورد بینین و سەر

سوڕمان بێت ئەوەیە ، کە لە قورئاندا ئەو چەند ئایەتە هەبن کە باسی هەبوونی دیاردەی نێر بازی بکەن لە بەهەشتدا . قورئان مۆژدە دەدات بەو کەسانەی کە لەم ژیانەیاندا بڕوایان بە خوای ئیسلام کردووە و ملکەچی فەرمانەکانی بوون ، لە بەهەشتدا کۆمەڵێك منالْ و لووسکەڵەیان بۆ ئامادە کراوە خزمەتیان دەکەن و دەتوانن سوودیان لێوەربگرن :

(يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ ، بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِنْ مَعِينٍ ، لَا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنْزِفُونَ) [1] (جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) [2] .

ئێمەش دەڵێین : خوای گەورە لە قورئاندا باسی جۆرە گەنجانێك دەکات ، کە بە تایبەت دروستی کردوون بۆ خزمەتی ئیمانداران ، ئەو گەنجانە بۆ خرۆشاندنی سێکسی نێربازەکان نین ، چونکە بە هیچ لۆژیکێك ناڕواتە ئەقڵەوە لەو بەهەشتە خۆشەو پاکەدا کاری وا ناشرین و قێزەون ئەنجام بدرێت . خوا ئەو بەندانەی بە جۆرێك دروست کردووە ، هەرگیز لە تەمەنی گەنجی و لەو پەڕی جوانیاندا دەمێننەوەو خۆشی و کامەرانییان لە خزمەت کردنی ئیماندارانداید و هەست بە هیچ ماندووبوون و ناخۆشییەك ناکەن .

لە لاپەڕە (١٢٧)دا مەریوان نووسیویەتی :

{خزمەتکردن و نۆکەری و تێر کردنی خاوەندار لەلایەن لوسکەلەو مێرد منالەکانەوە لەم دونیادا جارێکی دی هەمان شێوەی ئەو خزمەتکردن و نۆکەری و تێرکردنی خاوەنانە لە بەهەشتدا دووبارە دەبنەوە . ئەو ڕەووشتە سێکسیانە

١- سورة الواقعة ، الآيات (١٧ ، ١٨ ، ١٩) .

٢- سورة الواقعة ، الآية (٢٤) .

دووبارە دەکەنەوە کە لە دونیادا کردوویانە . ئەمەش یەکێکە لەو دیاریانەی کە خوا بە پیاوە بەهەشتییەکانی دەبەخشێت (جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ)} .

لە وەلامدا دەڵێین : دیارە مەریوان هیچ پاستییەك دەربارەی بەهەشت و خۆشییەکانی نازانێت ، بۆیە وا دەزانێت وەك دونیا وایە ، خزمەت کار ، خزمەت کراو ، خاوەن و خاوەندار ، بە پێچەوانەوە ، بەهەشت جێگەی کامەرانی و خۆشی تەواوە ، بۆ هەموو بەهەشتییەك بێجیاوازی ، خۆشی خزمەت کراو لە خزمەتکردنیدایە ، خزمەتکاریش خۆشی دەبینێ لە خزمەت کردندا ، هیچ کەسێك هەست بە هیچ ناخۆشییەك ناکات .

لە لاپەرە (١٢٧)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ لێرەدا ئەو پرسیارانە دێنە پێشەوە کە لەم ئایەتانەوە سەرچاوەیان گرتووە : ئەگەر نێربازی دیاردەیەکی ئەوەندە بێزراوە بۆ چی بەشێکە لە خۆشییەکانی بەهەشت ؟ بۆ چی نێر بازەکان بە کوڕە لاوی لوس و جوان دەخرۆشێنێت ؟ }.

لە وەلامدا دەڵێین : هیچ گومان لەوەدا نییە کە نێربازی بەشێك نییە لە خۆشییەکانی بەهەشت ، بەڵام قورئان باسی ئەو خزمەتکارە جوانانەی کردووە چونکە ئەوە پاستییەکەیە و بەهەشت بەو جۆرە پازاوەتەوە و هەموو دانیشتوانی جوان و لە تەمەنی گەنجیدان ، ئیدی چۆن دەکرێ و دەگونجێ ئەو دیمەنە جوانانەی بەهەشت ، ناشرین بکرێت بە خزمەتکاری پیر و پەککەوتەوە.

لێرەدا دەمانەوێ ئاماژە بۆ پاستییەك بکەین ، ئەویش ئەوەیە ، لەم دونیایە دا سێکس یەکەم خۆشییە لای زندەوەران ، بە تایبەت مرۆڤ ، تا ژیان بەردەوام بێت ، بەڵام لە بەهەشتدا دوا خۆشییە لە هەزارەها خۆشی ، هەر وەکو لە فەرموودەیەکدا هاتووە (فیها ما لا عین رأت، ولاأذن سمعت، ولاخطر بقلب أحد).

له لاپەرە (١٢٧)دا مەریوان نووسیویەتی :

{پرسیارێکی دی : زۆرینەی قەومەکەی لوط تاوانی نێربازییان نەکردووە ، چونکە زۆرینەی کۆمەڵگا لە ژن و منداڵ پێکهاتووە. بەڵام کاتێك کە خوا دەیەوێت سزای نێربازەکان بدات . سزاکە بەسەر هەموو دانیشتوانی شارەکەدا جێ بەجێ دەکات ، تاوانباران و بێتاوانەکان ، بە منداڵەکانیشەوە . لە کاتێکدا منداڵەکان ، نەك هەر نێر باز نەبوون بەڵکو هیچیان دەربارەی مومارەسەی سێکس نەزانیوە ! جا ئایا ئەم سزایە هەق و دادپەروەرانە و لۆژیکییە ؟ }

له وەڵامدا دەڵێین : خوای گەورە و دادپەروەر سزای هەموو دانیشتوانی شارەکەی داوە بە گەورە و بچوکەوە ، سزای پیاوەکان ، لەبەر نێر بازی و بێبڕواییان و ژنانیش لەبەر بێبڕواییان ، بەڵام منداڵانی (نا بالیغ) بەزەیی و ڕەحمی خوا فریایان کەوتووە بە منداڵی وبە بێگوناهی لەناویانی بردووە ، چونکە ئەگەر گەورە ببوایەن ، ئەوانیش نێر باز دەبوون و دەڕۆیشتنە دۆزەخەوە ، ئەمە ئەگەر منداڵی نا (بالیغ)یان بووبێت ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەدەڕۆیشتن بە لای ژناندا ئەو ماوەیە لەبەر ئەوە مەزەندە ناکرێت منداڵی نا (بالغ)یان بووبێت ، تاوەکو لەناوبردنیان ببێتە جێگەی ڕەخنە .

له لاپەرە (١٢٨)دا مەریوان نووسیویەتی :

{پرسیارێکی دیکە : ڕێژەی نێربازەکانی ئێستای جیهان زۆر لەوانە زیاترن کە لەو سەردەمە کۆنەدا و لە ناوچەیەکی بچووکدا هەبوون ، ئەی بۆ چی خوا سزای ئەم نێربازانە نادات ، کە بە شار و گوندە ئاوەدانەکاندا بڵاوبوونەتەوە ؟ لە کاتێکدا لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامەوە هەتا ئێستا مومارەسەی دەکەن و بە ئاشکراش دەیکەن ؟ }.

ئێمەش دەڵێین : ئەم قسەیەی مەریوان سەقەت و نا تەواوە ، چونکە قەومی لوط هەموویان تاوانبار بوون ، پیاوان نێر باز و بێبڕوا و ژنانیش بێبڕوا ، بۆیە سزاکە هەموویانی گرتووەتەوە تاوەکو ببنە پەند بۆ نەوەکانی داهاتوو ، بەڵام لە دوای هاتنی پێغەمبەر (صلی الله علی وسلم) سزای دونیایی هەڵگیرا بۆ ڕۆژی قیامەت .

لە لاپەڕە (١٢٨) مەریوان نووسیویەتی :

{پرسیارێکی پێش کۆتایی : بە پێی ئەو مژدانەی کە خوای ئیسلام بە پیاوی موسوڵمانی بەخشیوە ، هەموو بەهەشتییەکان لە خۆشیدان ، کە چی بە بەڵگەی هەمان ئایەتەکان ، تۆڕێکی نۆکەر و هەمیشە ئامادە باش بۆ سێکس لە بەهەشتدا هەن ، بە بەردەوامی و بە نەمری ، وەك کوێلە و خزمەتکار لە بەهەشتدا دەمێننەوە و هەتا هەتایە خزمەتی هەوەسبازانی ئیمانداران دەکەن ، ئەی ئەمانە کێن و بۆ لە خۆشییەکانی بەهەشت ناچێژن ؟ ئایا دژەوانەیەك لە نێو ئایەتەکانی قورئاندا نابینینەوە ؟ }

ئێمەش دەڵێین : خوای گەورە بەهەشتی دروست کردووە بۆ پاداشتی ئیمانداران و خوا پەرستان و کردوویەتی بە جێگەی ئەو پەڕی کامەرانی و خۆشی بۆ دانیشتوانی ، ئیمانداران لە کاتی خزمەتکردنیاندا هەست بە ئەو پەڕی خۆشی و کامەرانی دەکەن ، بە هەمان شێوەش خزمەت کارەکانیش هەست بە ئەو پەڕی خۆشی و کامەرانی دەکەن ، کاتێك خزمەتی ئیمانداران دەکەن ، چونکە خوا بە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دروستی کردوون ، نەك بۆ سێکس هەر وەکو مەریوان دەڵێت : بە مەزەندە و بێئەوەی ئامازە بۆ دەقێك یان فەرموودەیەك بکات .

پاشکۆی فەصلی دووهەم .

سێکس له بەهەشتدا

(لە لاپەڕە ١٢٩)دا مەریوان ئەم ناونیشانانەی سەرەوەی نووسیوە و زۆر لە باسەکانی پێشووی دوبارە کردووەتەوە ، ئێمەش بە پێویستی نازانین وەلامی بدەینەوە .

لە لاپەڕە (١٣٢)دا مەریوان دەڵێت:

{ لە قۆناغی مەدینەدا ، تێگەیشتنەکانی بەهەشت و دواندن لە سێکس گۆڕانکاریەکی زۆر کەمی بە خۆوە بینی . ئایەتی دیکە کە مانا و مەبەستی لە ئایەتەکانی قۆناغی مەککە قوڵتر و زیاتر بێت نەنوسرا } .

ئێمەش دەڵێین : بەڵێ جیاوازی لە نێوان بەهەشتی قۆناغی مەککە و مەدینەدا تێبینی ناکرێت ، چونکە ئەوە شتێکی ڕاستە و ئاساییە و بەڵگەشە کە ئەو قورئانە فەرموودەی خوایە کە باسی بەهەشتی مەککە و مەدینەی بە یەك جۆر کردووە ، چونکە ئەگەر وا نەبوایە ، لە مەدینەدا بەهەشتێکی دیکە دەبینرا ، تا بگونجێت لەگەڵ هەوەس و ئارەزووی خەڵکانی مەدینەدا ، بەڵام بە پێچەوانەوە یەك بەهەشتمان بەرچاو دەکەوێت ، لە دوو شوێن و قۆناغی زۆر جیاوازدا .

لە لاپەڕە (١٣٥)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ لە قۆناغی مەککەدا قسە کردن لەسەر دیمەنەکانی بەهەشت بەشێك بوون لە خەیاڵ ، لە قۆناغی مەدینەدا شێوەکەی گۆڕاوە بۆ وێنە فۆتۆگرافەکانی فوول سێکس }.

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

ئێمەش دەڵێین : لەبەر ئەوەی پەخنە و بۆچوونەکانی مەریوان لە پاستییەوە زۆر دوورن ، زوو بە زوو هەر خۆی خۆی دەخاتە دروّوە ، لێرەدا بۆچوونێکی هەیە و لە شوێنێکی دیکەدا دژەکەی . ئەوەتا لە لاپەرە (١٣٢)دا دەڵێت (لە قۆناغی مەدینەدا ، تێگەیشتنەکانی بەهەشت و دواندن لە سێکس ... تاد) بەلاّم لێرەدا دەڵێت : (لە قۆناغی مەککەدا قسەکردن لەسەر دیمەنەکانی بەهەشت ... تاد) ، بۆیە ئێمە هیچ ناڵێین و با خوێنەر دادوەر بێت .

فەصلی سێیەم

حیجاب له نێوان ئاکار و باوەڕی ئیسلامدا

لە لاپەڕە (١٣٧)دا مەریوان ئەم ناونیشانەی سەرەوەی نووسیوە ، ئەمجا باسی حیجاب و جلباب دەکات ، تا دەگاتە لاپەڕە (١٣٩) ، ئەمجا دەڵێت : {لە لایەن موسوڵمانانەوە مانای ووشەی (حیجاب) لەگەڵ مانای (جلباب) تێکەڵ بە یەك کراوە)ئەمجا ئەو ئایەتانەی تۆمار کردووە کە ووشەی حیجابیان تێدایە.

ئێمە لێرەدا وا بە باش دەزانین سوود لە پەرتوکەکەی مامۆستای بەڕێز عومەر کەمالّ دەرویّش وەربگرین کە نووسیویەتی :

(لە لاپەڕە (٨٠) لە باسی (جلباب)دا دەڵێ : {بەڵام بە داخەوە لە زانینی خۆیان ڕاڤەکاران و فیقهییەکان وا ئەم ئایەتەیان وەرگرتووە کە فەرمان بە داپۆشینی دەم و چاو دەکات ... } .

ئێمەش دەڵێین :

١-کە دەڵێ ڕاڤەکاران و فیقهیەکان ... ئەمە هەم بوختانە هەم دروّیە ، چونکە تەنها ئەو قسەیەی مەریوان خەیاڵە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆچوونی زۆربەی هەرە زۆری زانایان لەسەر ئەوەیە کە (دەم و چاو) عەورەت نییە و داپۆشینی پێویست نییە ، وەك :

(ابن رشد) لە (بدایە المجتهد)دا دەڵێ لەوانە (ابو حنیفە ، مالك ، شافعی) . گێڕانەوەیەکیش لە پێشەوا (احمد) هەیە لەم بارەوە ، هەروەها پێشەوا (طحاوي) لە هەردوو قوتابییەکەی (ابو حنیفە) دەگێڕێتەوە (ابو یوسف) و (محمد) ، کە ئەوانیش هەمان بۆچوونیان هەیە .

شێخی (شربینی)یش ئەمە بە پەسەند دەزانێ .

وە (إبن حزم) ئەو بۆچوونەی هەیە ، کە دەم و چاو داناپۆشرێ و پێویست نییە و لە چەندین جێگەدا لە کتێبە بەناو بانگ و نایابەکەیدا بەرگری لەم بۆچوونە دەکات و (ابو عبد الله دیمشقی شافعی) لە کتێبەکەیدا بۆ چوونی زۆرینە لەسەر ئەم بۆچوونە دەهێنێ .

٢-پاشان ئەو قسەیەی مەریوان پێچەوانەی ئایەتەکەیە . مەریوان دەڵێت : (بەم ڕاڤەیەش ئایەتی ٥٩ ی (الأحزاب) دەبێتە ناسخی ئایەتی ٣١ ی (نور) واتە لە جێی ئایەتی (٣١)ی (نور) دەبێ ئایەتی (٥٩)ی (الأحزاب) کاری پێبکرێ لاپەرە (٨٠) .

هەروەها دەڵێ (ئەگەر بە ڕاڤەکانیاندا بچینەوە دەبینین لە کاتی ڕاڤەر کردنی ئایەتی ٣١ ی نور باسی دەرخستنی دەم و چاو دەکەن ، کاتێکیش باس لە ئایەتی (٥٩)ی (الاحزاب) دەکەن باسی داپۆشینی دەم و چاو دەکەن لاپەرە(٨٠) .

دەڵێین :

١- لەبارەی نەسخبونەوە ئەم قسەیەت وەرناگیرێ چونکە :

أ- هیچ یەکێ لە زانا بەناوبانگو متمانە پێکراوەکان شتیوایان نەووتووە .

ب- مەریوان ، بە سادەترین ئالەتەکانی زمانی عەرەبی نەزان و کاڵفامە، جا قسەی وای لێ وەرناگیرێ .

٢- ئایەتەکەی (٣١) ی (نور) باس لە دەرخستنی دەموچاو و پۆشینی تەواوی جەستەو دەرنەخستنی بۆ نامەحرەمەکان دەکات، وەك لە ئایەتەکەدا هاتووە ، ڕاڤە کارانیش قسەیان لێکردووە .

٣- ئایەتی (٥٩) ی سورەتی (الاحزاب) باس لەوە دەکات کە بالاپۆشەکان بدەن بەسەریاندا و دەموچاو داپۆشین ناگرێتەوە ،وەك لە پێشەوە باسمان کرد .

لەلاپەرە (٨٣) ئایەتی (٦٠) ی سورەتی نور کە دەفەرموێ (**وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَنْ يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ وَأَنْ يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَهُنَّ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ**) .

مەریوان دەڵێ:مانای ئایەتەکە ئەوە دەدات بەدەستەوە کە ئەم جۆرە ژنانەش (مەبەست ئەوانەی کەپیربون و تەمای شوکردنیان نەماوە) لە کۆت و بەندی حیجاب رزگار دەکات و حوکمی حیجاب نایانگرێتەوە.

دەڵێین :

ئەو ئایەتە باس لەوە دەکات کە ئەو ژنانەی چونەتە تەمەنەوە و تەمای شوکردنیان نەماوە ، هیچیان لەسەر نییە کەبالاپۆشەکانیان (جلباب) دابنێن ، ئەمەش ووتەی (ابن مسعود و ابن عباس و ابن عمر و موجاهد و سعید بن جبیر و کەسانی تر) وەرگرتنەکەمان تەواو بوو .

لەلاپەرە (١٦٧) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ گۆرانکارییەکانی سەردەم پێشکەوتنە زانستییەکان زۆر بە خێرایی دەگۆڕدرێن و ئیسلامییەکان بیانەوێت یان .. نا حوکمی هەندێك لەئایەتەکان کار ناکەن ، بۆ نموونە ئایەتێك لە قورئاندا هەیە و باسی تەڕی (حیض) دەکات و دەڵێت :

(وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ) [1] .

ژنانی تەلاقدراو سێ تەڕی چاوەڕێ بکەن (ئینجا دەتوانن شوو بگەنەوە) هیچ حەلالیش نییە بۆیان ئەوەی لە ڕەحمیاندا خوا دروستی کردووە بیشارنەوە .

واتە ئەو ژنەی تەلاقدەدرێت دەبێت سێ جار توشی تەڕی ببێت بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی زگپڕە یان .. نا، دوای دەرکەوتنی دەتوانێ شوو بکاتەوە . سەرەتاو کۆتایی حوکمی ئەم ئایەتە بۆ ئەوەیە بزانرێت ئافرەتەکە زگپڕە یا .. نا . بۆ زانینیش چەند مانگێك چاوەڕوانین .ئەم حوکمە بۆ سەردەمێکی کۆنی بەر لە هەزار ساڵ لەباربوو ، بەڵام لەگەڵ ئیستای دونیای پڕ لە زانست و زانیاری پێویست ناکات ئافرەتان ئەو ماوە زۆرە چاوەڕوانین بەڵکو بە تاقیگەی زانستی لەماوەی چەند دەقیقەیەکی زۆر کەمدا ڕاستی زگپڕبوونی ژنەکە دەردەکەوێت ،لێرەدا لەسەر ئایینزاکان پێویستە خۆیان لەگەڵ زانستی سەردەمدا بگونجێنن) .

ئێمەش دەڵێین : ئەم بۆچوونەی مەریوان زیاتر نەزانی و نەیاری خۆی ئاشکرا دەکات ، ئەو لای وایە ، ئەو سێ تەڕییە تەنها بۆ زانینی زگپڕبوون دانراون ، نەخێر وانییە ، چونکە ئەگەر بۆ ئەوە بوایە ، ئەو کاتە بەیەك تەڕی دەزانرا زگی پڕە یان ... نا و پێویستی بە سێ تەڕی نەدەکرد وەك کەنیزەك ، هەروەها

١- سورة البقرة ، الآية (٢٢٨) .

ئەو ژنانەش کە تەڕی نابینن لەبەر تەمەن ، پێویستیان بە چاوەروانکردنی سێمانگ نەدەبو ، یەکسەر شوویان دەکردەوە ، بەڵکو دانراوە بۆ :

١-تاوەکو ئەو ژن و مێردە لەو ماوەیەدا بیربکەنەو و بەخۆیاندا بچنەوە ، ئەگەر بەیەك قایل بوون تا بگەڕێنەوە لای یەکتری .

٢- بەڵکو لەو ماوەیەدا ئەو ژنە لەسەر خۆی و بەدڵ خۆی پیاوێکی باشتر پەسەند بکات و شووی پێبکات .

٣- ئەگەر ئەو ژنە لەدوای تەڵاقدانی یەکسەر شوی بکردایەتەوە ئەوە بەبێ پەیمان و عەهد دەدرێ لەقەڵەم و هیچ بەهاو نرخێك بۆخۆی ناهێڵێتەوە و لەناو کۆمەڵگادا و لای مێردە تازەکەشی سوك و چروك دەبێت و لەوانەش دەبوو ببوایەتە هۆی ئازاوە .

لە لاپەڕە(١٧٠) مەریوان نووسیویەتی :

{ ئەگەر بەڕاستی حیجاب هێمای پاکی و ئیمانە ، بۆچی کەنیزەك لەم دەستکەوتە ئیلاهییە بێبەشبێت ؟ ئایا کەنیزەکەکان لە ئیسلامدا وەك ئازادەکان مرۆڤ نین ؟ هەمو پێکەوە کۆیلەی خوا نین ؟ ئەدی بۆ ژنە ئازادەکان ئازار نەدرێن ، بەڵام کەنیزەکەکان ئازاربدرێن} .

ئێمەش دەڵێین : لەپێشدا دەبێت ئەو ڕاستییە لەبیرنەکەین ، کە ئەم کەونە جێگەی دادپەروەری (مطلق) نییە ، هەروا دەبێت ئەوەش بزانین کە کەنیزەك بەهۆی ئەو ژیانە نالەبارەوە کەتێیدا دەژین و ئەم دەس و ئەو دەس دەکەن و خاوەنەکانیان هەڵنابژێرن ، ناکرێ و ناگونجێ وەك ژنە ئازادەکان هەڵس وکەوتیان لەگەڵدا بکرێت ، بۆیە خوای گەورەو بەبەزەیی سزای تاوەنەکانیانی

کردووە بە نیوەی تاوانی ژنە ئازادەکان و بەردبارانیشی لەسەریان هەڵگرتووە . وەدەربارەی بوختانەکەی کەدەڵێت : (ئەدی بۆ ژنە ئازادەکان ئازار نەدرێن بەڵام کەنیزەکەکان ئازار بدرێن) .

دەڵێین : ئەم بۆچوونە ناڕاستەو هیچ دەقێك ئاماژەی بۆ نەکردووە ، بەپێچەوانەوە ، چەند ئایەتێك هەن هەڕەشەی توندو تیژ لەو دوو ڕووانە دەکەن:

(لَئِنْ لَمْ يَنْتَهِ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ وَالْمُرْجِفُونَ فِي الْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَا إِلَّا قَلِيلًا (٦٠) مَلْعُونِينَ أَيْنَمَا ثُقِفُوا أُخِذُوا وَقُتِّلُوا تَقْتِيلًا) [١] .

لەلاپەڕە (١٧٢) مەریوان نووسیویەتی :

{دەرکەوتنی حوکمی ئەم ئایەتانە لە ئیسلامدا ئارەزووە سێکسییەکان نەك هەر دانامرکێنێ بەڵکو زیاتر پەرە دەسێنن ، ئەوەش بەهۆی شاردنەوەی ڕەگەزی مێ کە زانستەکانی دەرون سەلماندوویەتی ئەو شتانەی مرۆڤ بۆی تامەزرۆن لەکەمیدا، یان لە دیارنەبونیدا ، وا لەمرۆڤەکان دەکەن زیاتر لە شوینیان بگەڕێن} .

ئێمەش دەڵێین : لێرەدا ئەم قیاسەی مەریوان پێدەوترێ (قیاس مع الفارق) واتە بۆ ئەم مەسەلەیە ناکرێ و لۆژیك نییە و ناروانە ئەقڵەوە گەر ژنێك خۆی داپۆشیبێت و جوانییەکانی بەدەرەوە نەبن ، ئەمجا پیاوێك بەم جۆرە بیبینی بکەوێتە دوای ، بەڵام نەڕوات بە لای ژنێکی دیکەدا کە خۆی ڕازاندبێتەوە و

١- سورة الاحزاب ، الایات ، (٦٠ ، ٦١) .

زۆربەی ئەندامەکانی بەدەرەوە بن و هاوار بکەن (هیت لك) خۆ بە گوێرەی ئەم یاسا دەروونییە بێت ، گەر گەنجێك ژنێکی بینی بەپوت و قوتی دەبێ خۆی لێبشارێتەوە !

لەلاپەرە (١٧٢) مەریوان نووسیویەتی :

{ تەنیا ئەو پرسیارەمان دەمێنێتەوە کە لە ئیسلامی بکەین، بۆچی سزایەکی دیاریکراو بۆ ئەو مەبەستە ، تانەو تەشەر لێدان لەو ژنانەی کە دەچن بۆ دەست بەئاو گەیاندن بۆ گەنجەکان دیاری نەکراوە تا ببێتە هۆکارێك ژنە کەنیزەکەکانیش لەتانەو تەشەر دوور بن ؟ هەروەها ئایا بۆچی ئەم حوکمی حیجابە بۆ سەر پیاوانیشدا نەسەپێنراوە ، بۆ دەبێت ژنان باجی هەڵەی پیاوان بدەن؟} .

ئێمەش دەڵێین : هەر وەکو پێش ئێستا باسمان کردووە خوای گەورە چەند ئایەتێکی دابەزاندووە ، کە هەڕەشەی توندی لەو دوو ڕووانە کردووە ، کە تانەو تەشەریان لە ژنە موسوڵمانەکان داوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو تانە و تەشەرە زیانێکی (عملی) لێوە ڕوونەداوە ، لەلایەکی دیکەوە ئەو کاتە موسوڵمانەکان کەم دەس و بێهێزبونە ، بۆیە سزایەکی دیاریکراو بەسەریاندا جێبەجێ نەکراوە .

دەربارەی ئەو قسەیەش کە دەڵێت : (هەروەها بۆچی ئەم حوکمە حیجابە بەسەر پیاوانیشدا نەسەپێنراوە) .

دەڵێین : مەریوان ئەقڵ و هۆشی لەدەستداوە و وڕێنە دەکات ، ئەگەر ڕاستە و بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێت ، با تەماشای ئاژەڵ و باڵندە و ئەو دوای

زیندەوەرەکانی دیکە بکات ، ئەو کات دەزانێت و بۆی دەردەکەوێت کە هەمو کاتێك نێر داواکەرو مێیش داواکراوە ، هەروەها بەهەمان شێوە پیاو داواکەرو ژنیش داواکراوە ، ئەمجا لەم دووانە کامیان لۆژیکە خۆی دابپۆشێ و شەرەفی بپارێزێت ؟ وابزانین هەمو ئاقڵێك دەڵێ ژنی داواکراو ، چونکە داپۆشینی پیاوی داواکەر ، هیچ لەمەسەلەکەدا ناگۆرێت . لەلایەکی دیکەوە پیاوانی موسوڵمان حیجابی تایبەتی خۆیان هەیە ، هەر نەتەوەیەك بەگوێرەی کلتوورو دەستوری خۆی .

بەڵام خوا بەتایبەت ئایەتی حیجابی دابەزاندووە دەربارەی ژنان چونکە زانیویەتی رۆژێك دێت ژنان سنووری خودا دەبەزێنن و زۆربەی جەستەیان دەردەخەن .

لەلاپەرە (١٧٣) دا مەریوان نووسیویەتی :

{مرۆڤ بەسروشت مەیل و ئارەزوی بەلای ژن و ژنیش بەلای پیاودا}.

ئێمەش دەڵێین : ئەم بۆچونە زۆر ڕاستە و پێویستی بە هیچ بەڵگەیەك نییە . ئەمجاش دەڵێت (گەر ڕێگەمان گرت ئەم دیاردە سورشتییە کە بە ڕێگەی ڕاست بگاتە ئەنجامی خۆی ، ئەوا بەناچاری هەوڵ دەدرێت لە ڕێگەی چەوتەوە بگاتە ئەنجام}.

ئێمەش دەڵێین : ئەگەر مەریوان مەبەستی شەرع و دەستووری ئیسلام بێت ،ئەوا هەمومان **دەڵێین**: ڕاستە و ئەمەش پێویستی بە بەڵگە نییە ، بەڵام ئەگەر مەبەستی بەرەڵایی بێت **دەڵێین** : نەخێر ئەوە ڕێگەی چەوتە و ڕێگەی مرۆڤ نییە .

ئەمجا لە کۆتاییدا دەڵێت :

(بەڵگەکان سەلماندویانە لەو کۆمەڵگایانەی داپۆشینی ئافرەتانی بەتوندی تێدایە لەهەمان کاتدا لادانی سێکسی بەزۆری تێدا دەبینرێت) .

دەڵێین :ئەم بۆچونەی مەریوان زۆر نالۆژیك و لەئەقڵ بەدەرە ، چونکە سێکس بە نهێنی ئەنجام دەدرێت ،ئیتر ئەو رێژەیە بەو جۆرە چون زانرا ؟ ئەمە پێی دەڵێن شکاندنی دوو نیشان بەبەردێك لەتاریکیدا !

لەلاپەرە (١٧٥) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ کۆی هەموو یاساکانی ئیسلام ئەوە دەگەیەنن ، کە ئافرەت وەك پیاو مرۆڤێکی تەواو نییە ،بەمانایەکی دیکە : لە قورئاندا یاسایەك بۆ مرۆڤایەتی پەیدا بووە ، کتومت لەگەڵ دیاردە کلتووری و کلاسیکییەکەی سەردەمەکەی خۆیدا ئاوێتە بووەتەوە . بەم پێیەش قورئان تەوەژمێکی نەبوو بەسەر جەهالەت و پەراوە ئایینەکانی پێش مێژووی خۆیدا ، بەڵکو وەرچەرخانێك بوو بۆ بەیاسایی کردنی کلتوور و نەریتی ناوچەکە و بلاوبونەوە و سەپاندنی بەناو هەموو جیهاندا } .

ئەمجا با تەماشای لاپەرە (١٩١) بکەین بزانین مەریوان چیدەڵێت :

{بۆ نموونە ، موحەممەد بەشێوەیەکی لاوەکی هەندێك دیاردەی سێکسی پێش ئیسلامی حەرام کرد بەفەرموودەیەك دیاردەی خوشك و کچ گۆرینەوە (ژن بە ژن) ی بە بێ پارە یان بەدیلێك نەهێشت ، بەو مانایەی نابێت دوو پیاو لەناو خۆیاندا رێکبکەون کە بەخۆڕایی ژن بە ژن بکەن ، بەڵکو دەبێت مارەیی بدەن بە یەکتری ، بەفەرموودەی تریش جووتبوون بۆ وەچەی نەجیب زادە و بۆ وەچە خستنەوە و ژن گۆرینەوە (نکاح البدل) حەرامکرد .

بەنایەتێکیش سێکسی میراتی حەرامکرد : (وَلَا تَنْكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُمْ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ) .

هەروەها بە نایەتێکیش فرە ژنی حەرامکردو لە رەهاییەوە کەمیکردەوە بە چوار ژن :

(وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا) [1] .

هەروەها هاوسەرگیری و سێکس لەگەل ئەو کەسانەشدا حەرام کرد .دایك ، خوشك ، کچ ، برازا ، خوشکەزا، خوشکی باوك ، خوشکی دایك، دایەن ، خوشکی شیری ، زڕکچ ، بووك(ژنی کوڕەکانتان) ، دوو خوشکیش پێکەوە ، دیاردەی لەشفرۆشی بە کەنیزکەوە کە لە خاڵی دەهەمدا ئامازەمان بۆ کردووە لە ئیسلامداحەرام کراوە }.

ئێمەش دەڵێین : ئەمە پیشەو ئیشی مەریوانە ، لە لاپەڕەیەکدا بۆچوونێکی هەیە و دوای چەند لا پەڕەیەکی تر دەیگۆڕێ بە دژەکەی ، ئیتر ئێمە لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێین با خوێنەر خۆی دادوەربێت .

١- سورة النساء ، الاية (٣) .

هاوسەرگیری له ئیسلامدا

لەلاپەرە (١٨٦) دا مەریوان ئەم ناونیشانەی سەرەوەی نوسیوە و دەڵێت :

{ دوای ئەوەی مەحەممەد لەمەککەوە بۆ مەدینە کۆچی کردو جێی پیێ خۆی لەناو هۆزو موسوڵمانە سەرەتاییەکاندا قایم کرد ، بەرلەپێکهینانی دەسەلات دەستیکرد بە چارەسەرکردنی ئەو کێشە کۆمەلایەتی و ئابورییانەی کە بۆ خۆیی و کۆچەرانی دیکە دروستبووبوون ، پاستییەکی حاشاهەڵنەگرە یەکێك لە قۆناغە هەرە گرنگەکانی مێژووی ئیسلام و ژیانی پەیامبەرایەتی موحەممەد سەرەتای نیشتەجێبوونی بوو لەشاری مدینەدا) هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێت : (هەروەها مەحەممەد زۆر زیرەکانە بە بیرۆکەی چەمکی برایەتی نێوان ئەو کەسانەی لە مەککەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە (موهاجیرەکان) لەگەڵ نیشتەجێبوەکانی شاری مەدینە (ئەنصارەکان) بەشێکی باشی کێشە سێکسی و کۆمەلایەتی و ئابورییەکانی چارەسەر کرد ، کەسێکی خەڵکی مەدینە (انصار) لەگەڵ کەسێکی خەڵکی مەککە (کۆچەر) ی کردە براو بەشێك لە موڵك و سامانی (انصاری) بەخشییە کۆچەری ،ئەنصارییەکان لەوەی کە هەیانبوو بەشی کۆچەرییەکانیاندا ، لەم دابەشکردنەش خواردن و پێخەف و جێگە و لانە و حوشترو ژن و چەندین شتی دیکەی تێدا بوو }.

ئێمەش دەڵێین : ئەم حاڵەتە لە مێژوی ئیسلامدا بێوێنەیە و بە درێژایی مێژوی نەتەوەکان رووی نەداوە . لە هیچ وڵات و نەتەوەیەکدا نەبووە ، کەسێك نیوەی ماڵەکەی ببەخشێت بە یەکێکی بێگانە و نەناس ، تاڕادەیەك ئەگەر لە یەك ژن زیاتری بووبێت ، بڵێت بەبرا کۆچەرەکەی (**انظر اي زوجتي شئت حتى انزل**

لك) [1] ، واتە تەماشا بكە كام لە ژنەكانمت دەوێت ، تا بۆتی واز لێ بێنم . ئەم كارە هیچ كەسێك لەگەڵ برای خۆشەویستی خۆیشیدا نایكات، نەك لەگەڵ بێگانەدا ! . ئەمە چ هێزو سڕێك بوو ، بەو ماوە كەمە ، ئەو خەڵكە خۆپەرستەی گۆڕی و وای لێكردن كە وشەی (انا) پێناسەی عەرەبی تواندەوە (وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) [2] .

زۆر ستەم و تاوانە ، تانە و تەشەر لە قییادەو سەركردەی وا بدرێت ، بەپێچەوانەوە دەبێ هەمو كەسێكی بیرمەندو هەقناس بەچاوی رێزو تەقدیسەوە تەماشای ئەو موحەممەدە (صلى الله على وسلم) بكات با نەیاریش بێت .

لەلاپەرە (١٨٧) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ بەلای خەڵكی مەدینەوە زۆر ئاسایی بووە بە ناوەی ئیمانەوە بۆ رازی بوونی خوا و پەیامبەرەكەی ژنێك لە ژنەكانیان وەك حوشترێك لە حوشترەكانیان بدەنە كۆچەرانی مەككە ، بەبێ ئەوەی هیچ پرس و ڕایەك بە ژنەكە بكرێت .

لە ڕاستیدا جێی پرسیارە كە ئەم لاپەڕەیە لە مێژوی ئیسلامدا هەیەو زۆر زۆر بەكەمی لە لایەن لێكۆڵەرە ڕەخنەگرەكانەوە باسی كراوە ، بەپێچەوانەشەوە لەگەڵ ئەوەی ئەم كارەی موحەممەد بێشاندانی نا ئینسانییەت و ئەو پەڕی كەرامەت شكاندنی ژنە لە ئیسلامدا ، كەچی لە لایەن مێژوونوسان و ڕاڤە كەرانی ئایینەكەوە بەو پەڕی جوانی و ئیجابییەوە باسیان كردووە } .

١- صحيح البخاري ، كتاب النكاح ، حديث (٤٧٨٥) .

٢- سورة الحشر ، الاية (٩) .

لە ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

ئێمەش دەڵێین : بەڕاستی ئەو کارەی(انصار)ەکان ئەو پەڕی شەهامەت و سەخاوەتیان پێشان داوە و نیشانەی ئیمانداریان بووە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم حاڵەتە بەهیچ شێوەیەك شکاندنی کەرامەتی ژنی تێدا نابینرێت ، چونکە شو کردنەوەی ژن زۆر ئاساییە ، لەوانەیە لە دوای تەلاقدانی ژن یان مردنی مێردەکەی ، چەند جارێکی دیکە شو بکاتەوە و هیچ عەیب و عارێکی تێدا نییە. بەڵێ ئەو کاتە دەبووە عەیب و عار ، ئەگەر ژن لە ژیانیدا لە یەك شوو زیاتری نەکردبایە ، لەلایەکی دیکەوە ئەو پێشکەشکردنە ، زیاتر سوودی ژنەکەی تێدا تێبینی دەکرێت ، چونکە شوو بە پیاوێکی بێژن دەکاتەوە ، خۆ ئەگەر وا نەبوایە ئەوە بێوەژن مارە برێنی بەدستی خۆیەتی و زۆری لێناکرێت ، بەڵگەشمان ئەوەیە کە هیچ مێژونوسێکی ئیسلامی رووداوێکیان تۆمار نەکردووە ، کە ژنی پێشکەشکراو بەمێردە کوچەرێیەکەی قایل نەبوبێت.

لەلاپەڕە (١٩١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ هەر بۆیە دوو شێوازی دیارو گەورە بۆ مەسەلەی سێکس و هاوسەرگیری لە قورئان و فەرمودەی مەحەممەدو رۆڵی صەحابەکاندا دەبینین . شێوازی یەکەم ، چەندین ئایەت و فەرمودە هەن کە لە مەککە و سەرەتاکانی ژیانی مەدینەدا دەرکەوتوون ، بە قوڵی باس لە کەتمی سێکس دەکەن لە بچوکترین سزاوە دەستی پێکردووە کە هەڕەشەیە بە سزاکانی ڕۆژی قیامەت ، بەگەورەترین سزاش کۆتایی پێهێنا ، کەئەویش رەجمە نەك لە قیامەتدا بەڵکو لەم ژیانەدا ، لە شێوازی دووەمیشدا بە پێچەوانەوە لەگەڵ هەبوونی چەند سنووڕێکی دیاریکراودا دەرگای بۆ زۆربەی جۆرەکانی سێکس و جووتبوون ئاوەڵاکرد ، بەتایبەتی لەشفرۆشی و لاقەکردن (ئیغتیصاب)} .

ئێمەش دەڵێین : ئەم جارەش مەریوان کەوتووەتە ناو چڵپاوی نەزانی و هەڵەی زەق و ئاشکراوە ، ئەو هەرلەخۆیەوە بەمەزەندە بێئەوەی ئاماژە بۆ هیچ دەقێك ، یان سەرچاوەیەك بکات ، دەڵێت : (چەندین ئایەت و فەرموودە هەن ... تاد) نەخێر کاکی مەریوان جارێکی تریش دۆڕاندت و خەجاڵەت و سەرشۆڕیت بۆ مایەوە . ئەو ئایەتانەی لە قۆناغی مەککەدا دابەزیون ، بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ باسی سزای زینایان نەکردووە،چونکە ئەو کاتە ئەو کەسانەی ڕێگەی ئیسلامیان پەسەند دەکردو دەهاتنە ناو ریزی موسوڵمانانەوە ، زۆر بەدڵێکی پاك و بێگەردەوە و بەبڕوایەکی تەواوەوە موسوڵمان دەبوون ، بە ڕادەیەك هەندێکیان لە ژێر لێدان و ئەشکەنجەی بێبڕواکاندا شەهید دەبوون ، یان کۆچیان دەکردو مالّ و حاڵیان بەجێدەهێشت ، ئیدی چۆن ئەو جۆرە موسوڵمانانە زینا دەکەن ؟ بۆیە ئەو ئایەتانەی لە قۆناغی مەککەدا دابەزیون ، باسی زینایان کردووە بە شێوەیەکی لاوەکی ، بەڵام باسی سزای زیناکەریان نەکردووە ، لەو کۆمەڵگا بچوکەدا لەبەر نەبوونی و ڕوونەدانی . ئەمەش چەند ئایەتێکی ئەو قۆناغەیە (**قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ** (١) ... **وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ** (٥) **إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ** (٦) **فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ**)[١] .

بەڵام لە قۆناغی مەدینەدا ، خەڵکانێکی زۆر موسوڵمان دەبوون و یەك جۆر نەبوون ، بەڵکو لە نێوانیاندا دوو ڕوو هەبوو ، بۆیە کاری زینا ڕویداو ئەو

١- سورة المؤمنون ، الايات (٥ ، ٦ ، ٧) .

قۆناغە پێویستی بە ئایەتی توندو تیژو سزای دونیاییش هەبوو ، تاوەکو موسوڵمانەکان لەو کارە حەرامە و قێزەوونە دوورببکەونەوە .

ئەمەش چەند ئایەتێکە کە لە مەدینە دابەزیون لەم بارەیەوە :

(الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (٢) الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ) (٣) [١] .

وەبۆ مەسەلەی لەشفرۆشی لە روانگەی ئیسلامدا ، ئێمە لەباسی ئایەتی (وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا) بەتێرو تەسەلی باسی دەکەین .

لەلاپەرە (١٩٣) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ دیاردەی لەشفرۆشی بە کەنیزەکەوە ، کە لەخاڵی دەهەمدا ئاماژەمان بۆ کردووە لە ئیسلامدا حەرام نەکراوە :

(وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَنْ يُكْرِهْهُنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِنْ بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَحِيمٌ) [٢]

وەك دەبینین کاری لەشفرۆشی بەکەنیزەك حەرام نەکراوە.چونکە بەراشکاوانە ئایەتەکە ئاماژە بۆ هەندێك کەنیزەك دەکات کەدەیانەوێت لەشفرۆشی نەکەن ، بەخاوەنەکانیان دەڵێت (لەبەر ئەوەی ئەو کەنیزەکە ئایەوێت لەشفرۆشی بکات تۆش بەزۆر لەشفرۆشی پێ مەکە ، نەك هەمو کەنیزەکەکان .دەبو قورئان ،

١- سورة النور ، الايات (٢ ، ٣) .

٢- سورة النور ، الاية (٣٣) .

کەوەك یاسایەکی ئیلاهی کە لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد خۆی دەرخستووە ، دیاردەیەکی وەها نائینسانی بەبێ هیچ مەرجێك و بەتوندی مەحکوم و حەرام بکردایە } .

لەوەلامدا دەڵێن : با لە پێشدا بڕۆینە خزمەتی تەفسیری (الثعالیبي) کە دەفەرموێت :

(**وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا**) روي : ان سبب الاية هو ان (عبدالله بن أُبي بن سلول) كانت له امةٌ فكان يأمرها بالزنى والكسب به ، فشكت ذلك الى النبي (ص) فنزلت الاية فيه ، وفي من فعل فعله من المنافقين ، وقوله تعالى (إن اردن تحصناً) راجعٌ الى الفتيات وذلك ان الفتاة إذا ارادت التحصن ، فحينئذٍ يمكن ويتصور ان يكون مكرهاً ، ويمكن ان ينهى عن الاكراه ، وإذا كانت لا تريد التحصن فلا يتصور ان يقال للسيد لا تُكرِهها ، لأن الاكراه لا يتصور فيها وهي مريدة للفساد [1] .

هەروەها بۆ رونکردنەوەی ئایەتەکە بە پێویست دەزانین سوود لە (معانی النحو) وەربگرین کە دەڵێت :

(والنحاة يفرقون بين (إن) و (إذا) فيقولون : إن الاصل في (إن) أن تستعمل للمشكوك فيه و (إذا) للمقطوع بوجوده [1] .

ئێمەش دەڵێین : بەباش دەزانین ، بۆچونی خۆمانیش بەچەند خاڵێك بخەینە بەردەم خوێنەری بەڕێز :

١- تفسير الثعالبي ، سورة النور ، الاية (٣٣) .

١- معاني النحو ، الدكتور فاضل السامرائي ، المجلد الرابع ، لاپەرە (٦١) .

١- ئایەتەکە بەرستەی (لا تکرهوا) دەستی پێکردووە ، بەمەبۆمان دەردەکەوێت ، کە خوای گەورە مەبەستی دوو ڕووەکان بووە ، چونکە ئەگەر مەبەستی موسوڵمانەکان بوایە ، دەیفەرمو (یاأیها الذین امنوا لا تکرهوا فتیاتکم علی البغاء إن اردن تحصناً) ،هەروەکو لە ئایەتەکانی پێشوودا (٢٠) وە (٢٧) بە (یاایها الذین امنوا) دەستی پێکردووە .

هەروەها ئایەتەکانی (٢٩) وە (٣٠) دەستی پێکردووە بە (قل للمؤمنین) .

٢- ووشەی (فتیاتکم) لە ئایەتەکەدا ، لەلایەکەوە ئیهانەیە بۆ ئەو دوو ڕووانە ، کە بە کەنیزەك لەشفرۆشی دەکەن ، چونکە خوا کردونی بەباوکی ئەو کەنیزەکەکانە ، واتە ئەوانیش کۆیلەن و ئازاد نین .

لەلایەکی دیکەوە ، ئەو ووشەیە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئەو کەنیزەکەکانە کچتانن ، هەر وەکو عەیب و عارە بەکجی خۆتان لەشفرۆشی بکەن ، بەهەمان شێوەش عەیب و عارە بەوانیش لەشفرۆشی بکەن .

٣-ئەگەر ئیسلام لەشفرۆشی حەلاڵ کردووە ، ئەم ئایەتانەی خوارەوە بۆ هەڕەشەی تووندو تیژ لە لەشفرۆش دەکەن و سزای قورس و گرانیان بۆ دیاریکردوون لەم دونیایەدا :

(الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (٢) الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ) (٣) [١] .

١- سورة . النور ، الآيات (٢ ، ٣) .

٤- برگەی (**وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا**) لێرەدا پێتی (إن) بە گوێرەی یاساکەی سەرەوە بۆ گومانە ، واتە گومانی تێدایە کە ئەو کەنیزکەکانە داوێن پاکی پەسەند بکەن ، لەبەر ئەوەی ئەوەندە ئەم دەس و ئەو دەس دەکەن زۆربەیان شەرەف لەدەستدەدەن .

٥-مەریوان دەیەوێت ، بەمەزەندەو بە لۆژیکە سەقەت و ناڕاستەکەی خۆی بیسەلمێنێت کە برگەی (**إن اردن تحصنا**) یان زیادە و بێ مانایە ، یان ئیسلام لەشفرۆشی حەلاڵ کردووە. نەخێر بەپێچەوانەوە ، ئەم برگەیە کە پێتی(إن) ی تێدایە ئیعجازی قورئان پێشاندەدات و دەیسەلمێنێت کە قورئان وتەی بەشەر نییە ، چونکە بوونی ئەم پێتە ، بووەتە هۆی (تەوازن و تەرابت و هاوسەنگییەك) کە وێنەی لە هیچ زمانێك و زەمانێکدا نەبووە و ناشبێت .

لە سورەتی (نور)دا ئەم پێتە واتە (إن الشرطية) بەڕادەیەکی یەکجار زۆر بەکارهێنراوە . ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان سورەتەکانی دیکەی قورئاندا و ئەم سورەتەدا لە بەکارهێنانی (إن)دا ، جیاوازییەکی زۆر تێبینی دەکەین ، بە جۆرێکی نائاسایی و سەرسوڕهێنەر .ئەوەتا لەم سورەتەدا کە (دە) لا پەڕەیە (سیانزە) جار بەکارهێنراوە ، بەڵام بۆ نمونە لەسورەتی (المؤمنون) کە لە پێش سورەتی (نور) دایە و هەشت لاپەڕەیە (سێ) جار بەکار هێنراوە ، وەلەسورەتی (فرقان) دا کە لە دوای سورەتی (نور) دایە و حەوت لاپەڕیە تاکە جارێك بەکارهێنراوە. بەڕای ئێمە بەکارهێنانی (إن) بەم ڕێژە زۆرە لەو سورەتەدا ، لەبەر ئەوەیە ، کە ڕووداوی (إفك)ی تێدایە کە گومانێکی زۆر لەو ڕوداوەدا هەیە ، بەواتەیەکی دیکە ، بەکارهێنانی (إن) ی زۆر لەبەر بوونی گومانی زۆرە لەو ڕووداوەدا .

(إذا الشـرطية) کـه بـۆ تەحقیقـه لـه سـورەتی (نـور) دا هەشـت جـار بەکارهێنراوە ، لێرەدا ئەگەر هەشت (إذا) کە بۆ تەحقیقە لە سیانزە (إن) کە بۆ گومانە دەربکەین ، پێنج (إن) دەمێنێتەوە کە ئاماژە بۆ پێنج ووشە دەکەن کە هەریەکێکیان لە پێنج پیت پێکهاتووە ، کە بریتین لەووشەکانی (بهتان) و (عائشـة) و (صـفوان) کـه بوختانیـان بـۆ هەڵبەسـتبوو لەگـەڵ (عائشـة) دا . هـەروەها (مـابور) و (ماریـة) کـه ئـەمانیش بوختانیـان بـۆ دروست کرابـوون . ئەمجا لەم سورەتەدا بیست و شەس ئایەت باسی زینا و مولاعەنە و بوختانی زینا و رووداوی (إفك) دەکـەن ، ئـەو بیسـت و شـەش ئایەتانـە دابـەش دەبێت بەسـەر سـیانزە (إن) دا کـە لـە سـورەتەکەدا هـاتووە ، دەمێنێتـەوە دوان کـە ئاماژەیە بۆ (إن) ی گومان ، واتە ئەم باسکراوانە گومانیان تێدایە .

لەلایـەکی دیکـەوە سـورەتی (نـور) رێـژەی بیسـت و چـوارەمین سـورەتە لـە قورئاندا ، کەدابەشدەبێت بەسەر هەشت (إذا) دا کەلەسورەتەکەدا هـاتوون کـە دەکاتـە (سـێ) ئـەم سـێیە ئاماژەیـە بـۆ (إذا) ی تـەحقیق و بـۆ ئـەوە کـە ئـەم سورەتانە هەمویان ڕاست و یەقینن .ئەمجا سورەتەکە پێك هاتووە لە شەست و چوار ئایەت، کەدابەش دەبێت بەسەر هەشت (إذا) کە لە سوورەتەکەدا هـاتووە کـە دەکەنـە هەشـت ، ئـەویش ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی ئـەم ئایەتانـە لـەم سـورەتەدا بەگشتی یەقینن .

خوێنـەری بـەڕێز . ئـەم هاوکێشانە و (الاعجاز العدد)ییـە کـە دروسـت بوونـە لەسورەتی نوردا بەهۆی بوونی ووشەی (إن) لەبڕگـەی (إن اردن تحصنا) دایـە ، کەبەبۆچوونی مەریوان بێ ماناو زیادە !

فرەژنی له کلتوری ئیسلامدا

لەلاپەرە (١٩٥) دا مەریوان ئەم ناونیشانەی سەرەوەی نوسیوە و دەڵێت :

{ زانایانی مێژوی ئیسلام دەڵێن : پیاوان لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا بەشێوەیەکی زۆر دەسەڵاتی ژن هێنانیان هەبووە و توانیویانە ببنە خاوەنی چەندەها ژن . دواتر کە ئایینی ئیسلام هات ڕێزی بۆ ئافرەتان دانا ، لەڕەهاییەوە کەمی کردووەتەوە بۆ چوار ، ئەویش بەئایەتی (سێ لەسورەتی ژنان) ئەمجا لەسەری دەڕوات و دەڵێت (پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە پانزە ساڵ بەسەر سەرهەڵدانی ئیسلامدا ، موحەممەد بیری لە کێشەی فرە ژنی کردەوەو ئایەتێکی لەقورئاندا بۆ تەرخان کرد ویستی موحەممەد وابوو لەڕێی یاسای ئایەتەکەوە فرە ژنی بەتەواوی حەرام بکات .واتە موسوڵمانان وەك سەردەمی پێش ئیسلام لەتوانایاندا نەمێنێ دەیان ژن بهێنن ، بەڵکو چەند ژنێکی دیاریکراویان هەبێت کە لە چوار دانە تێپەڕ نەکات .

(وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا) (٣) .

ئەمجا لە کۆتاییدا دەڵێت : (سەرەتای ئایەتەکە دەڵێت (**وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى**) کە بەم مانایە دێت (گەر لەوە ترسان کە دادپەروەر نابن لەگەڵ کچە هەتیوەکاندا) پێمان وایە پەیوەندی بەفرە ژنییەوە نییە ، لەبەر ئەوەی دورو نزیك هیچ ناخاتە سەر باسەکە . نازانین بۆچی لەو شوێنەدا نوسراوە و تێناگەین بۆ دێڕێکی لەم شێوەیە نەخنراوەتەوە لای ئایەتەکەوە . جگە لە ڕاقە

بەناوبانگەکان لەسەر گوزەشتەیەکی بوخاریشدا تەفسیری ئەم چەند وشەیە کراوە و بەهیچ شێوەیەك بەمەسەلەی فرە ژنییەوە نەبەستراوەتەوە}.

ئێمەش دەڵێین : با لە پێشدا بڕوانە خزمەتی (صفوة التفاسیر) کە دەڵێت : (**وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى**) اي إذا كانت تحت حجر احدكم يتيمة وخاف ان لا يعطيها مهر مثلها ، فليتركها الى ما سواها ، فإن النساء كثيرٌ ولم يضيق الله عليه (**فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ**) اي انكحوا ما شئتم من النساء سواهنّ ، إن شاء احدكم اثنتين وإن شاء ثلاثاً وإن شاء اربعاً .(**فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً**) اي إن خفتم من عدم العدل بين الزوجات فالزموا الاقتصار على واحدة (**أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ**) اي اقتصروا على نكاح الاماء بملك اليمين ، إذ ليس لهنّ من الحقوق كما للزوجات (**ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا**) اي ذلك الاقتصار على الواحدة أو ملك اليمين اقرب الاّ تميلوا وتجوروا) [1] .

هەروەها با تەماشای (مختار الصحاح) بکەین کە دەڵێت (اليتيم) جمعه (أيتام) وه (يتامى) (لاپەڕە ٧٤١) .

دواتر ئێمەش بەچەند خاڵێك بۆچوونی خۆمان دەنوسین :

١-کرداری (تقسطوا) (مضارع) ی (أقسط) یە کە لەعیلمی صەرفدا پێی دەڵێن (فعل ثلاثی مزيد فيه الهمزة للسلب) واتە کرداری سێ پیتییە و هەمزەی تێدا زیادکراوە بۆ (سلب) واتە کردارەکە دەگۆڕێت بەدژی ماناکەی خۆی ، چونکە وشەی (قسط) مانای (ظلم)ە یە بەڵام (اقسط) مانای

١- صفوة التفاسير ، سورة النساء ، الآية (٣) .

ستەمەکەی لابرد ، بەواتەیەکی دیکە مانای وایە ستەمێك هەبووە و لای بردووە ، بۆیە وشەی (عدل) ی نەهێناوە . وشەی (في) مانای نێوان دەدات ، وشەی (الیتامی) کۆی (الیتیم) ە واتە منداڵانی (نابالیغ) . ئەمجا بەگوێرەی ئەم ڕونکردنەوە ، مانای ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێت : ئەگەر ترسان لەوەی ئەو ستەمەی کەوتووەتە نێوان هەتیوەکانەوە لای نابەن ، ئەو کاتە ژنان بهێنن دوو دوو سێ سێ چوار چوار ، وەئەگەر ترسان کە دادپەروەر نابن ، ئەوە یەك ژن بهێنن ، یان ئەو ژنە کەدەستکەوتی جەنگە . بەگوێرەی مانای ئایەتەکە : ژن هێنانی زۆر دەبێ هۆیەکی هەبێ ، کەلەم ئایەتدا لابردنی ئەو ستەمەیە کەدەکەوێتە نێوان هەتیوەکانەوە و لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن .

بە ڕای ئێمە ئەم ئایەتە هیچ پەیوەندی بە مارەکردنی کچە هەتیوەوە نییە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١- لە ئایەتەکەدا ووشەی (الیتامی) کۆی (الیتیم) وە (الیتیمة)یە بە (طریقة)ی (تغلیب) لەبەر ئەوە ووشەی (الیتامی) بە هیچ شێوەیەك نابێتە کۆی (الیتیمة) مەگەر بەڵگە لەگەڵیدا بەکارهێنرابێت ، وەکو ئایەتی (**وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ وَمَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ فِي يَتَامَى النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا تُؤْتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ**) (النساء ١٢٧) ، لێرەدا ووشەی (النساء) بەڵگەیە کە (الیتامی) کۆی (الیتیمة)یە بەڵگەشمان ئەوەیە لە ئایەتی سێ و دەی (النساء) بەکار هێنراوە بۆ کوڕ و کچ ، هەروەها لە یەك ئایەتێکی قورئاندا بە تەنها بۆ کچ بەکارنەهێنراوە ، ئیتر بە چ بەڵگەیەك لە ئایەتی (النساء ٣) دەبێتە کۆی (الیتیمة) !!!

بێگومان ئەگەر مەبەستی کچە هەتیو ببوایە دەیفەرموو (**و إن خفتم الا تقسطو في اليتيمات**) یان (في يتامى النساء) چونکە لە ئەحکامدا دەبێت ئایەت ماناکەی پڕوون و ئاشکرا بێت (**الر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ**) (هود ١) .

٢-بەگوێرەی شەرع و یاسای ئیسلام ، هەتیو دەدرێت یان بەبرا یان بەباپیر ، یان بەمامە ، ئەمانە هیچیان مارەی کچە هەتیویان لێنایەت .

٣-وشەی (ف) مانای نێوان دەگەیەنێت ، واتە لە نێوان چەند هەتیوێکدا ، بێگومان ئەم مانایە لەمارەکردنەوە دورە و ناگونجێت . چونکە ئەگەر مەبەستی مارە کردن ببوایە دەیفەرمو (مع اليتيمات) .

٤-ئەگەر بووترێت مەبەستی مارە کردنی کچە هەتیوە ، ئەوە چەمکی ئایەتەکە لەکەڵ پێشەکەیدا ناڕێك و نەشاز دەردەچێت و لە ئیعجازی قورئان کەمدەکاتەوە .

٥-ڕستەی (**الا تقسطوا في اليتامى**) مانای ئەوەیە ، ئەگەر ترسان لەوە ئەو ستەمەی کەوتووەتە نێوان خودی هەتیوەکانەوە لای نابەن ، دیارە مەبەستی ئەوەیە گەورە لە بچوك دەدات و لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن و ناخۆشی رووەدات و کەس نییە خەمیان بخوات .

٦-ئەگەر بوترێت ئەم بۆچونە دژی فەرمودەکەی حەزرەتی (عائشة)یە کە لەڕاڤەی ئایەتەکەدا دەفەرموێت (یاابن اختي هذه اليتيمة تكون في حجر وليها فيرغب في مالها وجمالها ويريد ان ينكحها بادنى من سنة صداقها فنهوا ان ينكحوهنّ الا ان يقسطوا لهنّ) .

بەڵێ ئەگەر ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئان لە پێغەمبەرەوە (صلی الله علی وسلم) بیسترابوو بەسەنەدێکی ڕاست ، ئەوە وەردەگیردرێت بەدڵنیاییەوە ، بەڵام ئەگەر لە صەحابەوە بوو نەدەگونجا لەگەڵ زمانی عەرەبیدا ، ئەوە بۆمان هەیە ڕای خۆمان دەربڕین ، بەمەرجێك تەنها بە ئەقڵ نەبێت ، لەلایەکی دیکەوە ئێمە بەگومانین لە دەقی فەرمودەکە ، چونکە لۆژیکی نییە خاوەن کچی هەتیو (... فیرغب في مالها وجمالها ويريد ان ينكحها بادنى من سنة صداقها) واتە خاوەنی کچی هەتیو حەز لەجوانی و دەوڵەمەنی ئەو کچە هەتیوە دەکات و دەیەوێ بەکەمترین مارەیی مارەی بکات ،دەبوایە دەقەکە بەم جۆرە ببوایە (يريد ان يتزوجها ولكن لقبحها وفقرها يعطيها ادنى من سنة صداقها) .

لەلاپەرە (٢٠١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ئایەت و ڕاڤە کاران ئەوەمان تێدەگەیەنن گەر پیاوێك پێش سەرهەڵدانی ئیسلام خاوەنی چەندین ژنی ئازادو ژنی کەنیزەك بووبێ ئەوا لەدوای سەرهەڵدانی ئەم ئایەتەوە ئەم دیاردەیە حەرام کراو لە زۆرەوە کەم کرایەوە بۆ چوار ژنی ئازاد جگە لە کەنیزەك . ئەگەر بێت و کەنیزەکەکانیش لابدەین و تەنها چوار ژنە ئازادەکەش وەربگرین ، بەڵگەی ڕەسەنن لەسەر خرۆش و هەوەس و ئاستی بالای سێکس و گەندەڵییەکانی لەو سەردەمەدا . هەروەها بەڵگەن بۆ ئەوەی ئیسلام کاری جددی بۆ کەمبوونەوەی ئەم گەندەڵییە نەکردووە}.

ئێمەش دەڵێین : ئەم یاسایە خوای (رب العالمین) داینناوە ، زۆر ڕاست و تەواوە و بۆ هەمو کاتێك دەگونجێت. ئەمجا جێبەجێ کردنی ئایەتەکە ، پەیوەندی بەکۆمەڵگاوە هەیە ، ئەگەر ڕێژەی ژنان زۆربوو، ئەوە ئایەتەکە مافی

یەك ژن زیاتر بە پیاو دەدات ، بەمەرجی تایبەتی خۆی ، بەڵام ئەگەر ڕێژەیان کەمتربوو ، ئەو کاتە زۆر لە پیاوان ناکات لە یەك ژن زیاتر بهێنن .ئەگەر مەریوان بەم یاسایە ناقایلە کە خوا داینـاوە ، با ئەو چارەسەرێك بۆ کێشەی کچانی ئەمڕۆی کوردستان بدۆزێتەوە ، کەگەنجەکان زۆربەیان لەدەرەوەی وڵاتن و ئەوانەش ماونەتەوە لەوڵاتدا ، یان هەوڵی دەرچون دەدەن ، یان ژن ناهێنن !

جا ئایا لەم حاڵەتەی وڵاتەکەماندا ، بۆ عەیب و عارو ناشارستانییەت بێت ، ئەگەر کچێك بەدڵ و خوایشتی خۆی شو بکات بە پیاوێکی ژندار ؟ ئەگەر مەریوان و هاوەڵەکانی ڕاستدەکەن و داکۆکی لە مافی ژنان دەکەن ، با مافی ئەو ژنانە بدەن بەدڵی خۆیان شو بکەن بەهەر پیاوێك بێت ، ئەگەر ژندارو ئەگەر بێژن ، بەڵام جەخت لەو پیاوانە بکەن ، دادپەروەربن و سنووری یاساو شەرع نەبەزێنن .

لەلاپەڕە (٢٠٢) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ بەپێی یاسای ئایەتەکە ئەوەی لە چوار ژنی ئازاد زیاتریان هەیە دەبێ زیادەکان تەڵاق بدرێن بۆیە هەر موسوڵمانێك لە چوار ژن زیاتری هەبوایە موحەممەد فەرمانی پێدەکردن زیادەکە تەڵاق بدەن . بەم بڕیارە کۆمەڵێك ژن بەبێ هۆ لە مێردەکانیان جیا کراونەتەوە . یاخود پیاوەکە نەیزانیوە کام و کام لە ژنەکانی تەڵاق بدات ، چ پیاوەکە و چ ژنەکان کەوتوونەتە ناو بیرکردنەوەیەکی سەیرەوە و نەیانزانیوە چۆن چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکەن ! ژنەکان مافیان لەو بڕیارەدا نەبووە ، کە کێ تەڵاقەدرێ و کێ تەڵاق نادرێ } .

ئێمەش دەڵێین : مەریوان هەموو کاتێك پیشەی ڕەخنەیەو هیچی تر بێنەوەی بیر لە مەسەلەکە بکاتەوە . ئەوەتا ڕەخنە لەتەڵاقدانی زیاتر لە چوار

ژن دەگرێت، بە ڕای ئەو دەبوایە ئەو ژنانە تەلاق نەدرایەن و وەك ژن باوك بۆ لەوەو دوا کار بە ئایەتەکە بکرایە (الا ما قد سلف) . بەلام بە پێچەوانەوە ، دەبوایە دەسخۆشی لەم یاسا جوانە بکردایە ، چونکە ژنانێکی زۆری رزگار کردووە لە هەوێ و بەدڵ و خواستی خۆیان شوویان کردووەتەوە ، لەبەر ئەوە ئەو کاتە دەوڵەمەندەکان بە پارەی زۆر ژنی زۆریان دەهێناو گەنجانی هەژاریش بێژن دەمانەوە . جا دابەزینی ئایەتەکە بوو بە هەلێکی باش بۆ گەنجە هەژارەکانیش ژن بهێنن و بۆ ژنانی تەلاقدراویش بەدڵی خۆیان شوو بکەنەوە ، لێرەدا بەڕای مەریوان ئەو ژنە تەلاقدراوانە سەرگەردان بوونە ، نەخێر وانییە ، خودی مەریوان چەند رووداوێکی گێراوەتەوە ، گەر ژنێك بێوەژن بووبێت ، چەند کەسێك پێکەوە ڕۆیشتوون بۆ خوازبێنی ، چونکە لەبەر ئەوەی پیاوان لە یەك ژن زیاتریان خواستووە ، ڕێژەی ژنان کەم بووە ، بۆیە هەر ژنێك بێوەژن بکەوتبایە یەکسەر خوازبێنی کەری ئامادە دەبوو .

لە لاپەڕە (٢٠٣)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ئاشکرایە زۆرێك لە پیاوان لە چوار ژن زیاتریان هەبووە ، بەمەش دەبینین زۆرێك لە ژنان ، بە بێ هۆ و بە بێ خواستی خۆیان تەلاقدراون . ئەمەش لەگەڵ ئەو عەدالەتەی ئیسلام باسی دەکات ناگونجێت ، لەبەر ئەوەی ئایەتەکە لە بەرامبەر تەلاقدانیاندا ڕێزێکی بۆ ژنەکان دانەناوە و هیچ مافێکیشی بۆ دیاری نەکردوون .

(قیس بن حارث) دەڵێ ئەو کاتەی بوومە موسوڵمان هەشت ژنم هەبوو ، پەیامبەر فەرمانی پێکردم کە چواریان هەڵبژێرم .

هەروەها (ابن كثير) لە تەفسیرەكەیدا نووسیویەتی :

لە كۆڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە كە (غەیلانی كۆڕی سەلەمە) پێش ئەوەی ببێتە موسوڵمان (دە) ژنی هەبووە ، ئەو كاتەی دەبێتە موسوڵمان و لەگەڵیشیدا ژنەكانیشی دەبنە موسوڵمان ، پەیامبەر فەرمانی پێدەكات تەنها چوار ژنیان هەڵبژێرێت .

هەروەها (عروة بن مسعود الثقفي) دوانزە ژنی هەبووە ، تەنها چواریانی هێشتووەتەوە و هەشتیانی تەلاقداوە .

هەروەها (عميرة الأسدي) قال إسلمت و عندي ثماني نسوة فذكرت للنبي صلى الله عليه وسلم فقال اختر منهن اربعا) .

هەروەها (عبد الرحمن بن عوف) پێش موسوڵمان بوونی بیست ژنی هەبووە ، دوای موسوڵمان بوونی شانزەیانی تەلاقداوە } .

ئێمەش دەڵێین : لە پێش ئێستادا باسمان كردووە ، تەلاقدانی ئەو ژنانە بووەتە هۆی خۆشی و كامەرانیان نەك ناڕەزایی و نیگەرانییان ، چونكە بە دڵ و خواستی خۆیان شوویان كردووەتەوە ، بەڵام لێرەدا دەمانەوێ ئەوە بڵێین : دەبوایە مەریوان لە جیاتی ڕەخنەو تانە و تەشەر سەری سووڕ بمایە لەو ئایینە ، كە چۆن توانی ئەو خەڵكە خۆپەرستە بگۆڕێت بە جۆرێك كە یەكسەر بە فەرمانی پێغەمبەر (صلى الله علی وسلم) بە ئاسانی و دڵخۆشییەوە ژنە زیادەكانیان تەلاق بدەن.

له لاپەڕه (٢٠٥)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ تاکه مەرجێك بۆ ئەوەی پیاوی ئیماندار بە حەلاڵی چوار ژنی ئازاد بهێنێ ئەوەیە که دەبێت پیاو لە نێوان ژنە ئازادەکانیدا داد پەروەر بێت ، چونکه لە ئایەتەکەدا نوسراوە :

(فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ) .

لە ڕاستیدا حوکمی (دادپەروەری ، العدالە) حوکمێکی مەعنەوییە و ئادەمیزاد بە هۆی غەریزەکانییەوە نەك لەگەڵ دەوروبەردا ، بەڵکو لەگەڵ خواستەکانی دەروونی خۆیشیدا ناتوانێت دادپەروەر بێت . چونکه پاڵنەرەکانی سێکس زۆر لەوە کاریگەرتر بوون مرۆڤی ئەو ناوچەیە بتوانێ لە ئاستیدا خۆی بگرێت ! سەرباری ئەوەش لە تەواوی سەرچاوەکانی ئیسلامدا سنووری یەکلاکەرەوە بۆ دادپەروەری نەکێشراوە ، بەڵکو زانایانی ئیسلام هەر یەکەیان لە تێڕوانین و بۆ چوونەکانی خۆیانەوە ڕاڤەی دادپەروەرییان کردووە و لەسەر یەك پێناسە ڕێك نەکەوتوون . هیچ کەسێکیش لە دونیادا نەیتوانیوە و ناشتوانێ لەم بارەیەوە دادپەروەر بێت . ئەم ڕاستییەش لە موحەممەد نەشاردراوەتەوە و لە کاتی خۆیدا بە ئایەتێك ئاماژەی بۆ کردووە :

(وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ) }.

ئێمەش دەڵێین : وا بە باش دەزانین لە پێشدا بڕوانە خزمەتی تەفسیری (ابن العجيبة) که دەڵێت : (يقول الحق جل جلاله (لن تستطيعوا) يا معشر الأزواج (أن تعدلوا بين النساء) العدل الكامل التام في الأقوال و الأفعال و النفقة و الكسوة و المحبة (ولو حرصتم) على ذلك لضعف حالكم و قد خففت عنكم و اسقطت الحرج عنكم ، فلا يجب العدل إلا في المبيت فقط ، و كان صلى الله عليه

وسلم يقسم بين نسائه ، فيعدل و يقول (اللهم هذه قسمتي فيما أملك فلا تؤاخذني فيما لا أملك) يعني ميل القلب و كان عمر رضي الله عنه يقول (اللهم قلبي فلا أملكه ، و أما سوى ذلك فإني أرجو أن أعدل) ، و أما الوطء فلا يجب العدل فيه ، إلا أن تتحرك شهوته ، فكيف لتتوفر لذته للأخرى (فلا تميلوا) أي إلى المرغوب فيها لجمالها أو شبابها (كل الميل) بالنفقة و الكسوة و الإقبال عليها (و تذروها) و تدعوا الأخرى (كالمعلقة) التي ليست ذات بعل و لا مطلقة ، كأنها محبوسة مسجونة ، و عن النبي صلى الله عليه و سلم (من كانت له إمرأتان يميل مع إحداهما جاء يوم القيامة أحد شقيه مائل .

ئێمەش بە کورتی ڕاڤەی ئایەتەکە دەنووسین :

(**وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ**) واتە هەرگیز ناتوانن دادپەروەریی تەواو لە نێوان ژناندا جێبەجێ بکەن (ولو حرصتم) ، هەرچەند هەوڵ بدەن و جەختی لەسەر بکەنەوە ، چونکە ئارەزووی دڵ بە دەستی مرۆڤ نییە (**فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ**) کەوا بوو نابێت هەموو ئارەزووتان بدەن بە یەکێکیان و ئەوەی دیکەش نە ئەوەتا تەلاقدراو بێت ، تا چارەسەری خۆی بکات ، نە ئەوەتا میرداریش بێت ، تا پێداویستی ژیانی بۆ ئامادە بکرێت .

لە کۆتاییدا بۆ چوونەکەمان بە چەند خاڵێك دەنووسین :

یەکەم / مەریوان هەموو کات و ساتێك هەوڵدەدات بە فرت و فێڵ خوێنەر چەواشە بکات ، بەڵکو بڕوا بە بوختانەکانی بکات ، ئەوەتا وەکو پیشەی هەموو جارێکی سەرەتای ئایەتەکەی هێناوە :(**وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ**) تاوەکو بۆچوونەکەی بسەلمێنێت کە دەڵێت (هیچ

کەسیش لە دونیادا نەیتوانیوە و ناشتوانێ لەم بارەیەوە دادپەروەر بێت) بەڵام چەمکی ئایەتەکەی نەهێناوە کە دەفەرموێت : (فلا تميلوا كل الميل فتذروها كالمعلقة) چونکە رێسەکەی دەکردە خوری و دەگەڕایەوە بە (خفی حنین) بەڵێ بۆچوونەکەی ڕاستدەبوو ئەگەر چەمکی ئایەتەکە نەبوایە ، ئەو کاتە ئێمەش هەمان بۆچوونمان دەبوو ، بەڵام چەمکی ئایەتەکە سەرەتایی ئایەتەکەی بە باشی ڕوونکردووەتەوە و بۆچوونەکەی مەریوانیشی بە نا ڕاست و نا تەواو داوە لە قەڵەم .

دووەم / چەمکی ئایەتەکە (فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ) بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێت ، ئابێ هەموو ئارەزوویەك بدرێت بە یەکێك لە ژنەکان و ئەوی دیکەش نەوەك تەڵاقدراو بێت ، نەوەك خاوەن مێرد ، بەڵام ئەگەر وا نەبوو ، ئەوە دادپەروەری جێبەجێ بووە بە گوێرەی توانای بەشەر .

سێیەم / فەرموودەکەی پێغەمبەر (صلى الله علی وسلم) (اللهم هذه قسمتي فيما أملك فلا تؤاخذني فيما لا أملك) هەروەها فەرموودەکەی ئیمام عومەریش (اللهم قلبي فلا أملكه و أما سوى ذلك فإني أرجو ان أعدل) بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن کە دادپەروەری تەواو و ئارەزووی دڵ لە توانای مرۆڤدا نییە و خوایش پێویستی نەکردووە لەسەر پیاوان .

لەلاپەڕە (٢٠٦) دا مەریوان نووسیویەتی :

{یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە تا ئێستا کەس باسی نەکردوە ، ئەوەیە ئەو مەرجە داد پەروەرییەی کە لە قورئان بۆ فرە ژنی داینناوە ، تەنها بۆ ژنە ئازادو سەربەستەکانە بە هیچ شێوەیە باس یان ئاماژەی دادپەروەری بۆ ژنە

کەنیزەکەکان ناکات . ئامۆژگاری پیاوان ناکات کە لەگەڵ کەنیزەکەکانیشدا دادپەروەربن }.

ئێمەش دەڵێین : دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە کەنیزەك زیاتر بۆ خزمەتکردن و بازرگانی دەکڕدران نەك بۆ هاوسەرگیری ، زۆر جار کەنیزەك لە ماوەیەکی کەمدا چەند جار دەکڕا و دەفرۆشرایەوە . ئینجا ئەگەر خاوەنەکەی سێکسی لەگەڵدا بکردایەو منداڵی ببوایە ، یەکسەر ئازاد دەبوو و دەبووە (ام الولد)و وەك ژنی ئازاد بێ جیاوازی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.

لەلاپەڕە (٢٠٧) دا مەریوان نووسیویەتی :

{لە ئایەتەکەدا کەنیزەك بە مرۆڤی تەواو دانەنراوە ، لەبەر ئەم هۆیەش ژمارەیان دیاری نەکرواە ، بە ڕوونی نوسراوە چوار ژن ، بەڵام ئەگەر دادپەروەر نەبن ئەوە یەك ژن ، یان لەو کەنیزەکانەی هەتانە . بەبێ دیاریکردنی ژمارەیان .لەتەفسیری باوەڕ پێکراوەکەی (إبن کەسیر) و ئەوانی دیکەشدا هاتووە : خوا فرە ژنی کەم کردووەتەوە بۆ چوار ژنی ئازاد لەگەڵ ژنی کەنیزەك بەبێ دیاریکردنی ژمارەیان ، نووسیویانە ژمارەی کەنیزەك کەوتووەتە سەر ئارەزووی موسوڵمانان ، ئیمامی قورتوبی نووسیویەتی :

(أحل الله تعالى السراري لنبيه (ص) ولامته مطلقاً).

خوای گەورە کەنیزەك و ئافرەتە ئەسیرکراوەکانی بۆ پەیامبەر و ئۆمەتەکەی بەڕەهایی حەڵاڵ کردووە }.

ئێمەش دەڵێین : خوای گەورە چوار ژنی ئازادی حەڵاڵ کردووە بۆ موسوڵمانێك ، بەمەرجی تایبەتی خۆی ، بەڵام ژمارەی کەنیزەکەکانی دیاری نەکردووە ، لەبەر ئەوە هەر وەك و لە پێشدا ئاماژەمان بۆ کردووە کەنیزەك

زیـاتر دەکـرێن بـۆ خزمـەت کـردن و بازرگـانی نـەك بـۆ سـێکس ، چـونکه موسوڵمانەکان هـەر وەکـو مێژونووسـان باسـیان کـردووه ، زۆر هـەژار و نـەدارا بوونەو نەیانتوانیوە کەنیزەکی زۆریان هەبێت. جگە لەمانەش نەیانویستووە لـە کـەنیزەك منـدالّیان ببێـت ، بەڵگـەمان بـۆ ئـەم بۆچـوونەمان ئەوەیـە ، نـە مێژوونووسان باسی کەنیزەکی زۆری سەحابەکانیان کردووە ، نەباسی منداڵی ئەو کەنیزەکانەشیان کردووە ، نەباسی هیچ کێشەیەکیان کردووە کە لەدوای منـدالّبوونی ئـەو کەنیزەکەکانـەو ئازادبونیانـەوە رووێـدابێ ، چـونکە ئەگـەر وابوایە ئەو کاتە کێشەی زۆر پووی دەدا و ئەو کەنیزەکەکانەش ئازاد دەبوون و حاڵەتی تەڵاقدانی لە چوار ژن زیاتر رووێدەدا .

لەلاپەڕە (٢٠٧) دا مەریوان نووسیویەتی :

{دەبـێ دان بـەو ڕاسـتییەدا بنـێین کـە چـەند ئایـەتێك باسـی لـە ئـازادبوونی سەرەتایی کۆیلە دەکەن ،بەڵام ئەو ئازادییـە نییـە کـە کۆیلـەکاڵ هاوتـای خـاوەن دارەکانیان بکاتەوە بۆ یەك پلە و ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی }.

ئینجا مەریوان بەزمانی خۆی باسی چەند نموونەیەك دەکات کەئیسلام هـانی موسوڵمانان دەدات بۆ ئازادکردنی کۆیلە .

ئێمـە لێـرەدا وا بـەباش دەزانـین سـوود لـە پـەرتوکەکـەی مامۆسـتای بـەڕێز (ئیکرام کریم) وەربگرین کەوەڵامی ڕەخنەکانی (فۆاد مجید میسری) داوەتـەوە . جا لەم باسەدا (فؤادیش) وەك مەریوان چەند حاڵەتێکی ئازادکردنی کۆیلـەی باسکردووە ، ئێمەش باسەکەی (فؤاد) و باسەکەی مامۆستا ئیکرام بـە کـورتی دنووسین:

١- هەرکەسێ سوێندێکی درۆی خوارد ، دەبێ کۆیلەیەك ئازاد بکات .

٢-هەركەسێ بە هەڵە كەسێكی كوشت ، دەبێ كۆیلەیەك ئازاد بكات .
٣-ئەو كەسەی كە گوناهێك دەكا و دەزانێ سەرپێچی لە فەرمانی خوای گەورە كردووە ، دەبێ كۆیلەیەك ئازاد بكات.
٤-ئازاد كردن بەقەوانّە (سەنەد) لە فەرهەنگی ئیسلامیدا پێی دەوترێ (المكاتبە) هەردوولا واتە (كۆیلە و خاوەنەكەی) لەسەر بڕێك پارە ڕێك دەكەون ، دەبێ كۆیلەكە لەماوەیەكی دیاریكراودا ئەو بڕە پارەیە بداتە خاوەنەكەی .
٥-شێوەیەكی تری ئازادكردنی كۆیلە (التدبیر) ە كە خاوەن كۆیلە بەرلەوەی بمرێ وەسییەت دەكات دوای مردنی كۆیلەكەی ئازاد بكرێت .
٦-كۆیلەی ژن ئەگەر منداڵی بووبێت ، ئەوە ئۆتۆماتیكی ئازاد كراوە .
٧-ئەگەر كابرا بەشێكی عەبدی ئازادكرد ئەوە هەر بەو قسەیە هەموی ئازاد ئەبێ .
٨-ئەگەر دوو كەس لەكۆیلەیەكدا شەریك بوون و یەكێكیان بەشەكەی خۆی ئازاد كرد ئەوە كۆیلەكە بەتەواوی ئازاد دەكرێت.
٩-هەركەسێك مولّكایەتی بۆ دروستبوو لە كۆیلەیەكدا كە یەكێك لەدایك و باوكی یان كوڕو كچی ئەوە ئازاد ئەكرێ .
١٠-خۆكڕینەوە و موكاتەبە ئەگەر كۆیلە داوای كرد ، ئەبێتە شتێكی ئیلزامی لەسەر خاوەنەكەی .
١١-هەركەس (ظهار) ی كرد ئەبێ كۆیلە ڕزگار بكات .
١٢-هەركەس لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژەكەی (جماع) لەگەڵ خێزاندا بكات ئەبێ كۆیلە ڕزگار بكات .

١٣-كەفارەتی هەموو نەزرێك وەك كەفارەتی هەموو سوێندێك وایە كۆیلە رزگار بكات .

١٤-هەركەسێك دای لە كۆیلەكەی ئەبێ رزگاری بكات .

١٥-هەركەسێ لەموحاسەبەی قیامەت ئەترسێت یان خێری بۆ قیامەت ئەوێت باشترین چاكە رزگاركردنی كۆیلەیە بیكات [١] .

ئەمجا باسی ڕێزگرتن و هەڵسوكەوت لەگەڵ كۆیلەدا دەكەین لەلایەن خاوەنەكەیەوە و سوود لەهەمان سەرچاوەی سەرەوە وەردەگرین كە دەڵێت : (ئیسلام هات یەك لیستی گەورەی لە یاسا و ڕێنمایی و (واجبات) دانا بۆ چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەوانەدا كە بە كۆیلەیەتی ئەمێننەوە ،لەبەر هۆیەك یان زیاتر ، لەو یاسا و ڕێنماییانە :

ئەبێت بەناوی (براكەم) یان كوڕە گەنجەكەم و كچە گەنجەكەمەوە بانگ بكرێت نەك عەبدەكەم ، ئەبێ لەو خواردنەی خۆتان بخۆن نەك كەمتر لەوەی خۆتان ، نابێ ئەركی قورسیان پێ بسپێررێت و ئەگەر كاری گەورەشیان پێ سپێردرا ، ئەوە ئەبێت خۆتان یارمەتییان بدەن ، ئەبێ لەو جلوبەرگە یان بكەنەبەر كەئەیكەنە بەر مالّ و منداڵی خۆتان ، هەركەسێك جوێن بەكۆیلەكەی بدات ، مەحكەمە ئەكرێت و هەركەسیش لێی بدات ئەوە كۆیلەكە ئازاد ئەكرێ ، كۆیلەیەك گوناهێك بكات ، نیوەی ئەو سزایە ئەدرێت كە كەسێكی ئازاد ئەیكات ، لەشەڕدا كە كۆیلە ئەگیرێت ناكوژرێت ، لەبەر ئەوەی ئەشێ بەزۆر

١- دەوڵەتی خیلافەت ، ئیكرام كریم ، لاپەڕە (٢٣٦-٢٤١) .

هێنرابێت بۆ شەڕ و بەقەناعەتەوە نەهاتبێت [1]

ئێمەش لەکۆتاییدا بۆچوونی خۆمان دەنووسین:

خوای گەورە و بەبەزەیی بەوپەڕی حیکمەت و دادپەروەرییەوە چارەسەری کێشەی کۆیلایەتی کردووە ، لەبەر ئەوە ئەگەر بە فەرمانێك کۆیلەی ئازاد بکردایە ، ئەو کاتە مامەڵەی بازار تێکدەچوو و دەشێوا ، چونکە ئەو کاتە کۆیلە دراوی بازار بووە و ئەو دەوڵەمەندانەش کەمامەڵەیان بەکۆیلەوە دەکرد ، یەکسەر هەژار و نەدارا دەبوون و دەبوونە کێشەیەکی دیکە بۆ کۆمەڵگا. لەلایەکی دیکەشەوە ، کۆیلەکانیش ژیانیان لەناو کۆمەڵگادا دەکەوتە مەترسییەوە ، نەیاندەزانی بە چ شێوەیەك ژیان ببەنە سەر ، جگە لەمانە دەبوونە کێشەیەکی چاوەروان نەکراوی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ... تاد بۆ دەوڵەتە تازەکەی ئیسلام .ئیتر ئەوەبوو بەو خاڵانەی سەرەوە کەباسمان کردن ، کێشەی کۆیلایەتی بەباشترین شێوەی گونجاو چارەسەر کرا ، نەخاوەن کۆیلە زیانی توشبوو،نەکۆیلەکانیش کەوتنە ناو ژیانێکی تاریك و مەترسییەوە.

لەلاپەڕە (٢٠٩) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ڕاڤە کارانیش زیاتر پشتگیری لەم بۆچونەمان دەکەن و دەڵێن ئەگەر پیاوێکی ئازاد چوار ژن بهێنێت ئەوا دەبێت کۆیلەکان دوو ژن بهێنن . ئیمامی گەورەو ڕاڤەکاری باوەڕ پێکراوی ئیسلام قورتوبی نووسیویەتی:

١- دەوڵەتی خیلافەت ، ئیکرام کریم ، لاپەڕە (٢٤٢) .

(إن العبد لا يتزوج إلا اثنتين ، وقال الشافعي وابو حنيفة واصحابهما والثوري والليث بن سعيد لا يتزوج العبد اكثر من اثنتين ، وروي عن عمر بن الخطاب وعلي بن أبي طالب وعبدالرحمن بن عوف :العبد لا ينكح اكثر من اثنتين ، ولا أعلم لهم مخالفاً من الصحابة) ئەم قسەیەی قورتوبی پاستییە حاشا هەڵنەگرەکانی ئیسلاممان نیشان دەدات . ئیمامی گەورەی ئیسلامیش تەبەری هەمان بۆچوونی هەیە ، واتە هەردوو پاڤە کارە مەزنەکەی ئیسلام داندەنێن بەهەبوونی کۆیلایەتی و مافەکانیشیان نیوەی کەسێکی ئازادە}.

ئێمەش دەڵێین : زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوە کە کۆیلە بۆی نییە لە دوو ژن زیاتر بهێنێ ، چونکە خۆی بژێوی لەسەر خاوەنەکەیەتی ، ئیتر چۆن لەتوانایدا دەبێ بژێوی چوار ژن دابین بکات وەکو پیاوی ئازاد .

لەلاپەرە (٢١١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{قسە لەسەر ئەو پاساوانە بکەین ئیسلام بۆ ئەم ئایەتە هەیەتی ، ئەو پرسیارانەش بکەین کە ئیسلام تا ئیستا نەیتوانیوە وەلامیان بداتەوە . لەو پاساوە هەرە دیارو گرنگ و بەر بڵاوانەی کە ئیسلام بۆ فرە ژنی هەیەتی ئەم چەند دانەیەیە :

یەکەم : گەر ژنەکە منداڵی نەبێت .

دووەم : گەر ژنەکە نەخۆشییەکی کوشندە یان درێژخایەنی هەبێت .

سێیەم : ئەو کاتەی ژن دەکەوێتە تەڕی خۆیەوە .

چوارەم : زۆر پیاوان هەن هێزی سێکسییان زۆرە بەیەك ژن ناتوانن هەوەسی سێکسییان دابمرکێنێتەوە.

پێنجەم : ئەگەر لەکۆمەڵگایەکدا ڕێژەی ژن لە پیاو زیاتر بوو }.

ئێمەش دەڵێین :ئەم پاساوانە لە قورئان و فەرمودەی پێغەمبەردا (صلی الله علیه و سلم) نەهاتوون ، بەڵکو بۆچوونی زانایانی ئیسلامە لەم دووایيەدا و ناژمێردرێت بەبەڵگە .بەپای ئێمە و بەگوێرەی یاسای ئیسلام و شەرعیش دەبێ ژنان ئازاد بن و سەرپشك بکرێن لەهەڵبژاردنی مێردیاندا ئەگەر رازی بوون بە پیاوی ژندار ئەوە ماف و خواستی خۆیانە و خۆیان بەرپرسن ، چونکە لە هەندێك جاردا لەوانەیە ژن بە پیاوێکی ژندار شووبکات ، بەڵام بە پیاوێکی بێ ژن شوو نەکات ،جا بۆیە ناڕاست و نامرۆییە بەناوی مافی ژنانەوە ، ژنان لە حەزو ئارەزووی سروشتی خۆیان مەنع بکرێن ، ڕاست و گرنگ ئەوەیە ، هاوسەرگیری بەڕازی بوون بێت و دادپەروەری تێیدا جێبەجێ بکرێت، ئیتر جۆری ئەو زەواجە گرنگ نییە .

خوێنەری بەڕێز ئەمە چارەسەری ئیسلامە بۆ کێشەی فرە ژنی ، بەڵام نەیارانی ئیسلام و داکۆکیکەران لەسەر مافی ژنان ، ئەوان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن ، نابێ پیاو لەیەك ژن زیاتر بهێنێت ئیتر هیچی تر .

لەلاپەڕە (٢١٢) مەریوان نووسیویەتی :

{ئیسلام پێی وایە ئەو پێنج خاڵەی دیاریمان کردون باشترین پاساون بۆ فرە ژنی . ئەگەر چی ئەم پاساوانە لە قورئاندا نەهاتوون و بیرو زادەی زانایانی ئیسلامن ، ئێمەیش ناچار دەبین پەنا بۆ لۆژیك و واقع ببەین و وەلامی پاساوەکانیان بدەینەوە :

یەکەم : ئەگەر ژن منداڵی نەبوو ، رێگە دەدرێت بە پیاو فرە ژنی بکات بۆ ئەوەی منداڵیان بێت . بەڵام قورئان و موحەممەد و زانایانی ئیسلام پێمان ناڵێن ئەی ئەگەر هۆی منداڵ نەبوون بگەڕێتەوە بۆ پیاو ئایا ژنەکە چی بکات؟).

ئێمەش دەڵێین : مەبەستی مەریوان ئەوەیە ، لەو حاڵەتانەدا کە ماوە بە پیاو دراوە لە یەك ژن زیاتری هەبێت ، دەبێ ماوە بە ژنیش بدرێت چەند پیاوێکی هەبیت لەو حاڵەتانەدا ! نەخێر . جیاوازی زۆر لە نێوان پیاو و ژندا لەم بارەیەوە هەیە ، چونکە خوای گەورە مافی بە پیاو داوە ، ئەگەر دادپەروەری جێبەجێ بکات ، تا چوار ژنی هەبێت ، تا وەکو نەوەی موسوڵمانان زۆربێت و خزمەتی ئایینی ئیسلام بکەن و کێشەی ژنانی زۆر لە کۆمەڵگادا چارەسەر بکرێت ،بەڵام بە پێچەوانەوە ، ئەگەر ژن لە یەك مێرد زیاتری بۆ حەڵاڵ بوایە ئەو کاتە :

یەکەم: ئەو ژنە لەیەك کاتدا لەو چەند مێردانەی لە یەك منداڵ زیاتری نەدەبوو .

دووەم : باوکی پاستی منداڵی ئەو ژنە بە تاکید لەنێوان ئەو چەند مێردانەدا نەدەزاندرا .

سێیەم : یاسای خێزان و هاوسەرگیری تێك دەچوو دەبووە هۆی کێشەو ناخۆشی رۆژانە لە نێوان ئەو مێردانەدا .

چوارەم : سۆز و ڕەحمی باوکی لەلای ئەو مێردانە نەدەما و هەمویان بە گومانەوە تەماشای منداڵی ئەو ژنەیان دەکرد .

لەلاپەڕە (٢١٤) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ئەزمون ئەوەی سەلماندووە کە فرە ژنی مومارەسەیەکی داڕماوی کۆمەڵایەتییە .بەڕێکەوت و بە شێوەیەکی زۆر دەگمەن لەدونیادا هەڵدەکەوێ پیاوێك بتوانێ لە نێوان دوو ژنیدا دادپەروەربێت .یاساکانی قورئانیش دەبێ بۆ گشت بێت ئەك حاڵەتی دەگمەن و شاز } .

لەوەلامدا دەڵێن : لەباسەکانی پێشوماندا باسی فرەژنیمان کردووە ، بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە **دەڵێین** : ئەگەر کچێك بەخواست و ئارەزوی خۆی قایل بوو بە پیاوێکی ژندار ، بۆ (مومارەسەیەکی داڕماوی کۆمەڵایەتییە) .
بۆ مەسەلەی دادپەروەری لە نێوان ژناندا لەباسەکانی پێشودا باسمان کردووە و پێویست بە دووبارە ناکات.

لەلاپەڕە (٢١٥) دا مەریوان نووسیویەتی:
{لەم ئایەتەدا ئەوە دیاری نەکراوە ، گەر کەسێك ژنهێنانەکەی گەیشتە چوار دانە ئیتر ژنهێنانی دیکەی لێ حەرام کرابێت ، بەڵکو ئەو دەروازەیەی بەوالایی هێشتووەتەوە بەئارەزووی خۆی ژن تەڵاقدات و ژنی دیکە بهێنێتەوە ، لەڕێگەی بەکارهێنانی ووشەیەکەوە کە لە ئیسلامدا پێی دەگوترێت (تەڵاق) ، پیاو دەتوانێت چەندین ژن تەڵاق بدات و چەندین ژنی دیکە مارە بکاتەوە ، بەم پێیەش دەتوانین بڵێین موسوڵمانان لە ژیانیاندا دەتوانن نەك چوار ژن بەڵکو ببنە خاوەنی دەیان و سەدان ژن . بەڵگەی ئەوەش هەیە کە ئەم قسەیە ڕاستە . تەڵاقدانی ژنە زیادەکان و هێشتنەوەی چواریان لەسەر حوکمی ئایەتەکە بەشێوەیەکی بەرچاو پراکتیك کراوە و موسوڵمانان بەم حیلە شەرعییە ژنی دیکەیان هێناوە) ئینجا (ئیمام حسن و عبدالرحمن بن عوف) ی کردووە بەنموونە لە تەڵاقدانی ژناندا }.

ئێمەش دەڵێین : تەڵاقدانی ژن بەبێ هیچ هۆیەکی شەرعی تاوانە و دژی ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت (**وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا**

مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا) [1] هەروەها دڕی فەرمودەکەی پێغەمبەریشە (صلی الله علی وسلم) (ابغض الحلال عندالله الطلاق) لەلایەکی دیکەوە دڕی بەرژەوەندی خودی پیاوە تەلاقدەرەکەشە چونکە پارەیەکی زۆری لە ژن هێنانەکەیدا خەرج کردووە و دەبێ بەگوێرەی یاسای ئیسلام ، مارەیی دوای و (متعه) ی ژنان و بژێوی سێ تەری ژنە تەلاقدراوەکەی بدات. بۆیە ناڕواتە ئەقڵەوە ، پیاوێك یەکێك لەچوار ژنەکەی تەلاقبدات ، لەبەر هێنانی ژنێکی دیکە ، بەڵام بۆ ئەو ریوایەتە کە دەڵێت (امام حسن و عبدالرحمن بن عوف) ژن هێنەرو تەلاقدەربوونە ، ئێمە زۆر بە گومانین لەوەی کە ئەو دوو زاتە کاری وایان ئەنجام دابێت .بەڕای ئێمە لەبەر بوونی دوو بەرەکی لە نێوان موسوڵماناندا بوختان دڕی هەندێ موسڵمانان کراوە . خۆ لە حاڵەتێکدا ئەو ریوایەتانەش ڕاست بێت ، ئێمە وا دەزانین هۆی شەرعییان بووە بۆیە ژنیان تەلاقداوە .

لەلاپەڕە (٢١٧) دا مەریوان نووسیویەتی :

{چاوی خوێنەر بە سیناریۆی ژمارەی ژنانی ئەم کەسایەتییانە ڕۆشن بکەینەوە ، تا بتوانین لەوانەوە واقیعی سەردەمی موحەممەد ڕونتر ببینین . لەو دە کەسە چواریان خەلیفەبوون لەدوای مردنی موحەممەد ، یەك لە دوای یەك دەسەلاتیان گرتووەتە دەست ، واتە نموونەی ڕاستەقینەی جێبەجێکەری یاساکانی ئیسلامن .

١- سورة النساء ، الآية (٣٥) .

١- (ابو بكر الصديق) چوار ژنی هەبووە، ٢- (عمر بن خطاب) نۆ ژنی هەبووە ، ٣- (عثمان بن عفان) نۆ ژنی هەبووە ، ٤- (علي بن ابي طالب) نۆ ژنی هەبووە . ٥- (طلحة بن عبدالله) ئەویش نۆ ژنی هەبووە. ٦- (الزبير بن العوم) شەش ژنی هەبووە . ٧- (سعد بن مالك) ئەویش یانزە ژنی هەبووە . ٨- (عبدالرحمن بن عوف) سی و شەش ژنی هەبووە ، بەڵام بیستیان ناسراون).

لەوەڵامدا دەڵێین : ئێمەش وەڵامەکانمان بەچەند خاڵێك دەنوسین :

یەکەم : ئەو ژنانە کە مەریوان تۆماری کردوون ، ئەگەر ڕاست بێت ، بێگومان پێش دابەزینی ئایەتەکە بووە ، چونکە لە دوای دابەزینی ئایەتەکە ، هەرکەسێك لە چوار ژن زیاتری بووبێت ، زیادەکەی تەڵاقداوە، خودی مەریوانیش ئاماژەی بۆ چەند صەحابەیەك کردووە ، کە لە دوای دابەزینی ئایەتەکە زیادەکەیان تەڵاقداوە .

دووەم : ئەم ناوانە لای بەشێکی زۆری موسوڵمانان بەڕێزونمووندی پیاو چاکانن ، بەڵام بەپێچەوانەوە ، لای هەندێکی دیکە ، بەخراپ لەقەڵەمیان دەدەن ، جا لەبەر ئەوە بەگومانین لە ریوایەتی ژنهێنانیان بەو ڕادە زۆرە کە لۆژیکی نییە .

سێیەم : بێگومان ئەو کاتە موسوڵمانان بە هەزارەها کەس بوون ، ئەگەر هەریەکێك لەوانە چوار ژنی هێنابێت ، ئەوە دەکاتە ژمارەیەکی زۆرو نیوە دورگەی عەرەب ئەو کاتە ئەو هەموو ژنانەی تێدا نەبووە .

چوارەم : ئەگەر یەکێك ئاگای لە مێژوی ئەو سەردەمە نەبێت وا دەزانێ ئەو صەحابانە هەر خەریکی ژنهێنان و سێکس بوونە ئیتر هیچی تر ! ئەی ئەگەر وایە ئەو هەموو فتوحات و سەرکەوتنانە کێ ئەنجامی داون !

پێنجەم : خودی مەریوانیش باسی ئەوەی کردووە ، گەر ژنێك بێوەژن بکەوتبایە ، یەکسەر چەند کەسێك بەجارێك دەڕۆیشتن بۆ خوازبێنی ، بەمە دەردەکەوێت ئەو کاتە ژنی زۆر نەبووە و صەحابەکانیش ژنی زۆریان نەبووە .

شەشەم : مێژوو باسی هەژاری صەحابەکانی کردووە بەڕادەیەك هەندێکیان مارەیی ژنیان نەبووە ، لە جیاتی مارەیی خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئانیان کردووە بەمارەیی ، ئیتر چۆن مەزەندە دەکرێت بژێوی چوار ژن و کەنیزەکی زۆر دابین بکەن .

لەلاپەڕە (٢٢١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{چیرۆکی سەیرو سەمەرەش لە شێوەی ژن هێنانەکانیاندا هەیە ،لێرەدا چەند نموونەیەکی سادە دەهێنینەوە (أم أبان بنت عتبە) لەگەڵ مێردەکەیدا لە (شام) بووە ژنێکی زۆر جوان و قەشەنگ بووە ، کاتێك مێردەکەی کۆژراوە گەڕاوەتەوە بۆ مەدینە . لەبەر ئەوەی خاڵۆژنی موعاوییە بووەو جوان بووە ، عومەری کوڕی خەتتاب و عەلی کوری ئەبی تالیب و دووان لە مرژدە پێبەخشراوەکان ، زوبێرو تەلحە ، بەجارێ چوار کەس چوونەتە داوای و ئەویش شووی بەتەلحە کردووە ، (عاتکە بنت زید) ئامۆزای عومەری کوڕی خەتتاب ، ئافرەتێکی جوان و قەشەنگ بووە ، یەکەم جار شووی کردووە بە (عبدالله بن ابی بکر) کوڕی (ابو بکر الصدیق) زۆر یەکتریان خۆشویستووە ، دوایی پێیان تەلاقداوە ، تینی ئارەزوی سێکس لەلایەکەوەو جوانێکەی

لەلایەکی دیکەوە وای لە عومەری کوڕی خەتتاب کردووە بە زۆر بیکات بە ژنی خۆی، سێیەم جار شوو دەکات بە زوبێری عەووام ، عەلی کوڕی ئەبی تالیب داوای دەکاو دواتر پەشیمان دەبێتەوە ، دواتر شوو دەکات بەکوڕەکەی (حەسەنی کوڕی عەلی کوری ئەبی تالیب)).

ئێمەش دەڵێین :گومان لەوەدا نییە ئەو چوار زاتە پێکەوە خوازبێنی (أم ابان) یان نەکردووە ، چونکە پێغەمبەر (صلی الله علی وسلم) نەهی کردووە لە خوازبێنی لەسەر خوازبێنی .

لە کۆتاییدا دەڵێین : لەم ڕیوایەتە دا چەند ڕاستییەکمان بۆ دەرکەوتووە

١- ئەو صەحابانە لە چوار ژن کەمتریان بووە ، بۆیە توانیویانە خوازبێنی ژنی دیکە بکەن .

٢- هەروەها بۆمان دەرکەوتووە، ئەو کاتە ڕێژەی ژنان زۆر کەم بووە ، چونکە ئەگەر وا نەبوایە ، چۆن چوار کەس دەڕۆن بۆ خوازبێنی تاکە ژنێك ؟

٣- وا دەردەکەوێت ئەو کاتە ژنان مافی تەواویان هەبووە ، بەتایبەتی لە شوو کردندا .

٤- ئەو صەحابانە مەبەستیان لە زەواج سێکس نەبووە بەتەنها ، بەڵکو ویستوویانە نەوەی موسوڵمانان زیاد بێت ،بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچونە ئەوەیە کاتێك (ابو بکر الصدیق) زانیویەتی (عبدالله) ی کوڕی ژنەکەی زۆر خۆشویستووە و مەنعی کردووە لە غەزا پێی تەڵاقداوە ، هەروەها فەرمودەیەکیش لە ئیمام عومەرەوە لەم بارەیەوە دەگێڕنەوە .

له لاپەرە (٢٢٢)دا مەریوان نووسیویەتی :

{له ڕاستیدا هەر دوو ئایەتەکە (النساء ٣ – النساء ١٢٩) زیادەن و دەبوو له جێی هەردووکیان یەك ئایەت بنوسرایە . ئایەتی یەکەم پێمان دەڵێت گەر دادپەروەر بوون دەتوانن چوار ژن بهێنن ، له ئایەتی دووەمیشدا پێمان دەڵێت هەر گیز ناتوانن دادپەروەر بن ، جا ئەگەر ناتوانین دادپەروەر بین چ پێویستی بەوە دەکرد دوو ئایەتی بۆ تەرخان بکرێت بە شێوەیەك کە شوێنێکی گرنك لە ژیانی موسوڵمانانداو داگیر بکات ! ؟ ئیعجازی قورئان داوای ئەوە دەکات هەردوو ئایەتەکە یەکێك بوونایە و لە جێی هەردووکیان بنوسرایە (یەك هاوسەرتان هەبێت بۆ دادپەروەریتان باشترە) ئەو کاتە تێدەگەیشتین لەبەر نەتوانینمان بە موماڕەسە کردنی دادپەروەری نابێ لە یەك هاوسەر (هاوسەر نەك ژن) زیاترمان هەبێت ، ئەم زیادە ڕەوییەی کە هەیە لە ئیعجازی قورئان کەم دەکاتەوە }.

ئێمەش دەڵێین : ئەم ڕەخنەیەی مەریوان دووەم جارە ، دیارە ئەم دووبارە کردنەوەیە بۆ ئەوەیە ، کە ئەم دوو ئایەتە باشترین بەڵگەن بۆ لاوازیی قورئان ، بەڵام بە پێچەوانەوە ، ئەم دوو ئایەتە و ئایەتەکانی دیکەی قورئان باشترین بەڵگەن ، بۆ ئیعجازی قورئان ، ئێمە لە باسەکانی پێشوومانداو بە تێرو تەسەلی باسمان کردووەو پێویست بە دووبارە ناکات .

له لاپەرە (٢٢٣)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ وەك لە ئایەتەکەدا هاتووە مەرجی فرە ژنی دادپەروەرییە ، گەر پیاوان نەیانتوانی دادپەروەر بن ئەوە ناتوانن چوار و سیان و دووان بهێنن ، بەڵام دەتوانن یەك ژن و چەندین کەنیزکیان هەبێت . لێرەدا قورئان باسی دادپەروەی

بۆ یەك ژن ناکات ! ئەگەر پیاوان دادپەروەر نەبن هیچ نەبێت دەتوانن یەك ژن بێنن ، یاخود دەتوانن کۆمەڵێك ژنە کەنیزەك بهێنن ، کەواتە پیاوێك چەند نادادپەروەر بێت مافی ئەوەی هەیە ژن بخاتە ژێر هەڵسوکەوت و برپیارە ناڕاست و نادروست و نادادپەروەرییەکانی خۆیەوە ! ئەمە سەر باری ئەوەی کە باس لە مافەکانی ژنە کەنیزەکەکان ناکات و بۆ برپیارە نا دادپەروەرییەکەی پیاوان ماوەتەوە) .

ئێمەش دەڵێین : ئافەرین سەد ئافەرین بۆ مەریوانی ڕەخنە گری ئاخر زەمان و سەر لێشێواو و نەزان و کەودەن . ئەوەتا لە ئەوەڵی پەرتوکەکەیەوە یەك ڕەخنەیەکی لە جێگەی خۆیدا نەبووە و نەپێکاوە ، تەنانەت لێرەشدا لە جیاتی ئەوەی بیرمەندی و بلیمەتی خۆی دەربخات ، نەخوێندەواری و نا شارەزایی خۆی زیاتر ئاشکرا دەکات ، بە تایبەت لە زمان و ڕێزمانی عەرەبیدا ، بە ڕادەیەك جیاوازی ناکات لە نێوان (واو العطف) کە بۆ (مطلق الجمع) بەکار دەهێنرێت و لە نێوان (أو العطف)دا کە بۆ (أحد الشیئین) بە کار دەهێنرێت ، واتە یەکێك لەو دووانە نەك هەردووکیان پێکەوە .

بۆ ئەوەی باسەکە زیاتر ڕوون ببێتەوە ، دەڕۆینە خزمەت ئایەتەکە کە دەفەرموێت :

(**فواحدة أو ما ملکت أیمانکم**) واتە ئەگەر ترسان لەوەی کە دادپەروەر نابن ، ئەوە تاکە ژنێك بخوازن ، یاخود ژنانی دەستکەوتی جەنگ ، بەڵام ئەگەر ئایەتەکە بیفەرمووایە (فواحدة و ما ملکت أیمانکم ، واتە تاکە ژنێك و لەگەڵ ژنانی دەستکەوتی جەنگدا ، ئەو کاتە بۆچوونەکەی مەریوان پڕ پێستی خۆی

دەبوو بێ زیاد و کەم . بۆ مەسەلەی دادپەروەری لەگەڵ کەنیزکەکاندا ، ئێمە لە باسەکانی پێشوومانداباسمان کردووە و پێویست بە دووبارە ناکات .

ئەنجام /

لە لاپەرە (٢٢٣)دا مەریوان ئەم ناونیشانەی سەرەوەی نووسیوە و ئەمجا باسەکانی پێشووی بە چەند خاڵێك دووبارە کردووەتەوە جا لەبەر ئەوە وەلامان داوەتەوە جارێکی تر پێویست بە وەلام دانەوە ناکات.

لە لاپەرە (٢٢٥)دا مەریوان نووسیویەتی :

{فرە ژنی نەریتێکی کۆنی داڕماوی کۆمەلایەتییە ، ئەو مافەی موحەمەد بەخشیوێتی بە پیاو بۆ هاوسەر گرتن ، بە پەوای نەبینیوە بەسەر کچەکەی خۆیدا ئەزموون بکرێت ، کاتێك زاواکەی خۆی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) ویستوویەتی ژن بەسەر فاتمەی ژنیدا بهێنێت لەبەر ئەوەی فاتیمە کچی موحەممەد بووە ، موحەممەد پازی نەبووە ، لە مینبەری مزگەوتێکەوە وتوویەتی :

بەنی هیشام داوای مولەتیان لێکردووم کە کچەکەیان لە عەلی کوڕی ئەبی تالیب مارە بکەن ، من ڕێگە بەم کارە نادەم ، دوایش ڕێگە بەم کارە نادەم ، دوایش ڕێگە بەم کارە نادەم . جا ئەگەر (عەلی) هەر دەیەوێت ژن بهێنێت ، با کچەکەی من تەلاق بدات ئەوسا کچی ئەوان مارە بکات ، لەبەر ئەوەی (فاطمة) پارچەیەکە لە من . هەر شتێك ئەو ناڕەحەت بکات منی نا ڕەحەتکردووە ، هەر شتێك ئازاری ئەو بدات ، منی ئازار داوە } .

لە وەلامدا دەڵێین : وا بە باش دەزانین بە چەند خاڵێك وەلام بدەینەوە :

یەکەم / (فاطمة) کچی خۆشەویستی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) بووە ، بە پەوای نەبینیوە دڵگران و نیگەران بێت .

دووەم / پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) وەکو بەشەر ، هەست و سۆزی باوکی کاری لێکردووە کە نا پەزایی خۆی دەربڕێ دەربارەی ئەو زەواجە ، لە لایەکی دیکەوە مەزەندە دەکرێت (فاطمة)ی کچی نا پەزایی خۆی گەیاندبێتە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) ، ئیتر ئەویش قایل نەبووە بەو کارە و نا پەزایی خۆی دەربڕیوە.

سێیەم / دەربارەی ئەو کچە کە ئیمام علی خوازبێنی کردووە ، هیچ شتێك نەزاندراوە لەوانەیە شیاوی ئەوە نەبوبێت ببێتە هاوسەری ئیمام علی و هەوێیی (فاطمة) .

چوارەم / ئەوە شتێکی ناشکرا و حاشا هەڵنەگرە بە گوێرەی ئایەتەکە ، یەك ژنی باشترە لە فرە ژنی بۆ کامەرانی خێزان و دوور لە کێشە ، بۆیە پێغەمبەریش (صلی الله علیه و سلم) باشەکەی ویستووە و پەسەندی کردووە بۆ خۆشەویستی خۆی ، لەمەدا هیچ نا پەواییەك تێبینی ناکرێت و پەخنەش هەڵناگرێ.

پێنجەم / بێگومان نا پەزایی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) ، نامەیەکە بۆ ئۆمەتەکەشی کە یەك ژنی باشترە لە فرە ژنی لە حاڵەتی ئاساییدا .

لە لاپەرە (٢٢٦)دا مەریوان نووسیویەتی :

{بە پێوەری یاسای ناسخ و مەنسوخ لە قورئاندا دەبوایە کار بە ئایەتی فرە ژنی نەکرابایە . ئەگەر مەسەلەی فرە ژنی پەیوەندی بە دادپەروەرییەوە هەبێت ، ئەوە فرە ژنی مەنسوخە بە ئایەتی (١٢٩)ی هەمان سورەت . بۆ

پوونکردنەوەی زیاتر ، ئەگەر بڕوانینە ئەو ئایەتانەی کە حوکمیان لە ناو قورئاندا وەستێنراوە بە سەدان ئایەت هەن کە لە جێگەیان ئایەت و حوکمی دیکە هاتوونەتە شوێنی . لێرەدا پێویستە و جێی خۆیەتی چەند نموونەیەك لەسەر وەستانی حوکمی چەند ئایەتێکی قورئان بهێنینەوە تا بتوانین مەبەستەکەمان باشتر بپێکین } .

ئێمەش دەڵێین : مەریوان لە لاپەڕە (٢٢٦)ەوە تاوەکو لاپەڕە (٢٣٥) باسی ناسخ و مەنسوخی کردووە و بۆ نمونە باسی حەرامکردنی مەشروبی کردووە بە چەند پلەیەك ، تا بیسەلمێنێ کە ئایەتی فرە ژنی مەنسوخە بە ئایەتی (١٢٩ النساء) ، بەڵام ئەم جارەش وەکو جارەکانی دیکە سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە ، لەبەر ئەوە ئایەتی (**وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ**) تەواو کەری هەیە کە بڕگەی (**فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ**) کە بە باشی مانای بڕگەی پێشی پوونەکاتەوە و پێویست بە نەسخ ناکات ، ئەمجا ئێمە نازانین بە فێڵ ئەم بڕگەیەی نەهێناوە ، یاخود لە نەزانین ! بە هەردوو حاڵەتەکە نەزانی و نا ڕاستی مەریوان دەردەکەوێت. بۆ زانیاری زیاتر لەم مەسەلەدا بگەڕێرەوە سەر باسەکانی پێشوومان .

لە لاپەڕە (٢٣٦)دا مەریوان نووسیویەتی :

{لە بەشەکانی حیجاب و فرە ژنیدا بۆمان دەرکەوت لە پوانگەی ئیسلامەوە لاشەی ژن پڕە لە گوناە و تاوان و بۆ جولاندنی هەوەسە سێکسەیەکانی پیاو هەستیارترین وەسیلەیە ، ئەم بۆچوونەی ئیسلام یاسا گەلێکی وای هێنایە بەرهەم ، کە پیاوانی موسوڵمان ئافرەتەکانیان لە ناو کۆمەڵێك پۆشاکدا بپێچنەوە تا دیمەنی جەستەیان دابپۆشرێت ، هەروەها کۆمەڵێك ژنیش لە

دەوری یەك پیاودا کۆبکاتەوە تا غەریزە سێکسییەکانیان تێر بکات . بەم پێیەش رێگە بۆ پیاوان خۆش ناکرێت دوو چاری گوناە و تاوان و لادانی سێکس بن . بەلام ئایا موحەممەد دەچێتە ناو ئەم بەراوورد کارییەوە ؟) .

ئێمەش دەڵێین : هیچ ئایەتێك یاخود فەرموودەیەك ئاماژەی نەکردووە کە (لاشەی ژن پرە لە گوناە و تاوان) ئەمە قسەی مەریوان خۆیەتی ، ئەگەر بەڵگەی ئایەتی حیجاب بێت ، ئەوە ڕاست نییە ، چونکە داپۆشینی جەستەی مرۆڤ ، ژن یاخود پیاو کارێکی جوان و پێویستە ، جا ئەگەر ئایەتەکە بە ڕاستەو خۆ باسی ژنی کردووە ، لەبەر ئەوەیە ئەو مەبەستە و پلەی سەرەکییە لە حیجابدا و زیاتر پێویست بە داپۆشینی جەستە دەکات . لێرەدا ئایەتی حیجاب بەڵگەیەکی ڕاست و ئاشکرایە بۆ ئەوە ، کە موسوڵمانەکان سێکس باز نەبوون ، چونکە ئەگەر وابیوایەن ، ئەو کاتە ئایەت دادەبەزی و فەرمانی پووتبوونی ئافرەتی تێدا دەنوسرا ، تا وەکو هەوەس و ئارەزووی سێکسیان زیاتر بجوڵێتەوە و بێتە جۆش.

لە لاپەرە (٢٣٧)دا مەریوان نووسیویەتی :

{لە زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوە بڕوا پێکراوەکانی مێژووی ئیسلامدا ، بە هەردوو صەحیحەکەی بوخاری و موسلیمەوە ، ڕاشکاوانە ئاماژەیان بەو ڕووداوە ڕاستە قینەیە داوە کە پەیامبەری ئیسلام (موحەممەد) لە تەمەنی پەنجا و یەك ساڵیدا داخوازی کچێکی ئبو بەکری صدیقی کردووە بە ناوی عائشە کە ئەو کاتە تەمەنی شەش ساڵان بووە ، لە پاش سێ ساڵ زەواجەکەیان کردووە و چووەتە پەردەوە ، ئەم دوو ئیمامەش لە باوەڕ پێکراوترین مێژوو نوس و زانایانی ئیسلامن}.

ئێمەش دەڵێین : هەر کەسێك ژیانی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) شارەزا بێت ، بە باشی بۆی دەردەکەوێت لە کاتی لە دایکبونییەوە تا کۆچی دوایی هەمووی موعجیزە بووە بە تایبەت لەلایەن خێزاندارییەوە ، ئێمە لە باسەکانی پێشوومانداباسمان کردووە ، بەڵام لێرەدا چەند خاڵێك دەنوسین :

یەکەم / پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) تاوەکو تەمەنی بیست و پێنج ساڵی ، بە شاهێدی یار و نەیار ، هیچ کارێکی سێکسی لێنەبینراوە ، بە پێچەوانەی هاوتەمەنەکانی ئەو کاتەی.

دووەم / لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا زەواجی لەگەڵ بێوەژنێکی تەمەن چل ساڵیدا کردووە و بیست و پێنج ساڵی تەواو لە هەڕەتی گەنجییدا لەگەڵیدا ژیانێکی خۆش و بەختەوەر ژیاوون و هیچ نا ئاساییەکی لێنەبینراوە !

سێیەم / لە داوی کۆچی دوایی خدیجة ، سامانێکی زۆری بۆ بەجێماوە ، لەگەڵ ئەوەشدا زەواجی لەگەڵ بێوەژنێکی تەمەن گەورەی دیکەدا کردووە و سێ ساڵ لە مەککەدا بە تەنها لەگەڵیدا ژیاوە و نا ئاساییەکی لێنەبینراوە !

چوارەم / منداڵێکی تەمەن شەش سالانەی خواز بێنی کردووە و بە نۆ ساڵی لەگەڵیدا جووتبووە !

پێنجەم / لە دوای کۆچکردنی بۆ مەدینە ، دەستیکردووە بە پیرە ژن و بێوەژن هێنان ، بە شێوەیەکی نا ئاسایی و سەر سوڕهێنەر ، لە ناویاندا بە تەنها عائشە کچ بووە !

شەشەم / لەبەر ئەوەی دوورگەی عەرەب شوێنێکی گەرمە مرۆڤی ئەو شوێنە هێزی سێکسی زوو دەردەکەوێت و زویش کەم دەکاتەوە ، بۆیە خەڵکانی ئەو دوورگەیە بە گەنجی زەواجی زۆریان ئەنجامداوە و لە کاتی پیرییاندا کەمیان

کردووەتـەوە . بـەلام پێغەمبـەر (صـلی الله علیـە و سـلم) بـە تـەواوی بـە پێچەوانەوە بووە !

لە لاپەرە (٢٤١)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ژینگە ، کلتور ، ئابووری ، نەریتی کۆمەلایەتی ، دواتر فەرهەنگی ئایینی ئیسلام و زۆری دیکە کەسایەتی موحەممەدی لەکاری پەیامبەرەوە گۆڕی بۆ فەرماندارێکی جەبەروت کە لەسەر کورسی پادشاهێتی دانیشێت . هەر بۆیە زۆر ئاساییە ببینین سەرکردەیەکی لەم شێوەیە چەندین کۆیلە و کەنیزەك و خزمەتکاری هەبێت و مێژوو نوسانیش ناوی زۆربەیان بنوسنەوە لە مەککە و پێش زەواجەکەی لە خەدیجە نەدار و برسی بوو ، دواتر چەندین خزمەتکار لە دەورووبەری دەئالایەن و هەر یەك لەوانەش ئەرك و کاری تایبەتی پێدەسپێرن . لەوانە (أنس بن مالك) سەرپەرشتی شوێنی دەست بە ئاو گەیاندنی موحەممەدی کردووە ، (عبد الله بن مسعود) سەرپەرشتی سۆلەکان و سیواکی کردووە ، (عقبە بن عامر الجهنی) سەرپەرشتی هێستر و باری کردووە ، (أسلع بن شریك) سەرپەرشتی ووشتر و بارەکانی کردووە (أبو ذر الغفاري) و (أیمن بن عبید) هەروەها دایکیشی (أم أیمن) سەرپەرشتی کاری پۆژانە و پێداویستی دیکەیان کردووە . چەندین شاعیرش لە چوار دەوری هەبوون لەوانە (کعب بن مالك ، عبد الله بن رواحة ، حسان بن ثابت } .

ئێمەش دەڵێین : هیچ گومانێك نییە و حاشا هەڵنەگرە کە جیاوازی زۆر لە نێوان قۆناغی مەککە و مەدینەدا هەبووە ، چونکە لە قۆناغی مەدینەدا ، حکومەتێکی ئیسلامی دامەزراوە و موسوڵمانان حیسابیان بۆ دەکرا ، جا پێغەمبەری (صلی الله علیە و سلم) سەرکردەی ئەو دەوڵەتە بە هۆی ئەوەی

ڕەووشتێکی بەرز و جوانی هەبووە ، بووەتە خۆشەویست ترین کەس لەلای ئەو موسوڵمانانە و هەموویان پێش بڕکێییان کردووە لە خزمەتکردنیدا بە بێ هیچ پاداشتێکی دونیایی و خۆیان و داراییان بەخت کردووە لە ڕێگەی ئیسلام و سەرکەوتنیدا ، جا بۆیە ئەم حاڵەتە بێوێنەیە مەریوانی خستووەتە ناو کۆمەڵێك لێکدانەوە و بۆچوونی نا ڕاست و سەقەتەوە .

لەلاپەڕە (٢٤٣) دا مەریوان نووسیویەتی:

{ئێمە نابێت بەکارێکی سەرسوڕهێنەری بزانین کە موحەممەد ئارەزوی سێکسی هەبووە مرۆڤ بووە و وەك هەموو کەسێکی جینسی حەزی لە سێکس و ڕابواردنی ئافرەتان کردووە . لەبەر ئەوەی کە سێکی ئاسایی پەروەردەی هەمان ئەو ژینگەیە بووە کە کۆمەڵگاکەی تێیدا ژیاوە،حەزی لە جوانەکان بووە ، حەزی لە جووتبونی کچ و کیژۆڵەی بچوك بووە و لەگەڵیاندا ڕایبواردووە}.

ئێمەش دەڵێین: مەریوان زۆر سەیرە و سەرسوڕهێنەرە قسەکانی کێشانە ناکات ئەوەتە ، بەکوێرانە و بێبەڵگە دەڵێت : (حەزی لە جوتبوونی کچی کیژۆڵەی بچوك بووە و لەگەڵیاندا ڕایبواردووە) بێگومان ئەمە بوختانە و ناڕەوایە ،چونکە هەموو مێژوونوسان کۆکن لەسەر ئەوە ، کە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) یەك کچێکی عازەبی هێناوەو ئەودوای هاوسەرەکانی بێوەژن و تەمەن گەورە بوونە ، خۆ ئەگەر حەزو ئارەزوی لە کچی کیژۆڵەی بچووك ببوایە ئەوە بە ئاسانی و شانازییەوە دەیان کچی لەو جۆرەی پێشکەشدەکرا.

لەلاپەڕە (٢٤٥) دا مەریوان نووسیویەتی:

{ یەکێك لە ڕوداوە سەرسوڕهێنەرەکانی موحەممەد ئەوەیە ، لەگەڵ ئەو ژنانەیدا سێکسی دەکرد کە لە تەڕی خۆیاندا بوون ، بەڵام بەتەواوی لەگەڵی

جووتنەدەبو ، بەڵکو فەرمانی دەکرد ژنەکەی پارچە پەڕۆیەك بخاتە سەر ئەندامی سێکسییەکەی ئینجا لەگەڵی جووتەبوو . لە صەحیحەکەی بوخاریدا بەراشکاوانە لەم جۆرە نموونانە دەخوێنینەوە } .

ئێمەش دەڵێین: پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) لە کاتی تەڕی ژنەکانیدا بەتەواوی کاری سێکسی ئەنجام نەداوە ، بەڵکو فەرمانی دەکرد بە داپۆشینی (زێی) ئەو ژنەی کە کاری جووتبونی لەگەڵدا ئەنجام دەدا ، ئەم کارەش زیاتر بۆ ئەوە بووە ، تا وەکو ئیمانداران چاوی لێبکەن (**ولكم في رسول الله اسوة حسنة**) خۆیان بەو جۆرە لەکاری زینا بپارێزن . بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونەمان ئەوەیە ، ئەم کارە بە نهێنی ئەنجام دەدرێت ، خۆ ئەگەر مەبەستی ئەوە نەبوبێت ببێتە چاولێکردن ، ئەوە هیچ کەسێك بەو کارە نهێنییەی نەدەزانی و باسیش نەدەکرا .

لەلاپەڕە (٢٤٦) دا مەریوان نووسیویەتی :

{موحەممەد لەشەڕەکاندا وەك سەرکردەیەکی سەربازی لەئەنجامی جەنگەکاندا کۆمەڵێك ژنی جوانی دەست کەوت بووە بۆخۆی حەڵاڵی کردوون . ئەو ژنانە جکە لەسەرمایەی زۆر و ناوداری ، هەروەها لە جوانیشدا بەناوبانگ بوون ، جاری وا هەبووە لە کۆتایی شەڕەکاندا پێش ئەوەی خۆی و سوپاکەی بگەنەوە شارەکەی خۆیان (مەدینە) ئاهەنگی سێ ڕۆژەی بۆ ژنە دەستکەوتەکەی گێڕاوە بێ گوێدانە ئەو هەموو کوشتن و سەربڕین و تاڵانی و بینینی ئەو خوێنەی کە لەئەنجامی شەڕەکەدا بە ئەنجام هاتوون ، بووە بەزاواو ، چووەتە پەردەی ژنێکی سەرگەردانەوە . بەپێی شەرعی ئیسلامیش ، لە هەر ڕووداو و شەڕێکدا ئافرەت بەدیلی بگیرێت بۆ موحەممەدو موسوڵمانەکان

حەڵاڵ بووە . ئەم شەرعە ئیسلامییەش بەتایبەت لەقورئاندا نووسراوە (إبن كثیر) لەتەفسیرەکەیدا نووسیویەتی }.

ئێمەش دەڵێین : گەر کەسێك شارەزای مێژووی ژیانی پێغەمبەر (صلى الله علیه و سلم) نەبێت و ئەم نووسینەی مەریوان بخوێنێتەوە ، وا دەزانێت پێغەمبەر (صلى الله علیه و سلم) لە هەمووشەرەکاندا گەڕاوە بەدوای ژنە دەستکەوتەکاندا و جوانەکانی بۆ خۆی زەوتکردووە ، بەڵام ئەمە ڕاست نییە ، ئەم حاڵەتە یەك جار ڕووی داوە لەگەڵ (صفیه بنت حیی)دا ، ئەویش لەبەر ئەوە بووە ، تا ئەو ژنە هەست بەدیلی و سەرگەردانی نەکات و دڵی خۆشبێت کە بووەتە خێزانی پێغەمبەر (صلى الله علیه و سلم) . ئێمە لەباسەکانی پێشوماندا ، بەدرێژی باسمان کردووە و پێویست بەدووبارە ناکات .

لەلاپەرە(٢٤٧) دا مەریوان نووسیویەتی :

{(إبن كثیر) لەتەفسیرەکەیدا نووسیویەتی : خوا پیامبەری شکۆمەند کردووە بەحەڵاڵ کردنی دەستکەوتەکانی بۆ خۆی . ئەو ژنانەی لەکاتی شەڕەکاندا دەستکەوتی دەبوون هەرهەموویان بۆ پەیامبەر حەڵاڵ بوون . هەروەها بۆی حەڵاڵ بووە زیاد لە چوار ژن بهێنێ ، کەئەمە جگە لە پەیامبەر بۆ تەواوی مرۆڤایەتی حەرامە. هەرکەسێکیش خۆی پێشکەش بە پەیامبەر بکات ، یەکسەر بۆی حەڵاڵە بەبێ مارە بڕین ، تەنها ئەوەندە بەسە کە ژنەکە بڵێ خۆم بەخشی بەتۆ . هەروەها مارە بڕین بەبێ ئامادەبوونی بەخێوکەرەکەی بۆ پەیامبەر حەڵاڵە . ئەگەر پەیامبەر ویستی ئافرەتێك لەخۆی مارە بکات پێویستی بەوە نییە ڕەزامەندی گەورەکەی یاخود بەخێوکەرەکەی وەربگرێت ،

بەڵکو ئەوان ڕازی بن یان نا پەیامبەر دەتوانێ ئافرەتەکە لە خۆی مارە بکات ، ئەمەش بۆ موسوڵمانانی دیکە حەرامە ... تاد .

لەدوا دێڕی ڕاڤەکەی (ابن کثیر) دا شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر دەبینین ! نووسراوە :

اذا وقع بصره علی امراة وجب علی زوجها طلاقها ، وحلّ له نکاحها } .

ئێمەش دەڵێین :وا بەباش دەزانین بەچەند خاڵێك وەڵام بدەینەوە :

١- خوای گەورە بەتایبەت ژنانی دەستکەوتی شەڕی بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) و ئۆمەتەکەی حەڵاڵ کردووە ، بەمەرجی بینینی یەك تەڕی و دابەشکردنیان لە نێوان شەڕکەرەکاندا .

٢- لەبەر ئەوەی هێنانی ژنانی زۆر دەبێتە هۆی نادادپەروەری بۆیە موسوڵمانێك لەچوار ژن زیاتر بۆی حەرامە . بەڵام پێغەمبەری (صلی الله علیه و سلم) دادپەروەر ، ژمارەی ژنانی بۆ دیاری نەکراوە .

٣- هەر ژنێك خۆی ببەخشایە بە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) یەکسەر بۆی حەڵاڵ دەبوو پێویستی بە (ولی الامر) نەدەبوو) چونکە خۆی وەلی ئەمری هەموو موسوڵمانانە ، بەڵام یەك جاریش سوودی لەم بەخشندە خواییە وەرنەگرتووە ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرای دیکەیە کە سێکس باز نەبووە .

٤- مافی خۆبەخشینی ژنان بە ئۆمەتەکەی نەدراوە ، لەبەر ئەوە یاسای هاوسەرگیری بەتەواوی تێکدەچوو، کێشە و ناخۆشی و نادادپەروەری لەنێوان موسوڵماناندا دروست دەبوو .

٥- دەربارەی ئەو ڕیوایەتە کەدەفەرموێت (اذا وقع بصره علی إمراة ... تاد) لەحاڵەتێکدا ئەگەر ڕاست بێت ، ئەی بۆ مێژوو نووسان باسی تاکە هاوسەرێکی لەو جۆرەی پێغەمبەریان (صلی الله علیه و سلم) نەکردووە و ئەو مافەشی بەکار نەهێناوە .

لەلاپەرە (٢٤٧) دا مەریوان نووسیویەتی :{سەرباری ئەمانەش موحەممەد نەیتوانیوە ئەوە بشارێتەوە کە حەزی لە سێکسی کیژۆڵەیە ، بۆیە ئامۆژگاری صەحابەکانی کردووە لە جیاتی بێوەژن کچ بخوازن ، چونکە یاریکردن لەگەڵیاندا خۆشە ، لەسەر گوزەشتەیەکدا بەڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێت کە حەزی لە ڕابواردنی کچە نەك بێوەژن .ئەگەر کچێك و بێوەژنێکی بۆ دابنێن و سەرپشکی بکەن بەوەی لەگەڵ کامیان ڕادەبوێرێ ، ئەوا موحەممەد کچەکە هەڵدەبژێرێ}.

ئێمەش دەڵێین :پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) ئامۆژگاری صەحابەکانی کردووە و هانیانی داوە کچ و کیژۆڵە بخوازن ، بەڵکو نەوەیان زۆربێت و لە ڕۆژی قیامەتدا شانازییان پێوەبکات . خۆ ئەگەر خۆی وابوایە وەك و مەریوان دەڵێت : (ئەگەر کچیك و بێوەژنێکی بۆ دابنێن ... تاد) ئەو کاتە هەموو هاوسەرەکانی لەو جۆرە دەبوون ، نەك هەموویان بێوەژن و بەتەمەن بوون .

لەلاپەرە (٢٥٠) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ گەر پرسیارێك بکرێت : تا خدیجة لەژیاندابوو بۆچی موحەممەد ژنی دیکەی نەهێنا ، بەڵام دوای مردنی ئەو،ژن لەدوای ژن دەهێنێت ؟ئیسلامییەکان لەوەڵامدا دەڵێن چونکە خەدیجەی خۆشویستووە }

ئێمەش دەڵێین : نەخێر ئەمە وەلامی ئیسلامییەکان نییە و تۆش بۆت نییە لەجیاتی ئەوان وەلام بدەیتەوە، چونکە ئەو وەلامە هەر چەند بەشێکی تەواوە کە (خدیجە)ی خۆشویستووە بەلام بەشەکەی دیکەی پاست نییە ، لەبەر ئەوە لەدوای مردنی خدیجة تاکە پیرە ژنێکی بێوەژنی دیکەی هێناوەو سێ ساڵ بەتەواوی لەگەڵیدا ژیانی بردووەتە سەر . ئەمجا لەوە بەدواوە دەستیکردووە بە ژن هێنان بەشێوەیەکی نائاسایی . ئێمە لەباسەکانی پێشوماندا باسمان کردووە ، لەدوای ئەوە دووبارەی ناکەینەوە .

لەلاپەڕە (٢٥٦) دا مەریوان نووسیویەتی:

{ پرسیار گەلێکی زۆر دەربارەی تەمەن و روخسارو بالای ئەو کاتەی عائشة کراوەو ڕەخنەیەکی توند و بەردەوام ڕووبەڕووی ئیسلام و ئاینزاکان بووەتەوە ، چونکە لەو کاتەدا نە لە ڕووی تەمەنەوە ، نە لە ڕوی ئەقڵەوە ، نە لە ڕووی بالاوە ،ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبووە شوو بکات . ئیدی چۆن کەسێك کە خۆی بە پێشەوایەکی ڕۆحی دەزانێت ، وێژدانی ڕێی پێداوە لە تەمەنی پەنجاو چوارساڵیدا لەگەڵ ئەم کچۆڵەیەدا جووت بێت ؟!}

ئێمەش دەڵێین : مەریوان بەزمانی خۆی لەلاپەڕە (٢٦١) دا دەڵێت : (ئەوەی مێژووی ئیسلامی خوێندبێتەوە ، ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت ، کە عائشة نەبووایە ، کەلێنێکی گەورە دەکەوتە پاشماوەکانی مێژووی ئیسلامەوە).جگە لەمەش پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (خذوا شطر دينكم من هذه الحميراء) واتە بەشێکی دینتان لەم سورە وەربگرن مەروەها سەرباری ئەمانەش پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خەوی بینیوە

كه عائشة دەبێته ژنی لەدونیاو له قیامەتدا ،بۆ زانینی زیاتر دەربارەی عائشة و زەواجی ، بگەڕێرەوە سەر باسەكانی پێشوومان .

لەلاپەڕە (٢٦٤) دا مەروان ڕیوایەتێك لە (ابن هشام) وە دەگێڕێتەوە كە عائشة وتوویەتی :

{كاتێك كە ئیمانداڕەكانی خودا دەستكەوتەكانی هۆزی (بنی مصطلق) یان دابەشكرد ژنێك بەناوی (جویریة بنت الحارث) دەبێته دیلی صەحابەیەك بەناوی (ثابت بن قیس الشماس) ئەویش بۆ خۆی موكاتەبەی دەكات ، واتە هەر كاتێك جویریە توانی بڕە پارەیەكی دیاری كراو بداتە (ثابت) ئەوە لە كۆیلایەتی ڕزگاری دەبێت .

عائشة دەڵێت : جویریە ژنێكی ڕوخسار جوان بوو ، هاتە لامان تا لەدەست (ثابت) پەنا بە موحەممەد بگرێت و لەدستی ڕزگاری بكات (واتە بەبڕێك پارە ، یان بەهەر جۆرێكی دیكە یارمەتی بدات من (واتە عائشة) كە جویریەم لەبەردەم حوجرەكەی خۆمدا بینی ڕقم لێ هەڵسا . زانیم ئەگەر پەیامبەر ببینێ دەیبات بۆ خۆی .جویریە هاتە ژورەوەو بە پەیامبەری ووت : ئەی پەیامبەری خوا من جویرییەم ، كچی حارثی كوڕی ئەبی زیرارم (سەرۆك هۆزی بەنی موصطلق) تووشی بەڵاو سەرگەردانی هاتووم ،بارم سووك بكە ، پەیامبەریش پێی دەڵێت : ئەی چی دەڵێت لەدەست ئەو ڕزگارت بكەم و ببیتە ژنی من . بەم شێوەیە دەبێته ژنی مەحەممەد } .

ئێمەش دەڵێین : با لە پێشدا تەماشای (السیرة النبویة) بكەین كە دەڵێت: اسباب غزوة بنی موصطلق :

١- تأیید هذه القبیلة لقریش واشتراكها معها في معركة (احد) ضد المسلمین .

٢- سيطرة هذه القبيلة على الخط الرئيسى المؤدي الى مكة .

٣- تعتبر غزوة بني المريسع من الغزوات الفريدة المباركة التي اسلمت عقبها قبيلة بأسرها وكان الحدث الذي اسلمت القبيلة من اجله ، هو ان الصحابة حرروا وردّوا الاسرى الذين اصابوهم الى ذويهم بعد ان تملكوهم باليمين في قسم الغنائم ، واستكثروا على انفسهم ان يتملكوا اصهار نبيهم (ص) ، وحيال هذا العتق الجماعي و إزاء هذه الاريحية الفذة دخلت القبيلة كلها في الاسلام [١]

خوێنەری بەڕێز : مەریوان لەپەرتووکەکەیدا لە چەند شوێنێکدا باسی (جویریە) وەکو ژنێکی ئەتککراوو لێقەوماو کەسوکار کوژراو دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی تەواوە ، چونکە ئەو کاتە (جویریة) بووە هاوسەری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ، یەکسەر موسوڵمانەکان هەموو دیلەکانیان ئازاد کردوو هەرچی ماڵی (بني مصطلق) یان لابوو هەمویان گەرانەوە بۆ خاوەنەکانیان ، ئیتر ئەو زەواجە بووبە خێرو بەرەکەتی دونیاو قیامەت بۆ جویریە و هۆزەکەشی ، چونکە هەمویان ئازاد کران و موسوڵمان بوون .

لەلاپەرە (٢٦٦) دا تا لاپەرە (٢٧٣) مەریوان باسی شەڕی (بنی قریظة) دەکات کە چۆن لەلایەن موسوڵمانەکانەوە گەمارۆ درابوون و لە کۆتاییدا تەسلیم بوون و پیاوی شەڕکەریان کوژران و ژن و مااڵ و منداڵیشیان دابەشکران بەسەر موسوڵمانە شەڕکەرەکاندا . (ریحانة)ش بوو بە بەشی پێغەمبەر .

١- السيرة النبوية ، دكتور علي محمد الصلابي ، لاپەرە (٥٧٢) .

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله على زەنگەنە

ئێمەش بۆ زانینی ڕاستی ئەم ڕووداوە وا بەباش دەزانین تەماشای (السيرة النبوية) بکەین کە دەفەرموێت:

نقض اليهود من بني قريظة العهد ومحاولة ضرب المسلمين من الخلف .

كان المسلمون يخشون غدر يهود بني قريظة الذين يسكنون في جنوب المدينة ، فيقع المسلمون حينئذٍ بين نارين ، اليهود خلف خطوطهم والاحزاب بأعدادهم الهائلة من امامهم ونجح اليهودي زعيم بني النضير في استدراج كعب بن اسد زعيم بني قريظة لينضمّ مع الاحزاب لمحاربة المسلمين ، وسرت الشائعات بين المسلمين بأن (بني قريظة) قد نقضت عهدها معهم وكان الرسول يخشى أن تنقض بنو قريظة العهد الذي بينهم وبينه ، لان اليهود قوم لا عهد لهم ولا ذمة ، ولذلك انتدب النبي الزبير بن العوام ليأتيه من اخبارهم فذهب الزبير ، فنظر ثم رجع ، فقال يارسول الله رأيتهم يصلحون حصونهم ، ويدربون طرقهم ، وقد جمعوا ماشيتهم ، وبعد أن كثرت القرائن الدالة على نقض بني قريظة للعهد أرسل سعد بن عبادة وعبدالله بن رواحة و خوات بن جبير وقال لهم : انطلقوا حتى تنظروا أحقٌ ما بلغنا عن هؤلاء القوم أم لا ، فإن كان حقاً فالحنوا لي لحناً أعرفه ولا تفتوا في اعضاد الناس ، وإن كانوا على الوفاء فيما بيننا وبينهم ، فأجهروا به للناس ، فخرجوا حتى أتوهم ، فوجدوهم قد نقضوا العهد ، فرجعوا فسلموا على النبي وقالوا (عضلٌ و القارة) فعرف النبي مرادهم ، واستقبل غدر بني قريظة بالثبات والحزم ، واستخدم كل الوسائل التي من شأنها أن تقوي روح المؤمنين وتصدع جبهات المعتدين ، فأرسل النبي في الوقت نفسه (سلمة بن اسلم) في مائتي رجلٍ وزيد بن حارثة في ثلاثمائة رجل يحرسون المدينة ويظهرون التكبير ليرهبوا (بني قريظة) و في هذه الاثناء

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

استعدت بنو قريظة للمشاركة مع الاحزاب فأرسلت الى جيوشها عشرين بعيراً كانت محملةً تمراً وشعيراً وتيناً ليمدهم بها وتقوّيهم على البقاء إلاّ انها اصبحت غنيمة المسلمين الذين استطاعوا مصادرتها واتوا بها الى النبي.

التخلص من بني قريظة

بعد عودة النبي من الخندق ووضعه السلاح امر الله تعالى نبيه بقتال بني قريظة فأمر الحبيب اصحابه بالتوجه اليهم وقد اعلمهم بأن الله تعالى قد ارسل جبيريل ليزلزل حصونهم ويقذف في قلوبهم الرعب واوصاهم بأن لا يصلينّ احد العصر الاّ في بني قريظة ، وضرب المسلمون الحصار على بني قريظة خمساً وعشرين ليلةً ، ولمّا اشتد الحصار وعظم البلاء على بني قريظة ارادوا الاستسلام والنزول على ان يحكّم الرسول فيهم سعد بن معاذ ونزلوا على حكمه ورأوا انه سيراف بهم بسبب الحلف بينهم وبين قومه الاوس ،

فجيء بسعد محمولاً لانه كان قد اصابه سهمٌ في ذراعه يوم الخندق فقضى ان يقتل المقاتلة وان تسبى النساء والذرية وان تقسّم اموالهم ، فأقرّه رسول الله وقال قد قضيت بحكم الله [1] .

ئێمەش دەڵێین : هۆزی (بني قريظة)لەگەڵ موسوڵمانەکاندا دەژیان و هاوپەیمان بوون ، بەڵام کاتێك بێبڕوایانی مەککەو چەند هۆزێکی دیکەی عەرەب هێرشیان کردە سەر مەدینەو گەمارۆیاندا ، هۆزی (بني قريظة) ئەو

هەلەیان قۆزیيەوەو پەیمانیان شکاندو خۆیان ئامادە کرد لەدژی موسوڵمانەکان بجەنگن و قەتڵ و عامیان بکەن و بەیەکجاری لەناویان ببەن ، جا ئەوەبوو وەك نیشانەی بەشداربونیان لەو شەڕەدا ، باری بیست حوشتر

١- السيرة النبوية ، الدكتور علي محمد الصلابي ، لاپەڕە (٥٩٨- ٥٩٩) .

خورما و هەنجیر و جۆیان نارد بۆ بێبڕوایانی مەککەو هاوپەیمانەکانیان . خۆ ئەگەر یارمەتی خواو حیکمەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و ئازایی موسوڵمانەکان فریایانەکەوتبایە ، یەك موسوڵمان رزگاری نەدەبوو ، ئیسلامیش کۆتایی ، پێدەهات بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەو ئاواتەیان نەهاتە دی و بێبڕوایانیش پاش ماوەیەك بەسەر شۆڕییەوە گەرانەوە .ئەمجا خوای گەورە فەرمانی کرد بە موسوڵمانەکان ، هێرش بکەنە سەر (بني قريظة) و تۆڵەی ئەو خیانەتە گەورەو پەیمانشکاندنەیان لێبکەنەوە .

خوێنەری بەڕێز مەریوان لە چەند شوێنێك لە پەرتوکەکەیدا باسی (بني قريظة) و کوشتنی دیلەکانیانی کردووە ، وەك و پارێزەرێکی دڵسۆز و بەکرێگیرا و ، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە باسمان کردووە ، لەلایەکی دیکەوە ، ئەوە یەکەم جار بووە لە مێژووی غەزاکانی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) کە دیل بکوژرێت ، چونکە ئەو کاتە جگە لەو سزایە ، چارەسەرێکی دیکە نەبووە ، تاوەکو موسوڵمانەکان پەنای بۆ بەرن و خۆیان لە مەترسی و خیانەتی (بني قريظة) رزگار بکەن .

لەلاپەڕە (٢٧٤) دا مەریوان دەڵێت :

{زەینەب پورزای موحەممەدە ، ژنێکی جوان و قەشەنگی سەردەمەکەی خۆیەتی . لە ژێر بەزەیی و سێبەری ئایەتەکانی موحەممەد دا شوو دەکا و تەڵاقدەدرێت . یەکەم شووی زەینەب بەدڵی خۆی بووە و دووەم شوویش بەدڵی خۆی نەبووە بەڵکو بەفەرمانی موحەممەد بووە و شووی بە زەید کردووە ، سێیەم شوویش لەبەر خاتری خوا بووە ، ئەویش شووکردنەکەیەتی بە خودی

موحەممەد! زەینەب ئەو ژنە روخسار جوانە بووە کـــە موحەممەد صەلاواتی بۆ لێداوە و بەبینینی شان و شەوکەتی سبحانەلای بۆ کردووە} .

ئێمەش دەڵێین : با تەماشای (السيرة النبوية) بکەین کە دەڵێت : (وقد ذكر المبطلون من الكفار وفروخهم ومقلديهم بما ينعقون به ويردده الجهال متعلقين بروايات مكذوبة ، خلاصتها كما يفترون أن النبي قد هوي زينب بنت جحش بعد أن تزوجت بزيد بن حارثة فلما علم زيد بذلك أراد طلاقها ليتزوجها النبي فهذا قول باطل ، وقد نسف الامام ابن العربي هذا القول من جذوره ، فقال فأما قولكم أن النبي رآها أي رأى زينب ، فوقعت في قلبه ، فباطل ، فإنه كان معها في كل وقت وموضع ، ولم يكن حينئذٍ حجاب ، فكيف تنشأ معه وينشأ معها ويلحظها في كل ساعةٍ ولا تقع في قلبه إلاّ إذا كان لها زوجٌ [1] .

ئەمجا دەڵێین : وەکو بۆمان دەرکەوتووە ئەو زەواجە چەند حیکمەتێکی تێدایە :

١- تا وەکو زەواجی ژنی کوڕ بە (تەبەننی) حەڵاڵ بێت .

٢- لەبەر ڕەزا بوونی زەینەب بەفەرمانی خوا و شوو کردنی بە (زید) خوا لەم دونیایەدا پاداشتی دایەوە و کردییە هاوسەری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەدەقی ئایەت (فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا) .

١- السيرة النبوية ، دكتور علي محمد الصلابي ، لاپەڕە (٦٣١) .

٣- قایل بوونی (زید)یش بەفەرمانی خوا بوو بە هۆی ئەوەی ، ناوی زید لە قورئاندا تۆماربکرێت و ببێتە وێردی موسوڵمانان تاوەکو کۆتایی دونیا (فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا) .

٤- ئەم رووداوە بوو بە دەرس و پەند بۆ هەموو موسوڵمانێك ، کە مەلکەچبوون بۆ فەرمانی خوا و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ، دەبێتە هۆی پاداشت یەکەم لە دونیادا دوایش لە قیامەتدا .

لەلاپەرە (٢٨٣) دا مەریوان نووسیویەتی :

{پاش هێرشێکی بەر فراوان لە لایەن موسوڵمانانەوە بۆ سەر شاری (خەیبەر) بەسەر کردایەتی موحەممەد ، ئەو شەرە چەندین رۆژی خایاندووە و چەندین کەسیش خەڵتانی خوێن بوون . شارەکە وێران دەبێت و موسوڵمانان دەستی بەسەردا دەگرن ، ئەو کاتەی شەرەکە تەواو بووە و موحەممەد چووەتە ناو شارەکەوە ، لەخۆشی وێرانبوون و داگیرکردنیدا ، سێ جار تەکبیری ئەڵڵاکەی کردووە و ووتویەتی (الله اكبر الله اكبر الله اكبر شوكور وێران بووە) .هەروەها لەسەری دەڕوات و باسی ئەوە دەکات کە (صفيه بنت حيي) ، دەبێتە بەشی پێغەمبەرو ئەویش دەیبەخشێ بەصەحابەیەك ، بەڵام لە دواییدا پەشیمان دەبێتەوە . (انس) کە یەکێکە لە صەحابە باوەڕپێکراوەکانی میژووی ئیسلام باسی چۆنێتی رووداوی پەشیمان بوونەوە دەکات و دەڵێت : (فجاء الدحية فقال يارسول الله اعطني جارية من السبي ، فقال اذهب فخذ جاريةً ، فأخذ(صفية بنت حيي) فجاء رجل الى النبي (ص) فقال يانبي الله اعطيت دحية (صفية بنت حيى) سيد بني قريظة ونضير ما تصلح إلا لك قال

ادعوه بها ، قال فجاء بها ، فلما نظر إليها النبي صلى الله عليه و سلم ، قال خذ جارية من السبي غيرها ، قال و اعتقها و تزوجها } .

ئێمەش دەڵێین : وا بە باش دەزانین تەماشای (السيرة النبوية) بکەین کە دەڵێت : (لم يظهر يهود خيبر العداء للمسلمين حتى نزل فيهم زعماء بني النضير الذين حز في نفوسهم إجلاؤهم عن ديارهم ، و لم يكن الإجلاء كافيا لكسر شوكتهم ، فقد غادروا المدينة و معهم النساء و الأبناء و الأموال و خلفهم القيان يضربن الدفوف و المزامير بزهاء و فخر ما رئي مثله في حي من الناس في زمانهم ، و كان من ابرز زعماء بني النضير الذين نزلوا في خيبر سلام بن ابي الحقيق و كنانة بن ابي الحقيق و حيي بن اخطب . فلما نزلوا دان لهم أهلها . كان تزعم هؤلاء يهود خيبر كافيا في جرها إلى الصراع و التصدي و الانتقام من المسلمين ، فقد كان يدفعهم حقد دفين و رغبة قوية في العودة إلى ديارهم داخل المدينة .

وكان أول تحرك قوي ما حدث في غزوة الأحزاب ، حيث كان لخيبر و على راسها زعماء بني النضير دور كبير في حشد قريش و الأعراب ضد المسلمين ، و تسخير أموالهم في ذلك ، ثم سعيهم في إقناع بني قريظة من أجل نصرة الأحزاب وطعن المسلمين من الخلف و هكذا أصبحت خيبر مصدر خطر كبير على المسلمين و دولتهم النامية) [١] .

ئێمەش دەڵێین : دانیشتوانی (خیبر) ، بوبوونە بنکەیەکی مەترسی گەورە لە دژی موسوڵمانەکان و دەوڵەتە تازەکەیان ، هەموو کات پڕ و

١- السيرة النبوية ، دكتور علي محمد الصلابي ، لاپەرە (٦٩٨) .

پاگەندەیان بلاوەکردەوە و هانی بێبڕوایانی مەککەیاندا ، تاوەکو موسوڵمانەکان لەناو بەرن . ئەوە بوو کاتێك بێبڕوایانی مەککە هێرشیان کردە سەر شاری مەدینە و گەماروٚیاندا ، ئەوانیش بە هەموو جوٚرێك بەشداریان کردن . ئیتر پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) بوٚ ئەوەی موسوڵمانەکان لەو مەترسییە گەورەیە پزگار بکات ، هێرشی کردە سەریان و لە دواییدا هەندێکیان کوژران و هەندێ دیکەشیان بوونە دیلی موسوڵمانەکان ، لە نێوان دیلەکاندا (صفيه) بوو بە بەشی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەویش ئازادی کرد و بە پازی بوونی خوٚی بوٚ بە خێزانی و دایکی موسوڵمانان . بێگومان ئەو زەواجە بو بە خێر و بەرەکەت و دڵخوٚشی (صفيه) لە دونیا و قیامەتدا.

لە لاپەرە (٢٩٧)دا مەریوان نووسیویەتی :

{یەکێکی دیکە لە دیاردە سەرنجپراکێشەکانی دونیای ئیسلام ، خوٚ بەخشینی ژنە بە موحەممەد ، کە خوٚ بەخشین (هبە) لە قورئان و سەر گوزەشتەدا ناوی هاتووە ، هەر ژنێك میٚردی هەبووایە یان نا ئارەزووی هەبووایە خوٚی دەبەخشی بە موحەممەدو ئەویش ئارەزووی لە پابواردنی بکردایە بوٚ خوٚی حەلاڵی دەکرد . ئەگەر نا لە کەسێ دی مارەی دەکرد ، وە بوٚ ژنەکەش نەبوو پەشیمان ببێتەوە . ئەم خوٚ پێبەخشینە تایبەت بوو بە موحەممەد و لە ئیماندارانی دیکە حەرام بوو !

(وَامْرَأَةً مُؤْمِنَةً إِنْ وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَنْ يَسْتَنْكِحَهَا خَالِصَةً لَكَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ) [1]

هەر ژنێکی باوەڕدار کە خۆی پێشکەش بە پەیامبەر بکات ، بۆی حەلاڵە ئەگەر پەیامبەر ئارەزووی هەبوو مارەی بکات ، ئەمەش تایبەتە بە تۆ ئەی موحەمەد ئیماندارانی دیکە لێی بێبەشن } .

ئێمەش دەڵێین : گەر یەکێك بێئاگا بێت لە مێژووی ژیانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وە لە ژمارەی خێزانەکانی و ئەم نووسینەی مەریوان بخوێنێتەوە ، وا دەزانێت خۆ بەخشکەران ئەوەندە زۆر بوون لە ژمارە نەهاتوون ، بەڵام بە پێچەوانەوە ، خودی مەریوان نەیتوانیوە لە دوو حاڵەت زیاتر تۆمار بکات ، ئەو دووانەش ، یەکێکیانی بەخشیوە بە (زەید) و ئەوی دیکەشی داوەتە صەحابەیەکی تر . جێی خۆیەتی پرسیارێك بکرێت و بووترێت سوودی ئایەتەکە چی بوو ؟ **دەڵێین** : ئایەتەکە موعجیزەیەکی دیکەی قورئانە ، چونکە خوای گەورە لە ئەزەلدا زانیویەتی کە هەندێ بێبڕوایان تانە لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەدەن و بە سێکس باز لە قەڵەمی دەدەن ، بۆیە خوایش ئەم مافەی پێبەخشیوە و ئەویش هیچ سوودی لێوەرنەگرتووە و لەو جۆرە ژنانەش لە نێوان هاوسەرەکانیدا نییە .

دەربارەی ئەو ڕەخنەیە کە دەڵێت : بۆ ئەو مافەش نەدراوە بە ئۆمەتەکەی ؟ بەڵێ خوای گەورە زانیویەتی ئەگەر ئەو مافەی بدایە بە ئۆمەتەکەی ، ئەو کاتە یاسای هاوسەرگیری و خێزانداری بە تەواوی تێك دەچوو ، زۆر لە خەڵکان ئەو

١- سورة الاحزاب ، الآية (٥٠) .

مافەیان بۆ خراپە کاری بەکار دەهێنا و ناخۆشی و نا دادپەروەری زۆر لە ناو گۆمەڵگادا دروستدەبوو .

لە لاپەرە (٣٠١)دا مەریوان دەڵێت :

{ گەر خوێنەرێکی بێ لایەن مێژووی ژیانی موحەممەد بخوێنێتەوە و لاپەرە شاراوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵبداتەوە ، جگە لە دوو مەسەلەی زۆر گرنگ و تایبەت کە ئەویش دەسەلآت و ئابوورییە ، بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێت کە موحەممەد لە ژن و سێکسدا نوقمی ژیان بوو }.

ئێمەش دەڵێین : هاوسەرگیری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ئەوەڵی ژیانییەوە تا دوایی ژیانی موعجیزە بووە . ئێمە لە باسەکانی پێشوومانداا باسمان کردووە و پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات .

لە لاپەرە (٣٠٣)دا مەریوان نووسیویەتی :

{سەرباری ئەو هەموو ژنە زۆرەی هەبووە ، ڕابواردنی لەگەڵ ژنە تەڕەکانی کردووە بە پێچەوانەی ئایەتی قورئان ڕەفتاری کردووە ، لە قورئاندا نوسراوە : (**وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ**) [١] .

دەربارەی تەڕی پرسیارت لێدەکەن ، بڵێ ئەوە ئازارو زەرەرە ، ئێوە کە ژنەکانتان لە کاتی تەڕیدا بوون ، لێیان دوور بکەوونەوە و مەچن بە لایاندا تا پاک دەبنەوە . لەم ئایەتەدا خوا فەرمانی داوە ئەگەر ژن لە کاتی تەڕی خۆیدا بوو ئەوە نابێت پیاو بچێت بە لایدا . ئەویش لەبەر دوو هۆ یەکەم ئازاری بە

١- سورة البقرة ، الآية (٢٢٢) .

دواوەیە ، دووەم لەبەر ئەوەی پاك نییە واتە پیسە ، لێرەدا موحەممەد فەرمانی خواکەی خۆی جێبەجێ نەکردووە . سەر باری ئەوەش خوا لەم ئایەتەدا ژنانی تەپری بە نا پاك واتە بە پیس داناون و ناشزانین بۆ بە پیسی زانیوون } .

لە وەلامدا دەڵێین : هەروەکو لەمەو پێش باسمان کردووە ئەو کارەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ ئەوە بووە بەڵکو پیاوانی ئۆمەتەکەی چاوی لێبکەن و لە حاڵەتی تەپری ژنانیاندا بەو جۆرە خۆیان لە زینا بپارێزن . دەربارەی ئەوەی کە دەڵێت ئیسلام ژنی تەپری بە پیس داناوە . ئەمە بوختانە و لە راستییەوە زۆر دوورە ، چونکە مەبەست لە ووشەی (یطهرن) پاك بوونەوەیانە لە خوێنی پیس ، نەك خۆیان پاك ببنەوە ، بۆ نمونە ئەگەر یەکێك پۆشت بۆ دەست بە ئاو گەیاندن و پیسییەك کەوتە سەر ئەندامێکی ، ئەوە بە لابردنی ئەو پیسییە و شۆردنی ، ئەندامەکەی پاك دەبێتەو و نا ووترێت ئەندامەکەی بە (ئەصل) پیسە .

لە لاپەڕە (٣٠٤)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ڕەنگە بۆ خۆی بە ڕەوای بینیبێت لە کاتی دەستنوێژ یان بە پۆژووبوونیان یان لە کاتی تەپییاندا لەگەڵ ژنەکانیدا ڕابوێرێت ، بەڵام بۆ کەسێ دیکەی بە ڕەوا نەبینیوە . بۆ بەڵگەش پۆژێکیان پیاوێك دەچێتە لای موحەممەد و پێی دەڵێت کە بە پۆژوو بووەو لەگەڵ ژنەکەیدا ڕاببواردووە . موحەمەدیش سزای دەدات و پێی دەڵێت یان کۆیلەیەك ئازاد بکە یان دوو مانگ لەسەر یەك بە پۆژوو ببە ، یان شەست هەژاری برسی تێر بکە } .

ئێمەش دەڵێین : مەریوان دەڵێت (ڕەنگە بۆ خۆی بە ڕەوای بینیبێت لە کاتی دەستنوێژ ... لەگەڵ ژنەکانیدا ڕابوێرێت) ، **دەڵێین** : (ڕەنگە) نییەو

دروێـەکی زەق و ئاشـکرایە ، چـونکە مـەریوان لـە ڕەنگـە زیـاتر هـیچ بەڵگەیـەکی دیکەی لەم بارەیەوە نییە .

دەربـارەی ئـەو بەڵگەیـەش کـە دەڵێـت : (ڕۆژێکیـان پیاوێـك ... لەگـەڵ ژنەکەیدا ڕایبواردووە) ئەم ڕووداوە لە فـەرموودەی ڕاستی پێغەمبـەردا (صـلی الله علیـە وسـلم) هـاتووەو لـە ڕۆژی مـانگی ڕەمەزانـدا بـووەو ئـەو سـزایەش بـۆ هەموو کەسێکە کە کاری وا ئەنجام بدات .

لە لاپەڕە (٣٠٤) مەریوان نووسیویەتی :

{ سەرباری هەبوونی ئەو ژنە زۆرانـەش کـە موحەممـەد هـەیبوون ، کـە چـی سەرگوزەشتەیەك هەیە زۆر بە جـوانی باسـی هێـزی سێکسـی موحەممـەد دەکـاو ئـەوەمان پـێ دەڵێـت لـەم ڕووەوە کەسـێکی خـۆ ڕاگـر نـەبووە ، بـەڵکو ئەگـەر بـە ڕێکەوت لە بازاردا ژنێکی جوانی دیبێت زەوقی هەڵساوەو خـۆی پـێ نـەگیراوە ، یەکسەر چووەتەوە بۆ ماڵەوەو خۆی لە یەکێك لە ژنەکانیدا خاڵی کردووەتـەوە . ڕیوایەتەکەش بەم شێوەیەیە : عن جابر إن رسول الله صلى الله عليه و سلم رأى إمراة فأتى إمراته زينب وهي تمعس منيئة لها فقضى حاجته ثم خرج إلى أصحابه ، فقال إن المراة تقبل في صورة شيطان و تدبر في صورة شيطان .

لە جابرەوە دەگێڕنەوە نێردراوی خوا دروودی خوای لەسەر بێت ئافرەتێکی بـینی خـۆی گەیانـدە زەینـەبی ژنـی ، کـە لـەو کاتـەدا هـەویری دەشـێلا ،پێداویسـتییەکەی خـۆی جێبـەجێ کـرد و دوای چـووە دەرەوە بـۆ لای صـەحابەکانی ووتـی : ئافرەت لـە وێنـەی شـەیتاندا پـووت لـێ دەکـات و هـەر لـە وێنەی شەیتانیشدا پشتت لێ دەکات } .

ئێمەش دەڵێین : وا بە باش دەزانین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم فەرموودەیە ، تەماشای (معانی النحو) بکەین کە دەڵێت :

يقسم النحاة (ال) الى قسمين : عهدية و جنسية ، ال العهدية وهي على ثلاثة اقسام :

العهد الذكري وهو أن يتقدم لمصحوبها ذكر في اللفظ نحو (زارنا رجل فأكرمت الرجل) و المعنى انك اكرمت الذي تقدم ذكره في العبارة [1] .

کەواتە بە گوێرەی ئەم ڕێزمانەی سەرەوە ، ووشەی (المرآة) لە برگەی (إن المراة تقبل في صورة شيطان و تدبر في صورة شيطان) ، مەبەستی ئەو ژنە بووە کە لە ئەوەڵی فەرموودەکەدا هاتووە (إن رسول الله صلى الله عليه وسلم راى إمراة) نەك هەموو ژنێك ، دیارە ئەو ژنە ڕەووشت خراپ و دوو ڕوو بووە ، بۆیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) شوبهاندویەتی بە شەیتان . دەربارەی ئەوەی کە دەڵێت (کەسێکی خۆ ڕاگر نەبووە) ئێمە لە باسەکانی پێشوومانداا بە تێرو تەسەلی باسی ئەم مەسەلەیەمان کردووە و پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات.

لەلاپەڕە (٣٠٥) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ موحەممەد نەیزانیوە وەرگرتنی چێژی سێکسی پەیوەندی بە سایکولۆژی بکەرەوە هەیە ، لە بەر ئەمەش ڕابواردنی کچانی لە بێوەژن پێ خۆشتر بووە . ئامۆژگاری صەحابەکانی کردووە ئەگەر ژنیان هێنا کچ بهێنن نەك بێوەژن . ڕۆژێك (جابر بن عبدالله) بە موحەممەدی ووتووە ژنم هێنا ، موحەممەدیش

١- معاني النحو ، دكتور فاضل صالح السامرائي ، الجزء الاول ، لاپەڕە (١٥٠) .

پێی دەڵێت : کچت هێنا یان بێوەژن ؟ ئەویش دەڵێت بێوەژن، موحەممەد پێی دەڵێت : ئەی بۆ کچێکت نەهێنا لەگەڵی ڕابوێری و یارییەکانی لەگەڵ بکەی ؟}.

ئێمەش دەڵێین : بەگوێرەی ئەم فەرموودەیە ، بۆمان دەردەکەوێت کە زەواجی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ سێکس و یاریکردن نەبووە ، چونکە ئەگەر وابوایە ، خۆی کچی دەهێنا نەك بێوەژن و پیرەژن و لێقەوماو .

لەلاپەرە (٣٠٦) تا لاپەرە (٣١٩) مەریوان باسی ژنانی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) کردووە ، کەجار بەجار ناخۆشی لە نێوانیاندا رووبداوە و جاربەجاریش لەگەڵ پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) .

ئێمەش دەڵێین : ژنانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) زۆر ڕەوشت بەرزو پاك بوونە، بەڵام پێش هەموو شتێك مرۆڤ بوون و (معصوم) نەبوونە .

لەلاپەرە (٣١٩) دا مەریوان نووسیویەتی :

{(ماریه بنت شمعون) ناسراو بە (ماریة القبطیة) ئەم ناوە یەکێك بووە لەو کەنیزەکانەی کە بە دیاری لەلایەن پادشای ئەسکەندرییەوە بۆی ڕەوانە کراوە .ئەم کەنیزەکە لەگەڵ خوشکێکیدا بەناوی (سیرین) وە کوڕە مامێکی بەناوی (مابور) هەرسێکیان پێکەوە دەبەخشرێن بە موحەممەد . موحەممەدیش سیرین دەبەخشێ بە صەحابەیەك بە ناوی (حسان بن ثابت) ماریە و مابوریش بۆ خۆی گل دەداتەوە ، وادیارە ماریە زۆر جوان و قەشەنگ بووە ، بۆیە وا لەموحەممەد دەکات لەلای خۆی بیهێڵێتەوە و بەبێ مارە بڕین لەگەڵیدا جووت بێت ، گوایە ئەم کارە بۆ موحەممەد حەڵاڵە .

لە سااڵی هەشتەمی کۆچیدا کوڕێکی لێ دەبێت بەناوی (ئیبراهیم) هەندێك ڕیوایەتیش باس لەوە دەکەن کە ئیبراهیم کوڕی موحەممەد نەبێت بەڵکو کوڕی

مابورە ... ئەم دەنگو باسە جگە لەوەی موحەممەدیش دەیبیستێتەوە لەناو خەڵکیشدا بەر بڵاو بووە) .هەروەها لەسەری دەڕوات و دەڵێت :

(ڕۆژێکیان موحەممەد منداڵەکەی نیشانی عائیشە داوە و لێی پرسیوە : (چۆنی دەبینی ئایا لەمن دەکات؟) عائیشەیش سەیری کردووە و ئیستێکی ژنانەی بۆ کردووە ، دواتر بە موحەممەدی وتووە : (شێوەتان وەك یەك نابینم !) .ئەویش کە قسەکەی عائیشە دەبیستێت فەرمان دەدات بە (علي بن ابي طالب) لەهەر کوێ مابوری بینی بە شمشێرەکەی گەردنی بپەڕێنێت ، عەلیش بەخۆی و شمشێرەکەیەوە دەگەڕێت تا مابور لەسەر دار خورمایەك دەدۆزێتەوە ، بەڵام لە سەربڕینی پەشیمان دەبێتەوە گوایە مابور خەسێنراوە } .

ئێمەش دەڵێین : وا بەباش دەزانین کە سوود لە کتێبەکەی مامۆستای بەڕێز عومەر کەمال درووێش وەربگرین کەدەڵێت :

(لەلاپەڕە (١٧٣) دا لەباسی (ماریيە ی قیبطی) دا دەقێکی عەرەبی دێنێت و پاشان دەیکات بەکوردی بەم جۆرە (ئەم کەنیزەکەی لەگەڵ خوشکێکیدا بەناوی سیرین و کوڕە ئامۆزایەکی بەناوی مابور بەخشی بە پەیامبەر ، ئەویش سیرینی بەخشی بە صەحابەیەك بەناوی (حسان بن ثابت) بەڵام ماریيە زۆر جوان و قەشەنگ دەبێ ئەو جوانییەیش وای لێدەکات پەیامبەر لای خۆی بیهێڵێتەوە) .

دەڵێین :

ئەمە ئەو دەقە عەرەبییەیە کە مەریوان کردویەتی بەکوردی (واهدی معها اختها سیرین وخصیاً ، یقال له مابور ، فوهب رسول الله سیرین لحسان بن ثابت) .

با بڵێن ئێمەش ئەو ووتەیە بکەین بەکوردی (ماریيە لەگەڵ خوشکەکەی کە ناوی سیرین بوو کەسێکیش کە عەورەتی بڕابوو (بۆیە وامان نووسیوە چونکە دوایی بەبەڵگەوە ڕوونی دەکەینەوە کە عەورەتی بڕاوە) پێیان دەوت (مابور) بەخشییە پێغەمبەر پێغەمبەریش سیرینی بەخشییە (حسان بن ثابت).

جا بەڕێزان :

١- من ئێوە دەکەمە دادپەروەر لەکوێدا باسی شۆخ و شەنگی ماریيە باس کراوە ؟

٢- بۆ نەهاتووە ووشەی (خصیاً) بکات بەکوردی .

لەمە سەیرتر ئەوەیە لەهەمان لاپەڕە دا دەقێکی عەربی دێنێ و پاشان لە لاپەڕەی ئەو دیودا دەیکات بەکوردی ، وەك پیشەی هەمیشەیی چەند جارێك دەکەوێتە چاڵی نەزانینەوە ، بۆ نمونە دەڵێ (پەیامبەریش لەگەڵ ماریيە جووتبوو تا دوو گیانیکرد ، ئەو کاتە کوڕە مامەکەی لێی دوور کەوتبۆوەو لەگەڵی جووت نەدەبوو) .

دەڵێن :

فەرمون ئەمە ئەو بەشەی دەقە عەرەبییەکەیە کە مەریوان تەرجومەی کردووە :(فوقع علیها وقعة فاستمرت حاملاً ، فعزلها ابن عمها).

جا بەڕێزان بڕوانن ئەوەی کە مەریوان نووسیویەتی : (ئەو کاتەی کوڕە مامەکەی ... تاد) بزانن چەندە واتەکەی جیاوازە لەگەڵ دەقە عەرەبییەکە . هەر لە دڕێژەی ئەو دەقە عەرەبییە و بەکوردی کردنیدا مەریوان دەنووسێ (ڕۆژێك منداڵەکەی هێناو پەیامبەر لەمنی پرسی چۆنی دەبینی .ئایا لەمن دەکات ؟

منیش (واتە عائشة دەڵێ كە سەیرم كرد ئیستێكی ژنانەم كرد ووتم : شێوەتان لەیەك ناچێت) .

دەڵێین :

دەقە عەرەبییەكە ئاوهایە (فدخل به علی النبي ذات یوم فقال كیف ترینه ؟ فحملني ما یحمل النساء من الغیرة ، فقلت : ما اری شبهاً) .

پاشان منداڵەكەیان هێنا (واتە منداڵەكەی ماریە) بۆ لای پێغەمبەر رۆژێكیان فەرمووی عائشة چۆنی دەبینی ؟ وەك بڵێ ئایا لەمن دەچێت ؟ عائشة دەڵێ (منیش ئەوەی كە ئافرەتان لە بارەی (غیرە) وە تووشی دێن بەسەر منیشدا هاتووە ئەو غیرەیە وای لێكردم بڵێم لەیەكچونی تێدا نابینم) [1] .

ئێمەش دەڵێین : بۆچونی خۆمان بەچەند خاڵێك بنووسین :

١- ئەم ڕیوایەتە بەم شێوەیە جێگەی گومانی زۆرە و ناڕواتە ئەقڵەوە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەدوای قسەی حەزرەتی عائشة كە ووتبووی (شێوەتان وەك یەك نابینم) یەكسەر فەرمان بەئیمام (علي) بدات لەگەردن مابور بدات ، چونكە بە گوێرەی شەرع و یاسای ئیسلام سزای زیناكەری كۆیلە لە دوای ئیسپاتبوونی ، نیوەی سزای زیناكەری ئازادە و بەردباران تا مردن و لەگەردنانیشی تێدا نییە .

٢- فەرمانی لەگەردندان كاری مرۆڤێكی دڵ ڕەق و بێ بەزەییە كە چەند فەرمانی ناشەرعی لەو شێوەیەی دابێت ، نەك لە پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه

١- نەزانی و بێ شەرمی ، عمر كەمال دەرویش ، لاپەڕە (٧١) .

وسلم) کە رەوشتی قورئان بووە و هیچ کاتێکیش سنووری قورئانی نەبەزاندووە .

٣- فەرمانی بە ئیمام (علی) دابوو کەلەهەر کوێ مابوری بینی لە گەردنی بدات ، ئەی ئەگەر پاستە خۆ ماریيە لای خۆی بوو بۆ لەپێشدا لەگەردنی ئەوی نەدا .

٤- نەکوشتنی مابور بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە پیوایەتەکە پاست نییە ، چونکە ئەگەر وا بوایە ، ئەوە ئیمامی (علی) بێ سێ و دوو مابوری دەکوشت و فەرمانی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) جێبەجێ دەکرد (وما ینطق عن الهوی إن هو إلا وحي یوحی) .

٥- کاتێ قسەی عائشة دەبووە بەڵگە ئەگەر شێوەی زۆربەی منداڵ لە باوکی بکردایە ، بەڵام بە پێچەوانەوە ، لەسەدا یەکی منداڵیش شێوەی لە باوکی ناکات .

٦- زۆربەی کۆیلەی ئەو کاتە دەخەسێنرران و مابوریش بەگوێرەی پیوایەتەکە وابووە ، ئیتر چۆن دەبێتە جێگەی گومان و بوختانی نا پاست ؟

٧- مردنی (ابراهیم) بە منداڵی بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە کە لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بووە ، چونکە ئەگەر لە مابور بوایە ، دەژیاو نەدەمرد بە منداڵی وەکو دوو کوڕەکانی تری .

٨- پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە مردنی ابراهیم زۆر غەمبارو دڵتەنگ بووە ، دیارە هیچ گومانی نەبووە کە کوڕی خۆی بووە .

له لاپەرە (٣٢١) مەریوان نووسیویەتی :

{ بۆی هەیە مەسەلەی ڕابواردنی ماریيە لەگەڵ مابووری ئامۆزایدا ڕووداوێکی ڕاستە قینە بوبێت . ئەویش لەبەر دوو هۆ یەکەمیان : جگە لەوەی شێوەی منداڵەکە نەچووەتە سەر موحەممەد ، هۆکاری دیکە هەیە ، ئەویش ئەوەیە تا موحەممەد یەك ژنی هەبوو (خدیجە) جووتبوونی سێکسی لەگەڵ ئەم ژنەیدا بە شێوەیەکی ئاسایی پەیڕەو کردووە . ئاشکرایە ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی کەم و دڕەنگ دەگەنە ئۆرگازم توخمی سێکسیان (شهوەت)ەکەیان خەستە ، لەبەر ئەوەی موحەممەد بە تەنها خەدیجە ژنی بووە ، کەم کەم لەگەڵیدا جووتبووە ، کەم جووتبوونیش دەبێتە هۆی خەستبوونەوەی شەهوەت کاریگەری بۆ دوو گیانی جێدەهێڵێت } .

ئێمەش دەڵێین : بۆ ئەو بوختانەی کە دەڵێت (بۆی هەیە مەسەلەی ڕابواردنی ماریە لەگەڵ مابووری ئامۆزایدا ڕووداوێکی ڕاستەقینە بوبێت ... جگە لەوە شێوەی منداڵەکە نەچووەتە سەر موحەمەد) ئەم بۆچوونە هەڵەیە و نەیاری مەریوان ئاشکرا دەکات ، چونکە ئاشکراو حاشا هەڵنەگرە ، شێوەی منداڵ ناڕواتە سەر باوك مەگەر بە دەگمەن . بۆ ئەو بوختانەی تریشی کە دەڵێت (هۆکاری دیکە هەیە ئەویش .... تاد) ئەمەش زۆر نا ڕاست و سەقەتە ، چونکە جووتبوونی پیاو بە زۆری لە کاتی گەنجیدا دەبێت ، نەك لە تەمەنی پیریدا هەر وەکو مەریوان ئاماژەی بۆ کردووە و وایزانیوە بە بێ بیرکردنەوە ، ژنی زۆر دەبێتە هۆی سێکسی زۆر و تەمەنی فەراموێش کردووە .

له ڕاستیدا هاوسەر گیری پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لەلایەکەوە و کوڕ بوّ نەمانی لەو هەموو ژنانەی لەلایەکی دیکەوە ، موعجیزەیەکی خواییە و لە قیاسی مروّڤ بەدەرە ، ئێمە لە باسەکانی پێشوومانداباسمان کردووە .

له لاپەڕە (٣٢٧ ، ٣٢٨)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ موحەمەد لە گێڕانەوەیەکی خوێدا هاوسەرگیری دابەش بە چوار هوّکاری گرنگ کردووە ، کە لەو کاتەدا بە ڕێوە دەچوو :

تنكح المرأة لأربع ، لمالها ، و لحسبها ، و جمالها ، و لدينها ، فاظفر بذات الدين تربت يداك .

بوّ چوار شت ژن مارە دەکرێت ، بوّ داراییەکەی ، بوّ بنەماڵە و خێڵ و هوّزەکەی ، بوّ جوانییەکەی ، بوّ دینەکەی ، تۆش فرسەت لە دینەکەی وەرگرە دەستت لە خێر گیر دەبێت .

ئەگەر چی موحەممەد ، ئاموّژگاری موسوڵمان دەکات کە لەبەر دین ژن بهێنن بەڵام پێی زانیبێت یا نا ، مەسەلەی دین پلەی چوارەم و مەسەلەی دارایی و بنە ماڵە و جوانییەکان لەسەرەتادان و تێیدا مەسەلەی ئابوری یەکەمە ، لە ناو ئەم خاڵانەدا ئامازەیەك بوّ خواستەکانی ژن نییە و باسی خوّشەویستی نەکراوە . لەم ڕیوایەتەدا مافی ئافرەت دیار نییە ، لەوەی کە شووی کرد بە پیاوێك پێویستە مێردەکەی سامانی هەبێت و لە بنە ماڵە و خێڵ و هوّزێکی دیار بێت و جوانیش بێت و دینداریش بێت} .

له وەڵامدا دەڵێین : وا بە باش دەزانین بە چەند خاڵێك بوّچوونەکەمان بنوسین :

یەکەم / پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) له فەرموودەکەیدا باسی جۆرەکانی خوازبێنی کردووە و له هەمان کاتیشدا ئامۆژگاری موسوڵمانەکانی کردووە که باشەکەیان دیندارەکەیە و هەر کەسێك هەڵی بژێرێت تووشی خێر دەبێت .

دووەم / دەربارەی خودی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) مەریوان دەڵێت : (مەسەلەی دین پلەی چوارەمە و مەسەلەی دارایی و بنە ماڵە و جوانیەکان لەسەرەتادان و تێیدا مەسەلەی ئابووری یەکەمە) بێگومان ئەمە بوختانێکی نا ڕەواو دروێیە ، چونکە هەندێ هاوسەرەکانی لەو ژنانە بوون کە لەگەڵ مێردەکانیاندا کۆچیان کردبوو بۆ (حەبەشە) و له دوای مردنی مێردەکانیان بوون بە هاوسەری پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) . هەندێکێ تریشیان بێوەژن و لێقەوماو بوون ، له نێوانیاندا (خدیجة) دەوڵەمەند بووە ، ئەویش پێش ئیسلام زەواجی لەگەڵدا کردووە .

سێیەم / مەریوان دەڵێت (له ناو ئەم خالانەدا ئاماژەیەك بۆ خواستەکانی ژن نییە) .

ئێمەش دەڵێین : لەبەر ئەوەی ئەو کاتە و ئێستاش پیاوان خوازبینی ژنان دەکەن ، بۆیە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) بە ڕاستەوخۆ ئامۆژگاری پیاوانی کردووە ، بەڵام بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ ، ئاماژەیە بۆ ژنانیش کە مافی خۆیانە ، لە نێوان خوازبێنی کەرەکاندا باشەکەیان هەڵبژێرن کە دینداڕەکەیە و قایل بەوانی تر نەبن .

له لاپەڕە (٣٢٩)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ بە لێکدانەوەی ئیسلام ، زینا ئەو کارە سێکسییەیە کە له نێوان دوو ڕەگەزدا ئەنجام دەدرێت ، بێئەوەی هیچ پەیوندییەکی شەرعی پێکەوە گرێیان بدات ،

پەیوەندی شەرعیش لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا ، تەنها بە مارە بڕینێکی ئیسلامیانە دروست دەبێت ، بەدەر لەمە ، هەر کارێکی سێکسی ، بەهەر شێوەو شێوازێك و بە هەر جۆرێك بێت لە نێوان هەر ڕەگەزێکیشدا بێت لە ئیسلامدا بە زینا دانراوە } .

ئێمەش دەڵێین : زینا لە ڕووانگەی ئیسلامەوە بە جووتبوونی تەواوی پیاو لەگەڵ ژندا دەووترێت ، ڕەحەت بوونی تێدا ڕوو بدات یان ... نا ، ئیتر هەر جووتبوونێکی دیکە ، پیاو لەگەڵ پیاودا یاخود لەگەڵ ئاژەڵدا ، ژن لەگەڵ ژندا ، ئەمانە بە زینا دانانرێن و سزای تایبەتی خۆیان هەیە ، جا ئەم نووسینەی مەریوان هەڵە و بێ بەڵگەیە و تەقە لە تاریکی کردنە .

لە لاپەڕە (٣٣٠)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ زیناش لە ئیسلامدا کارو کردەوەیەکی خراپە . لە بیرۆکەی موسوڵمانە نەشارەزاکاندا زینا تەنها بە جووتبوونی تەواوی دوو کەس ناسراوە ، بەڵام لە یاسا بنەڕەتییەکانی ئیسلامدا ئۆرگازم ڕوو بدات یان نا، بە زینا و خەتایەکی تەواو گەورە دانراوە و نابێ موسوڵمانان لێی نزیك ببنەوە ، قسە کردنی دوو ڕەگەزی نێرو مێ پەیوەست بەم چەمکە ، پێش ئەوەی لە یەك مارە بڕدرێن . وەك دڵداری و خۆشەویستی ، ماچ و ڕابواردن ، قسەو تەماشا کردن ، دەستگرتن و یاریکردن ، ئەمانەش لە ئیسلامدا بە زینا دانراون ، باس کردن لە لاشەی یەکتری و بینینی دیمەنی هەوەس هەژێنیش حەرامە } .

ئێمەش دەڵێین : بە گوێرەی ئەم فەرموودەیە: (قال أبو هريرة عن النبي (صلى الله عليه و سلم) ثم إن الله كتب على إبن آدم حظه من الزنى ، أدرك ذلك

لا محالة ، فزنا العين النظر ، و زنا اللسان المنطق ، و النفس تتمنى و تشتهي ، و الفرج يصدق ذلك كله (و يكذبه) [١]

هەموو ئەو ئەندامانەی باسکراون لە فەرموودەکەدا ، بەشیان لە تاوانی زینادا هەیە ، بەڵام (چوونك و زێی) ، یان تەصدیقی دەکەن ، یان ڕەتی دەکەنەوە . بە واتەیەکی دیکە هەر کردەوەیەکی دیکە ، جگە لە جووتبوونی تەواوی پیاو و ژن بە زینا ناژمێردرێت و سزای زیناش جێبەجێ ناکرێت ، بەڵام بە گوناە دادەنرێت ، لەبەر ئەوە ئەو کارانە مرۆڤ لە خشتە دەبەن و دەیبەن بۆ زینا ، بەڵگەشمان ئەوەیە لە مێژووی ئیسلامدا جگە لە جووتبوونی تەواوی پیاو و ژن نەبێت هیچ کەسێك لەسەر ئەو کارانە سزا نەدراوە .

لە لاپەڕە (٣٣٠ ، ٣٣١)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ بۆ نموونە لە ڕووانینی چاودا موحەمەد ووتویەتی : نابێت پیاو تەماشای پێش و دوای پیاوی تر بکات، هەروەها نابێت ژنیش تەماشای پێش و دوای ژنی تر بکات .

(إبن عباس) دەگێڕێتە : لە کاتی نوێژی جەماعەتدا ژنێك لە دوای موحەممەد نوێژی دەکرد ، سوێند بە خوا جوانی وام نەدیبوو ، هەندێك لە صەحابەکان دەچوونە ڕیزەکانی پێشەوە و نوێژیان دەکرد تا نەیبینن ، هەندێك صەحابەی تر دەچوونە ڕیزەکانی دواوە ؛ کاتێك ژنەکە نوێژی دەکرد و کڕنووشی دەبرد،

١- صحيح البخاری ، كتاب الاستئذان ، باب زنا الجوارح دون الفرج .

لە ژێرەوە تەماشای سمتی ژنەکەیان دەکرد ، کارێکی لەم شێوەیە بە زینای چاو دادەنرێت ، لەسەر ئەم بەسەر هاتەش لە قورئاندا ئایەتێك نوسراوە :

(وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنْكُمْ وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَأْخِرِينَ) }.

لە وەلامدا دەڵێین : وەلامەکەمان دەکەینە دوو بەشەوە :

یەکەم : دەربارەی ئەوە کە مەریوان دەڵێت موحەممەد ووتویەتی: (نابێ پیاو تەماشای پێش و دوای پیاو تر بکات ... تاد) لێرەدا مەریوان ڕاڤەی فەرموودەکەی یان نەزانیوە ، یاخود بە فێڵ کردوویەتی . ئەوەتا فەرموودەکە دەڵێت :(قال رسول الله (صلى الله عليه و سلم) : لا ينظر الرجل إلى عورة الرجل و لا المرأة إلى عورة المرأة) [1] .

واتە حەرامە و نابێت پیاو تەماشای (قنگ و چۆکی پیاوی تر بە ڕووتی بکات، هەروەها ژنیش بە هەمان شێوە نابێ ئەو کارە بکات .

دووەم : دەربارەی تەماشا کردنی سمتی ژن لە نوێژدا کە لە (إبن عباس) دەگێڕنەوە ، ئێمە وامان بە باش زانی تەماشای تەفسیری (الألوسی) بکەین کە دەفەرموێت :

(و لقد علمنا) ما لا يخفى من الدلالة على التأكيد . و أخرج أحمد و الترمذي و النسائي و ابن ماجه و الحاكم و صححه البيهقي في (سننه) و جماعة عن طريق أبي الجوزاء عن إبن عباس قال : كانت إمرأة تصلي خلف رسول الله حسناء من أحسن الناس فكان بعض القوم يتقدم حتى يكون في

١- صحيح مسلم ، كتاب الحيض ، باب تحريم النظر الى العورات .

الصف الأول لئلا يراها، و يستأخر بعضهم حتى يكون في الصف المؤخر ، فإذا ركع نظر من تحت إبطيه ، فأنزل الله الآية .

و أخرج عبد الرزاق و إبن المنذر عن ابي الجوزاء انه قال في الآية (و لقد علمنا المستقدمين منكم) في الصفوف في الصلاة و لم يذكر من حديث المرأة شيئا ، قال الترمذي هذا اشبه أن يكون اصح [1] .

ئيمەش بۆچوونى خۆمان بە چەند خالێك دەنوسين :

يەكەم : لە پێشدا دەبێت ئەوە بزانين نابێت لە نوێژى جەماعەتدا ژنان بكەونە پێش پياوان ، چونكە پياوان ريزيان لە پێشەوە دەبێت و دواى ئەوانيش ريزى منداڵان و لە دواى هەموويان ريزى ژنان دێت ، ئيتر چۆن لە كاتى كرنوشدا سمتى ژن دەبينرێت ؟

دووەم : لە كاتى كرنوش بردندا ، هيچ كەس نابينرێت ، ئيتر چۆن زانرا هەندێك تەماشاى سمتى ئەو ژنەيان كردووە ؟

سێيەم : تەماشا كردنى سمتى ژن لە نێوێژى جەماعەتدا لە كاتى كرنوشدا زۆر لە ئەقڵەوە دوورەو و نالۆژيكييە ، چونكە ئەگەر ئەو ژنە لە ريزى پێشەوە بووبێت ، هەرچەند دژى ياساى جەماعەتە ئەوا لە حاڵەتى وەستان و (ركوع)دا تەماشا كراوە ، ئەگەر لە دواوە بووبێت ئەوا مەحاڵە سمتى ژن ببينرێت .

چوارەم : هەر ئەو فەرموودە ريوايەت كراوە بە جۆرێكى ديكە (و أخرج عبد الرزاق و إبن المنذر عن ابي الجوزاء بأنه قال في الآية (**و لقد علمنا المستقدمين منكم**) في الصفوف في الصلاة و لم يذكر من حديث المرأة شيئا) وا دياره ئەم

١- تفسير الالوسي ، سورة الحجر ، الاية (٢٤) .

ڕیوایەتە ڕاستر ، چونکە لەگەڵ یاسای نوێژی جەماعەتدا دەگونجێت ، لە لایەکی دیکەوە ئیمامی (الترمذي) ئەم ڕیوایەتەی پەسەند کردووە کە فەرموویەتی (قال الترمذي) (هذا أشبه أن يكون أصح) .

پێنجەم : ئەم ئایەتە دابەزیوە بۆ ئیمانداران بۆ پێشبڕکێ کردن بۆ ڕیزەکانی پێشەوە لە جەماعەتدا ، کە ئەمە حاڵەتێکی بەردەوامە ، بۆیە ناڕواتە ئەقڵەوە ئایەتەکە دابەزیبێت بۆ تاکە حاڵەتێکی نەشاز و دوور لە ئەقڵەوە .

لەلایەڕە (٣٣١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{خۆڕازاندنەوەی ژنانیش حەرامە ، موحەممەد بە ئاگر هەڕەشەی سوتاندنی لەو ژنانە کردووە کە خۆیان دەڕازێننەوە و کارێك دەکەن پیاوان لە خشتە بەرن ، دەڵێت : ئەو ژنانە لە ئەهلی ئاگرن ، کە جلیان لەبەردایەو ڕووتیشن ،ئەوانە خۆیان لە خشتە دەرچوون و کەسانی تریش لە خشتە دەبەن پرچی سەریان وەك (کۆپارە) خرپی پشتی حوشتر دادەهێنن . ئەوانەش ناچنە بەهەشتەوە بۆنیشی ناکەن ، ئەگەر چی بۆنی بەهەشت چەند ڕێگایەکیش دورە }.

ئێمەش دەڵێین : خۆ ڕازاندنەوەی ژنان بۆ مێردەکانیان کارێکی زۆر باش و پیرۆزو پەسەندە ،بەڵام بۆ لە خشتە بردنی پیاوان حەرامە و هەر ژنێك ئەو کارە بکات دەکەوێتە بەر هەڕەشەی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) و سزای ڕۆژی قیامەت و لە دونیاشدا لەلایەن شەهامەت دارانەوە نەفرەتی لێدەکرێت .

دەربارەی ئەو فەرمودەیە گە دەڵێت :(قال رسول الله (صلى الله عليه و سلم) : صنفان من اهل النار ، لم أرهما ، قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ، ونساء كاسيات عاريات مميلاتٌ مائلات ، رؤوسهنّ كأسنمة البخت

المائلة ، لا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها وإنَ ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا) [١] .

ئێمەش دەڵێین : بێگومان ئەم فەرموودەیە یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) کە پێش زیاتر لە هەزارو چوارسەد ساڵ بەرلەئێستا فەرموویەتی : (دوو جۆر هەن لەناو ئاگری دۆزەخدان من نەیانمدیون) واتە لەکاتی پێغەمبەردا (صلى الله عليه و سلم) نەبوون ،بەڵام لەم رۆژانەدا دەرکەوتوون لەوڵاتە موسوڵمانەکاندا جۆرێکیان لە خەڵکان دەدەن بە قەمچییەك وەکو کلکی مانگا وایە ، دیارە مەبەستی ئەو پۆلیسانە بووە ، کە لەم رۆژانەدا قەمچییان بەدەستەوەیەو لە خەڵکی دەدەن ، جۆری تریشیان ژنانێکن لە خشتە براون و خەڵکانیش لە خشتە دەبەن و بەرگیان لەبەرەو ڕووتیشن ، پرچیان کۆدەکەنەوە لە تەوقی سەریان و بەرزی دەکەنەوە وەکو بان پشتی حوشتر ، ئەو جۆرانە ناڕۆنە ناو بەهەشتەوە و بۆنێشی ناکەن .

خوێنەری بەڕێز : مەبەستی ڕەخنە لەم فەرموودەیە دەگرێت بێئەوەی بزانێت ئەم فەرموودەیە یەکێکە لەنیشانەکانی کۆتایی دونیاو موعجیزەی پێغەمبەریشە (صلى الله عليه و سلم) کە لەم رۆژانەدا دەرکەوتووە ! .

لەلاپەڕە (٣٣٢) دا مەبەستی نووسیویەتی:

{ قسەکردن لەگەڵ ئافرەتاندا بە نهێنی حەرامە ، لەئایەتێکدا ئاماژە بەوە کراوە گەر کەسێك خوازبێنی بێوەژنیش بکات ، بۆی نییە بە نهێنی قسەی لەگەڵ بکات .

١- صحيح مسلم ، كتاب اللباس والزينة ، باب النساء الكاسيات العاريات .

(وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُمْ بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاءِ أَوْ أَكْنَنْتُمْ فِي أَنْفُسِكُمْ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَكِنْ لَا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا) .

گوناهتان ناگات کە بەناڕاستەوخۆ خوازبێنی بێوەژنی مێرد مردوو بکەن ،یاخود لە دەروونی خۆتاندا بڕیاری خوازبێنیتان دابیت ، خوا زانیوێتی کە ئێوە باسیان دەکەن ، بەڵام بە نهێنی پەیمانیان لەگەڵ نەبەستن } .

ئێمەش دەڵێین : وابەباش دەزانین لە پێشدا بڕۆینە خزمەتی (صفوة التفاسير) کە دەڵێت :

(**وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُمْ بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاءِ**) أي لا اثم عليكم ايها الرجال في التعريض بخطبة النساء المتوفى عنهن ازواجهنّ في العدة بطريق التلميح لا التصريح ، قال ابن عباس : كقول الرجل وددت ان الله يسّر لي إمرأةً صالحةً ، وان النساء لمن حاجتي (**أَوْ أَكْنَنْتُمْ فِي أَنْفُسِكُمْ**) أي ولا اثم عليكم ايضاً فيما اخفيتموه في انفسكم من رغبة الزواج بهنّ (عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَكِنْ لَا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا) أي علم الله انكم ستذكرونهنّ في انفسكم ولا تصبرون عنهنّ فرفع عنكم الحرج ، فأذكروهنّ ولكن لا تواعدوهنّ بالنكاح سراً إلا بطريق التعريض أو التلويح [1]

ئەمجا دەڵێین : لە ڕاڤەی ئایەتەکەدا دەردەکەوێت ، دابەزینی بۆ مەنعی خوازبێنی ڕاستەوخۆی ژنی مێرد مردووە لەماوەی چوار مانگو دە شەوە چاوەڕوانکردنەکەیدا ، نەك لەدوای ئەو ماوەیە . بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ حەڵاڵەو دروستە ، دیارە ئەو مەنعەش ، لەلایەکەوە بۆ پێشاندانی

١- صفوة التفاسير ، سورة البقرة ، الاية (٢٣٥) .

بەوەفایی ژنەکەیە بەرامبەر مێردەکەی ، لەلایەکی دیکەشەوە تا ناخۆشی و ئازاوە لەنێوان خێزانەکاندا روو نەدات .

لەلاپەرە (٣٣٣) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ئەو یاسایانەی لەشاری مەککە و لەسەرەتای سەر هەڵدانی ئیسلامدا دەرکەوتن کە ئەم قۆناغە زیاتر لە سیانزە ساڵی خایاند هەموو جۆرە سزایەکی زیناکەر بۆ رۆژی قیامەت هەڵگیرابوو . جگە لەهەرەشەی ئەشکەنجەکانی دۆزەخ لەو دونیا بۆ زینا کەران هیچ شەرعێکی تۆندو تیژ دژ بەم ناشەرعییە ئیسلامییە لەم دونیایەدا نەبوو ، ئەمەش دە گەڕێتەوە بۆ ئەو بانگەوازە تەقلیدییەی کە موحەممەد کاری تیدا دەکرد، سەرباری ئەوەی هێزێکی ئەوتۆیشی نەبوو تا یاسا دابنێت و جێبەجێی بکات . لە قۆناغی مەدینەدا کە نزیکەی دە ساڵی خایاند ، گۆڕانکاری گەورە پوویدا . لەو قۆناغەدا دەسەلات و ئابووری لە باشیدا بوو،بۆیە سزای زیناکەرانی بۆ ئەم دونیاش دەستنیشان کرد و جێبەجێشی کرد .

(إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ)}.

ئێمەش دەڵێین : بۆچوونەکانی مەریوان لەدەرونە نەخۆش و روانگە تەسکەکەیەوە دەردەچێت و پەیوەندی بە لێکدانەوەی زانستییەوە نییە .

ئەوەتا لەبەر نەزانی وا دەزانێت جێبەجێنەکردنی سزای زیناکەر لە قۆناغی مەککەدا ، لەبەر ئەوەبووە (هەموو جۆرە سزایەکی زیناکەر بۆ رۆژی قیامەت هەڵگیرابوو.. سەرباری ئەوەی هێزێکی ئەوتۆشی نەبوو تا یاسا دابنێت و جێبەجێی بکات) نەخێر ، لێرەشدا وەکو جارەکانی دیکەی سەرسمی داوەو

سەرنەکەوتووە ، چونکە نەیزانیوە ئەو کەسانەی لە قۆناغی مەککەدا ئیسلام دەبوون ، زۆر کەمبون و بەدڵێکی پاکو بێگەردەوە و بەبڕوایەکی تەواوەوە موسوڵمان دەبوون و لە پێناوی ئەو ئایینە تازەیاندا ، تووشی جۆرەها ئازارو ئەشکەنجە و کۆچکردن دەبوون ، بەڕادەیەك هەندێکیان لە ژێر ئەشکەنجەی بێبڕواکاندا شەهید دەبوون . جا لەبەر ئەوە ، لەو قۆناغەدا و لە ناو ئەو جۆرە موسوڵمانانەدا ، کاری زینا روینەدەدا و پێویستیشی بە دیاریکردنی سزای زیناکەر نەدەبوو .

بەڵام لەقۆناغی مەدینەدا ، موسوڵمانان زۆربوون ، هەندێکیان بڕوایەکی تەواویان بە ئایینەکەیان هەبوو، هەندێ دیکەیان وا نەبوون و هەندێ تریشیان دوو ڕووبوون . بۆیە لەو کۆمەڵگادا کاری زینا رووبداو پێویستی بەهەڕەشەی توندو تیژو دیاریکردنی سزای زینا کەر و جێبەجێکردنی لەم دونیایەدا هەبوو.

خوێنەری بەڕێز: لە دوای ئەم ڕوونکردنەوەی سەرەوە بۆچوونەکەی مەریوان کە دەڵێت : (لەقۆناغی مەدینەدا کەنزیکەی دە ساڵی خایاند ، گۆرانکاری گەورە رووبدا . لەو قۆناغەدا دەسەلات و ئابوری لە باشیدا بوو،بۆیە سزای زیناکەرانی بۆ ئەم دونیاش دەسنیشانکرد و جێبەجێشی کرد) . لەڕاستییەوە زۆر دورە و نا لۆژیکییەو نیشانەی نەزانی و سەرلێشێواوییەتی ، هەروەها ئەم بۆچونەی بە تەواوی دژی ئەو بۆچونەی پێشویەتی کە لەمەوپێش باسمان کردووە .

له لاپەرە (٣٣٣) دا مەریوان نووسیویەتی :

{سزاکانی زینا ساناو ئاسان بوون و جیاوازیشیان هەبووە لەو سزایەی بۆ رەگەزی نێر دانرابوو سووکترو سادەتربوو وەك لەوەی بۆ رەگەزی مێ دانرابوو ، کە تا بڵێی سەخت و گران بوو : (وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا + وَاللَّذَانِ يَأْتِيَانِهَا مِنْكُمْ فَآذُوهُمَا فَإِنْ تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُوا عَنْهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ تَوَّابًا رَحِيمًا) .

جیاوازیی ئەم دوو ئایەتە لە چۆنێتی سزادانەکەدایە ، زیندان کردنی هەتا هەتایی تا مردن بۆ رەگەزی (مێ) ئەزێتدانی رەگەزی نێر بۆ ماوەیەکی کورتخایەن ئەم دوو ئایەتە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن سزای مێ لە سزای نێر گەورەترەو بەرونی جیاوازی رەگەزی چینایەتی پێوەی دیارە } .

ئێمەش دەڵێین :وا بەباش دەزانین لە پێشدا بڕۆینە خزمەتی تەفسیری (ابن كثير) کە دەفەرموێت :

كان الحكم في ابتداء الاسلام أن المرأة إذا ثبت زناها بالبيّنة العادلة حُبست في بيت فلا تُمكن من الخروج منه الى ان تموت ، ولهذا قال (**واللاتي يأتين الفاحشة**) يعني الزنا (**مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا**) فالسبيل الذي جعله الله هو الناسخ لذلك . قال ابن عباس : كان الحكم كذلك حتى انزل الله سورة النور فنسخها بالجلد والرجم) [١] .

١- ابن كثير ، سورة النساء ، الاية (١٥) .

دەڵێین : بەڕای ئێمە ئایەتی (١٥) لەسورەتی (النساء) کەدەفەرموێت :

(و اللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ ... الخ) دابەزیوە دەربارەی سزای جووتبونی ژنان لەگەڵ ژناندا (سحاق)بە گوێرەی ئەم چەند بەڵگانەی خوارەوە :

١- ئایەتی (١٥ النساء) دەفەرموێت (**وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ**) لێرەدا ووشەکانی (من نسائکم) واتە ژنەکانتان نەك پیاوەکانتان ، هەروەها (**فاستشهدوا علیهنّ**) ووشەکانی (علیهنّ) تاکیدێکی دیکەیە ، کە ئەو سزایە تایبەتە بە ژنانەوە ، خۆ ئەگەر مەبەستی سزای پیاوان لەگەڵ ژنان ببوایە ، ئەو کاتە ووشەکانی (من نسائکم) وە ووشەکانی (علیهن) زیاد و بێمانا دەبوون ، کە مەحاڵە لە قورئاندا هەبێت .

٢- فەرموودەکەی (ابن کثیر) (کان الحکم في ابتداء الاسلام أن المراة ... الخ) زۆر لاوازەو لە جێگەی خۆیدا نییە و بێبەڵگەیە وهیچ پوودانێکیش لەو بارەیەوە تۆمار نەکراوە ، هەروەها فەرمودەکەی (ابن عباس)یش ، چونکە زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوە کە سورەتی (النساء) لەمەدینە دابەزیوە ، ئیتر چۆن کاری پێکراوە لەمەککە و لە سەرەتای ئیسلامدا بەر لە دابەزینی ؟ جگە لەوەش لەسەرتای ئیسلامدا و لە قۆناغی مەککەدا ، موسوڵمانان زۆر کەمبوون و بەبڕوایەکی تەواو و بێگەردەوە موسوڵمان دەبون و لە رێگای ئایینەکەیاندا تووشی جۆرەها ئازارو ئەشکەنجە و دەربەدەری دەبوون ، ئیدی ئەو جۆرە موسوڵمانانە چۆن مەزەندە دەکرێت ، کە دژی ئەو ئایەتانە هەڵسوکەوت بکەن ، کە لەمەککەدا دابەزیون و باسی ئەوان دەکەن :

(قَدْ اَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ ... وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ +إِلَّا عَلَى اَزْوَاجِهِمْ اَوْ مَا مَلَكَتْ اَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ +فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَاُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ) .

٣- ئەگەر ئایەتی (١٥) لەسورەتی (النساء) بۆ سزای جووتبونی ژنان لەگەڵ پیاواندا بێت ، ئەوە بەئایەتی (٢) ی سورەتی (نور) نەسخ دەبێتەوە ئەمەش دژی بۆچوونی هەندێك لە زانایانی ئیسلامە ، کە لایان وایە (ناسخ) و (مەنسوخ) لەقورئاندا نییە ، لەلایەکی دیکەوە ، ئەو کاتە ئایەتێك لە قورئاندا نابێت ، بۆ حەرام کردن و سزای جووتبونی ژنان لەگەڵ ژناندا .

٤- لەباسەکانی پاداشت و سزاکاندا پیاوان و ژنان پێکەوە باسکراون : (الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ) (وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا اَيْدِيَهُمَا) .

بەلاّم لە ئایەتی (١٥)ی سورەتی (النساء) باسی سزای پیاوانی تێدا نییە ، بێگومان ئەمەش لەگەڵ دادپەروەری خودادا ناگونجێت و ناپواتە ئەقڵەوە .

٥- ئەگەر ئایەتەکە بۆ سزادانی جووتبوونی پیاوان لەگەڵ ژناندا بێت ، ئیتر بە بەند کردنی ژنان ، کاری زینا بنەبڕ نابێت ، چونکە زۆربەی کاری زینا لە مالاّندا و بە نهێنی ئەنجام دەدرێت ، بەلاّم ئەگەر بۆ سزا دانی جووتبوونی ژنان لەگەڵ ژناندا بێت ئەوە بەو بەند کردنە ، کاری جووتبوونی ژنان لەگەڵ ژناندا بە تەواوی نامێنێت ، چونکە هیچ ژنێك جورئەت ناکات بە نهێنی یان بە شەو بڕواتە لای ژنی دۆستی .

٦- لەم ئایەتەدا دەبوایە بە گوێرەی لۆژیك و بەکارهێنانی مرۆڤ بڕگەی (یتوفاهن الموت) دووابکەوتبایە بەم جۆرە (حتی یجعل الله لهن سبیلا أو یتوفاهن الموت) چونکە مردن دوا چارەسەرە بەلاّم خوای گەورە واینەکردووە و

برگەی (يتوفاهن الموت)ی پێش خستووە ، لەبەر ئەوە ئەو ژنانە ئەو کارە دەکەن مردن شایستەیانە نەك چارەسەری دیکە ، کە بە لای ئێمەوە تۆبە و شووکردنیانە نەك نەسخی ئایەتەکە .

دەربارەی ئایەتی (١٦)ی هەمان سورەت ، وا بە باش دەزانین بڕۆینە خزمەتی (صفوة التفاسير) کە دەڵێت : (**و اللذان يأتيانها منكم**) أي واللذان يفعلان الفاحشة و المراد به الزاني و الزانية بطريق التغليب (فآذوهما) أي بالتوبيخ و التقريع و الضرب بالنعال (فإن تابا و أصلحا فأعرضوا عنهما) أي فإن تابا عن الفاحشة و أصلحا سيرتهما فكفوا عن الإيذاء لهما (إن الله كان توابا رحيما) أي مبالغا في قبول التوبة واسع المغفرة ، قال الفخر الرازي : (خص الحبس في البيت بالمرأة ، و خص الإيذاء بالرجل لأن المرأة إنما تقع في الزنى عند الخروج و البروز ، فإذا حبست في البيت إنقطعت مادة هذه المعصية ، و أما الرجل فإنه لا يمكن حبسه في البيت لأنه يحتاج إلى الخروج في إصلاح معاشه و اكتساب قوت عياله ، فلا جرم جعلت عقوبتهما مختلفة) [١]

ئەمجا دەڵێین : بە بۆچونی ئێمە ئایەتی (١٦النساء) بۆ سزادانی جووتبونی پیاوان لەگەڵ پیاواندایە بەگوێرەی ئەم بەڵگانەی خوارەوە :

١-وشەی (اللذان) پێی دەووترێ (اسم موصول) بۆ دوو نێر بەکار دەهێنرێت . لێرەدا ئەو دووانە ، یان پیاوێك و ژنێکن بە (طريقة)ی (تغليب)وەکو (القمران ، الوالدان ، الأبوان) یاخود دوو پیاون ، ئەگەر بڵێین

١- صفوة التفاسير ، سورة (النساء) ، الآيات (١٥ ، ١٦) .

مەبەستی پیاوێك و ژنێكە ،ئەوە سزایەكی تازەی دیكەیە بۆ ژنان ، بێگومان ئەمەش لە ئوسلوبی قورئاندا زۆر دوورە ،دوو سزای جیاواز بۆ تاوانی (فاحشە) ی ژنان لە دوو ئایەتی یەك لە دوای یەكدا بێ نەسخبوونی ئایەتی پێشی ،چونكە لە ئایەتی پێشی (١٥ النساء) دا دەفورموێت (**فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا**) واتە بەندیان بكەن لە مالاندا تا مردن یاخود تاوەكو خوا رێگەوچارەیەكیان بۆ دابین دەكات،بەلام ئایەتی (١٦ النساء) دەفەرموێت (فآذوهما) واتە ئازاریان بدەن . ئەمجا لە جێبەجێكردنیدا ، دژایەتی دروست دەبێت ، ئەمەش لە قورئاندا مەحاڵە،كەواتە دەبێ بۆ سزادانی جووتبونی پیاوان لەگەڵ پیاواندا بێت .

٢- بڕگەی (**و اللذان يأتيانها منكم**) بەهیچ جۆرێك لە زمانی عەرەبیدا بەكارناهێنرێت بۆ دوو پیاوی (فاحشة) كەر ئەگەر مەبەستی جووتبونی پیاوان لەگەڵ پیاواندا نەبێت ، بەڵگو دەوترێت (و الذين يأتونها منكم) یان (و الذي يأتيها منكم) . بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر دەوترێ : ماموستایانی زانكۆ خەڵاتیاندەدرێتێ ، یان ماموستای زانكۆ خەڵاتی دەدرێتێ ، بە هیچ شێوەیەك ناوترێ : دوو ماموستای زانكۆ خەڵاتیان دەدرێتێ ، ئەگەر مەبەستی هەموو ماموستاكان بێت ، هەروەها لێرەشدا ناوترێ (**و اللذان يأتيانها منكم**) بە مانا ئەو دوو پیاوانەی زینا دەكەن لە ئێوە .

٣-(سێ) ئایەت باسی سزاكانی خراپە دەكەن (الفاحشة) یەكەمیان سزاكە سووكە كە بەند كردنە لە ماڵەكاندا ، لەبەر ئەوە تاوانەكە سووكە كە جووتبوونی ژنان لەگەڵ ژناندایە و هەردووكیان وەك یەك بكەر و بدەرن . دووەمیان سزاكە گرانە كە ئازار دانە ، ئەویش لەبەر ئەوەیە تاوانەكە گرانە كە

پیاو لەگەڵ پیاودایە و یەکێکیان بکەرە و ئەوی دیکەشیان بدەرە و لە پڕزی پیاوان دەردەچێت . سێیەمیان سزاکە زۆر گران و قورسە ، کە لێدانی سەد شوولە لەبەر چاوی خەڵکاندا ، یاخود بەرد بارانکردنە تا مردن ، ئەویش لەبەر ئەوەیە ، تاوانەکە زینایە و زۆر تاوانێکی گەورەیە و دەبێتە هۆی ئازاوە و ڕووخاندنی خێزان و خێزانداری و زۆر شتی تریش .

٤-ئایەتەکە دەفەرموێت (**و اللذان یأتیانها منکم**) واتە لە پیاوان ، خۆ ئەگەر مەبەستی ژنان لەگەڵ پیاواندا بوایە ئەو کاتە ووشەکانی (منکم) زیاد و بێ مانا دەبوون .

٥- هەر وەکو ئیسپاتمان کرد ئایەتی (١٥) بۆ سزادانی ژنان لەگەڵ ژناندایە ، دەبێ ئایەتی (١٦)ش بۆ سزادانی پیاوان لەگەڵ پیاواندابێت ، ئیتر بەو جۆرە بە ئایەت سزای ژنان لەگەڵ ژناندا و پیاوان لەگەڵ پیاواندا دیاری دەکرێت .

٦-فەرموودەکەی (الفخر الرازي) : (و خص الحبس في البیت بالمراة ... إلخ) زۆر لاواز و نا لۆژیکییە ، چونکە هەر تاوانێك سزای تایبەتی خۆی هەیە و ناگۆڕدرێت لەبەر هەر هۆیەك بێت ، ئەوەتا بۆ نموونە لە سزای (دزی)دا دەست بڕینەکە بەسەر پیاوان و ژناندا وەك یەك جێبەجێ دەکرێت ، ئیتر تەماشای ئەوە ناکرێت پیاوی دەست بڕاو توانای ئیشکردنی کەم دەبێتەوە ، بە ڕادەیەك ئەگەر پیاوی دەست بڕاو جارێکی دیکە دزیکرد ، ئەوە دەستەکەی دیکەشی دەبڕدرێت و بە تەواوی توانای ئیشکردنی نامێنێت .

تێبینییەکی گرنگ

ڕاقەی ئایەتەکانی قورئان ، ئەگەر لە پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه و سلم) بیسترابوو بە سەنەدێکی ڕاست و تەواو ، ئەوە گومانی تێدا نابێت و بە هیچ شێوەیك لێکوڵینەوە تێیاندا دروست نییە ، بەڵام ئەگەر لە صەحابەکانەوە بوو ، ئەو کاتە بۆ چوونی جیاواز ڕەوایە بە مەرجی خۆی ، چونکە هەر چەند قورئان بە لەهجەی قورەیش دابەزیبوو، بەڵام ئەو صەحابانە لەگەڵ پەخشان و ئوسلوبی قورئاندا ڕا نەهاتبوون و شارەزا نەبوون ، جا لەبەر ئەوە مەرج نییە هەموو بۆچوونەکانیان تەواو بێت ، بۆیە ئێمەش لەم ئایەتە و لە چەند ئایەتێکی دیکەشدا ، مافی خۆمانە ڕای جیاوازمان هەبێت ، ئەگەر پێکامان ئەوە سوپاس بۆ خوا ، ئەگەر ... نا ئەوە دیسانەوە سوپاس بۆ خوا ، تکایە دڵپاکی و دڵسۆزیمان ببێتە هۆی لێبوردنمان .

لە لاپەڕە (٣٣٤)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ لە گواڕانکارییەکی کوت و پڕدا سزاکە دەگۆڕێت بۆ شوولّ لێدان لە هەردووکیان : (**الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ**) لە نیوەی دووهەمی قۆناغی مەدینەدا گۆڕان کاری کەوتە شێوەی سزاکەوە ، ئەویش بە ڕاسپاردەی موحەممەد لە وەڵامی ئەوەی کە لە ئایەتی ژنان (١٥)دا نوسراوە : (لە بەرامبەر زینا کەران چاوەڕێی ئەوە بن خوا ڕێگە چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە) .

لەسەر گوزەشتەیەکدا موحەممەد بەم شێوەیە چارەسەری بۆ دۆزینەوە :

(و صارت السنة فمن أحصن جلد مئة ، الرجم بالحجارة ، و من لم يحصن جلد مئة و نفي سنة) }.

ئێمەش دەڵێین : بە ڕای ئێمە هەر وەکو لەمەو پێش باسمان کردووە ئایەتی (دوو)ی (نور) نابێتە ناسخی ئایەتەکانی (١٥) و (١٦)ی سورەتی (النساء) چونکە ئایەتی (١٥)ی (النساء) بۆ سزادانی جووتبوونی ژنان لەگەڵ ژناندایە ، هەروەها ئایەتی (١٦)ی سورەتی (النساء) بۆ سزادانی پیاوان لەگەڵ پاواندایە . بەڵام ئایەتی (٢)ی (نور) بۆ سزادانی جووتبوونی پیاوان لەگەڵ ژناندایە بە بێ مارە بڕین .

لە لاپەڕە (٣٣٥) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ سزای ئەوانەش دەدرێت کە بوختانی زینا بۆ ژنانی ئازاد دەکەن (ژنە سەربەستەکان نەك کەنیزەکەکان) (**وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا**) .

ئەوانەی بوختان بە ئافرەتی خاوەن مێردی داوێن پاك دەکەن و چوار شاهیدیشیان بۆ سەلماندنی قسەکەیان نییە ، هەشتا شوولیان لێدەدەن و هەرگیز شاهیدیان لێوەرمەگرن . ئەوەی لەم ئایەتەدا گرنگ بێت ئامادە کردنی چوار شاهیدەکە و شووللێدانی بوختان چیەکانە ، ئەوەی نەتوانێت چوار شاهێد ئامادە بکات شوولداری دەکرێت . جا لەبەر ئەوەی بە دوو ژن یەك شاهێدی پیاوە ئەگەر چوار شاهێدی پیاو نەبوو دەبێت هەشت ژنی ئازاد شاهێدی بدەن . لە ئەنجامی ئەوەی کەنیزەك بە نیوەی ژنی ئازاد دانراوە ، ئەگەر هەشت ژنی ئازاد نەبوو ئەوە دەبێت شانزە کەنیزەك شاهێدی بدات ، ئەگەر کەمتر بوون ئەوا شاهێدیان لێوەرناگیرێ و سەر باری ئەوەی هەشتا

شوولیان لێدەدەن ، بە پێی دەقی ئایەتەکە بۆ جارێکی دی هەتا هەتایە شاهێدیان لێوەرناگیرێت . شاهێدیدانیش بە شیوەیەکە کە هەموویان زیناکەیان بە چاوی خۆیان دیبێت ، دەبێت بە ڕووتی و بە جووتبوونەوە هەردوکیان ببینرێن ، بەو شێوەیە زیناکە دەسەلمێت }

ئێمەش دەڵێین : وا بە باش دەزانین لە پێشدا بڕوانینە خزمەتی (صفوة التفاسیر) کە دەفەرموێت :

(**و الذین یرمون المحصنات**) أي یقذفون بالزنی العفیفات الشریفات (**ثم لم یاتوا باربعة شهداء**) أي لم یأتوا علی دعواهم بأربعة شهود عدول یشهدون علیهن بما نسبوا إلیهن من الفاحشة (**فاجلدوهم ثمانین جلدة**) أي اضربوا کل واحد من الرامین ثمانین ضربة بالسوط و نحوه لأنهم کذبة یتهمون البریئات و یخوضون في أعراض الناس (**و لا تقبلوا لهم شهادة ابدا**) أي وزید لهم في العقوبة بإهدار کرامتهم الإنسانیة فلا تقبلوا شهادة أي واحد منهم مادام مصرا علی کذبه و بهتانه [1] .

ئەمجا دەڵێین : لێرەشدا مەبەستی وەکو پیشەی هەموو جارێکی کەوتووەتە ناو کۆمەڵێك هەڵە و نەزانینەوە بە شێوەیەکی زۆر ناشرین و حەیا بەر ، ئەوەتا ڕاڤەی (المحصنات) ، دەکات بە (ژنانی ئازاد) ، کە دەڵێت : (سزای ئەوانەش دەدرێت کە بوختانی زینا بۆ ژنانی ئازاد دەکەن) بێگومان لەم ئایەتەدا ووشەی (المحصنات) مانای (داوێن پاکە) هەر وەکو لە تەفسیری (صفوة التفاسیر)دا ئاماژەی بۆ کردووە.

١- صفوة التفاسیر ، سورة النور ، الایة (٤) .

هەروەها بە هەمان شێوە هەڵەیەکی دیکەی شەرمەزاری کردووە کە دەڵێت (ئەگەر چوار شاهێد پیاو نەبوو دەبێت هەشت ژنی ئازاد ... تاد) چونکە لە مەسەلەی (حدود)دا شاهێدی ژنان وەرناگیردرێت بە گوێرەی ئەم فەرموودەیە : (قضت السنة من رسول الله (صلى الله عليه و سلم) و الخليفتين من بعده أن لا تقبل شهادة النساء في الحدود) واتە شاهێدی ژنان وەرناگیردرێت لە (حدود)دا، کە بریتییە لە زینا و دزی و خواردنەوەی مەشروب ... تاد .

دەربارەی ئەو ڕەخنەیە کە دەڵێت : (جا ئایا بۆ سەلماندنی کاری زینا هێنانی چوار شاهید لۆژیکە }.

ئەمجایش دەڵێین : لەبەر ئەوەی کاری زینا زۆر بە نهێنی ئەنجام دەدرێت ، دەبوایە بە یەك شاهێد ئیسپات ببوایە ، بەڵام ئەو کاتە ئەگەر وابوایە ئەوە کێشەی زۆر لە نێوان خێزانەکاندا دروست [illegible] گیری و کۆمەڵگا دەکەوتنە مەترسییەکی زۆر گەورەوە ،بۆیە حیکمەت و دادپەروەری خوای گەورە وای بە باش و چارەسەر زانیوە کە تاوانی زینا بە تەنها لە نێوان تاوانەکانی دیکەدا بە چوار شاهید ئیسپات ببێت ، تا وەکو خراپەکاران جورئەت نەکەن ژنان و کچانی موسوڵمانان بە درۆ و بە بێ بەڵگەی تەواو و ڕاست لەکەدارو تۆمەتبار بکەن .

لەلاپەڕە (٣٣٦) دا مەریوان نووسیویەتی :

{لەسەردەمی خەلیفەی دووهەمدا (عومەری کوڕی خەتتاب) صەحابەیەك بەناوی (مغيرة) لەبەسرە والی بوو . دوو دوو ، سێ سێ ،ژنەکانی تەڵاقدەدان و ژنی دیکەی مارە دەکردەوە تا لەژیانیدا توانیبووی (٩٩) ژن بهێنێ ، جگە لە کەنیزەك) ، هەروەها لەسەری دەڕوات و دەڵێت : (کەسێکی مێ بازبووە ، جکە

له ژنەکانی خۆی لەگەڵ ژنی دیکەشدا سێکسبازی دەکرد ، بەو هۆیەوە لەلای عومەری کوڕی خەتتاب شیکایەتی لێدەکەن که زینای کردووە } .

ئێمەش دەڵێین : لە پێشدا دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە دوو ڕووەکان و نەیارانی ئیسلام پڕو پاگەندەی زۆریان دژی صەحابەکان بڵاو دەکردەوەو بوختانی زۆریشیان بۆ دروستدەکردن ، جا لەبەر ئەوە نابێت ئەو تانەو درۆیانە کە دژی صەحابەکان بوون بەڕاستیان بزانین ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە صەحابەکان داکۆکی ناکەین ، چونکە ئەوانیش بەشەر بوونە و (معصوم) نەبوونە و چاکەی زۆریان کردووە ، لەوانەشە هەندێکیان لە هەندێ حاڵەتدا خەڕاپەشیان کردبێت ، بەڵام ئەگەر بە ڕێکەوت خراپەیەکیانکردبێت ، یەکسەر پەشیمان بونەتەوە و داوای سزا و پاککردنەوەیان لە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) کردووە ، بۆ نموونە (غامدیة) کاتێك زینای کرد ، خۆی ڕۆیشت بۆ لای پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) و داوای پاککردنەوەی کرد .

دەربارەی ئەو بوختانەش کە دەڵێت : لە ژیانیدا (نەوەدو نۆ) ژنی هێناوە ، وا بزانین ئەم ژمارەیە لە ئەقڵەوە زۆر دوورە و جێگای گومانیشە ،چونکە یەکێکی دەوێ تایبەت ناوی ئەو ژنانە تۆمار بکات ، خۆ ئەگەر بەو ڕادەیە ژنی زۆری هێنابێت بێگومان خودی (مغیرە)ش نەیزانیوە چەند ژنی هێناوە ، ئیتر ئەو ژمارە زۆرە چۆن زانرا و کێ تۆماری کرد !

لەلاپەڕە (٣٣٩) دا مەریوان دەڵێت :

{بۆ چارەسەری کێشە و گرفتی کاروبارە سێکسیەکانی هاوسەران و نەبوونی چوار شاهێد ، جیاکردنەوەی ژن و مێرد لە ئیسلامدا بەچاکترین

چارەسەر دانراوە . بەڵام لە پرۆسەیەکدا کە پێی دەڵێن (مولاعەنە) چەند ئایەتێك بەدرشتی باس لەم یاسایە دەکات :

(وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ (٦) وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ (٧) وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ (٨) وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ) (٩) } [١] .

ئێمەش دەڵێین : یاسای (ملاعنە) لە هیچ ئایینێکدا نەبووە و هیچ مرۆڤێکیش لە میژووی بەشەرییەتدا بیری لە یاسای وا تەواو و پڕ دادوەری نەکردووەتەوە ، ئەمە یاسایەکی خواییەو تایبەتە بە ئۆمەتی موحەممەدەوە (صلی الله علیه و سلم) و بە حیکمەتی خۆی داینـاوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو زینایە کە مێرد بەتەنها لە ژنەکەی خۆی دەبینێت . ئیتر بە یاسای (ملاعنە) پیاوەکە لە سزای (قذف) رزگاری دەبێت و ژنەکەش لە سزای بەرد باران تا مردن رزگاری دەبێت .ئەمجا ڕاستییەکە بۆ ئەو دونیا دەمێنێتەوە .

لەلاپەڕە (٣٤١) دا مەریوان نووسیویەتی:

{ مەسەلەی کوشتنی ئەو ژنانەی سێکس لە گەڵ دۆستەکانی خۆیاندا دەکەن ، لەوەوە هاتووە کە هەندێك لە صەحابەکان مولاعەنەیان بە چارەسەر نەزانیوە . پیاوانی موسوڵمان وەك ڕاهاتنێکی کلتوری و نەریتی کۆنی خۆیان ، کوشتنی ژنەکانیان بەشەهامەت و پیاوەتی خۆیان و باشترین چارەسەر زانیوە ، بۆیە موحەممەدیش پشتگیری لەم بیرۆکەیە کرد . بەڵگەی ئەمەش ئەم

١- سورة النور ، الآيات (٦,٧ ، ٨ ، ٩) .

روداوەیە کە مێژوونووسە باوەڕپێکراوەکانی ئیسلام تۆماریانکردووە . صەحابەیەك ، کە باسی مولاعەنەی دەکرد ، بە موحەممەدی ووتوە :
كلا والذي بعثك بالحق إن كنت لاعالجه بالسيف قبل ذلك قال رسول الله (ص) : اسمعوا الى ما يقول سيدكم انه لغيور وانا اغير منه والله اغير مني [1] . لەم دەقەوەیە کە کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف لە ئیسلامدا سەری هەڵداوە }.

ئێمەش دەڵێین : خوای گەورە یاسای مولاعەنەی داناوە ، ئەگەر هەر موسوڵمانێك بەو یاسایە ڕازی نەبێت و زیادە ڕەوی بکات ، ئەوە تاوانە وخۆی بەرپرسە نەك شەریعەتی ئیسلام ، جا ئەگەر ئەو فەرموودەیە بکرێتە بەڵگە کە دەفەرموێت (**قال رسول الله** (صلى الله عليه و سلم) : **اسمعوا الى ما يقول سيدكم انه لغيور وانا اغير منه والله اغير مني**) ئەوە ڕاست نییە و بە هیچ شێوەیەك نابێتە بەڵگە ، چونکە ناڕواتە ئەقڵەوە خودی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) دژی ئایەتەکانی قورئان فەرمان بدات ، بێگومان ئەو فەرموودەیە بۆ هاندانی موسوڵمانەکان بووە ، بۆ ئەوەی بە غیرەت بن و کاری زینا لە خێزانەکانیان قەبوڵ نەکەن .

لەلاپەڕە (٣٤٣) دا مەریوان نووسیویەتی:

{ ئەوەی تێبینی کراوە ئەو هەقەی بە پیاو دراوە مولاعەنە لە ژنەکەی بگرێت ، هەمان ئەو هەقە بە ژن نەدراوە لە مێردەکەی بگرێت }.

ئێمەش دەڵێین : مەریوان بە بێ بیرکردنەوە لە مەسەلەکان ڕەخنەی نا بەجێ و نا پەسەند دەگرێت کە مافی (مولاعنە) بەژن نەدراوە وەکو پیاو ! بەڵام

١- صحيح مسلم ، كتاب اللعان ، حديث (١٤٩٨) .

ئەوەندە نەزانە نازانێت ئەمە فەرمانی خوایە و تەواو لەجێگەی خۆیدایە کە مافی (ملاعنە) بەتەنها بە پیاو دراوە ، چونکە هیچ مەزەندە ناکرێت پیاوی ئاقڵ پەنا بۆ (ملاعنە) ببات و ئابڕووی خۆی ببات ، ئەگەر کاری زینا ڕووی نەدابێت ، لەبەر ئەوە ئەگەر ئارەزووی کرد لە ژنەکەی ڕزگاری بێت ، ئەوا تەڵاقی دەدات و بڕێکی یاسای سەخت و گرانی (ملاعنە) جێ بەجێ بکات ، لەلایەکی دیکەوە ، لەبەر ئەوەی پیاو لە ژن هێنانەکەیدا پارە و پوڵی زۆر خەرج دەکات ، ئەگەر کاری زینا بەڕاستی ڕووی نەدابێت ، مولاعنە ناکات و ژنەکەی لەدەست بچێت ، بەڵام لە جێگەی خۆیدا نییە مافی (ملاعنە) بە ژن بدرێت ، لەبەر ئەوە ، یان ئەو مافە بەکارناهێنێت و بێسوود دەبێت ، یان بەدڕۆ بەمەبەستی ڕزگاربوون لە مێردەکەی بەکاری دەهێنێت ، چونکە پیاوی بەد ڕەوشت و زیناکەر کاری زینا لەماڵەکەی خۆیدا و لەبەرچاوی ژنەکەیدا ئەنجام نادات ، بۆیە بینینی مێرد لەلایەن ژنەکەیەوە لەحاڵەتی زینادا موستەحیلە و دووڕە لەئەقڵ .

لەلاپەڕە (٣٤٣) دا مەریوان نووسیویەتی :

{بەردبارانکردن داهێنانێکی ئیسلامی نییە بەڵگو پێش سەرهەڵدانی ئیسلام ئەو دیاردەیە پەیڕەو کراوە . خەڵکانی ناوچەکە بە هۆی ئایینی یەهودییەوە بەم شەرعە بە ئاگا بوون لە تەوراتدا نووسراوە : ئەگەر ژنێك لە پیاوێك نیشانە بکرێت ، بەڵام یەکێکی دیکەی لەشاردا بینی و لەگەڵی جووتبوو ، ئەوا هەردوکیان لەدەروازەی شار بەرنە دەرەوە و بەرد بارانیان بکەن،لەمزگێنیشدا (الانجیل) نووسراوە:

ژنێکیان لەکاتی زیناداا گرتبوو بردیانە لای عیسا و پێیان گووت : موسا فەرمانی پێکردوین کە ئەم ژنە بەرد باران بکەین تۆ دەڵێی چی ؟ عیساش گوتی: ئێوەش وەها بکەن }.

ئێمەش هەڵێن : ئیسلام تەواوکەری ئایینی (یهودی و مسیحی)یە لەگەڵ ئەوەشدا نکۆڵی لەوە ناکرێت کە لەهەندێك یاساو بیرو باوەڕدا یەکدەگرنەوە ، چونکە سەرچاوەی هەرسێ ئایینەکە خوای گەورەیە . بەڵام ئەگەر لە هەندێك یاسادا جیاوازییان هەبوو ، ئەوە لەبەر ئەوەیە ، یان ئەو یاسانە بۆ کاتی ئیسلام ناگونجێن ، یاخود گۆرانکاری و دەستکارییان تێدا کراوە ، لەبەر تێپەربوونی ئەو دوو ئایینە بەقۆناغی دژوارو نائاسایی جۆراو جۆردا .

لەلاپەڕە (٣٤٤) دا مەریوان نووسیویەتی (بوخاری نووسیویەتی :

{رۆژێکیان عومەری کوڕی خەتتاب رووبکردە مزگەوتەکەو لەمینبەرەوە و وتی:

ئێستا شتێکتان بۆ باس دەکەم ، ناچارم کەباسی بکەم ، کێ دەزانێت وانییە ، رەنگە مردنم نزیك بوبێتەوە ، کێ ئەقڵی گرتی و باوەڕی کرد ، لەهەر شوێنێك بوو باسی بکات ، هەرکەسێکیش ترسا لەوەی باوەڕی پێ ناکات با بۆ کەسی نەگێڕێتەوە و درۆ بەناوی منەوە نەکات .خوا پەیامبەری بەهەق ناردووە و کتێبێکیشی لەسەر دابەزاندووە . یەکێك لەو ئایەتانەی کە خوا دایبەزاندبوو ئایەتی بەرد بارانکردنە ، کاتی خۆی خوێندومانەتەوە و شەرعمان لێوەرگرتووە و بەباشمان زانیوە و چەسپاندومانە ، پەیامبەری خواش بەو شەرعە بەردبارانی زیناکەری کردووە و ئێمەش لەدوای ئەو زیناکەرمان بەرد بارانکردووە ئێستا ئەو ئایەتە لەقورئاندا نابینم }.

ئێمەش دەڵێین :با بڕۆینە خزمەتی (الناسخ والمنسوخ لابن سلاّم) کە دەفەرموێت :

والمنسوخ ثلاثة اضرب :

فمنه ما نسخ خطه وبقي حكمه .

ومنه ما نسخ حكمه وبقي خطه .

وأما ما نسخ حكمه وخطه :فمثل ما روي عن انس بن مالك (رض) انه قال : كنا نقرأ على عهد رسول الله (ص) سورةً تعدلها سورة التوبة ، ما احفظ منها غير اية واحدة : (ولو أن لابن آدم واديين من ذهب لابتغى اليها ثالثاً ولو أن له ثالثاً لابتغى اليها رابعاً ولا يملأ جوف ابن ادم إلاّ التراب ، ويتوب الله على من يشاء) .

وأما ما نسخ خطه وبقي حكمه فمثل ما روي عن عمر بن الخطاب (رض) انه قال : لولا اكره أن يقول الناس قد زاد في القرآن ما ليس فيه لكتبت آية الرجم واثبتها : فوالله لقد قرأناها على رسول الله (ص) (لا ترغبون عن ابائكم فإن ذلك كفرٌ بكم الشيخ والشيخة إذا زنيا فأرجموهما البتة نكالاً من الله والله عزيز حكيم . فهذا منسوخ الخط ثابت الحكم ، وأما ما نسخ حكمه وبقي خطه : فهو في ثلاث وستين سورة) [1] .

ئەمجا دەڵێین : ئەم نووسینەی مەریوان دەربارەی ئیمام (عمر) زۆر لە ڕاستییەوە دوورە و ناڕواتە ئەقڵەوە ، ئیمام کەناسراوە و بەناوبانگە لەناو موسوڵمانانداکە لەهەق و راستی لانادات ، ئیتر چۆن بەترسەوە مامەڵە لەگەڵ

١- باب الناسخ والمنسوخ ، الجزء الاول ، الصفحة الاولى .

ئایەتێکدا دەکات کە لەقورئاندا نەنووسراوە و ئەو پێی وایە ئایەتێکە لە قورئان ؟ لەلایەکی دیکەوە ، ئەو هەزارەها صەحابانە کە زۆربەیان قورئانیان لەبەر بووە و هەندێکیشیان نووسەری (وحی) بوونە ، بۆ هیچ وەلامیان نەداوەتەوە ؟ یاخود ئەگەر ڕاستە بۆ ریوایەتێکی دیکە لەو جۆرە لەلایەکی ترەوە نەکراوە ؟ . ئەمجا بەڕای هەندێ لەزانایانی ئیسلامەوە نەسخ لەقورئاندا نییە بەڵام بەلای هەندێ دیکەوە نەسخ سێ جۆرە :

یەکەم :نەسخی حوکمی ئایەتەکە نەك خوێندنەوەو نووسینی ، ئەم جۆرە لە (٦٣) سورەتدا هەیە ، بەڵام ئێمە لەباسەکانی پێشوماندا ئاماژەمان بۆ چەند ئایەتێك لەو جۆرە کردووە و سەلماندومانە بەبەڵگە کە نەسخ نەکراون .

دووەم : نەسخی نووسینی نەك حوکمی وەکو ئایەتی (رجم).

سێیەم : نەسخی خوێندنەوە و نووسینی و حوکمی ، ئەم جۆرە ئێمە بڕوامان بە بوونی نییە ، چونکە هەروەکو باسکراوە ، لەسورەتی (الاحزاب) نزیکەی (٢٠٠) ئایەت لەو جۆرە بووە و نەماون و سورەتێکیش ئەوەندەی سورەتی (توبە) بووە ، ئەویش نەماوە . بەڕای ئێمە ئەگەر ئەو جۆرە ئایەتانە بوبێت بەتەنها پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) زانیوێتی و لەدوای دابەزینی یەکسەر نەسخ بووەتەوە و نەماوە چونکە ئەگەر ئەو جۆرە ببوایە ئەوا سەدەها لەو ئایەتانە دەزانران .

لەلاپەڕە (٣٤٧) دا مەریوان نووسیویەتی :

{لەئایەتێکی دیکەدا ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە ، گەر ژنێك لەگەڵ بێگانەیەکدا سێکسی کرد ، بۆی نییە بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا و ببێتە کەسێکی ئاسایی و

بەخواستی خۆی شوو بکات ، دەبێتە کەسێکی پەراوێز کراوی سەر شۆڕ و ، شووکردنەکەشی تەسك دەبێتەوە ، بۆ پیاویش بەهەمان شێوە :

(الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ) .

زیناکەری نێر تەنها زینا کەری مێ یاخود مێیەکی بێباوەڕ مارە دەکات ، زیناکەری (مێ)یش تەنها بە زیناکەری نێر یاخود بە نێرێکی بێباوەڕ شوو دەکات ، ئەمەش لەسەر باوەڕ داران حەرامکراوە } .

ئێمەش دەڵێین : وا بەباش دەزانین لە پێشدا بڕوانە خزمەتی تەفسیری(الجلالین) کەدەڵێت : (**الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً) لا يتزوج الا زانية او مشركة** ً (**وَالزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ) اي المناسب لكل منهما ما ذكر (وَحُرِّمَ ذَلِكَ) اي نكاح الزواني (عَلَى الْمُؤْمِنِينَ) الاخيار ، نزل ذلك لمّا هم** ّ **فقراء المهاجرين أن يتزوجوا من بغايا المشركين ، وهنّ موسرات لينفقن عليهم .فقيل : التحريم خاص بهنّ ، وقيل عامٌّ ونسخ بقوله (وانكحوا الايامى منكم)** [1] .

هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئایەتەکە و سەلماندنی بۆچونەکەمان ، وامانبەباش زانی سوودیش لە (معانی النحو) وەربگرین کە دەڵێت :

(والفرق بين الجملة الاسمية والفعلية هو أن الفعلية تدل على الحدوث والتجدد ، والاسمية تدل على الثبوت ، وايضاح ذلك : أن الفعل يدل على حدث مقرون

١- تفسير الجلالين ، سورة النور ، الاية (٣) .

٢- معانى النحو ، دكتور فاضل صالح السامرائي ، المجلد الاول ، لاپەڕە (٦٩) .

بزمن ، فإذا كان الفعل ماضياً فقد انقضى ، تقول (حمدت الله) أي في الماضي ، وإذا كان مضارعاً فهو يدل على الحال أو الاستقبال تقول (احمد الله) أي في الحال أو الاستقبال ، أما الاسم فهو غير متخصص بزمن معين) [٢] .

ئەمجا دەڵێن : بەگوێرەی ڕاڤەی ئایەتەکەو ڕێزمانەکەی سەرەوە : (الزانی) دەسپێکراوە (مبتدأ) واتە ئەو زیناکەرە کە بەبەردەوامی زینا دەکات (**لا ینکح الاّ زانیه او مشرکه**) ووشەی (لا ینکح) ڕستەیەکی (فعلیه) یە دەبێتە خەبەر ، ئەمجا مانای ئەم بڕگەیە : پیاوی زیناکەر بەبەردەوامی ژن ناهێنێت مەگەر ژنی زیناکەر بەبەردەوامی وەك خۆی یان بێبڕوا (والـــزانیه) (معطوفه) و دەسپێکراوە ، واتە ژنی زیناکەر بە بەردەوامی (لا ینکحها الاّ زان أو مشرك) ڕستەی(لا ینکحها) ڕستەیەکی (فعلیه) یە دەبێتە خەبەر و مانای ئەم بڕگەیەیش : ژنی زیناکەر بە بەردەوامی شوو ناکات مەگەر بە پیاوی زیناکەری وەك خۆی یان بە بێبڕوا (وحرّم ذلك على المؤمنين) واتە پیاوی زیناکەر بە بەردەوامی و ژنی زیناکەر بە بەردەوامی حەرامن لەسەر ئیماندارن ،چونکە بەبەردەوامی(فاحشە) دەکەن و بەبەردەوامی بێبڕوان بەگوێرەی فەرمودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (لا يزنى الزانى وهو مؤمن) بۆیە پیاو و ژنی موسوڵمانی داوێن پاك حەرامن لەسەر زیناکەران .

ئیتر بەم ڕونکردنەوەیە ، بۆمان دەردەکەوێت ، ئایەتەکە نەسخ نەبووەتەوە و ئەوانەش ناگرێتەوە کە سزا بەسەریاندا جێ بەجێ کراوە و ڕەخنەکەی مەریوانیش وەکو ڕەخنەکانی دیکەی ناڕاست و بێ مانا دەرچوو .

لەلاپەڕە (٣٤٧) دا مەریوان نووسیویەتی :

{سەرچاوە مێژوویيەکانی ئیسلام باس لە ژنێکی زیناکەر بەناوی (ام مهزول) دەکەن پاش سەرهەلدانی ئیسلام و موسوڵمانبوونی ، دەست لەکاری زینا هەلدەگرێت ، موسوڵمانێك دەیخوازێت تا بیکاتە هاوسەری خۆی ، بەڵام موحەممەد ڕازی نەبووە بەڵکو بە خوێندنەوەی ئایەتەکە پێی لەسەر ئەم یاسایە داگرتووە}.

ئێمەش دەڵێین : با لە پێشا بڕوانە خزمەتی تەفسیری (الطبري) کە دەڵێت:

نزلت هذه الاية في بعض من استأذن رسول الله في نكاح نسوة كنّ معروفات بالزنى من اهل الشرك ، وكنّ اصحاب رايات يكرين انفسهنّ ، فأنزل الله تحريمهنّ على المؤمنين ، فقال :

الزاني من المؤمنين لا يتزوج الا زانية أو مشركةً لانهنّ كذلك ، والزانية من أولئك البغايا لا ينكحها الا زانٍ من المؤمنين أو المشركين أو مشرك مثلها لأنهنّ كنّ مشركات [1] .

هەروەها (صفوة التفاسير)یش دەڵێت :

سبب النزول : روي أن إمراةً تدعى (أم مهزول) كانت من البغايا ، فكانت تسافح الرجل وتشترط أن تنفق عليه ،فأراد رجل من المسلمين أن يتزوجها ، فذكر ذلك لرسول الله ، فأنزل الله (**الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ**) [2] .

١- تفسير الطبري ، سورة ، النور ، الاية (٣) .

٢- صفوة التفاسير ، سورة النور ، الاية (٣) .

ئەمجا دەڵێین : بەگوێرەی وەلامەکەی پێشومان و ڕاڤەی ئایەتەکە لەو دوو تەفسیرانە دا ، بە ڕوونی دەرکەوتووە کە ئەو ژنە بەردەوام بووە لەسەر کاری زینا، بۆیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەیهێشتووە ئەو صەحابەیە بیخوازێت ، بێگومان ئەگەر موسوڵمان ببوایە و بەڕاستی تەوبەی بکردایە ، دەهاتە ناو ڕیزی موسوڵمانانەوە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا وەکو مرۆڤێکی ئاسایی لە ناو کۆمەڵگادا و یاسای (الاسلام یجبّ ما قبله) بەسەر ئەویشدا جێ بەجێ دەکرا ، بەڵگەشمان ئەوەیە ، کاتێك (وحشی) بکوژی ئیمام (حمزە) موسوڵمان بوو ، تۆڵەی لێ نەسێنرایەوە و تەماشا دەکرا وەکو هەر موسوڵمانێکی دیکە بێ جیاوازی .

لەلاپەڕە (٣٤٩) دا مەریوان نووسیویەتی :

{لەیاسایەکی دیکەی قورئاندا هاتووە ئەگەر کۆیلە و کەنیزەك لەنێوان خۆیاندا سێکس بکەن حەرامە و سزای لەسەرە ، بڵام نیو ئەوەندەی سزای ژنە ئازادەکان سزایان بۆ دیاریکراوە:

(فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ)

خۆ ئەگەر هاتوو کەنیزەکەکان زینایان کرد ئەوە نیوەی سزای ژنە موحسینەکان (ژنی داوێن پاك و ئازاد و مێرددار دەدرێن }.

ئێمەش دەڵێین : خوای گەورە بە بەزەییە و ئاگای لەهەموو بەندەکانی خۆیەتی و دەزانێت کۆیلە لە ژیانێکی ئاساییدا دەژێ و زۆر لە زیناوە نزیکە ، بۆیە خوای گەورە سزای زینای لەسەریانکردووە بەنیوەی ئازادەکان بەردبارانیشی لەسەریان هەڵگرتووە ، بەڵام مەریوان ڕەخنەباز لێرەشدا ڕەخنە دەگرێت کە

ئازادو کۆیلە سزایان وەك یەك نییە ، بە پێچەوانەوە ، دەبوایە دەسخۆشی لەم یاسا جوان و دادپەروەرییە بکردایە .

لەلاپەرە (٣٥٣) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ژنی بێ میردیش یەکێکە لەو مەسەلانەی کە لای ئیسلام بووە بەکێشە ، پێی وایە بێوەژن بیر لەهیچ ناکاتەوە سێکس نەبێت ! یاسایەکی بۆ ئەمەش داناوە ، هەر ژنێك تەلاق بدرێت نابێت لەماڵەکەیدا دەربکرێتە دەرەوە و نابێت خۆیشی بچێتە دەرەوە تا ماوەیەکی دیاریکراو کە ئەویش سێ تەپییە . (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ)}.

ئێمەش دەڵێین : با بچینە خزمەتی تەفسیری (الجلالین)کە دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ) المراد امته بقرينة ما بعده و قل لهم (إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ) اي اردتم الطلاق (فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ) بأن يكون الطلاق في طهرٍ لم تمسّ فيه ، لتفسيره (ص) بذلك ، رواه الشيخان (وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ) احفظوها لتراجعوا قبل فراغها (وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ) اطيعوه في امره ونهيه (لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ) منها حتى تنقضي عدتهنّ (إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ) زنى (مُبَيِّنَةٍ) بفتح الباء وكسرها اي بُينت او مبينة ،فيخرجن لاقامة الحد عليهنّ (وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ) المذكورات [١] .

١- تفسير الجلالين ، سورة الطلاق ، الاية الاولى .

٢- مختار الصحاح ، الصفحة (٤٩٢) .

ئەمجا دەڵێین : وەلامەکەمان دەبێتە دوو بەشەوە :

یەکەم : ووشەی(فاحشە) لە (مختار الصحاح)دا هاتووە (فحش) کل شيءٍ جاوز حده فهو فاحشٌ ، وقد(فحش) الامر بالضم (فحشاً) وتفاحش وافحش عليه في المنطق أي قال (الفحش) [٢] .

کەواتە بە گوێرەی ئەم ڕوونکردنەوەیە ، ووشەی (فاحشە) مەرج نییە بەمانا زینا بێت ، بەتایبەت لەم ئایەتەدا کە بە هیچ شێوەیەك مانای زینا هەڵناگرێت ، چونکە مانای ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێت : نابێ ئەو ژنانە لەماڵەکانی خۆیاندا بکەنە دەرەوە و نابێ ئەوانیش بڕۆنە دەرەوە ، مەگەر (فاحشە)یەکی ئاشکرایان ئەنجام دابێت ، بەواتەیەکی دیکە: ئەگەر (فاحشە)یان کرد ، ئەوا ماوەیان دەدرێت بڕۆنە دەرەوە ، لێرەدا ئەگەر مەبەستی جێ بەجێ کردنی سزای زینابێت ، ئەو کاتە نەدەگونجا بڵێت ماوەیان دەدرێت بڕۆنە دەرەوە ، چونکە ئەو کارە سزادانە و بەردباران کردنە ، نەك ڕۆیشتنە دەرەوە بەئارەزووی خۆیان ، جگە لەمەش ووشەی (مبینە) بەئاشکرا ئاماژە دەکات بۆ قسەی ناشرین و ناڕەوا کە ئەو ژنانە بەرامبەر مێرد و کەسو کاریان دەیکەن و ئاماژەشە بۆ ئەوە دەبێ خەڵکانیش ئەو قسانە ببیستن نەك بەتەنها مێردەکانیان ، لەبەر ئەوە مەزەندە دەکرێت هەندێ لەو مێردانە ژنە تەلاقدراوەکانیان تۆمەت بار بکەن بەدرۆ و بوختان ، تا لەماڵەکەی خۆیاندا دەریان بکەنە دەرەوە ، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر مەبەستی لەووشەی (فاحشە) کاری زینا ببوایە لەجێگەی خۆیدا بوو بیفەرموایە (بفاحشة مشهود عليها)نەك (بفاحشة مبينة)

دووەم : مەریوان هەموو کاتێك هەوڵدەدات ، لەکەیەك ، یان هەڵەیەك لە ئایەتێکدا ، یان لە فەرمودەیەکی پێغەمبەردا (صلی الله علیه و سلم) بدۆزێتەوە . بەڵام مەحاڵە بگەیەتە ئەو هیوا گلاوەی هەتا ماوە .ئەوەتا لێرەشدا رەخنە دەگرێت لەوە کە ژنانی تەڵاقدراو نابێت لەماڵەکانی خۆیاندا بڕۆنە دەرەوە تا سێ تەڕی دەبینن ، ئەو وا دەزانێت ئەو نەهێشتنە لەبەر سێکس کردنە ، نەخێر ، لەبەر ئەوە نییە ،بەڵکو لەبەر ئەوەیە ، ژنانی تەڵاقدراوی شەرعی ، هەموو کات میٚردیان دەبینن و مەیلیان تازە دەبێتەوە و زۆر نزیکە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر ، بەڵام ئەگەر ئەو ژنانە لەماڵەکانی خۆیاندا دەرکران ، ئەو کاتە ڕێککەوتنیان زۆر دوور دەکەوێتەوە ، لەوانەیە پیاوەکان لەو ماوەیەدا ژنانی دیکە پەسەند بکەن و بیخوازن ، یان ژنەکان پەیمان بە پیاوانی دیکە بدەن و دوای چاوەڕوان کردنیان شوویان پێ بکەن .

لە لاپەڕە (٣٥٤)دا مەریوان نووسیویەتی :

{خاوەندارن پاڵپشت بە سامان و سەردارییەکەیان دەیان توانی کەنیزەکی خۆیان لە ناو چەندین یاسای جۆرا و جۆری پیاو سالارانەی خۆیاندا ببینێنەوە ، لەبەرامبەر هەموو بەخشینێکی هێزی کار و دەروونی نێرینە و مێیینەیاندا ، کرێی کۆیلە و کەنیزەك تەنها جل و بەرگی کۆنە و خواردنی ئارد و خورما و شوێنی خەوتن و پشووەدانیان بۆ گەڕیش نەدەشیا ، دەیانتوانی لەگەڵ کەنیزەکدا ڕابوێرن ، لەگەڵ ئەو کەنیزەکانەشدا سێکس بکەن کە هاوسەریان هەبووە ، نێر بازی لەگەڵ نێرە لووسەکانیان (غیلمان) بکەن و گەر ئارەزووشیان کرد بیان خەسێنن ، بێئەوەی مافێکیان بۆ دیاری بکەن ، دەسەلاٚتیان هەبووە لێیان بدەن ، کاریان پێ بکەن ، وەچەیان پێ بخەنەوە ، بە

دەر لەمانەش ، لە پێناو کەڵەکە کردنی زیاتری سامانیان لەشفرۆشیان پێکردوون و تووشی چەوساندنەوەیەکی لەش دەروونیانکردوون ، ئەم کارانە ، پێش سەرهەڵدانی ئیسلام کلتووری نیوە دوورگەی عەرەب بوون ، پاشتر ئیسلام کردنی بە ڕێ و ڕەسمێکی شیاوی ئاسمانی و ئایینی خۆی ! }.

ئێمەش دەڵێین : زۆر عەیب و عار و شەرمەزاریە دروێ گەورە و بێبەڵگە و بێ بنەمای لەو جۆرە کە دەڵێت (پاشتر ئیسلام کردنی بە ڕێ و ڕەسمێکی شیاوی ئاسمانی و ئایینی خۆی) مەبەستی ڕەووشتەکانی کاتی نەفامی (جاهلی) بووە .

مەریوان دەیەوێت بە بوختان و دروێ و چەواشەکاری ئایینی ئیسلامی پیرۆز قێزەوون و ناشرین بکات ، بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە دروێ مەیانی کورتە ، کاتێك دروێکانی ئاشکرا دەبێت ، دەکەوێتە بەر نەفرەتی خوێنەر و مەبەستە نهێنییەکانی دەردەکەوێت و هیچ نرخ و ڕێزێکی بۆ نامێنێتەوە .

خوێنەری بەڕێز . ئێمە لە باسەکانی پێشوومانداوەلامی ئەم بوختانەمان داوەتەوە بەڵام لێرەدا ئامازە بۆ چەند خاڵێك دەکەین :

یەکەم :کڕینی کەنیزەك لە جێگەی مارە بڕینێتی و بۆ خاوەنەکەی حەڵاڵ دەبێت بە مەرجی بینینی یەك تەڕی .

دووەم : جووتبوون لەگەڵ (لوسکە)دا حەرامە بە دەقی ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) ، ئەگەر مەریوان ڕاستدەکات کە موسوڵمان ئەو کارەیان بە حەڵاڵ زانیوە ، بۆ ئامازەی بۆ هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە ؟

سێیەم / لەشفرۆشی بە کۆیلە حەرامە و لە باسەکانی پێشوومانداوە بە تێر و تەسەلی باسمان کردووە .

چوارەم / بە ڕای هەموو زانایانی ئیسلام ، خەساندنی کۆیلە حەرامە .
پێنجەم / جووتبوون لەگەڵ کەنیزەکی مێرددارا بە زینا دەژمێردرێت .
لە لاپەڕە (٣٥٥)دا مەریوان نووسیویەتی :
{صەحابەیەك لە شاری مەدینەدا هەبوو بە ناوی (عبد الله بن أبی بن سلول) کەنیزەکێکی هەبوو بە ناوی (موعازە) هەر کەسێك ببوایەتە مێوانی ، وەك پێشکەش کردنی مێوە و شیرینی و شەربەت ، ئەم کەنیزەکەی دەنارده لایان و تا سێکسیان لەگەڵ بکات ، کەنیزەکەکەش شکایەتی خۆی دەگەیەنێتە موحەممەد و ئەویش ئەو ئایەتەی لەسەر دەنوسێت کە دەڵێت:(بە زۆر زینا بە کەنیزەکەکانتان مەکەن)} .
ئێمەش دەڵێین : لە باسەکانی پێشوومانداباسی ئەم ئایەتەمان بە درێژی کردووە ، بەڵام لێرەدا ئەوەندە دەڵێین (عبد الله)ی ناوبراو گەورەی دوو ڕووەکانی مەدینە بووە و خزم و کەس و کاری زۆریشی هەبووە ، ئەگەر سزای بەسەردا جێبەجێ بکرایە ئەو خزمانەی داکۆکیان لێدەکرد و دەبووە هۆی ناخۆشی لە نێوان موسوڵمانەکاندا ، بۆیە خوای گەورە ، بە حیکمەتی خۆی ئایەتەکەی بەو جۆرە دابەزاندووە ، تا نەبێتە هۆی ئاژاوە و دوو بەرەکی لە نێوان موسوڵمانەکاندا .
لە لاپەڕە (٣٥٥)دا مەریوان نووسیویەتی :
{ صەحابەیەکی تریش (عبد الله) کوڕی ئوبەی شەش دانە لە کەنیزەکەکانی خۆی هەڵبژاردبوو لەشفڕۆشی پێدەکردن ، ئەم کارەش لەلایەن کوڕی ئوبەیەوە ، بەپێی شەرع کراوە ، چونکە زۆر لێکردنی تێدا نەبووە و ڕەزامەندی کەنیزەکەکانی تێدا بووە}.

ئێمەش دەڵێین : تا قەبارەی پەرتوکەکەی مەریوان گەورە تر بێت ، کۆمەڵە هەڵە و دروکانیشی گەورە تر و زیاتر دەبێت و زۆر تر ئابرووی دەچێت و لە ڕسوایی زیاتر هیچی بۆ نامێنێتەوە . ئەوەتا لێرەشدا کەوتووەتە ناو هەڵەیەکی زۆر ئاشکراوە کە دەڵێت : (صەحابەیەکی تریش بە ناوی عەبدوڵلاڵی کوڕی ئوبەی ... تاد) ئەو وا دەزانێت لەبەر جیاوازی ڕیوایەتەکان دوو عەبدوڵلاڵی کوڕی ئوبەی هەیە ، بێئەوەی تۆزێك بیر لە مەسەلەکە بکاتەوە !

خوێنەری بەڕێز :

گەر کەسێك نەزانی و نەفامی دابەزیتە سەر سفر ، ئایا دەبێتە جێگەی بڕوا و متمانە ؟ یان بە پێچەوانەوە دەبێتە جێگەی نەفرەتی زەمانە ؟

لە لاپەڕە (٣٥٦)دا مەریوان نووسیویەتی :

{لە کاتی کڕینی کەنیزەکدا کڕیار دەیتوانی لە بەرامبەر بڕێك پارە لەگەڵ ئەو کەنیزەکەدا سێکس بکات کە دەیویست بیکڕێت ، بۆ ئەوەی بزانێت ، بە کەڵکی جووتبوون و چێژی سێکسی دێت یان نا . کوڕی عومەر هەر کاتێك ویستبێتی کەنیزەکێك بکڕێت ، سەرەتا بە پارە لەگەڵی جووت دەبوو ، دەستیشی دەهێنا بە سمت و سك و زێ و ڕانیدا ، دوای ئەو کارەی مامەڵەی لەگەڵ خاوەنەکەی دەکرد ، ئەم کارانە لە ئیسلامدا بە زینا دانەنراوە .

ئێمەش دەڵێین : زۆر ستەمە ، کەسێك خۆی بە نوسەر بزانێت و هیچ شەرم نەکات ، خۆی و قەڵەمەکەی بفرۆشێت و بوختانی نا ڕاست و نا بەجێ بکات ! ئەوەتا مەریوان جارێکی تر دروێەکی گەورە دەکات کە دەڵێت (لە کاتی کڕینی کەنیزەکدا کڕیار دەیتوانی لەبەرامبەر بڕێك پارە لەگەڵ ئەو کەنیزەکەدا

سێکس بکات کە دەیویست بیکرێت ... تاد) بە ڕاستی ئەمە بوختانێکی نا ڕاست و نا ڕەوایە ، چونکە لە ئایینی ئیسلامدا ، کەنیزەك بە کڕینی یەکسەر حەلاڵ نابێت بۆ خاوەنەکەی تا یەك تەڕی نەبینێت ، ئیتر چۆن پێش کڕینی و بینینی یەك تەڕی جووتبوونیان لەگەڵ کەنیزەکەکاندا ئەنجامداوە ؟ .

ئەگەر مەریوان ڕاست دەکات بۆ ئامازەی بۆ هیچ سەرچاوەیەکی ئیسلامی باوەڕ پێکراو نەکردووە ؟

لە لاپەڕە (٣٥٦)دا مەریوان نووسیویەتی :

{لە یاسای ئایەتەکەدا (النور ٣٣) ئەوە دەبینین کە سزای کەنیزەکەکان نادرێت ، چونکە (بە زۆر) لەشفڕۆشیان پێدەکرێت ، هەروەها سزای ئەو خاوەن کۆیلانەشی تێدا نییە کە (بە زۆر) لەشفڕۆشی بە کەنیزەکەکانیان دەکەن . ئایەتەکە باسی لەشفڕۆشی کەنیزەك دەکات ، چاوەڕواندەکرا یاسایەك دەربارەی خاوەن کەنیزەکانیش لە ئایەتەکەدا هەبوایە } .

ئێمەش دەڵێین : ئایەتی (٣٣)ی سورەتی (النور) تایبەتە بە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیەوە کە گەورە و سەرۆکی دوو ڕووەکانی شاری مەدینە بووە ، خوای گەورە تەنها بە نەهی حەرام کردنی لەشفڕۆشی بە کەنیزەك ڕاگەیاندووە و سزای بۆ دیاری نەکردووە ، چونکە لە جێبەجێ کردنیدا شەڕ و ئاژاوە لە نێوان موسوڵمانەکاندا ڕوویدەدا . هەروەها خوای بە بەزەیی و (غفور و رحیم) سزای کەنیزەکەکانیشی دیاری نەکردووە ، لەبەر ئەوە بە زۆر لەشفڕۆشی پێکردوون .

له لاپەڕە (٣٥٦)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ئیمامی موسلم لە ئەبو هوڕەیرەوە سەرگوزەشتەیەکی موجەمەدی نوسیوە) :

من قذف مملوکه بالزنا یقام علیه الحد یوم القیامة .

گەر خاوەندارێك کۆیلەی خۆی لەسەر زینا سزا دا و دوایش دەرکەوت کە کۆیلەکە بێتاوان بووە ، ئەوە خودا لەو دونیا دارکاری خاوەنەکەی دەکات . ئەگەر هات و کۆیلە و کەنیزەکێك ، بە مانایەکی دیکە ، هەژاران ، کە بە هۆی سیستەمی ئابوورییەوە بوونەتە ژێر دەستە ، لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆیاندا سێکس بکەن ، هەر لەم دونیا شوولیان لێ هەڵدەگرن و ئازار دەگەیەننە جەستەیان ، لەو دونیاش بە ئاگری دۆزەخ جارێکی دیکە ئەشکەنجە دەدرێنەوە ، بەم پێیەش خەتا باری هەژار لە ئیسلامدا لە هەردوو دونیادا سزا دەدرێ } .

ئێمەش دەڵێین : گەر کەسێك چاوەڕوانی مەریوان بێت کە ڕەخنەیەکی بەجێ ، یان هەڵەیەکی بچوك لە ئایەتێکدا ، یان لە فەرموودەیەکدا بدۆزێتەوە ، ئەوە هەتا ماوە بەو ئاواتە ناگات ، چونکە ناچێتە ئەقڵەوە بە کەلەی بۆش و بەتاڵی ، شاخی سەگرمە بڕوخێنێت . ئەوەتا لێرەشدا جارێکی دیکە سەری لێشێواوە ڕاڤەی فەرموودەکەی بە هەڵە کردووە کە دەڵێت : (گەر خاوەندارێك کۆیلەکەی خۆی لەسەر زینا سزا دا و دواییش دەرکەوت کە کۆیلەکە بێتاوان بووە ، ئەوە خوا لەو دونیا دارکاری خاوەنەکەی دەکات) .

خوینەری بەڕێز : ئەم ڕاڤەیە لە دوور و نزیکەوە هیچ پەیوەندییەکی بە فەرموودەکەوە نییە و کوێرانەیە ، چونکە خاوەن کۆیلە بۆی نییە سزا لەسەر زینا بدات ، بەڵکو بە چوار شاهێد و بە بڕیاری (دادوەر) ئیسپات دەبێت و

جێبەجێ دەکرێت ، بۆیە ووتەکەی مەریوان (دواییش بۆی دەرکەوت کە کوێلەکە بێتاوان بووە ... تاد) زۆر هەڵە و نا ڕاستە و نەزانی و نا شارەزایی مەریوان لە زمانی عەرەبیدا ئاشکرا تر دەکات . جا ئێمەش ڕاڤەی فەرموودەکە دەکەین و با خوێنەر دادوەر بێت :

(من قذف مملوکه بالزنی) هەر کەسێك بوختانی زینای بە کۆیلەکەی خۆیدا کرد کە بڵێت (حیز ، قەحپە ، گاندەر) (یقام علیه الحد یوم القیامة) سزای (قذف)ی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ، کە بریتییە لە لێدانی هەشتا شوول لە ڕۆژی قیامەتدا . ئەمجا بۆ دروکەی تری کە دەڵێت :

(ئەگەر هات و کۆیلە و کەنیزەکێك ، بە مانایەکی دیکە ، هەژاران کە بە هۆی... تاد) نەخێر ، لێرەشدا کورتت هێنا و سەرنەکەوتی ، چونکە ئازاد و کۆیلە هەردووکیان وەك یەك ئەگەر لەم دونیایەدا سزا دران ، ئەوا لەو دونیا پاك دەبنەوە و لەسەر ئەو تاوانە ، جارێکی دیکە بە هیچ شێوەیەك سزا نادرێنەوە .

لە لاپەڕە (٣٥٧)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ لەگەڵ هەبوونی ئەم حوکمە گەورە و توند و دڕوندانەیەدا (بەرد باران) ئیسلام نەیتوانی بنەبڕی گەندەڵییە سێکسیەکانی کۆمەڵگاکەی بکات ، حەز و خروشاندنی سێکس بەسەر عەقیدەی موسوڵمانداندا زاڵ بووە و هەڕەشەی بەرد باران کردن نەیترساندوون) . هەروا لەسەری دەڕوات و باسی چەند صەحابەیەك دەکات گوایە زینایان کردووە و لە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) داوای پاککردنەوەیان کردووە }

ئێمە لێرەدا نالێین ئەو صەحابانە وەك مەلائیکە تاوان و خراپەیان نەکردووە ، بێگومان ئەوانیش مرۆڤ بوونە و مرۆڤیش بێتاوان نابێت ، بەڵام

ئەوە دەڵێین : بۆ مەریوان باسی ئەو بڕوا بەهێزەیان ناکات کەوای لێکردوون بێ شاهێد و ئیسپات خۆیان بڕوێنە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) و داوای سزا و پاککردنەوەیان لێکردووە کە زۆر جار بەرد باران بووە !

لە لاپەڕە (٣٦٢)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ژنەکانی موحەمەدیش بەشدار بوون لە یاساکانی سەبارەت بە زینا . هەڕشە و گوڕەشەی تونديش لەوان کراوە :

(يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَنْ يَأْتِ مِنْكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ) . ئەی ژنانی پەیامبەر ، هەر کام لە ئێوە بە کاری زینا هەڵسێت ئەشکەنجەکەی بە دوو ئەوەندە بۆ زیاد دەکرێت . جێی پرسیارە کە بۆچی ئایەتێکی لەم چەشنە لە قورئاندا هەیە ! وەك مێژووی ئیسلام و موسوڵمانان باسی دەکەن ژنانی موحەممەد لە پاکترین ژنانی سەر ڕووی زەوی بوون ، لە هەڵە بێگەرد بوون و بە دیدی ئەوان شیاوی ئەوە نەبوون تاوانێکی گەورەی وەك زینا ئەنجام بدەن ، ئەو باوەڕەی موسوڵمانان شانازی پێوە دەکەن پێمان دەڵێت ئایەتێك ژنانی موحەممەد و ژنانی خەڵکانی ئاسایی لەکاری زینادا وەك یەك تەماشا بکات پێویست نەبوو لە قورئاندا هەبێت }.

ئێمەش دەڵێین : با لە پێشدا بڕوێنە خزمەتی تەفسیری (ابن العجيبه) کە دەفەرموێت :

يقول الحق جل جلاله (يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَنْ يَأْتِ مِنْكُنَّ بِفَاحِشَةٍ) بسيئة بليغة في القبح (مُبَيِّنَةٍ) ظاهر قبحها . من : بين ، بمعنى تبين ، و قرأ المكي و شعبة بفتح الباء ، وهي عصيانهن رسول الله صلى الله عليه و سلم و نشوزهن . قال في المقدمات : كل فاحشة نعتت في القرآن بالبينة فهي بالنطق ، و التي لم تنعت بها

زنى (يضاعف لها العذاب ضعفين) أي ضعفي عذاب غيرهن من النساء ،لأن الذنب منهن أقبح ،فإن قبح الذنب يتبع زيادة فضل المذنب و النقمة عليه .ولذلك قيل : ليست المعصية في القرب كالمعصية في البعد ، و ليس لأحد من النساء مثل فضل نساء النبي، ولذا كان الذم للعاصي العالم أشد منه للعاصي الجاهل ،لأن المعصية من العالم أقبح ، و في الحديث أشد الناس عذابا يوم القيامة عالم لم ينفعه الله بعلمه [1] .

هەروەها بچینە خزمەتی تەفسیری (ابن عباس) کە دەفەرموێت (**يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَنْ يَأْتِ مِنْكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ**) بزنی ظاهر بالشهود (**يضاعف لها العذاب ضعفين**) بالجلد و الرجم (**و كان ذلك**) العذاب (**على الله يسيرا**) هێنا [1] .

ئەمجا دەڵێین : ئایەتەکانی سورەتی (الاحزاب) دابەزیون بۆ ئامۆژگاری ژنانی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) ، هیچ پەیوەندییەکیان بە زیناوە نییە ، جا ئێمەش ڕاقەی ئایەتەکان دەکەین تا ەوکو بۆچوونەکەمان بسەلمێنێن .

(**يا ايها النبىّ قل لازواجك**) لێرەدا خوای گەورە ووشەی (أزواج) ی بەکار هێناوە ، کە ئامازە بۆ جووتبونی (گیان وجسم) دەکات ، واتە ئەو ژنانە خۆشەویستی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) بوونە و ئەوانیش ئەویان خۆشویستووە (**إن كنتنّ تردن الحياة الدنيا وزينتها**) لێرەدا ووشەی (إن)ی بەکارهێناوە کە بۆ گومانە ، واتە گومان لەوەدایە کە ئەو ژنانەی دونیاو خۆشییەکانی پەسەند دەکەن ، نەك پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) ، چونکە

١- تفسير ابن العجيبة ، سورة الاحزاب ، الاية (٣٠) .

١- تفسير ابن عباس ،سورة الاحزاب ، الاية (٣٠) .

ئـــەو ژنانـە رەوشـت بـەرزو لـە خـواترس بوونـە (وإن كـنتنّ تـردن الله ورسـوله والـدار الاخـرة) لێرەشـدا وشـەی (إن)ی بـەکارهێناوە لەبـەر ئەوەیـە ، هەرچـەند گومـان لـە ژناکانیـدا لـەو بارەیـەوە نییـە ، بـەلام لەبـەر ئـەوەی داوای مەسـرەفی زیادیـان لـە پێغەمبـەر (صـلی الله علیـە و سـلم) کـردووە و ئازاریـان داوە و نیگەران بووە ، خواش وەکو گومانکەر تەماشایانی کردووە و ئوسلوبی گومانی بەکارهێناوە هەرچەند وانین بەبەڵگـەی ئایەتەکـەی پێشوو . (**یا نساء النبي**) لێرەدا لە جێگەی ووشەی (أزواج) ووشەی (نساء) ی بـەکار هێناوە ، چونکە ئـەو داواکاریـیـەیان لـە (زوج) ی دەریـانی کـردووە ، ووشـەی (مـن) ئیعـراب دەکرێـت (اسـم شـرط جـازم في محـل رفـع مبتـدأ) وە ووشـەی (یـأت) ئیعـراب دەکرێـت (فعـل الشـرط مجـزوم بحـذف حـرف العلـة) وەووشـەی (یضـاعف) ئیعـراب دەکرێـت (فعـل مضـارع جـواب الشـرط مجـزوم بالسـكون) ئـەمجا (فعـل الشرط) و (جواب الشرط) (في محل رفع خبر المبتدأ) .واتە مانای ئایەتەکە : (هەرکەسێك لە ئێوە بەبـەردەوامی خەراپـەی ئاشکرا بکات، بەبـەردەوامی سـزای لەسـەر دوو جـار دەبێتـەوە) کەواتـە بـەگوێرەی ئـەم یاسـاو ڕاڤەیـە ، ئایەتەکـە دەربـارەی هەڵسـوکەوتی ژنـەکانی لەکـەڵ پێغەمبـەردا (صـلی الله علیـە و سـلم) دابـەزیوە و هـیچ پەیوەندییـەکی بـە زینـاوە نییـە، چـونکە ئاشـکرایە سـزای زیناکەری مێرد دار بەرد بارانکردنە تـا مردن و تێبینـی دوجاری و بـەردەوامی تێدا مەزەندە ناکرێت . ئیتر هـەر ڕاڤەیـەکی دیکـە جگـە لـەم ڕاڤەیـەمان بەهـەڵـە و ناڕاست دەزانین .

لەلاپەرە (٣٦٣) دا مەریوان نووسیویەتی :

{پووداوێك كە لەمێژوی ئیسلامدا بە (بوختان الافك) ناسراوە ، یەكێكە لە چیرۆكە سەرسوڕهێنەرەكانی ژیانی جینسی عائشة و كێشە كۆمەلایەتییەكانی موحەممەد . ئەم رووداوە لە كاتی خۆیدا كێشەیەكی گەورەی بۆ (موحەممەد) وەك پەیامبەرێك دروست كرد و سەرهەڵدان و كۆتایی هاتنی نزیكەی مانگێكی خایاند) هەوروا لەسەری دەڕوات و دەڵێت : (بەكورتی عائشة دەڵێت : ئەگەر پەیامبەری خوا بەنیازی سەفەر بڕۆشتایەتە دەرەوەی شار ، دەو (تیر و پشك) ی بۆ ژنەكانی دەكردو یەكێكیانی لەگەڵ خۆی دەبرد. لەیەكێك لە غەزاكاندا دەوی كردو من دەرچووم و لەگەڵی چووم ، ئەمەش پاش هاتنی فەرمانی حیجاب بوو . لە كەژاوەیەكدا بووم ، پاش ئەوەی پەیامبەری خوا لە غەزاكەی بووەوە بارو بارگەمان پێچایەوە و رووەمان لە مەدینە كرد . شەومان بەسەر هات ، لە ڕێگە لاماندا ، كاتێك فەرماندرا بكەوینە ڕێ، بەنیازی دەستبەئاو گەیاندن لەلەشكرەكە دوورکەوتمەوە ، كەتەواوبوم و گەرامەوە دەستم برد بۆ سینگم ، زانیم كە ملوانكەكەم بچڕاوە و لێم كەوتووە ، گەرامەوە و بەشوێن ملوانكەكەمدا گەرام و كاتێكی زۆری پێ بەسەر بردم).

ئینجا عائشة باسی ئەوە دەكات كە كەژاوەی هەبووە ، كاتێك كەژاوەكەیان خستووەتە سەر حوشترەكەی نەیانزانیوە عائشة تێدا نییە و ڕۆیشتوون ، كاتێ گەراوەتەوە بۆ ئۆردوگاكە كەسی تێدا نەماوە، ئەویش لەو شوێنەدا خەوی لێدەكەوێت و لەدوای ماوەیەك ، صەفوان بەو شوێنەدا تێپەڕدەبێت و عائشة دەبینێت و دەیخاتە سەر حوشترەكەی و دەڕۆن بۆ مەدینە . ئیتر بوختانی الافك

دروست کرا لەلایەن دوو پرۆکانەوە .لێرەدا مەریوان و بوختان کەرەکان چەند بەڵگەیەکیان هێناوەتەوە بۆ پەسەندی مەبەستەکەیان .

ئێمەش بە ئەرکی خۆمانی دەزانین ، لێکۆلینەوەیەکی لۆژیکی لەگەڵدا بکەین بەم جۆرەی خوارەوە :

١- بەڵگەی ئەوەیە کە صەفوان گەنجبووە و (عائشة)ش وەك ئەو و هەلیان بەدەست کەوتووە و دوور کەوتونەتەوە لە ئوردوگاکە و کاری زینایان ئەنجام داوە{.

ئێمەش دەڵێین : چۆن عائشة و صەفوان توانیان پێکەوە لە ناو ئۆردوگاکە دەربچن و ئەو کارە بکەن ؟ ئەی چۆن بیریان لەوە نەکردەوە کە یەکێك بیانبینێ ، یان بەدوای (عائشة)دا بگەڕێن و پێکەوە بیانبینن ؟جگە لەمەش ئەگەر زینایان بکردایە . چۆن پێکەوە بێ ترس و خۆف بە پرۆژ دەرۆیشتنە ناو شاری مەدینەوە ؟

٢- عائشة باس دەکات لە کاتی سەرو بەندی رۆیشتندا بۆ دەست بە ئاو گەیاندن دوور کەوتووەتەوە ، مەریوانیش دەڵێت (ئەمەش پاساوێکی لاوازە ، ئایا لەشەوێکی تاریکدا دەهێنێت ئەوەندە دور بکەوێتەوە ؟) .

ئێمەش دەڵێین : نەخێر ، ئەو پاساوە لاواز نییە ، چونکە سوپاکە کۆمەڵ کۆمەڵ نزیك یەکتر بوونەو شوێنی گونجاوی بەدی نەکردووە و شەرمی کردووە لە نزیکیان دا بنیشێت ، ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە و جێگەی گومان نییە .

٣- مەریوان دەڵێت : ئەوە چۆن بوو زۆری پێچوو ، ئایا ماوەی دەست بە ئاو گەیاندن زۆرترە ، یاخود کۆکردنەوەی شتومەکی سوپایەك کە چەندین وڵاخ و حوشتری بار هەڵگری تێدا بووە ؟ **ئێمەش دەڵێین** : دەستبەئاو گەیاندن و گەڕان

بە دوای ملوانکەکەیدا چەند چرکەیەکی پێچووە ، بەڵام کۆکردنەوەی شتومەکی سوپای ئەو کاتە ، کە لە شمشێر و عاباکانیان زیاتر نەبووە زۆر کەمتری پێچووە . لە کۆتاییدا دەڵێن : ئەی بۆ بۆ بوختانەکە نالێی : (ئەوە چۆن بوو بۆ زۆریان پێچوو !!!) .

٤- مەریوان دەڵێت :{(ئەی ئەو هەموو پاکانەیە چییە عائشة بۆ خۆی دەیکات : (کەژاوەکە لە حوشترەکە بارکرابوو ، کەوتبوونە ڕێ وایانزانیوە منی تێدام ، لەو کاتەدا ژنان کێشیان سووك بوو ، لاوازبوون و گۆشتن نەبوون ، منیش منداڵ و بچوك بووم ، کاتێك کەژاوەکەم دەخەنە سەر حوشترەکە وایانزانیبو منی تێدام ، یەك ووشە قسەم لەگەڵ صەفوان نەکردووە } .

گەریەکێك بەرگری لە خۆی بکات بەڵگە دەخاتە روو یاخود پاکانە بۆخۆی دەکات ؟) .

ئێمەش دەڵێین : عائشة باسی رووداوەکەی کردووە بێ زیادو کەم بە هیچ شێوەیەك پاکانە نییە . چونکە خودای گەورە بەئایەت پاکی و بێتاوانی (عائشة)ی راگەیاندووە و ئیماندارانیش بڕوایان پێکردووە بەبێ پاکانەی خۆی .

٥-مەریوان دەڵێت{ دواتر باسی بزربوونی ملوانکەیەکمان بۆ دەکات ، ئەم پاساوەش لاوازە ، مێژوو نوسانی ئیسلام باسی هەژاری و نەداری ژنانی موحەممەدی ئیسلاممان بۆ دەکەن بەشێوەیەك کە لەگەڵ موسوڵمانداندا یەکسان بوون و باری داراییان لە لێواری برسێتیدا بووە .ئەم ملوانکەیە چی بوو لە چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت؟ ئەو ڕێکەوتە عائشة ملوانکەکەی وون بکات؟ یاخود ئەو ماوە زۆرە بۆ دۆزینەوەی ملوانکەکە ، بۆ؟ }.

ئێمەش دەڵێین : بێگومان ئەو ملوانکەیە لە ئاڵتون و ئەڵماس دروستنەکرابوو ، بەڵام لای عائشة بەها و نرخی زۆری هەبووە و نەیویستووە لەدەستی بڕوات ، وەدەرکەوتنی ئەو ملوانکەیەش تەقدیری خوا بووە و لە ئاستی تێگەیشتنی هەموو کەسێکدا نییە .

٦- { عائشة کەژاوەی هەبووە خزمەتکارەکانی بەتایبەتی کەنیزەکەکانی خۆی لە کاتی چاککردن و بارکردنی کەژاوەکەدا ، ئەوە چۆن بوو نەیانزانی (عائشة)ی تێدایە یان ... نا ؟ ئەو ڕێکەوتە چۆن لێکبدەینەوە ، کەژاوەکەی بخرێتە سەر حوشترەکەی بێئەوەی ئاگایان لە عائشة بێت ؟ }.

ئێمەش دەڵێین : بۆ ئەم مەسەلەیە دوو بۆچوون مەزەندە دەکرێت :

یەکەم : یان پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و هەموو خزمەتکارەکان زانیویانە و بەشداربوونە لەکاری صەفوان و (عائشة)دا . بێگومان ئەمە لە ئەقڵ بەدەرە و مەحاڵە .

دووەم : یاخود هیچ کەس نەیزانیوە کە عائشة لە کەژاوەکەدا نەبووە هەر وەکو عائشة وتوویەتی .

٧- مەریوان دەڵێت : ئەوە چۆن بوو صەفوانیش لە کاروانەکە بەجێ مابوو ؟ بۆ صەفوان بوو کە پێشتر هاتوو چۆی (عائشة)ی کردووە ، بۆ موسوڵمانێکی تر نەبوو ؟

ئێمەش دەڵێین : بە ڕێکەوت صەفوان بووە ، خۆ ئەگەر هەر کەسێکی تریش ببوایە ئەو پرسیارە دەکرا .

٨- {لەم شەڕەشدا کە دەکاتە شەڕی موستەلیق ، جوانێکی ناودار بە ناوی (جویریة) دەبێتە دیلی (ثابت) ناوێك ، دواتر موحەممەد هەر لەو ڕۆژەدا بە

پارە لێی کڕیوەتەوە ، ڕەنگە هەر لەو شەوەدا بوبێت کە موحەمەد لە عائشة دوور کەوتووەتەوە و لەگەڵ (جویریة) جوانی ناودارەدا جووتبوبێت ، کە لە مەیدانی شەڕدا چنگی کەوتبوو ، لە کاتی بار پێچانەوەشدا خەمی (عائشة)ی نەبووە لە گەڕانەوەشیدا لە بیری کردووە ، خودی عائشة دەڵێ : (جویریة) ژنێکی ڕوخسار جوان بووە و ڕقم لێی بووەتەوە ، نەیویستووە ئەم غەدرە گەورەیەی کە موحەممەد لێی کردووە هەروەها بە ئاسانی بەسەریدا تێپەڕ بێت . لە پەرچە کردارێکدا لەگەڵ صەفوان ڕێکدەکەوون و لە کاتی پشووداندا لە شوێنی نیشتە جێی سوپاکە دوور دەکەوونەوە و لەیەکدەئاڵێن ، بەم هۆیە ماوەیەکی زۆر ماونەتەوە ، کاتێك بە خۆیان زانیوە لە تاریکیدا ، کاروانەکە بەجێی هێشتوون و بە جێماون } .

ئێمەش دەڵێین : هەموو مێژوو نوسان کۆکن لەسەر ئەوە کە (جویریة) لە مەدینە ڕۆیشتووە بۆ مالّی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) و داوای یارمەتی لێکردووە بۆ ئازاد بوونی لە کۆیلایەتی ، خودی مەریوانیش لە باسەکانی پێشوودا باسی کردووە ، بەڵام وا دیارە لەبیری چووەتەوە ، بۆیە ئەم بوختانەی هەڵبەستووە ، کە بە ئەقڵی هیچ کەسێکەوە ناڕوات و زۆر نا لۆژیکە و منداڵانەیە ، ئەمجا لەوە نا لۆژیکی تر ئەوەیە چۆن بێ خۆف و ترس ئەو ماوە زۆرەیان پێچووە کە لە سووپاکە دوا کەوتوون و جێماون .

٩- مەریوان دەڵێت : {کەسانی هۆشیار کە لۆژیکانە دەڕوانن ڕووداوەکان و بە شوێن حەقیقەتدا دەگەڕێن،وەڵامی ئەو ڕەخنە و پرسیارەیان دەوێتەوە کە قورئان هێناوێتیە گۆڕێ و عائشة لە کاری زینا پاك دەکاتەوە ، ئایا داواکردنی چوار شاهید کە لەو کاتەدا مەحاڵە بەڵگەیە بۆ پاکێتی عائشة لە کاری زینا ؟} .

ئێمەش دەڵێین : لێکدانەوە و بۆچوونەکانی مەریوان لە ئەقڵ و هۆشەوە زۆر دوورە . ئەو بیر لەوە ناکاتەوە داوای چوار شاهید یاساییەکی خواییە بۆ هەموو بوختانێکی زینایە ، نەك بۆ بوختانەکەی عائشة ، چونکە لە مەسەلەکەی (عاشة)دا یەك شاهیدیش نەبووە ،بەڵێ ئەگەر سێ شاهێد ببوایە ئەو کاتە ڕەخنەکەی مەریوان جێی مەزەندە دەبوو.

١٠-ئەگەر ڕاستبوایە عائشة و صەفوان کاری زینایان ئەنجام داوە ، دەبوایە عائشة چەندجارێکی دیکە کاری وای بکردایە و لە نێوان موسوڵمانانداا ئاشکرا ببوایە و دەنگی بدایەتەوە ! .

لە لاپەڕە (٣٨٢)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ تەلاق کە مانایەکی ئایینی هەیە ، ڕێسایەکە لە ئەنجامی دروستبوونی گرێ بەستی شەرعی نێوان ژن و مێرد لە ئیسلامدا دێتە کایەوە . هەر ژن و مێردێك بە پێی شەرعی ئیسلام لە یەك مارە بکرێن ، پیاوەکە دەبێتە خاوەنی ئەو مافە کە پێی دەووترێت تەلاق } هەروەها لەسەری دەڕوات بە قسەی هیچ و بێمایە بۆ گەورە کردنی قەبارەی پەرتوکەکەی تا لاپەڕە (٣٨٦) ئەمجا دەڵێت : {لە دەقە سەرەکییەکانی ئیسلامدا هیچ مافێك نەدراوە بە ژن مێردەکەی تەلاق بدات ، پیاو دەتوانێت ڕاستە و خۆ ژنەکەی تەلاق بدات }.

ئێمەش دەڵێین : زۆر یاسایەکی ڕاستە و سروشتییە کە مافی تەلاق بە تەنها بە پیاو دراوە ، چونکە ئەگەر ئەو مافە بە ژن بدرایە ، لەوانەیە لەبەر ئەوەی ئەو ژنە هیچ پارە و پۆڵێکی لەو زەواجەدا خەرج نەکردووە ، مێردەکەی تەلاق بدایە بەبێ هیچ هۆیەك ، یاخود لەسەر ناخۆشییەکی سووك و ئاسان ،

ئەو کاتە یاسای خێزان و هاوسەرگیری دەکەوتنە مەترسییەکی زۆر گەورەوە و سەقامگیر نەدەبوو .

(قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : ايما إمراة سالت زوجها طلاقا في غير ما بأس فحرام عليها رائحة الجنة) .

لە لاپەرە (٣٨٧)دا مەریوان ئەم فەرموودەیەی نوسیوە و دەڵێت :

{موحەممەد ووتوویەتی : هەر ئافرەتێك داوای تەلاق لە مێردەکەی بکات داواکەی لە جێی خۆیدا نەبێ ، ئەوە بۆنی بەهەشتی لەسەر حەرامە . هەر ژنێك داوای جیابوونەوەی لە مێردەکەی کردبێت بە چاوێکی بێ ڕێز تەماشا کراوە}.

ئێمەش دەڵێین : ئەم فەرموودەیە ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لەو ژنانە کردووە کە بە بێ هیچ هۆیەك و بە ناهەق داوای تەلاق لەو مێردانە دەکەن کە پێیان قایل بوون و شووپیان پێکردوون ، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ هەڕەشەشە لەو پیاوانە کە ژنەکانیان تەلاق دەدەن بەبێ هیچ هۆیەك ، بەڵام لێرەدا فەرموودەکە ڕاستەوخۆ باسی پیاوی نەکردووە ، چونکە ناڕواتە ئەقڵەوە پیاوێك پارە و پووڵێکی زۆری خەرج کردبێت ، بە بێ هیچ هۆیەك ژنەکەی تەلاق بدات و ئەو پارە و پووڵەی لە کیسە بڕوات .

لە لاپەرە (٣٨٧)دا مەریوان نووسیویەتی :

{لە ئیسلامدا پلە و پایەی پیاو بەراوورد بە ژن ، بەرز تر ە ، بۆیە ناکرێت ژن داواکاری لە مێردەکەی هەبێت . بەڵکو دەبێت جێبەجێ کەری داواکانی پیاو بێت ، موحەممەد دەربارەیان ووتوویەتی :

(لو كنت آمرا احدا ان يسجد لأحد لأمرت المراة ان تسجد لزوجها لعظم حقه عليها)}.

ئێمەش دەڵێین : وا بە باش دەزانین سوود لە پەرتوکەکەی ماموّستای بەڕێز (دکتور عثمان هەڵەبجەیی) وەربگرین کە دەڵێت : (مەریوان دەڵێت (ئەم ڕیوایەتەی لە بوخاریەوە وەرگرتووە) بەڵام ڕاست ناکات و ئەم دەقە لە بوخاریدا نیەو (إبن کثیر)یش لە تەفسیرەکەیدا نالێت لە بوخاریم وەرگرتووە [1] .

ئێمەش دەڵێین : ئەم فەرموودەیە بوّ هاندانی ژنانە بوّ ڕێز گرتن لە مێردەکانیان و پێ زانینی ماندووبوونیان و هەوڵدانیان بوّ دابین کردنی پێداویستی مال و خێزان . لە هەمان کاتدا هاندانیشە بوّ پیاوان تاوەکو بە تەواوی و بە باشی ئەرکی سەر شانیان جێبەجێ بکەن و هیچ درێغیەکی تێدا نەکەن .

لە لاپەرە (٣٨٧)دا مەریوان نووسیویەتی :

{تەنانەت ئەو مالّەی کە ژنەکە تێیدا دەژی بوّی نییە بە ئارەزووی دەستی تێوەربدات :

و لا تنفق المراة شيئا من بيتها إلا بإذن زوجها .

ئافرەت بەبێ موڵەتی مێردەکەی نابێ لە مالّەکەیدا خەرجی بکات }.

ئێمەش دەڵێین : هەندێك لە ژنان بەو هوّیەوە ماندوو نەبوونە لە پەیدا کردنی پارە و پووڵدا ، زوّر نرخی نازانن و بە ڕاست و چەپدا خەرجی دەکەن و لەوانەیە زیادە ڕەویشی تێدا بکەن ، بوّیە پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم)

١- سەرابەکان نابنە کانی ، دکتور عوسمان هەڵەبجەیی،ل (٦٠) .

ئامۆژگاریان دەکات ، تا بەو هۆیەوە ناخۆشی و ئازاوە لە نێوانیاندا دروست نەبێت ، بەلام ئەگەر پیاوێك مۆڵەتی ژنەکەی خۆیدا لە خەرج کردنی پارەدا ، ئەو کاتە مافی خۆیەتی و ڕەوایە .

لە لاپەڕە (٣٨٨)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ هەر کاتێك پیاو ئارەزووی سێکسی هەبوو ، ئەگەر ژنەکە ئارەزوویشی نەبوو دەبێت خۆی بۆ مێردەکەی ڕووت بکاتەوە و هەمیشە ئامادە باش بێت .

لەم بارەیەوە یاسایەك لە موحەممەد هەیە :

(إذا دعا الرجل إمراته إلى فراشه فأبت عليه لعنتها الملائكة حتى تصبح) .

موحەموەد ووتوویەتی : (ئەگەر پیاوێك ژنەکەی بانگ کرد بۆ سەر جێ خەوتنەکەی ، ژنەکەشی سەرپێچی کرد ، تا ڕۆژ دەبێتەوە مەلائیکەتەکان نەفرەتی لێدەکەن)

ئێمەش دەڵێین : با لە پێشدا ووشەکان ڕاڤە بکەین تاوەکو فەرموودەکە باشتر ڕوون و ئاشکرا بێت .

ووشەی (الرجل) واتە تەواو پیاو،ووشەی (إمراته) وا دەگەیەنێت کە ئەو ژنە بە (گیان و جەستە) لەگەڵ مێردەکەیدا ڕێك نییە ، چونکە ئەگەر وا بوایە دەیفەرموو (زوجه) ، ووشەی (أبت) واتە یاخی بوو ، ووشەی (علیه) بۆ بەرزی بەکار دەهێنرێت ، واتە ژنەکە خۆی بە بەرزتر لەو پیاوەی کە تەواو پیاوە بزانێت ، ووشەکانی (إلى فراشه) ئەوە دەگەیەنێت کە لەگەڵیدا بنوێت ، ئیتر مەرج نییە بۆ جووتبوون بێت .

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

مانای فەرموودەکە : ئەگەر پیاوێك لە پیاوەتیدا هیچ نوقسانییەکی نەبێت و ژنەکەی بانگ بکات بۆ سەر جێگەکەی و نەهات و یاخی بوو ، خۆی لە مێردەکەی بە گەورەتر زانی ئەوە مەلائیکە نەفرەتی لێدەکەن تا ڕۆژ دەبێتەوە .

خوێنەری بەڕێز : ئایا ڕەواو و هەقە ، پیاوێکی تەواو پیاو پارە و پوڵێکی زۆری لە ژن هێنانەکەیدا خەرج کردبێت ، ژنەکەش ڕازی بوبێت بەو زەواجە ، ئەمجا ئەو ژنە بەبێ هیچ هۆیەك یاخی بێت و خۆی لە مێردەکەی بە بەرزتر بزانێت ؟ ئایا لە چی یاسا و شەرعێکدا ئەو ژنە شایستەی نەفرەت نییە؟

لە لاپەڕە (٣٨٨)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ باسی ئەوە نەکراوە ئەگەر ئافرەت ویستی سێکسی هەبوو چۆن پیاو وەلامی بداتەوە ، تەنها ئایا مەلائیکە نەفرەتی لێدەکات یان شاباش ! } .

ئێمەش دەڵێین : وا بە باش دەزانین لە پێشدا تەماشای پەرتووکەکەی مامۆستای بەڕێز (دکتور عوسمان هەڵەبجەیی) بکەین کە نووسیویەتی : (**و لهن مثل الذي عليهن بالمعروف**) .

وەك ئاشکرایە ئەم ئایەتە باس لە پەیوەندی ژن و مێرد دەکات . زانایانیش لەسەر ئەوەن کە واجبە لەسەر پیاو ئاگای لە پێویستی غەریزەی جنسی خێزانەکەی بێت و ڕچاوی تێر کردنی بکات و گەر زانی ناتوانێت وەك ئەوەی پێویستە مافی ژنەکەی بدات ، لەم بارەیەوە با دا و دەرمانی تایبەت بەکار بێنێت ، بە مەرجێك زیانی نەبێت بۆ هیچ لایەکیان [1] .

١- فیض القدیر ، شرح الجامع الصغیر للمناوي .

ئیمامی ماليك دەفەرموێت (گەر بە بێ زەرورەت نەچووە لای ژنەکەی زۆری لێدەکرێت ، یاخود جیا دەکرێنەوە ، هەروا دروست نییە بۆ مێرد خۆی بە عیبادەتەوە ماندوو بکات و مافی ژنەکەی فەرامۆش بکات . زانای گەورە و پسپۆری فەرموودە (الحافظ إبن حجر العسقلاني) لە شەرحە گەورەکەی صەحیحی بوخاریدا دەفەرموێت (لا ينبغي أن يجهد نفسه في العبادة حتى يضعف عن القيام بحقها من جماع و إكتساب) واتە بۆ مێرد نیە خۆی ماندوو بکات بە پەرستشەوە (عبادەت) بە شێوەیەك نەتوانێت بەتەواوی مافی جێگە و کەسابەتی ژنەکەی بدات) [1] .

لە لاپەرە (٣٨٨)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ تەنانەت نابێت بە بێ مۆڵەتی مێردەکەی پۆژوو بگرێت ، یان لە ماڵەکەیدا بچێتە دەرەوە :

(إن رسول الله صلى عليه و سلم قال : لا يحل للمرأة أن تصوم و زوجها شاهد إلا بإذنه و لا تأذن في بيته إلا بإذنه) ، هەر ژنێ مێردەکەی لە ژیاندا بوو ، بۆی حەلاڵ نییە بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی پۆژوو بگرێت . هەروەها بۆی حەلاڵ نییە بە بێ مۆڵەتی مێردەکەی لە ماڵ بچێتە دەرەوە }.

ئێمەش دەڵێین : مەریوان لە ڕاڤەی فەرموودەکەدا دوو هەڵەی گەورە و ئاشکرای کردووە ، جا یان زانیویەتی ، یان نەیزانیوە ، ئیتر بە هەردوو حاڵ ، دەسپاکی و زانیاری مەریوان دەبێتە (سفر) و بڕواو متمانە لە دەستدەدات .

ئەوەتا لێرەشدا ڕاڤەی ووشەی (شاهد)ی کردووە بە (هەر

١- فتح الباري ، شرح صحيح البخاري (٣) لاپەرە (١٤٦ – ١٤٧) .

ژنێك مێردەکەی لە ژیاندا بوو) ، ئەم ڕاڤەیە ڕاست نییە ، چونکە ووشەی (شاهد) مانای ئامادەیە و لە سەفەردا نییە ، هەروەها ڕاڤەی (و لا تأذن فِي بيته إلا بإذنه) کردووە (بۆی حەلاڵ نییە بەبێ مووڵەتی مێردەکەی لە ماڵ دەربچێتە دەرەوە) ، ئەم ڕاڤەیەش هەڵەیەکی زۆر ئاشکرایە ، چونکە مانای ئەو بڕگەیە : (بە بێ مووڵەتی مێردەکەی نابێ خەڵکان بباتە ماڵەوە) ئیتر باسی دەرچوون و دەرنەچوونی تێدا نییە .

بێگومان لەم فەرموودەیەدا چەند خاڵی گرنگی تێدا تێبینی دەکرێت :

یەکەم / پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) ماوە نادات بە ژن ڕۆژی سوننەت بگرێت ، ئەگەر مێردی لەماڵدا بێت ، چونکە دەبێتە هۆی کەم تەرخەمی و گوێ نەدان بە مێرد و ماڵ و منداڵ و دروست بوونی کێشە لە نێوانیاندا .

دووەم / پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) لەم فەرموودەیەدا نەهی کردووە کە ژن کەسانی بێگانە بباتە ماڵەوە بە بێ مووڵەتی مێردەکەی ، چونکە ئەویش دەبێتە هۆی ئازاوە و ناخۆشی لە ناو خێزاندا و جێگەی گومان .

سێیەم / پێغەمبەرمان (صلى الله عليه و سلم) لەبەر گرنگی خێزانداری لە ئیسلامدا هانی ژنان دەدات لەگەڵ مێردیاندا یاخی نەبن و گونجاو بن چونکە ئەگەر وەهابوون ، ئەوا لە ڕۆژی سوننەت بۆیان باشترە .

لەلاپەڕە (٣٨٩) دا مەریوان نووسیویەتی:

{ لەسەر گوزەشتەیەکی تردا باسی چونە بەهەشتی ژنان دەبەستێتەوە بە ملکەچی ژن بۆ مێردەکەی :

إذا صلّت المرأة خمسها وصامت شهرها وحفظت فرجها وأطاعت زوجها قيل لها أدخلي الجنة من أي الابواب شئت .

موحەممەد وتوویەتی : ئەگەر ئافرەتێك رۆژانە پێنج نوێژەکەی جێبەجێکرد ،مانگی رەمەزان بەرۆژو بوو، داوێنی خۆی لە کاری حەرام پاراست ، ملکەچی مێردەکەی بوو ، لەو دونیا پێی دەڵێن : لەهەر دەرگایەکەوە خۆت ئارەزووی دەکەیت بچۆرە بەهەشتەوە }.

ئێمەش دەڵێین : لە پێشدا دەبێ ئەوە بزانین ، کە ووشەی (اطاعت) مانای ملکەچی نییە هەر وەکو مەریوان ڕاڤەی کردووە ، بەڵکو مانای گوێنجاوو یاخی نەبوونە ، چونکە ئەگەر مەبەستی ملکەچی ببوایە ، دەیفەرموو (خضعت).

ئەم فەموودەیە لە لایەکەوە ئامۆژکارییە بۆ ژنان کە ئەو خاڵانە فەرامۆش نەکەن ، لەلایەکی دیکەوە مزگێنییە بۆ ژنان ئەگەر ئەو چوار خاڵانەیان جێبەجێکرد ، ئەوا دەرگاکانی بەهەشت بۆیان کراوەتەوە . بەڵام فەرمودەکە لەبەر زۆری ئەرکەکانی سەر پیاوان باسیانی نەکردووە .

لەلاپەڕە (٣٩٠) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ئێمە لەم نوسینەماندا ژمارەیەکی کەم بەڵگەکانی موحەممەدمان نووسیوەو باسی لێکدانەوەی خۆشمان لەپاڵیدا داناوە ، بەڵام چەندانی دیکە هەن ، چەمکو مانایان ئەوەندە ڕوونە پێویستیان بە لێکدانەوە نییە . بۆ نموونە لێرەدا چەند نموونەیەك دەهێنینەوە :

إمرأةٌ غاب عنها زوجها قد كفاها مؤونة الدنيا فتبرجت بعده فلا تسأل عنها .

ئافرەتێك پیاوەكەی سەفەری كردبێت و هەموو پێویستیەكانی بۆ دابین كردبێت ، كەچی خۆی بگۆڕێت و بچێتە دەرەوە ، لەڕۆژی قیامەتدا لێی ناپرسرێتەوە }. **ئێمەش دەڵێین** : با لە پێشدا تەماشای (مختار الصحاح) بكەین كە دەڵێت:(التبرج) إظهار المرأة زينتها ومحاسنها للرجال [1] .

ئینجا دێینە سەر فەرمودەكە كە مەریوان بە هەڵە تەرجومەی كردووە :

یەكەم : تەرجومەی ڕستەی (تبرجت) ی كردووە بە (خۆی بگۆڕێت و بچێتە دەرەوە) .

دووەم : تەرجومەی ووشەكانی (فلا تسأل عنها) ی كردووە بە (لە ڕۆژی قیامەتدا لێی ناپرسرێتەوە) بێگومان ئەم تەرجومەیەی مەریوان نەزانی و كۆڵەواری خۆی لە زمانی عەرەبیدا پیشاندەدات . تەرجومەی ڕاستی فەرمودەكە : ژنێك مێردەكەی سەفەری كردبێت و هەموو پێویستییەكانی ژیانی بۆ

دابین كردبێت ، ئەمجا خۆی بڕازێنێتەوە و جوانییەكانی پێشان پیاوانی بێگانە بدات ، لێی مەپرسەرەوە .ئەم فەرمودەیە هەڕەشەیەكی توندو تیژە لەو ژنانە كە كاری وا دەكەن و ترسی خوای گەورە لە دڵیاندا نەماوە و بەرەو خەراپە هەنگاو دەنێن .خۆ ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە نەبێت ، بۆ جوانی خۆیان بۆ پیاوانی بێگانە دەردەخەن ؟

(ایّما إمراةٍ نكحت بغير إذن ولّيها فنكاحها باطلٌ فنكاحها باطلٌ فنكاحها باطلٌ) .

١- مختار الصحاح ، صفحة (٤٠٦) .

لەلاپەرە (٣٩٠)دا مەریوان ئەم فەرموودەیەی سەرەوەی نووسیوە و رخنە لەوە دەگرێت کە کچ بۆی نییە خۆی مارە بکات .

ئێمەش دەڵێین : بەلای هەندێك زانایانی ئیسلامەوە ڕازی بوونی خاوەن کچ پێویستە ، بەڵام بەلای هەندێکی تردوە پێویست نییە .بەهەر حاڵ ئەمە هیچ ڕەخنە هەڵناگرێ .

لەلاپەرە (٣٩١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ **لیکوننّ من امتی اقوامٌ یستحلون الحرّ والحریر والخمر والمعازف** .

(لە نیشانەکانی نزیکبوونەوەی ڕۆژی قیامەت ئەوەیە کە بەشێك لەنەتەوەکەم ، زێی ژنە ئازادەکان و قوماشی ئاورێشم و مەشروب و ئامێری مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن) .

ئێمەش دەڵێین : مەریوان وەکو پێشەی هەموو جاری لە تەرجومەی فەرمودەکەدا هەڵەی کردووە کە تەرجومەی ووشەی (الحرّ) ی کردووە بە زێی ژنە ئازادەکان ، ئەمەش هەڵەیەکی زەق و ئاشکرایە ، چونکە باسی زێی ژنی کردووە بە شێوەیەکی گشتی ، دیارە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) بە (وحی) زانیوێتی کاتی دەرکەوتنی ئەو نیشانانە ، کۆیلە داری نامێنێت.

ئەمجا ئێمەش ڕاڤەی فەرموودەکە دەکەین :

ووشەکانی (لیکوننّ) پیتی (ل) پێی دەوترێ (لام القسم) کە لەوەلامی سوێندا هاتووە ، وە پیتی (ن) بۆ تاکیدە ، واتە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) سوێند لەسەر هاتنی ئەو نیشانانە دەخوات کە لەوکاتەدا مەحاڵ بووە ،ووشەی (من) پێی ئەوترێت پیتی (جر) بۆ (تبعیض) بەکاردەهێنرێت ، واتە هەندێ لە ئۆمەتەکەی نەك هەموویان ، ووشەی (امتی) واتە ئۆمەتی پێغەمبەر (صلی

الله علیه و سلم) كه بەناو موسوڵمانن ، پستەی (یستحلون) مانای بە حەڵاڵی دەزانن ، ووشەی (الحر) یانی زێی ژن واتە زینا ، هەر وەكو لەم رۆژانەدا لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەكاندا ، جێگەی تایبەت بۆ ژنانی لەشفرۆش دانراوە و هەندێ بە ناو موسڵمانیش جووتبوون لەگەڵیاندا ئەنجام دەدەن ، ووشەی (الحریر) واتە ئاوریشم ، كە لەم رۆژانەدا كەم كەس بەحەرامی دەزانێت ، ووشەی (الخمر) واتە مەشروب ، كە خواردنەوەی لەناو هەندێ موسوڵماناندا باوە و نیشانەی پێشكەوتنە ، ووشەی (المعازف) واتە ئامێری مۆسیقا كە لەم رۆژانەدا زۆر كەس گوێی لێدەگرن و بەحەڵاڵی دەزانن .

خوێنەری بەڕێز . ئەگەر مەریوان تۆسقاڵێك بیر و هۆشی هەبوایە ، دەبوایە لەدوای خوێندنەوەی ئەم فەرموودەیە یەكسەر ئیمانی بەم موعجیزەیە بهێنایە ، نەك رەخنەی بگرتایە.

لەلاپەڕە (٣٩١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ئیسلام پێی وایە گەر ئافرەت لەگەشت و سەفەركانیدا بەتەنها بوو ، تەنها بیر لە سێكس دەكاتەوە لەبەر ئەمەش تەنیا بوونی ئافرەت بەكارێكی حەرام دەزانێت . موحەممەد ووتویەتی:

لا يحلّ لامرأة ٍ تؤمن بالله واليوم الآخر تسافر مسيرة يوم وليلة إلا مع ذي محرم ٍ عليها [١] .

بۆ ئافرەت حەڵاڵ نییە باوەڕی بەخوا و رۆژی دوای هەبێت رۆژ و شەوێك سەفەر بكات و یەكێك لە مەحرەمەكانی لەگەڵ نەبێت (مەحرەم ئەو كەسانە

١- صحيح البخاری ، كتاب الاشربة ، حديث (٥٢٦٨) .

دەگرێتەوە كە سێكس كردن لەگەڵیاندا حەرامە } .

ئێمەش دەڵێین :ئەم فەرمودەیە هەر چەند مەریوان ئاماژەی بۆ(صحیح البخاری) (حدیث ٥٢٦٨) كردووە كە لێی وەرگرتووە ، بەڵام ئێمە بە گومانین لەم فەرمودەیە ، چونكە لە (مەتنە)كەیدا ، هەڵەیەكی تێدایە و مەحاڵە پێغەمبەری (صلی الله علیه و سلم) ناسراو بە (افصح من نطق بالضاد) هەڵەی لەو جۆرە بكات . ئەوەتا لە فەرمودەكەدا كرداری (لا یحل) فاعیلی نییە ، دەبوایە بیگوتبایە : لایحلّ لامراةٍ تؤمن بالله والیوم الاخر (أن تسافر) بەشێوەی (مصدر مؤول) یاخود (السفر) بەشێوەی (مصدر صریح) تاوەكو ببنە فاعیل ، بەڵام لەم فەرموودەیەدا ، ووشەی (تسافر) ی هێناوە و دەبێتە فاعیل ، ئەمەش لە (بلاغەت و فەصاحەتی) پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه و سلم) و زۆر دورە و لە رێزمانی عەرەبیشدا نییە .بە هەر حالّ ئەگەر فەرمودەكەش ڕاست بێت ، ئەوە ئاساییە و ئامۆژكارییەكی زۆر بە جێیە ، لەبەر ئەوە ، ژن توانای سەفەری دووری نییە بەبێ مەحرەم ، خۆ ئەگەر ئەو مەنعە لەبەر سێكس بوایە ئەو كاتە پێویستی بەدیاری كردنی شەوو رۆژێك نەدەبو یەكسەر سەفەری ژنی حەرام دەكرد ، دوور بێت یان نزیك .

لەلاپەڕە (٣٩١) دا مەریوان نووسیویەتی:

{ ئیسلام پێی وایە هەر پیاو و ئافرەتێك بەتەنها بن هیچ كارێك ناكەن سێكس نەبێت لەسەر گوزەشتەیەكدا موحەممەد ووتویەتی :

لا یخلونّ رجلٌ بإمراةٍ}.

ئێمەش دەڵێین : لەم فەرموودەیەدا ووشەی (رجل) واتە پیاوێکی نەناسراو ، هەر وەها ووشەی (إمراة) ئەویش نەناسراوە . کەواتە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) مەنعی کردووە ، پیاوێکی بێگانە و نەناسراو لەگەڵ ژنێکی بێگانە و نەناسراودا پێکەوە بن ، لەبەر ئەوە ئەگەر سێکسیش نەکەن ، دەبنە هۆی مەزەندەی خەراپ و ناخۆشی .

لەلاپەرە (٣٩١-٣٩٢) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ تەنانەت (جیاکاریشی لە نێوان مافەکانی کچ و بێوەژندا کردووە ، مافی بێوەژنی خستووەتە خوار کچێنییەوە .

(السنةُ إذا تزوج البكر على إمراته أقام عندها سبعاً وإذا تزوج الثيب على إمراته أقام عندها ثلاثاً .

سوننەتی من وایە ، ئەگەر پیاوێك کچێکی خواست بەسەر ژنەکەیدا ، ئەوا حەوت رۆژ لەلای بمێنێتەوە ، خۆ ئەگەر بێوەژنێکی بەسەر ژنەکەیدا هێنا سێ رۆژ لەلای بمێنێتەوە}.

لەوەڵامدا دەڵێین : پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لەم فەرموودەیەدا دەستوورێکی جوان و دادپەروەری داناوە : گەر پیاوێك کچی خواست بەسەر ژنەکەیدا ،ئەوە حەوت شەو لەگەڵیدا دەمێنێتەوە ، چونکە تامەزرۆیە و ئارەزوی لە سێکس زیاترە ، بەڵام ئەگەر بێوەژنی خواست بەسەر ژنەکەیدا ، ئەوە سێ شەو لەگەڵیدا دەمێنێتەوە ، چونکە وەك کچ نییە و لەوانەشە تەمەنی گەورە بێت ، بۆیە ئەم دەستورە نابێتە جێگەی رەخنە ، سەرباری ئەوەش لەوانەیە ، ئەو کچە بێوەژن بکەوێت و شوو بکاتەوە ئەو دەستوورە بەسەریدا جێ بەجێ بکرێت ، بەگوێرەی یاسای (الغرم بالغنم) .

لەلاپەرە (٣٩٢) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ئافرەت ماییەی کێشەی زۆرە و تاوانباری یەکەمە . بۆیە یەکێك لەو حاڵەتانەی کە رێگە بۆ پیاو خۆش دەکات ژنەکەی پازی بکات ، درۆ کردنە ، موحەممەد ووتوویەتی :

لا یحل الکذب الا فی ثلاث ، یحدث الرجل امراته لیرضیها ، والکذب فی الحرب ، والکذب لیصلح بین الناس .

درۆ کردن لە سێ حاڵەتدا نەبێت حەلاڵ نەبییە. درۆیەك کە مێرد بۆ رازی بوونی ژنەکەی بیکات ، درۆیەك لە جەنگدا بکرێت ، درۆیەك نێوانی خەڵکی چاك بکات } .

ئێمەش دەڵێین : درۆ کردن بەگوێرەی بیرو باوەڕی ئیسلام حەرامە و ڕەوشتێکی زۆر بێزراو و ناپەسەندە ، بەڵام لەو سێ حاڵەتانەدا کە فەرمودەکە باسی کردوون ، حەلاڵە و ماوەی پێدراوە ، چونکە دەبێتە هۆی ئاشتبوونەوە و سەرکەوتنی موسوڵمانان و تەبایی لە نێوان خێزان و کۆمەڵگادا .

لە لاپەرە (٣٩٢) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ئەو ڕەهەندانەی کە لە ئیسلامدا ژنانی بەو شێوەیە بێبەها کردووە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك فاکتەر ، خودی موحەممەد فاکتەرەکانی بۆ دیاری کردوین و ئەوانەی خوارەوە چەند دانەیەکن لەوانە :

ما ترکت بعدي فتنةً أضرّ علی الرجال من النساء .

موحەممەد ووتویەتی :لەدوای خۆم هیچ ئاشوبێکم بۆ پیاو جێنەهێشتووە زەرەر و زیانی لێبدات ژن نەبێت}.

ئێمەش دەڵێین : وای بەباش دەزانین تەماشای (مختار الصحاح)بکەین کە دەڵێت : (الفتنة) الاختبار والامتحان . نقول (فتن الذهب) يفتنه بالكسر (فتنةً) و (مفتوناً) ايضاً إذا ادخله النار لينظر ما جودته ، ودينارٌ (مفتون) اي ممتحن [1] .

ئەمجا دەڵێین : مەبەستی لەسەرەتای پەرتوکەکەیەوە تا ئێستاش ، بابەتێك نەبووە کە هەڵەی تێدا نەکردبێت ، ئەوەتا لێرەشدا دوو هەڵەی نەزانی و حەیابەری کردووە :

یەکەم : ووشەی (فتنه)ی ڕاڤە کردووە بەمانا ئاشوب کە دەڵێت (لەدوای خۆم هیچ ئاشوبێکم ... تاد).

دووەم : ووشەی (اضّر)ی بەهەڵە ڕاڤە کردووە کە دەڵێت : (لەدوای خۆم ... زەرەرو زیانی زۆری لێدابێت ژن نەبێت) ئەم ڕاڤانەی مەبەستی زۆر هەڵە و ناتەواون ، مانای ڕاستی ووشەی (الفتنة) تاقی کردنەوەیە نەك ئاشوب، مانای ووشەی (اضّر) زەرەر مەندترە نەك (زەرەرو زیانی زۆری لێبدات ژن نەبێت) .

مانای فەرموودەکە : لەدوای خۆم هیچ تاقیکردنەوەیەکم لە ژنان زەرەرمەندتر لەسەر پیاوان جێنەهێشتووە .

بەڕاستی ئەم فەموودەیە زۆر ڕاست و تەواوە و نکۆڵی لێناکرێت ، بۆ نمونە ، کوڕی گەنج لە توانایدایە بەرامبەر زۆر حەز و ئارەزو خۆ ڕاگربێت ، بەڵام بە دەگمەن دەتوانێت ، بەرامبەر جوانی کچ خۆ ڕاگربێت.بەڵگەشمان بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە هەروەکو لە باسەکانی پێشوماندا باسمان کردووە ، چەند

١- مختار الصحاح ، الصفحة (٤٩٠) .

صەحابەیەك لەدوای زینا کردنیان خۆیان هاتوون بۆ لای پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) و داوای سزا و پاکبونەوەیان لێکردووە، کە زۆر جار سزاکە بەرد باران بووە تا مردن . بەڵام زانایانی ئیسلام باسی یەك صەحابەیەکیان نەکردووە کە داوای سزاو پاکبونەوەی کردبێت له هیچ تاوانێکی دیکەدا لەبەر ڕوونەدانی .

لەلاپەڕە (٣٩٣) دا مەریوان نووسیویەتی :

{إن كان الشؤم في شيء ففي الدار والمراة والفرس }.

ئێمەش دەڵێین : کاتێك پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لە جولەکەکانی دەبیست نەگبەتی لە خانوو و ژن و ئەسپدایە ، هەروەها ئەم بیرۆکەیە لەکاتی نەفامیشدا باو بوو ، ئیتر ئەوە بوو ئەو فەرمودەیەی فەرموو وەکو ڕەتی ئەوانە بداتەوە ، چونکە ووشەی (إن الشرطية) ی بەکار هێناوە کە بۆ گومانە ، واتە بە گومانە کە نەگبەتی لە هیچ شتێکدا هەبێت . ئەمجا مانای فەرموودەکە : گومانی تێدایە نەگبەتی لە هیچ شتێکدا هەبێت ، خۆ ئەگەر ببوایە ئەو کاتە لە خانوو ژن و ئەسپدا دەبوو ، لەبەر ئەوە ئەو سێیانە جێگەی مەزەندەن کە ببنە هۆی نیگەرانی و ناخۆشی پیاوان لە هەندێ جاردا .

لەلاپەڕە (٣٩٣) دا مەریوان نووسیویەتی :

{موحەممەد پێی وایە هەر لە بنەمادا ئافرەت خوارو خێچ دروستکراوە :

إن رسول الله (ص) قال : المراة كالضلع إن اقمتها كسرتها وإن استمتعت بها استمتعت وفيها عوج }.

ئێمەش دەڵێین : پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) تەشبیهی ژنی کردووە بە پەراسوو ، چۆن پەراسوو ناسکەو زوو دەشکێت و زویش چاکدەبێتەوە ،

ژنانیش بەهەمان شێوە ، زوو تورە دەبن و زویش بە قسەیەکی خۆش ئاشتدەبنەوە ، لەم فەرمودەیەدا پێغەمبەرمان (صلى الله عليه و سلم) ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخات و لەهەمان کاتدا ئامۆژگاری ئیماندارانەکات دەبێ هەوڵ بدەن لەگەڵیاندا بگونجێن و نابێ بەزۆر ئەو ڕەوشتە سروشتییەیان بگۆڕن ، چونکە خوا بەو شێوەیە دروستی کردون .

لەلاپەڕە (٣٩٤) دا مەبەست نووسیویەتی :

{سەرگوزەشتەیەکی بەناوبانگی موحەممەد هەیە کە ئەمە دەقەکەیەتی :

خرج رسول الله (ص) ... تاد }.

ئێمەش دەڵێین : وەلامی ئەم ڕەخنەیەمان داوەتەوە بە تێڕو تەسەلی پێویست بە دووبارە ناکات .

لەلاپەڕە (٣٩٤-٣٩٥) دا مەبەست نووسیویەتی :

{سەرباری ئەم یاسایانە ، وەك بەزەییەك بەبارو دۆخی ژنان ، موحەممەد ئامۆژگاری پیاوان دەکات وەك بڵێی یاسایەکی باشی بۆ دانابن ، پێیان دەڵێت :

قال رسول الله (ص) : استوصوا بالنساء فإن المرأة خلقت من ضلع وإن اعوج شی ء في الضلع اعلاه .

ئاگاتان لە ژنان بێت و چاکەیان لەگەڵ بکەن ، چونکە ئافرەت لە پەراسو دروستکراوە ، ئەگەر خواریيەکی هەبێت ئەوە لەو پەراسووە خوارەوەیە } .

ئێمەش دەڵێین : لێرەشدا مەبەست تەرجومەی فەرمودەکەی بەهەڵە و بەمەزەندە کردووە ، چونکە ڕاڤەی (وإن اعوج شيء في الضلع اعلاه) کردووە

بە (ئەگەر خواریيەك هەبێت ئەوە لەو پەراسووە خوارەوەیە) بەڵام ڕاڤەی ڕاستی ئەو بڕگەیە : بەتاکید گێڕترین شوێن لە پەراسودا لە سەرەوەیدایە) .

پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لەم فەرمودەیەدا ئامۆژگاری موسوڵمانان دەکات دەبێ لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا باش و لێبوردەبن چونکە ژنان لە پەراسو دروستکراون و گێرترین پەراسو لەسەرەوەیدایە ، ئەمەش کینایەیە لەوە ، کە ژنانی جوان و دەوڵەمەند ، خۆیان بە گەورەو بەرزتر دەزانن و نەگونجاو تر دەبن.

لەلاپەرە (٣٩٦) دا مەریوان نووسیویەتی:

{نەك تەنها لە قسەکانی موحەممەددا بەڵکو لە قورئانیشدا کۆمەڵێکی زۆر یاسای دژ بە ژنان هەن،بۆ نموونە لەئایەتێکدا لە ڕیزی ئەسپ و مەڕ و مالاتدا دانراون و بۆ خۆشی و ڕابووارنەکانی پیاو دروستبوون :

(زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ) .

ئارەزوی سێکس لە ژنان و زۆربوونی نەوەی کوڕ و دەستکەوتی زۆری زێر و زیو و ئاڵتونی زۆرو ڕەوە ئەسپی ڕەسەن و مەڕ و مالات و زەوی و زاری کشت و کاڵ بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە و لە ژیانی دونیایاندا مایەی خۆشی و خۆش گوزەرانین (خوا) ش لەوە زۆر باشتری هەیە } .

ئێمەش دەڵێین : با تەماشای (مختار الصحاح) بکەین کە دەڵێت :

(الشهوة) معروفة وطعام (شهي) أي مشتهى (يشهي) الطعام أي يحمل على اشتهائه .

ئینجا دەڵێین : مەریوان لێرەشدا لە تەرجومەکەیدا چەند هەڵەیەکی کردووە ، بەتایبەت ووشەی (الشهوات) پاڤە دەکات بە (سێکس ژنان) بێگومان ئەم پاڤەیە لە پاستییەوە زۆر دورە و مانای ئایەتەکە دەگۆڕێت و مەبەستەکەی ناپێکێت .

پاستییەکە ئەوەیە ، ووشەی (الشهوات) هەروەك و لە (مختار الصحاح) دا هاتووە مانای (رغبة) یە،واتە ئارەزوو ، چونکە ئەگەر وەك مەریوان دەڵێت مانای سێکس بێت ، ئەو کاتە بە گوێرەی ڕێزمانی عەرەبی ئەگەر پیتی (و) کە پێی دەوترێ پیتی (عطف) لای بەرین و (معطوف) لە شوێنی دابنێین ، ئایەتەکە دەبێتە (زين للناس حب سيَكس النساء، زين للناس حب سيَكس البنين ، زين للناس حب سيَكس القناطير المقنطرة من الذهب ..الخ).

بەڵام ئەگەر ووشەی (الشهوات) بەمانا (رغبة) بێت ، ئەو کاتە ئایەتەکە دەبێتە (زين للناس حب رغبة النساء ، زين للناس حب رغبة البنين ، زين للناس حب رغبة القناطير المقنطرة من الذهب ... الخ).

ئینجا دێینە سەر ڕەخنەکەی مەریوان کە دەڵێت : (لە ئایەتەکەدا ژنان لە ریزی ئەسپ و مەڕ و مالاتدا دانراون) نەخێر وانییە ، خوای گەورە باسی واقیعی خەڵکان و ئارەزوو هیوایان لە ژیاندا دەکات و ئارەزووی ژنانی خستووەتەپێش هەموو ئارەزووەکانی دیکەی پیاوانەوە ، چونکە ژنان سەرچاوەی ژیانن و بێ ئەوان ئەم دونیایە وێرانە .خۆ ئەگەر لە ئایەتەکە ورد ببینەوە ، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ژنانیش دەگرێتەوە ، چونکە ئەو ئارەزووانە لەوانیشدا هەن ، بەڵام خوای گەورە لە ئایەتەکەدا باسی پیاوانی کردووە ، لەبەر ئەوە هەوڵ و کۆششی پیاوان لەم بارەیەوە زیاتر و دیاری تڕە .

لەلاپەرە (٣٩٦) دا مەریوان نووسیویەتی:

{جەستەی ژنی وەك كێڵگەیەك بۆ پیاو وێنا كردووە .لەئایەتێكدا بە پیاوان دەڵێت :

نساؤكم حرث لكم فاتوا حرثكم انّى شئتم .

ژنەكانتان كێڵگەتانن چۆنتان دەوێت بیانكێڵن }.

ئێمەش دەڵێین : وا بەباش دەزانین سوود لە پەرتوكەكەی مامۆستای بەڕێز (دكتور عثمان) هەڵەبجەیی وەربگرین كە دەڵێت :

(لێرەدا قورئانی پیرۆز هەڵەیەكی زانستی یەهود ڕاست دەكاتەوە و ئایەتی (٢٢٣)ی سورەتی (البقرة) دادەبەزێت (نساؤكم حرث لكم فاتوا حرثكم انّى شئتم) واتە ژنەكانتان كێڵگەتانن ، لەهەر كوێوە دەتانەوێ بچنە كێڵگەكەی خۆتانەوە) هەركەسێكیش لەووشەی (كێڵگە) ورد ببێتەوە دەزانێت كە مەبەستی قورئان كونی دواوە نییە ، چونكە دواوە كێڵگە و جێی منداڵ نییە .لە لایەكی دیكەوە دەیەها دەقی پیرۆزمان هەیە كە جووتبوونی پیاوان لەگەڵ ژنەكانیاندا جگە لە جێی منداڵ بوون ، واتە دواوەی بە ئاشكرا حەرامكردووەو نەفرەتی بەوانە كردووە كە بەم كارە هەڵدەسن } [1] .

ئەمجا دەڵێین : وادەزانین ڕەخنەی مەریوان لەسەر كونی دواوەو پێشەوە نییە ، بەڵكو لەبەر ئەوەیە ، تەشبیهی ژنانی كردووە بە كێڵگەو بەبێ بەهاو پێز تەماشایانیكردووە ، بەڵام مەریوان تێناگات كە خوای گەورە ئەو تەشبیهەی

١- سەرابەكان نابنە كانی ، دكتۆر عوسمان هەڵەبجەیی ، لاپەرە (١٧٧) .

کـردووە لەبـەر ئەوەیـە ، ژن و کێڵگـە هـەردوکیان وەك یـەك بەرهـەم هێنـەرن و سەرچاوەی ژیانن و بێئەوان پێکەوە ئەم کەونە چۆڵ و هۆڵ دەبێت .

لە کۆتاییدا چەند ئیعجاز و جوانکارییەك دەربارەی ئەم ئایەتە دەنووسین :

یەکەم : خوای گەورە ووشەی (نساء) ی (إضافە)ی کردووەتە سەر ووشەی (کم) کە (کاف) ی (خطاب)ە ، دیارە مەبەستی ئەوەیە پێمان رابگەیەنێت ، ئەو ژنانە کێڵگەتانن کە عائیدی ئێوەن ، بەگوێرەی شەرع نەك هەموو ژنان .

دووەم: بە گوێرەی ئوسلوبی مرۆڤ دەبوایە ووشەی (زوجات) یاخود (ازواج) ی بەکاربهێنایـە ، بـەڵام وایـنـەکردووە ، تـاوەکو بیرمـان نـەڕوا بـۆ لای جووتبـوون ،سەرباری ئەمەش وشەی (نساء) (مدد) ی تێدایە و (مدد) یش ئاماژە بۆ بـەرزی ژنان دەکات نەك نزمی و سێکس .

سێیەم : ووشـەی (حرث) ی (ئیضـافە)نەکردووەتـە سـەر ووشـەی (کـم) لەبـەر ئـەوە تەشـبیهی ژنـانی کـردووە بـە کێڵگـە و مەزەنـدەی عائیدییـەت کـە لـە (إضافة)دایە لێرەدا بەدی ناکرێت .

چوارەم : (لام)ی داناوە کـە بـۆ (ملـك) بـەکاردەهێنرێت ، ئـەوەش ئاماژەیـە بـۆ ئـەوە ، دەبـێ ئـەو ژنانـە خۆشەویسـت بـن وەکـو مـاڵ و مولـك ئاگاداریـان بـن و لەدەستیان نەدەن .

پێنجەم : (فأتوا حرثکم انّـی شئتم) ووشـەی (حـرث)ی (ئیضـافە) کردووەتـە سەر ووشەی (کم) چونکە لێرەدا ئـەم (ئیضـافە) یـە جێگـەی خۆیـەتی و مانـای عائیدییـەتی تێـدا بـەدی دەکرێـت ، واتـە ئـەو کونـە کـە عائیـدی ئێوەیـە ، نـەك کونێکی تر ، جا بەم ڕاڤە کردنە ، بومان دەردەکەوێت ، کە کـونی دواوە عائیـدی شتێکی تـرە و خوای گەورە بۆ ئەو مەبەستە دروستی کردووە نەك بۆ سێکس.

لەلایەرە (٣٩٦) دا مەریوان نووسیویەتی :

{لەئایەتێکی دیکەدا ژنانی تەڕ ناپاکن و دەبێت پیاو نەچێت بەلایاندا لەکاتی تەڕبیاندا،خوا خۆشی ناوێن :

(**فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ**) }.

ئیمەش دەڵێین : وابەباش دەزانین بڕۆینە خزمەتی تەفسیری (السمرقندی) کە دەفەرموێت : (**ويسألونك عن المحيض**) ويسألونك عن مجامعة النساء في المحيض (قل هو اذىً) يعني الدم هو قذر ونجسٌ (**فاعتزلوا النساء في المحيض**) أي لا تجامعوهنّ في حالة الحيض (**فلا تقربوهنّ**) يعني لا تجامعوهنّ وهنّ حيَضٌ (**حتى يطهرن**) أي حتى يطهرن من الحيض أو حتى يغتسلن (**إنّ الله يحبُ التوابين**) يعني التوابين من الشرك والذنوب (**ويحب المتطهرين**) أي من الجنابة والاحداث) [١] .

ئیمەش ڕاڤەی ئایەتەکە دەکەین :

(**ويسألونك عن المحيض**) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی تەڕی ژنان (قل هو اذى) تۆش بڵێ ئەوە ناڕەحەتی و پیسییە (**فاعتزلوا النساء في المحيض**) لە کاتی تڕبیاندا نەڕۆن بەلایاندا بۆ جووتبوون (حتى يطهرن) تا پاك دەبنەوە لە تەڕی ، یان خۆیان دەشۆن لە بێ نوێژی (**إنّ الله يحبُ التوابين**) واتە خوا ئەوانەی خۆشدەوێت کە تۆبە دەکەن لە کوفر و تاوان (**ويحب المتطهرين**) واتە

١- تفسير السمرقندي ، سورة البقرة ، الاية (٢٢٢) .

خوا ئەوانەی خۆشدەوێت کە خۆیان دەشۆن لە لەشپیسی و دەستنوێژ هەلدەگرن .

خوێنەری بەڕێز: مەریوان وەکو پیشەی هەموو جارێکی دیکەی نەزانی و ناپاکی خۆی ئاشکراتر دەکات کە دەلێت (لەئایەتێکی دیکەدا ژنانی تەڕ ناپاکن لەکاتی تەڕییاندا ، خوا خۆشی ناوێن) ئەوە تەفسیری (السمرقندي) و دەتوانیت تەماشای تەفسیرەکانی دیکەش بکەیت ، بەدلنیاییەوە دەڵێین شتی وا بەرچاوت ناکەوێت ، بەڵام نەزانی و ناپاکی مەریوانت بۆ دەردەکەوێت .

لەلاپەڕە (٣٩٧) دا مەریوان نووسیویەتی :

{لەئایەتێکی دیکەدا نابێت ژن لەماڵەکەی خۆی بچێتە دەرەوە و لەسەر ئارەزوو پۆشاك بپۆشێت :

وقرن في بيوتكن ولا تبرجن تبرج الجاهلية الاولى

لەماڵەکانتان گۆشە گیربن و وەك سەرەتاکانی جاهیلییەت مەپۆشن و خۆتان دەرنەخەن} .

ئێمەش دەڵێین : با لەپێشدا تەماشای تەفسیری (الخازن) بکەین کە دەفەرموێت:

(**وقرن في بيوتكن**) أي الزمن بيوتكنّ (**ولا تبرجن تبرج**) قيل أظهار الزينة وابراز المحاسن للرجال (**الجاهلية الاولى**) قيل الجاهلية الاولى مابين عيسى ومحمد ، وقيل غير ذلك [١] .

١- تفسير الخازن ، سورة الاحزاب ، الاية (٣٣) .

ئەمجا دەڵێین : ئەم ڕاڤەیە مەریوان کردوویەتی : (لە ئایەتێکی دیکەدا نابێت ژن لەماڵەکەی خۆی بچێتە دەرەوە و لەسەر ئارەزوو پۆشاك بپۆشێت) لەمانای ئایەتەکەوە دوورە چونکە ئایەتەکە هەر وەکو ڕاڤە کراوە دەفەرموێت (لەماڵەکانی خۆتاندا ئارام بگرن و خۆتان مەڕازێننەوە و جوانیتان دەربخەن بۆ پیاوانی بێگانە وەکو لە کاتی نەفامیدا دەکرا .

خوێنەری بەڕێز: خۆ ڕازاندنەوەی ژن بۆ مێردی خۆی کارێکی ڕەوا و پیرۆزە و خوایش پێی خۆشە بەڵام خوا ناڕەزایی خۆی دەر دەبڕی و نەفرەت لەخۆ ڕازاندنەوەی ژنان دەکات و دەرخستنی جوانییان بۆ پیاوانی بێگانە ، چونکە ئەو کارە دەبێتە هۆی لە خشتەبردنی پیاوان و کاری خراپەو کێشەو ئاژاوە لەنێو کۆمەڵگادا.

لەلاپەڕە (٣٩٨) مەریوان نووسیویەتی :

{لە میراتیشدا نیو ئەوەندەی پیاوی بەردەکەوێت :

(لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ)

نێرینە دوو ئەوەندەی مێینە (میرات) ی بەردەکەوێت }.

ڕەخنەش دەڵێین : ئەگەر تەماشای یاسای ئیسلام بکەین ،دەبینین بژێوی کچ لەسەر خاوەنەکەیەتی و ڕاتێك شویش دەکات ، مارەیی وەردەگرێ و بژێویشی دەکەوێتە سەر مێردەکەی ، ئیتر هەر میراتییەکی دەستکەوت بێت ، بۆی دەمێنێتەوە و بەکارەزووی خۆی خەرجی دەکات . ئەم جیاوازییە (**للذكر مثل حظ الانثيين**) بە تەنها لە حاڵەتەکانی تردا نییە.

لەلاپەرە (٣٩٨) دا مەریوان نووسیویەتی :

{لەشاهێدیدانیشدا دوو ئافرەتی لەئاستی یەك پیاودا داناوە لەبەر ئەوەی وەك پیاو دانانین و ئەقڵیان نوقصانە . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئایەتەکە کە ئامازە بۆ ژنان دەکات گوایە شتیان لە بیردەچێتەوە بەهەردووکیانەوە توانا و بیرکردنەوەی یەك پیاویان هەیە :

(وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى) .

(لەکاتی شاهێدیداندا) دوو شاهێد لە پیاو بگرن ، ئەگەر دوو پیاو دەسنەکەوت ئەوە پیاوێك و دوو ئافرەت ئەو ئافرەتانەی کە ئێوە لە شاهێدییان ڕازین ، تا ئەگەر یەکێکیان گومڕابوو یان لەبیری چوو ئەوەی دیکە وەبیری بخاتەوە ، ئەم ئایەتە بەسە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کەئیسلام ئافرەتی بەکەم ئەقڵ زانیوە) .

ئێمەش دەڵێین : ئەم ئایەتە موعجیزەیەکە لە موعجیزەکانی قورئان ، چونکە خوای گەورە بە درێژترین ئایەت لە قورئاندا باسی شاهێدیدان دەکات ، کە ئەو کاتە پێویست بەو جۆرە شاهێدییە نەبووە ، بەڵکو مەبەستی داهاتوو بووە .ئەمجا دێینە سەر ڕەخنەکەی مەریوان کە دەڵێت (ئەم ئایەتە بەسە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە ئیسلام ئافرەتی بە کەم ئەقڵ زانیوە) نەخێر ، ئەم بۆچوونە زۆر ناڕاستە . ڕاستییەکە ئەوەیە ، کە ژنان بەسروشت قسەکردنیان لە گوێگردنیان زیاترە ، ئەوەش کار دەکاتە سەر لەبیرچوونیان و فەوتانی مالی خەڵکان و دروستبوونی ناکۆکی و ئاژاوە ، لەلایەکی دیکەوە ئایەتەکە باسی قەرز دەکات بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ، جا لەبەر ئەوەی قەرزو موعامەلات

پەیوەندی بە ژنانەوە نییە و زۆر سەرنجیان پا ناکێشێ و مەزەندەی لەبیرچوونیان لێدەکرێت ، بۆیە شاهێدی دوانیان بە شاهێدی یەك پیاو دانراوە .خۆ ئەگەر نوقسانی شاهێدییان لەبەر نوقسانی ئەقڵیان ببوایە دەبوایە بووترایە پیاوان هیچ ئەقڵیان نییە، چونکە هیچ شاهێدییان لەو مەسەلانەدا کە تایبەتن بە ژنانەوە لێوەرناگیردرێت .

لە لاپەرە (٤٠٠)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ گەڵێك ئایەت هەن خوێنەر بە ئاسانی درێژ دادڕی پێوە ببینێت . بۆ نموونە : (**وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُتَرَاكِبًا**) . لەم ئایەتەدا سێ جار ئاماژە بە ووشەی دەرهێنان (**فَأَخْرَجْنَا** ، **فَأَخْرَجْنَا** ، **نخرج**) کە لە بنەڕەتدا زیادەن و دووانیان پێویست نەبوو بنوسرێن .ئەگەر چی لەم ئایەتەدا تێکەڵاوێك لە نێوان کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمدا هەیە } .

ئێمەش دەڵێین : خوای گەورە لەم ئایەتەدا ، دیمەنێکی جوان و هێز و توانای خۆیمان پێشاندەدات ، هەر چەند بیری لێبکەینەوە ، زیاتر (بەلاغەت و ئیعجازی) قورئانمان بۆ دەردەکەوێت و شیاوی کرنوش بردنە و بڵێین (**إن هو الا وحي يوحى**) .

ئایەتەکە دەستی پێکردووە بە ڕاناوی (وهو) کە بۆ (مفرد ، مذکر ، غائب) بەکار دەهێنرێت و بە کرداری ڕابردوو (أنزل) کە بۆ (مفرد ، مذکر، غائب)ە ، لەبەر ئەوەیە خوای گەورە بە تاك و تەنها و نادیار (غائب) بارانی باراندوە ، ئەمجا کرداری ڕابردوو (أخرجنا)ی هێناوە لەبەر سێ هۆ :

یەکەم : (تعظیم) ، دووەم : خوا لەگەلّ زەوی و باران و خوّر ...تاد) بە فەرمانی خوّی ئەو دار و درەختانەی سەوز کردووە ، سێیەم : ئەو دارانە دەرچوون و سەوز بوونیان یەکجارە و لە ڕابردوودایە . هەروەها جارێکی دیکە ووشەی (أخرجنا)ی دووبارە کردوّتەوە ، لەبەر ئەو هوّیانەی سەرەوە . ئەمجا ووشەی (نخرج) کرداری داهاتووی هێناوە کە ئاماژە بوّ (تجدد) و (استمرار) دەکات کە مەبەستی ئایەتەکەیە ، چونکە بەر و میوەی دار هەموو ساڵێك بە بەردەوامی تازە دەبێتەوە نەك دارەکان ، بوّیە ناکرێ و نا تەواوە ووشەی (نخرج) بگوّڕدرێت بە ووشەیەکی دیکە کە ماناى (تجدد) و (استمرار)ی تێدا نەبێ ، ئەمجا بوّ ڕەخنەکەی مەریوان کە دەڵێت (لە ئایەتەکەدا سێ جار ئاماژە بوّ ووشەی دەرهێنان (**فأخرجنا ، فأخرجنا، نخرج**) کراوە کە لە بنە ڕەتدا زیادەن و دووانیان پێویست نەبوو بنوسرێن) .

ئەمجا دەڵێین : ئەم ڕەخنەیە نەخوێندەواری و نەزانی مەریوان زیاتر ئاشکرا دەکات ، خوّ ئەگەر وابوایە وەك مەریوان دەڵێت ، دەبوایە ئایەتەکە بگوّڕدرایە بە (وهو الذي أنزل من السماء ماءا فأخرجنا به نبات كل شيء و منه خضر و منه حب متراكب) ئەو کاتە ڕستەی (و منه خضر) ئیعراب دەکرا (جملة اسمية في محل نصب صفة) بوّ ووشەی (نبات) واتە سیفەتی (ئەو نەباتە) (خضر)ە . هەروەها ڕستەی (و منه حب متراكب) ئەویش ئیعراب دەکرا (جملة اسمية في محل نصب صفة) بوّ ووشەی (نبات) واتە سیفەتی ئەو (نەبات)ە دەنك لەسەر دەنکە . بێگومان ئەم ڕاڤە و ئیعرابانە زوّر بێ مانان و لە دور و نزیکەوە باسی دەرکردنی تێدا نییە ، چونکە ووشەی (خضرا) لە ئایەتەکەدا پێش لابردنی (فأخرجنا)ی دووەم دەبێتە (مفعول به) کە مەبەستی ئایەتەکەیە ،

هەروەها ووشەی (حبا) لە ئایەتەکەدا (نخرج منه حبا متراکبا) ئیعراب دەکرێت بە (مفعول به) .

خوێنەری بەڕێز : دوور نییە پرۆژێك بتوانرێت شاخی سەگرمە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە ، بەڵام بە دڵنیاییەوە **دەڵێین** : مەحاڵە ئەو پرۆژە بێت بتوانرێت ووشەیەك یاخود پیتێك لە قورئاندا بگۆڕدرێت یان لابرێت .

لە لاپەڕە (٤٠١)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ لە ئایەتێکی دیکە دا پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پیاوان پلەیەك لە ژنان بەرز تر و بالاّ تر و لە پێشترن .

(**و للرجال علیهن درجة**) .

پیاوان پلەیەك لە سەرووی ژنانەوەن } .

ئێمەش دەچینە خزمەتی (صفوة التفاسیر) کە دەڵێت : (**ولهن مثل الذي علیهن بالمعروف**) أي و لهن علی الرجال من الحق مثل ما للرجال علیهن بالمعروف الذي أمر الله تعالی به من حسن العشرة و ترك الضرار و نحوه (و للرجال علیهن درجة) أي و للرجال علی النساء میزة و هي فیما أمر تعالی به من القوامة و الإنفاق و الإمرة و وجوب الطاعة ، فهي درجة تکلیف لا تشریف لقوله تعالی (**إن أکرمکم عند الله أتقاکم**) [1] .

ئەمجا دەڵێین : مەریوان وەکو پیشەی هەموو جارێکی ئایەتەکەی بە تەواوی نەهێناوە ، تاوەکو مەبەستە گلاوەکەی بسەلمێنێ . ئەوەتا ئایەتەکە دەفەرموێت (**و لهن مثل الذي علیهن بالمعروف**) واتە بۆ ژنان ماف هیە لەسەر

١- صفوة التفاسیر ، سورة البقرة ، الآیة (٢٢٨) .

پیاوان بە ئەندازەی ئەو ئەرکە کە لەسەریانە . ئەمجا بڕگەی (**للرجال علیهن درجه**) واتە پیاوان پلەیەك لە سەرووی ژنانەوەن . دەبێ لە پێشدا ئەوە بزانین ، کە لەم بڕگەیەدا ووشەی (ال) بۆ (جنس) بەکار هێنراوە ، واتە جۆری پیاوان نەك هەموو پیاوان ، ئەویش لەبەر ئەوەیە ئەو جۆرە پیاوانە ، مالّ و خێزان دروستدەکەن و لە پێناوی بژێوی و کامەرانی خێزاندا تووشی جۆرەها ناخۆشی و ماندوو بوون و ئەرکی گران دەبن . ئیتر ئەو پلەیە لەوەوە سەری هەڵداوە و خوای گەورە ئایەتی دابەزاندووە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، ئایەتەکە باسی پیاوانی کردووە . جا لەبەر ئەوەی ووشەی (ال) لە ئایەتەکەدا بۆ (جنس)ەو بۆ (کل) نییە ، ئەگەر هەر ژنێك هەستا بە ئەرکی پیاو ، ئەوە گومان لەوەدا نییە ، کە ئەو پلەیە بۆ ئەو دەبێت نەك بۆ مێردەکەی .

لە لاپەڕە (٤٠١)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ژنانی مێرد مردووش تا تەواو بوونی چوار مانگ و دە ڕۆژ ناتوانن شوو بکەنەوە :

(**وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنْكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا**) . ئەو پیاوانەی دەمرن و ژنەکانیان جێ دەمێنن ، با ژنەکانیان تا چوار مانگ و دە ڕۆژ (یان دە شەو) چاوەڕێ بن و شوو نەکەنەوە }.

ئێمەش دەڵێین : خوای گەورە بە حیکمەتی خۆی چوار مانگ و دە شەوی داناوە بۆ ماوەی چاوەڕوانکردنی ژنی مێرد مردوو ، تاوەکو ئەو ژنە بە وەفایی خۆی پێشان بدات و لەو ماوەیەشدا بە دڵ و ئارەزووی خۆی مێردێکی دیکە پەسەند بکات و شوو بکاتەوە ، بەڵام ئەگەر ماوە بدرایە بە ژن یەکسەر شووی

بکردایەتەوە، ئەو کاتە ژن لەبەر چاو مێردەکەی بە بێ پەیمان لە قەڵەم دەدرا ، لە لایەکی دیکەوە بە گومانەوە تەماشای ئەو شوو کردنەی دەکرا و لەوانەشبوو ناخۆشی و ئازاوە لە نێوان ئەو خێزانانەدا دروست ببوایە .

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بۆ هەڵەیەکی دیکەی مەریوان بکەم لە ڕێزمانی عەرەبیدا کە بە مەزەندە بۆ ژمێردراوی (عشر) نووسیویەتی (دە ڕۆژ) یان (دە شەو) بێگومان وا نییە ، دەبێ یەکێکیان بێت ، چونکە لە ڕێزمانی عەرەبیدا لە (سێوە تا دە) ژمارە و ژمێردراو لە نێر و مێیدا دەبنە دژی یەکتر . جا لەبەر ئەوە ووشەی (عشرا) بۆ نێرە ، دەبێ ژمێردراوەکەی ووشەی (لیال) بێت کە کۆی (لیلە)یە نەك (أیام) ، لە لایەکی دیکەوە ئایەتەکە نەیفەرمووە (عشرة) کە ژمێردراوەکەی ببێتە (أیام) چونکە لە مەسەلەی زەواجدا تێبینی شەو دەکرێت .

ئیتر لە **کۆتای کۆتاییدا دەڵێین** :(ما هکذا یورد الجمل یا جمل).

لە لاپەڕە (٤٠١)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ لە ئایەتێکی دیکەدا نوسراوە ژنانی تەلاقدراو لە مالێ بچنە دەروە ئەوە زینا و خراپە دەکەن ، قورئان لە ڕێی موحەممەدەوە ڕوو دەکاتە پیاوان و دەڵێت :

((**يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ**)) .

ئەی پەیامبەر : ئەگەر ژنتان تەلاقدا لە کاتی دیاریکراوی تەپییاندا تەلاقیان بدەن و لە خوای پەروەردگارتان شەرم و ترستان هەبێت لە ماڵەکانیاندا دەریان مەکەنە دەرەوە ، خۆشیان نەچنە دەرەوە ، ئەگەر نا ئەوە کاری بەد ڕەووشتی بە ئاشکرا ئەنجام دەدەن ، ئەوە سنووری خوایە ، ئەوەی سنوری خوا ببەزێنێت نا هەقی لە خۆی کردووە }.

ئێمەش دەڵێین : وا بە باش دەزانین لە پێشدا بڕوانە خزمەتی تەفسیری (النسفی) کە دەفەرموێت : (**يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ**) خص النبي بالنداء و عم بالخطاب (**إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ**) إذا أردتم تطليقهن (**فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ**) فطلقوهن مستقبلات عدتهن و هذا أحسن الطلاق (**وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ**) و اضبطوها بالحفظ (**وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ**) حتى تنقضي عدتهن (**مِنْ بُيُوتِهِنَّ**) من مساكنهن (**وَلَا يَخْرُجْنَ**) بأنفسهن (**إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ**) قيل هي الزنا (**وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ**) أي الأحكام المذكورة (**وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ**) (لا تدري أيها المخاطب) (لعل الله يحدث بعد ذلك أمرا) بأن ينقلب قلبه من بغضها إلى محبتها و من الرغبة عنها إلى الرغبة فيها و من عزيمة الطلاق إلى العزم عليه ، فيراجعها ، و المعنى : (فطقوهن لعدتهن و أحصوا العدة و لا تخرجوهن من بيوتهن لعلكم تندمون فتراجعون) [1] .

ئەمجا دەڵێین : مەریوان لە ڕاڤە کردنی ئایەتەکەدا چەند هەڵەیەکی کردووە:

١- تفسير النسفي ، سورة الطلاق ، الاية الاولى .

یەکەم / مەریوان دەڵێت : (له ئایەتێکی دیکەدا نوسراوە ژنانی تەلاقدراو لە مالێ بچنە دەرەوە ئەوە زینا و خراپە دەکەن ، قورئان لە ڕێی موحەممەدەوە ڕوو دەکاتە پیاوان و دەڵێت :

(يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ ... إلخ) .

دەڵێن : ئەم ڕاڤەیە ڕاست نییە ، ئێمە لە باسەکانی پێشووماندا بە تێر و تەسەلی لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەم ئایەتە کردووە ، تکایە ئەگەر بە پێویستی دەزانی بگەڕێرەوە سەر باسەکە .

دووەم / مەریوان لە ڕاڤەی ئایەتەکەدا نووسیویەتی : (ئەی پەیامبەر ئەگەر ژنتان تەلاقدا لە کاتی دیاریکراوی تەپییاندا تەلاقیان بدەن) . **دەڵێن** : ئەم ڕاڤەیە نا ڕاستە ، چونکە ووشەی (لعدتهن) بە ئاشکرا ئاماژە بۆ کاتی پاکی ژنان دەکات ، کە تەلاقی شەرعییە نەك لە کاتی تەپییاندا کە زیانیانی تێدایە و چاوەڕوانکردنەکەیان زیاتر دەبێت .

سێیەم / مەریوان ڕاڤەی بڕگەی (**لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ**) کردووە بە (لە ماڵەکانیان دەریان مەکەنە دەرەوە ، خۆشیان نەچنە دەرەوە ئەگەر ... نا ، ئەوە کاری بەد ڕەووشتی بە ئاشکرا ئەنجام دەدەن) ، **دەڵێن** : ئەم ڕاڤەیە لە مانا و مەبەستی ئایەتەکەوە دوورە ، چونکە ئایەتەکە دەفەرموێت : دەریان مەکەنە دەرەوە لە ماڵەکانی خۆیان و ئەوانیش نابێ دەربچن ، مەگەر کاری خراپە بە ئاشکرا بکەن کە مەبەستی قسەی ناشرینە دژ بە مێرد و کەس و کاری .

چوارەم / مەریوان دەڵێت : (هەر ژنێك ڕەچاوی ئەم یاسایانە نەکات ، سزایەکی سەخت لە ڕۆژی قیامەتدا چاوڕێی دەکات) **دەڵێن** : ئەم نووسینە

ڕاڤەی هیچ دەقێك نییە ، خۆ ئەگەر ڕاڤەی بڕگەی (وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ) بێت ، ئەوە ڕاست نییە ، چونکە ڕاڤەی ئەو بڕگەیە : (هەر کەسێك سنوری خوا ببەزێنێت ئەوە ستەمی لە خودی خۆی کردووە ، ئەگەر پیاو بێت ، ئەگەر ژن بێ جیاوازی .

لەلاپەڕە (٤٠٤) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ بە هۆی زۆری کێشەی تەلاقەوە ، کە گرنگەکانیان لەبەشی فرە ژنیدا باسکراون ، موحەممەد لایەکی لە ئەنجامەکانی ئەم کلتورە کۆمەلایەتییەی نیوە دورگەی عەرەبیش کردووەتەوە ، چەندین ڕێسا و یاسای لە قورئاندا بۆ دارشتووە ، قورئان ڕوو دەکاتە پیاوان و دەڵێت (لَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِنْ طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ)}.

ئێمەش دەڵێین : وا بە باش دەزانین لە پێشدا بچینە خزمەتی تەفسیری (الزمخشري) کە دەفەرموێت : (لا جناح عليكم) لا تبعة عليكم من ايجاب المهر (إن طلقتم النساء ما لم تمسوهن) مالم تجامعوهنّ (او تفرضوا لهنّ فريضة) وفرض الفريضة : تسمية المهر (الموسع) الذي له سعةٌ (والمقتر) الضيق الحال (وقدره) مقدار الذي يطيقه (متاعاً) بمعنى تمتيعا (بالمعروف) بالوجه الذي يحسن في الشرع والمروءة (حقاً) اي متاعاً واجبا عليهم (على المحسنين) على الذين يحسنون الى المطلقات بالتمتيع [١] .

١- تفسير الزمخشري ، سورة البقرة ، الاية (٢٣٦) .

ئەمجا دەڵێین :ئەم ئایەتە باسی حاڵەتێ دەکات زۆر کەم روو دەدات ، جا بۆیە ووشەی (إن)ی بەکارهێناوە کە بۆگومانە ، مانای ئایەتەکە ئەوەیە : ئەگەر ژنتان تەلاقدا پێش جووتبوون و مارەییتان ناو نەبردبوو ، ئەوە گوناهتان ناگات ،ئیتر لەو حاڵەتەدا پێویستە لەسەر چاکە کەران دڵخۆشکەرەیەك (**متعة**) بدەن بەتەلاقدراوەکە .

لەلاپەرە (٤٠٦) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ پیاو بۆی هەبوو لەسەر هەوەس و ئارەزووەکانی خۆی ژن تەلاق بدات و ژنی دیکە بخاتە شوێنی ، بە ئایەتێك ئەم هەقە بە پیاو دراوە : (**وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنْطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا**) }.

لەوەڵامدا دەڵێین : خوای گەورە لەم ئایەتەدا ، ووشەی (إن)ی بەکارهێناوە ، کە ئاماژە بۆ گومانی حاڵەتی تەلاقدەکات ، چونکە حاڵەتی تەلاق نا ئاساییە ، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا مانەوەی ژن و مێرد پێکەوە دەبێتە هۆی کێشە و ئازاوەی زۆر و ژیانیان دەبێتە دۆزەخ ، بۆیە ماوەی تەلاقیداوە .

لەلاپەرە (٤٠٧ تا ٤١٠) مەریوان باسی مارە بەجاش دەکات ولای وایە (لە ڕوانگەی ئیسلامەوە مارە بە جاش یاسایەکە بۆ بەختەوەرکردنی مرۆڤایەتی ، ڕێزگرتنی دوو خۆشەویستە کە دەیانەوێت پێکەوە بژین) ئەمجا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی دوو بەڵگەی هێناوە :

بەڵگەی یەکەم : ئایەتی (**فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ**) .

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

بەڵگەی دووەم : لەلاپەرە (٤٠٨)دا مەریوان پووداوێکی گێڕاوەتەوە (لەسەردەمی پێغەمبەردا (صلی الله علیه و سلم) پیاوێك بۆ جاری سێیەم ژنەکەی خۆی تەلاقدابوو ، ژنەکەش شووی بە پیاوێکی ترکردبوو ، ڕێکەوت وابوو کە زاوای تازە چۆکی بچووك بێت و لە کاتی سێکس کردنیاندا ژنەکە نەگەیشتبووە چێژی تەواو دواتر پیاوەکە تەلاقیدابوو .ژنەکەش چووبوو بۆ لای موحەممەد و پێی وتبوو ، ئەی پێغەمبەری خوا مێردەکەم تەلاقیداوم منیش شووم بە مێردێکی تر کردو هات لەگەڵم جووتبوو ، بەڵام ئەوەی ئەو هەیبوو (چۆکی پیاوەکە) وەك ئەم گوڵێنکەیە وابوو ... ژنەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت : یەکجاریش نەبێت نەهاتووە بەلامدا ، ئەویش منی نەگەیاندە هیچ شتێك (واتە خۆشاویم لێ نەدی) ئایا ئێستا بۆ مێردە کۆنەکەم حەڵاڵم ؟ موحەممەدیش پێی دەڵێت : بۆ مێردە کۆنەکەت حەڵاڵ نیت تا مێردە تازەکەت لە خۆشاوییەکەت نەچێژێ و تۆش لە خۆشاوییەکەی نەچێژیت) .

لە وەڵامدا دەڵێین : با سوود لە پەرتوکەکەی مامۆستای بەڕێز (عمر کمال درویش) وەربگرین کە دەڵێت : (ئەمە کارێکە بەلای جەماوەری زانایانی ئیسلام ڕێی نەدراوە بە پشت بەستن بە چەند فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) کە دەفەرموێ :

ا- نەفرینی خوا لەو کەسەی ئافرەتێك بۆ پیاوێك حەڵاڵ دەکات ،ئەوەش بۆی حەڵاڵ دەکرێت (لعن الله المحلل والمحلل له) سنن ابن ماجه رقم ١٩٣٦ .

ب- ئیبن مەسعود دەڵێت : پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) نەفرینی کردووە لەوەی ئەم کارە دەکات و بۆی دەکرێت (لعن الله المحلل والمحلل له) سنن ابو داود ٣٤١٦ .

چەندین فەرموودەی تر کە (ابن کثیر) لە تەفسیرەکەیدا ڕێگەکانی باس کردوون (ابن کثیر ، سورة البقرة ، الایة ٢٣٠ .

هەروەها ئەم کارە لە ئیسلامدا زانایان بەگوناهی گەورەیان داناوە)[١] .

ئەمجا دەڵێین : ئەم دوو بەڵگەیەی مەریوان نابنە بەڵگە بۆ حەڵاڵ بوونی مارە بە جاش ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، دەبنە بەڵگە بۆ حەرام بوونی بەگوێرەی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

یەکەم : لەئایەتەکەدا (٣) سێ جار ووشەی (إن) ی بەکارهێناوە کە بۆ گومانە ، واتە گومان هەیە کە پیاو ژنی خۆی تەڵاق بدات ، هەروەها گومان هەیە کە پیاوێکی دیکە ئەو ژنە بخوازێت و تەڵاقی بدات ، هەروەهاش گومان هەیە ئەگەر مێردی یەکەمی جارێکی تر ئەو ژنە مارە بکاتەوەو سنووری خوا نەبەزێنن .جا بە کارهێنانی (إن) بەو زۆرییە لە ئایەتێکی

بچوکدا ، ئەوە دەگەیەنێت ، کە ئەم حاڵەتە ، زۆر کەمەو گومان لە پوودانیدا هەیە ، بۆیە ناکرێت و نالۆژیکیە بکرێتە یاسای ئاسایی و پەیڕەو بکرێت و بەحەڵاڵ بزانرێت .

دووەم: لەئایەتەکەدا هاتووە (حتی تنکح زوجاً غیرە) ووشەی (زوج) لە قورئاندا بۆ جووتبونی (گیان و جەستە) یە ،ئەوەتا بۆ نموونە قورئان ووشەی (زوج) ی بەکارهێناوە بەو مانایە کە دەفەرموێت :

(**يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاةَ أَزْوَاجِكَ**) (**النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ**) ، (**يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ** ...الخ)

١- نەزانی و بێشەرمی ، عمر کمال درویش ، لاپەرە (١٥٧).

بەڵام بە پێچەوانەوە هەر کاتێك ووشەی (إمراة) بەکار هێنرابێت ، ئەوە بۆ جووتبوونی ناتەواوە ، وەك (ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَةَ نُوحٍ وَامْرَأَةَ لُوطٍ) ، (وضرب الله مثلا للذين امنوا إمراة فرعون ... الخ).

سێیەم : ڕستەی (حتى تنكح زوجاً غيره) لێرەدا ووشەی (غير) سیفەتە بۆ ووشەی(زوج) واتە دەبێ ئەو زەوجە زەوجێ دیکە بێت ، سەرباری ئەمەش ، ووشەی (تنكح) ڕستەیەکی (فعلیە) یە ئاماژە بۆ (تجدد) و (استمرار) لە داهاتودا دەکات ، بەواتەیەکی دیکە : دەبێ ڕستەی (حتى تنكح زوجاً غيره) بەتەواوی (زوج) بێت و بەبەردەوامی بێت نەك بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە لەزەواجی مارە بەجاشدا دەبێت .

چوارەم: ئەو ڕووداوەش کە مەریوان کردوویەتی بەبەڵگە بە هیچ جۆرێك نابێتە بەڵگە ، چونکە بە گوێرەی پرسیاری ژنەکەو وەلامی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) ، ئەو ڕووداوە بەڕێکەوت بووە ، ئیتر چۆن دەبێتە بەڵگە بۆمارە بە جاش کە بەمەرجی تەلاقدان دەکرێت و بۆ ماوەیەکی کەم .

پێنجەم : ئەو فەرموودانەی سەرەوەش کە پێش ئێستا تۆمارمانکردن ، بە ئاشکراو بەڕوونی ئاماژە بۆ حەرام بوونی مارە بەجاش دەکەن .

لەلاپەڕە (٤١١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{کەڵە ژنێك بڕیار دەدات هەرگیز نەکەوێتە بەر بەزەییەکانی مێردو لەژێر سێبەری یاساکانی ئیسلام و مێردە موسوڵمانەکەیەوە ئیهانە نەکرێت .

عن أبي هريرة (رض) قال :جاءت إمراة الى رسول الله (ص) ، فقالت يارسول الله انا فلانة بنت فلان ،قال قد عرفتك فما حاجتك ، قالت حاجتي الى إبن عمي فلان العابد ، قال رسول الله (ص) : قد عرفته ، قالت يخطبني ، فأخبرني ما حق

الزوج على الزوجة ، فإن كان شيئا اطيقه تزوجته ، وإن لم أُطِق لا اتزوجه ، قال من حق الزوج على الزوجة أن لو سالت منخراهُ دماً وقيحاً وصديداً فلحسته بلسانها ما ادّت حقه ،لو كان ينبغي لبشرٍ أن يسجد لبشرٍ لأمرت المراة أن تسجد لزوجها إذا دخل عليها ، لما فضّله الله عليها .قالت والذي بعثك بالحق لا اتزوج ما بقيت في الدنيا هذه } .

ئێمەش دەڵێین : وا بەباش دەزانین سوود لەپەرتوکەکەی مامۆستای بەڕێز دکتۆر عوسمان هەڵەبجەیی وەربگرین کە دەڵێت : (ئەم بەسەر هاتە لە ڕاڤەکاری بەناوبانگی ئیسلام (ابن كثير) دەگێڕێتەوە و ئاماژە بۆ سەرچاوەی (تفسير ابن كثير ٢٧٨/١) دەکات و دەڵێت : ڕۆژێك بێوەژنێك هاتە لای پەیامبەر و پێی ووت ئەی پەیامبەری خوا من فلانی کچی فلانم ، پەیامبەر ووتی : ئێستا ئەتناسم چیت هەیە؟ ژنەکە ووتی ، شتێکم دەربارەی ئامۆزاکەم هەیە کە فلانی کوڕی فلانە ، پەیامبەر ووتی ئەیناسم ، ژنەکە ووتی ئەو داوام دەکات دەیەوێ شووی پێ بکەم ، پێم باڵێ هەقی مێرد بەسەر ژنەوە چییە ، ئەگەر لە توانامدا هەبوو ئەوا شووی پێدەکەم ، ئەگەر نا ئەوا شووی پێناکەم . پەیامبەر ووتی : هەقی مێرد بەسەر ژنەوە ئەوەیە ئەگەر ژنەکە زمانی لەناو کێم و جەراحەت و خوێن و پیساییدا بۆ مێردەکەی بگێڕێ هێشتا هەقی مێردەکەی نەداوە ، ئەگەر بکرایە ئادەمیزاد جگە لە خوا کڕنوشی ببردایە ئەوا دەبوو ژن کڕنوش بۆ مێردەکەی ببردایە (هو جنتك ونارك) ئەو بەهەشت و دۆزەخی تۆیە . هەر ئەوەندە هەقی مێرد بەسەر ژنەوە هەیە . ژنەکەش ووتی : سوێند بەوەی تۆی بۆ ئێمە ناردووە هەتا لەم دونیایەدا بمێنم شوو ناکەم.لێرەدا ئەم چەند ڕەخنەو سەرنجە تۆمار دەکەین :

یەکەم : وەك ووتمان مەریوان ئاماژە بۆ تەفسیر (ابن کثیر ١/ ٢٧٨) دەکات، بەڵام ئەم ڕووداوە نەك لەو لاپەڕە ئاماژەپێکراوەدا نییە بەڵکو لەهەر چوار بەرگی تەفسیرەکەدا بەدی ناکرێت.

دووەم : هیچ کتێبێکی تەفسیر بەسەرچاوەی حەدیس و فەرمودە دانانرێت.

سێیەم: گەر نووسەر کەمێك شارەزایی لە زانستی فەرمودە (علم الحدیث) دا بوایە دەگەڕایەوە سەرچاوەکانی دەرهێنانی حەدیس و فەرموودە و دەیزانی ئەم ڕیوایەتە لە کوێ هەیە ؟ تا چەند ڕاستە ؟ بەبەڵگە دادەنرێت یان نا ؟ .

دوای گەڕانەوەم بەسەرچاوەی ئایەت بەم بوارە بۆم ڕوون بووەوە کە ئەم ڕیوایەتە ڕاست نییە و بە زمانی زانستی فەرموودە : لاوازە و لاوازیش نابێتە بەڵگە لە ئەحکامی شەرعیدا .

ئەم ریوایەتە لە سوننەنی ئەبو داوود و بەیهەقی و بەزازو چەند کتێبی دی هاتووە بەڵام لە هیچ یەکێك لەم سەرچاوانەدا بە سەنەدێکی ڕاست و وەرگیراوە نەهاتووە ، چونکە لەسەنەدی ئەم ریوایەتەدا (سلیمان بن داود الیمامی یاخود الیمانی) هاتووە کە زانایان بەتێکڕا ڕایان لەسەر نییەو بەلاوازیان ناوزەد کردووە . ئیمامی بوخاری لە دەربارەیەوە دەڵێت (منکر الحدیث) وەلە جێگەیەکی دیدا دەڵێت : (کل من قلت فیه منکر الحدیث فلا تحل الروایة عنه) واتە بەهەرکەسێکم ووت (منکر الحدیث) ئەوە دروست نییە ریوایەتی حەدیسی لێوەربگیرێت (الحافظ بن معین) کە یەکێکە لە شاسوارانی ئەم مەیدانە دەڵێت :(لیس بشي ء) واتە هیچ نییە . زانای گەورەی ئەم بوارە (الحافظ بن حجر

الهیتمی) دەڵێت (ضعیف جداً) واتە زۆر لاوازە) [1] .

ئەمجا دەڵێین : مامۆستای بەڕێز دکتور عوسمان هەڵەبجەیی ئەم فەرمودەیەی بەلاواز لەقەڵەم داوە بە گوێرەی ئەو ڕیوایەتانەی ئاماژەی پێکردوون .بەڵام بە ڕای ئێمە لەگەڵ لاوازی فەرموودەکەشدا ،لەئەقلیشەوە زۆر دوورە و جێگەی متمانە نییە ، چونکە بە گوێرەی ریوایەتەکە ، ئەو ژنە پرسیارەکەی کردووە بێوەژن بووە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ مێردی خۆیدا کردووە و بێئاگا نەبووە لە ئەرکی پیاوان لەسەر ژنان و لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا ژیاوە .لەلایەکی دیکەوە ئامۆزای (خواپەرست) ی خۆی خوازبێنی کردووە ، بە تاکید ئەگەر شووی پێبکردایە هەر نوقسانییەکی ببوایە لەگەڵیدا لێبوردە دەبوو . جگە لەمەش ئەو سوێندە تووندوتیژەی ئەو ژنە گومانی زیاتر دەخاتە سەر ڕاستی حەدیسەکەو پلەی دادەبەزێنێتە سەر سفر .سەرباری هەمو ئەمانەش ئەم حەدیسە دژی ئایەتەکانی قورئانە بەتایبەت ئایەتی (ولهن مثل الذي علیهنّ بالمعروف) هەروەها دژی فەرمودەکانی پێغەمبەریشە (صلی الله علیه و سلم) لەم بوارەدا.

لەلاپەڕە (٤١٢) دا مەریوان نووسیویەتی :

{خەتەنە کردن ، بڕینی گۆشتی سەری چۆکی پیاوان و قیتکەی ئافرەتان . بۆ نێر سەری چۆك زیاتر دەخرۆشێنی و چێژی سێکس زیاتر دەکات ، بۆ مێیش دەبێتە هۆی دامرکانەوەی خرۆشاندنی زێیی و کوشتنی یان

١- سەرابەکان نابنە کانی ، دکتۆر عوسمان هەڵەبجەیی ، لاپەڕە (٣٥-٣٦) .

کەمکردنەوەی چێژەکەی بەرێژەیەکی زۆر ، خەتەنەکردنی پیاوان بێت یان ژنان ، لە ئیسلام و یەهوودییەتدا بەکارێکی زۆر باش دانراوە }.

ئێمەش دەڵێین : خەتەنە کردن دەستوورێکی ئیسلامی جوانە و پاکی و تەندروستی تێدا بەدی دەکرێت ، بەڵی ئەو کاتە رەخنەکەی مەریوان لە جێگەی خۆیدا دەبوو ئەگەر زانستی تازەی ئەمرۆ بەکارێکی خراپی بزانیبایە ، بەڵام بە پێچەوانەوە ، زانستی تازەش پەسەندی دەکات و بەکارێکی باشی دەزانێت .

لەلاپەرە (٤١٧ تا لاپەرە ٤٢٠) مەریوان باسی دەربێ دەکات گوایە دەستوری عەرەب نەبووەو لە نەتەوەکانی دیکەوە وەریان گرتووە ، ئێمەش لەبەر ئەوە ئەمە باسێکی مێژوویی و پێویست بە وەلام ناکات وئێمەش هیچی لەسەر نانووسین .

لەلاپەرە(٤٢١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{ دیمەن و مژین و گوشینی مەمکی ئافرەت ، شێوازێکە لە شێوازەکانی خرۆشاندنی سێکس و کردەیەك و دیاردەیەکی جیهانییە . بەڵام شێوەو ڕوخسار ، جۆرو ڕەنگ، یاریکردن و لێساندنەوە و مژینی گۆی مەمك، گوشین ، هەڵگڵۆفین ، بەپێی خواست و ئارەزووی کۆمەڵگاکان گۆڕاون }. هەروەها لەسەری دەڕوات و درێژە بە باسی مەمك دەدات تا لە کۆتاییدا دەڵێت :

(ئەوەی شایەنی باسە ئیسلام داهێنانێکی نوێی بۆ ئەنجامدانی مژینی مەمك هێناوەتە ئاراوە .نەك بۆ سێکس ،بەڵکو بۆ خزمایەتی و چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی ،ئەو یاسایەش مژینی مەمکی ئافرەتانە لەلایەن پیاوانەوە بەحەڵاڵی . گەر پیاوێك ویستی ژنێکی بێگانە لەخۆی حەرام بکات و ژنەکە وەك

دایکی یاخود وەك خوشکی ببینێت ، ئەوە پێویستە مەمکی ژنێکی ئەو خێزانە بمژێت .گەر ئەمە رووبدا ، ئەگەر رۆژێك لەرۆژان ئەو پیاوە لەگەڵ ژنێکی ئەو خێزانەدا پێکەوە بینران و کەسیان لەگەڵ نەبوو ، گومانی سێکس بازییان لێناکرێت }.

ئێمەش دەڵێین : بە سوود وەرگرتن لە پەرتوکەکەی مامۆستای بەڕێز عمر کمال دەرویش کە نووسیویەتی :

لەلاپەڕە (٢٤٩) دا لەباسی مژینی مەمکدا دەنووسێت (واتە مەریوان):

{صەحابەکان ئەگەر چی ریش و سمێڵیشیان هەبووە بەڵام بە حیلەی شەرعی مەمکی ژنیان مژیوە ، ئەمەش تەنها لەسەردەمی پەیامبەردا بە زۆری رووبداوە و لەدوای ئەو بەرەو نەمان چووە . پاشان باسەکەی (سهلة بنت سهیل) دەهێنێتەوە بەبەڵگە}.

دەڵێین :

١- (صەحابەکان ئەگەر چی ... لەسەردەمی پەیامبەردا بەزۆری رووبداوە) ئەمانە هەمووی چەواشەکاری و خۆڵکردنە چاوی خەڵکی سادەیە ، چونکە بە پێی هەموو سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان :

ا- تەنها یەك کەس مەمکی ژنی مژیبوو ، ئەویش بۆ مەبەستێکی شەرعی و دیار ، کە پاشان باسی دەکەین .

ب- گەر مەریوان ڕاستەکات لەوەی کە دەڵێت بە(زۆری) ئەی بۆ تەنها بەسەرهاتەکەی (سهلة)رووبدابێت!.

ج- ئەو رووداوەی (سهلة) هیچ پەیوەندی بە چێژی سێکسەوە نییە وەك دواتر ئاماژەی پێدەکەین .

٢-رووداوەکە وەك لە (صحیح مسلم) دا و گەلێك جێگەی تردا هاتووە ئەوەیە کە ژنێك بەناوی (سهلة بنت سهیل) بەفەرمانی پێغەمبەر شیر دەدات بە کەسێك بەناوی (سالم) ەوە چونکی زۆر زۆر هامشۆی دەکردن و تێکەڵاوییان بووە ، ئەم ئافرەتەش وای بینیوە کە مێردەکەی پێی ناخوشبێت .ئەم (سالم) ە بێتە لایان،بۆیە ئافرەتەکە بۆ رێگە چارە دەچێتە لای پێغەمبەرو ئەویش ئەو رینموونییەی دەکات ، ئیتر ئافرەتەکەش وا دەکات لەپاشان ئافرەتەکە دەڵێت ئەو پێ ناخۆشبوونەی جارانم بەدەم و چاوی مێردەکەمەوە نەدەبینی) [١] .

٣- ئەم(سالم)ە هەر لە منداڵییەوە لەلای (سهلة) و(ابو حذیفة) ی مێردی بووە و ئەوان کردبویان بە منداڵی خۆیان و بە خێویان دەکرد ، چونکە ئەمە کارێکی باوبووە گەر کەسێك منداڵێکی هەڵبگرتایەوە و بیکردایە بەمنداڵی خۆی ئیتر بە منداڵی خۆی تەماشای دەکرا، ئەوەبوو پاش هاتنە خوارەوەی ئایەتی (پێنج) ی (الاحزاب) ئەو باوە هەڵوەشێنرایەوە .جا (سهلة) دەچێت بۆ لای پێغەمبەر پیی دەڵێ کە (سالم) وەك منداڵی خۆمان سەیری دەکەین و لەگەڵماندا لەیەك ماڵدا دەژی زۆر ڕێزم لیدەگرێت و خۆشت دەزانی کە خوا چی دابەزاندوە لەم بارەیەوە ، کەوایە تۆ چیم پێ دەڵێی ، پێغەمبەر (ص) رینموویی دەکات کە پێنج جار شیری بداتێ ئەویش وا دەکات .

٤- ئەم باسە وانییە کە مەریوان وای بۆ چووە ، چێژ وەرگرتنی سێکس بێت ، بەڵکو ئەمە بابەتێکی (فیقهی) یە و لە مێژەوە وەك تەواوی بابەتە (فیقهی) یییەکان تر زانایان قسەیان لەسەر کردووە ، کە ئایا (ئەگەر کەسێك بە

١- صحیح مسلم ، باب رضاعة الکبیر ، رقم (١٤٥٣).

گەورەیی شیری ئافرەتێك بخوات دەبێتە منداڵی ... یان ... نا ، ئەمە لەو لایەنەوەیە نەك شتی تر) [1] .

ئەمجا دەڵێین : لەمەسەلەی شیر خواردندا ، لای زانایانی ئیسلام چەند ڕایەکی جیاواز دەردەکەوێت ، بەڵام بەلای ئێمەوە ئەوەی لۆژیکی و ڕاست بێت ، دەبێ لەتەمەنی شیرخواردنی منداڵدابێت ، چونکە بەدەر لەو تەمەنە ، نابێتە هۆی ژیان و گەورەیی شیرخۆر .

دەربارەی مەسەلەکەی (سهلة) ئەوە حاڵەتێکی تایبەت بووە بەوەوە و کەسێکی دیکە ئەو کارەی نەکردووە ، چونکە ئەگەر بکرایە و ڕەوا ببوایە ، ئەوە لە دوای پێغەمبەریش (صلى الله عليه و سلم) بەردەوام دەبوو .تەنانەت خودی مەریوانیش لەلاپەڕە (٤٢٥) دا دەڵێت (تەنها لەسەردەمی موحەممەد دا بە زۆری کراوە) .

لەلاپەڕە (٤٢٩) دا مەریوان نووسیویەتی :

{پیاوان بە پێی کلتووری کۆن و یاسای ئیسلام خاوەنی چەندین ڕێگان بۆ تێربوونی سێکس }ئەمجا لە دریژەی نووسینەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە موسوڵمانان لە سەفەردا(موتعە) یان کردووە و لە غەزایشدا لەگەڵ ژنە دیلەکاندا کاری جووتبونیان ئەنجام داوە .بەڵام هەندێ لەو صەحابانە لەتواناياندا نەبووە غەزا بکەن و کەنیزەکیان دەسکەوێت بۆ سێکس کردن هەڵیان کوتاوەتە سەر ئەو ژنانە کە مێردەکانیان لەغەزادا بوون ، بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونەی :

١- نەزانی و بێشەرمی ، عمر کمال درویش ، لاپەڕە (١٥٢ ، ١٥٣ ، ١٥٤) .

یەکەم: لاپەرە (٤٣٠) کە دەڵێت : (زۆربەی بەسەر هاتەکان لەبەر ئەوەی پەزامەندی ژنەکەی لەگەڵدا بووە و زیاتر بە شەو و بە پەنهانی کراوە ، لەسەرچاوەکاندا تۆمار نەکراوە) .

دووەم : دوو فەرمودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) :

ا – قال رسول الله (صلی الله علیه و سلم) : إذا أطال احدکم الغیبة فلا یطرق اهله لیلاً.

ب–قال رسول الله (صلی الله علیه و سلم) : حرمة نساء المجاهدین علی القاعدین کحرمة امهاتهم .

ئێمە بۆ بەڵگەی یەکەمی (٤٣٠) دەڵێن : بۆیە سەرچاوەکان هیچیان لەو بارەیەوە تۆمار نەکردووە ، لەبەر نەبونی ، نەك (لەبەر ئەوەی پەزامەندی ژنەکەی لەگەڵدابووە) ئیتر خوێنەر خۆی دادوەربێت .

دەربارەی فەرمودەی (ا) دەڵێن : پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لەم فەرمودەیەدا ، ئاموژگاری موسوڵمانان دەکات گەر لەسەفەرێکی دورەوە هاتنەوە لەشەودا ، بەناکاو لەدەرگا نەدەن ، لەبەر ئەوەیە لەوانەیە ئەو ژنانە خۆیان ئامادە نەکردبێت بەو شێوەیە کە مەبەستیانە مێردەکانیان بیانبینن ، هەروەها مەزەندە دەکرێت ئەو کارە ببێتە هۆی گومان و دڵپیسی لە نێوانیاندا و هاوسەرگیریان بکەوێتە کێشەوە .

دەربارەی فەرموودەی (ب) دەڵێن : ئەوە وەك پێزانین و رێزگرتنێکە لە رۆڵی ئەو ژنانە ، لەهەمان کاتدا ئاموژگاریشە بۆ موسوڵمانان دەبێ وەك دایکی خۆیان تەماشای ژنانی صەحابەکان بکەن ، ئیتر هەلکوتانە سەر خەیاڵەو لە راستییەوە زۆر دورە .

لەلاپەرە(٤٣١) مەریوان نووسیویەتی :

{ئیمامی موسلیم نووسیویەتی : (فاطمة بنت قیس) کاتێك مێردەکەی سێ بەسێ تەلاقیدەدا ، زۆر لەوە ترساوە بە شەو هەڵبکوتنە سەری ،چونکە بە تەنها ژیاوە . چووەتە لای موحەممەد پێی وتووە :ئەی پەیامبەری خوا زۆر دەترسم شەو هەڵبکوتنە سەرم ، موحەممەدیش فەرمانی پێکردووە لەو شوێنە نەمێنیتەوە }.

لەوەڵامدا دەڵێین : ئەگەر ئەو ژنە ترسابێت ،هیچ گومان لەوەدا نییە کە لە دووڕووەکانی مەدینە ترساوە. لێرەدا ئەم رووداوە خودی مەریوان بەدڕۆ دەخاتەوە ، کە مەزەندەی خراپ بە ژنە صەحابەکاندا دەبات و دەڵێت (رەزامەندی ژنەکەی لەگەڵدا بووە) .

لەلاپەرە(٤٣٢) دا مەریوان نووسیویەتی :

{نێرەموکی ،یا هەڵگری ئاکار ،یاخود دەرکەوتنی پێکهاتەی لەشی نێرینەو مێینە لە ڕەگەزەکەی تردا ، یەکێکە لە دیاردە سروشتییەکانی ئادەمیزاد) ئەمجا درێژە بەنووسینەکەی دەدات و دەڵێت (ئەم دیاردە سروشتییە ، ئەگەر چی تەواو ،تەواو پەیوەندی بە گۆڕانکارییە بالۆژییەکانەوە هەیە ، مرۆڤ نێربێت یاخود مێ ، کە هیچ خەتایەکی لەم پێکهاتەیەی خۆیدا نییە ، بەڵام ئیسلام شارەزایی لەم مەسەلەیەدا نەبووە ، موحەممەد درکی بەم ڕاستییە سروشتییە یا بەم گۆڕانکارییە بایلۆژییە نەکردووە و نەیزانیوە چییە ، ڕەفتاری ئەوانەی لا پەسەند نەبووە و بەشووڕەیی داینـاوە ،لەبەر ئەم هۆیەش یاسایەکی ڕەشۆکیانەی بەسەردا سەپاندن کە ئەویش :

لعن رسول الله (ص) المتشبهين من الرجال بالنساء والمتشبهات من النساء بالرجال وقال اخرجوهم من بيوتكم}.

ئێمەش دەڵێین : باشە با بزانین کە لەزانستی (صرف) دا هەر کردارێك کرایە سەر وەزنی (تفعّل) مانای (تکلّف) دەدات ،واتە بەگران و نائاسایی .

ئینجا لە فەرمودەکەدا ، ووشەی (المتشبهين)ی بەکار هێناوە کە لەسەر وەزنی (المتفعلين)یە و مانای بەزۆر (شوبهاندن) دەدات ،هەروەها ووشەی (المتشبهات)یش لەسەر وەزنی (المتفعلات)ە و بۆ هەمان مەبەست بەکاری هێناوە ، بۆ رونکردنەوەی زیاتر ،ئەگەر گوتمان (خرج محمد من الجامعة) مانای وایە محمد بەشێوەیەکی ئاسایی رۆیشتووەتە ناو زانکۆوە و دەرچووە ، بەڵام ئەگەر گوتمان (تخرّج محمد من الجامعة) مانای وایە بە گرانی و ناخۆشی لەدوای خوێندن و ماوەیەکی زۆر دەرچووە و بڕوانامەی زانکۆی وەرگرتووە. کەواتە پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) لەو فەرمودەیەدا ، نەفرەتی لە نێرەموك نەکردووە ، کەکارێکی خواییە و سروشتییە ،بەڵکو نەفرەتی لەو پیاو و ژنانە کردووە کە قایل بەفەرمانی خودا نابن و خۆیان دەشوبهێنن بە یەکتر ، بەو جۆرە پیاو بەرگی ژن لەبەر دەکات و لە ڕەوشت و هەڵسو کەوتدا خۆی وەك ئەو پێشاندەدات و دیاردە سروشتییەکانی خۆی بەزۆر دەگۆڕێت ، ژنیش بەهەمان شێوە . بەڵگەش بۆ ئەم بۆچونەمان ئەوەیە ، کە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام ، یەك زانایەکی ئیسلامی نەفرەتی لە نێرەموك نەکردووە ، چونکە زانیویانە کە نێرەموکی کارێکی سروشتییە و دەستی مرۆڤی تێدا نییە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە شەریعەتدا چەند ئەحکام و یاسایان بۆ تەرخان کردووە .

لەلاپەرە (٤٣٥) دا مەریوان نووسیویەتی :

{عومەری کوڕی خەتتاب قارەمانی چەندین چیرۆکی سێکسییە و دەکرێت چەندین تەفسیری جیاوازیشیان بۆ بکەین .لەوانە ئایەتێك لە سورەتی بەقەرەدا هەیە .دەمانباتە ناو باسێکی ئەم زاتەوە :

(نساؤكم حرث لكم فاتوا حرثكم انّى شئتم)

ژنەکانتان کێڵگەتانن چونتان دەوێت بیانکێڵن .

هۆی هەبوونی ئەم ئایەتەش دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لەو ڕووداوە سێکسییەکانی عومەر کە لەدواوە لەگەڵ ژنەکەیدا جووت بووە، چیرۆکەکەش بەم شێوەیەیە :

جاء عمر بن الخطاب الى رسول الله فقال يارسول الله هلكت قال وما الذي اهلكك قال حوّلت رحلي البارحة،قال فلم يرد عليه شيئاً قال فأوحى الله الى رسوله (ص) هذه الاية : نساؤكم حرثٌ لكم فأتوا حرثكم انّى شئتم.

لە (ابن عباس) ەوە دەگێڕنەوە : (عمر)ی کوڕی خەتتاب هاتە لای محمد و ووتی : ئەی نێررواوی خودا سەرگەردان بووم !

محمد پێی دەڵێ : چی سەرگەردانی کردیت ؟

عمر دەڵێ : ئەمشەوی ڕابردوو بارگەکەم بۆ شوێنێکی دیکە گواستەوە (واتە لەشوێنێکی دیکەوە چومە لای ژنەکەم) .

محمد هیچ وەلامێکی ناداتەوە ، ئیتر خوا بەوەحی ئەم ئایەتە دەنێرێت بۆ محمد: ژنەکانتان کێڵگەتانن چۆنتان دەوێت بیانکێڵن .

بەڵگە بۆ ڕووداوی ئەم چیرۆکە زۆرە و نکۆڵی لە ڕووداوی ناکرێت کە عمر لە دواوە لەگەڵ ژنەکەی جووتبووە ، بەڵام ئایینزاکان بەشێوەیکی دیکە

لێکدانەوەی بۆ دەکەن و دەڵێن:عمر لە دواوە سێکسی لەگەڵ ژنەکەی کردووە بەڵام نەیکردووە بە کونی دواوەیدا بەڵکو کردوویەتی بە زێیدا}.

ئێمەش دەڵێین : بۆچوونەکەمان بە چەند خاڵێك تۆمار دەکەین :

یەکەم :ئیمامی(عمر) دەفەرموێت : (بارگەکەم بۆ شوێنێکی دیکە گواستەوە) واتە لە پێشەوە سێکسم دەکرد ، بەڵام شەوی ڕابردو لە دواوە کردم . ئەمجا لەبەر ئەوەی باسی کونی دواوەو پێشەوەی نەکردووە، یەکسەر بیری مرۆڤ بۆ کونی ئاسایی دەڕوات ، چونکە ئەگەر مەبەستی کونی دواوە بوایە دەبوایە باسی بکردایە تا بزانرایە .

دووەم: لەبەر ئەوەی ئیمام زۆر لەخوا ترس بووە ، ترساوە ئەو کارەی کردوویەتی بشوبهێتە کاری قەومی (لوط) و بەتاوان لەسەری بژمێردرێت .

سێیەم: بەگوێرەی دابەزینی ئایەتەکەی سورەتی (البقرە) ئەم روورداوە لەمەدینەبووە ،بێگومان ئیمام بەئاگا بووە لەو ئایەتانەی کە لەمەککەدا دابەزیون دژی کردەوەی قەومی (لوط) هەروەها ئەو فەمودانەشی زانیوە کە هەڕەشەی توندو تیژیان لەو کەسانە کردووە کە کاری قەومی(لوط) ئەنجام دەدەن ،بەتایبەت لەگەڵ خێزانی خۆیاندا .ئیتر چۆن دەڕواتە ئەقڵەوە ئیمامی لە خوا ترس ئەو تاوانە ئەنجام بدات !

چوارەم: ئیمامی عمر (فطرە) ی زۆر ڕاست و بێگەرد بووە ، بەڕادەیەك زۆر جار ئایەت دابەزیوە بۆ پەسەندی بۆچوونەکانی ، بۆیە مەحاڵە ئەو زاتە ئەو کارەی کردبێت ، کە بەئاشکرا دژی (فطرە) یەتی !

پێنجەم : کاری قەومی (لوط) مەزەندە دەکرێت لەکەسێك کە توشی (شذوذ جنسي) هاتبێت ،بەڵام زۆر دورە لە کەسێکی لە خواترس و تەمەن گەورەوە ،

كه ڕانەهاتبێت لەسەر ئەو كردەوە پیسە و قێزەوونە .

شەشەم : ئێمە داكۆكی لەسەر ئەوە ناكەین ئیمام (معصوم) بووە و هیچ گوناهێكی نەكردووە ،بەڵام داكۆكی لەسەر ئەوە دەكەین ، كە كردەوەی قەومی (لوط) دژی (فطرە) یە و مرۆڤی ئاسایی ئەو كارە ناكات نەك ئیمام .

لەلاپەڕە(٤٣٦) دا مەریوان نووسیویەتی :

{حەڵاڵ و حەرام بوونی سێكس لەدواوەی ژن تا ئێستا لەلای مەزهەبەكان یەكلایی نەبووەتەوە ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئایەتەكە كە مانایەكی تەومژاوی هەیە }.

ئێمەش دەڵێین : چاك وایە سوود لە پەرتوكەكەی مامۆستای بەڕێز (دكتور عوسمان)هەڵەبجەیی وەربگرین كە دەڵێت: (عن أبي هريرة قال: قال رسول الله (ملعون من أتى إمرأته في دبرها) نەفرەت لێكراوە (ملعون)ە ئەو كەسەی لەدواوە بچێتە لای خێزانەكەی .

عن ابن عباس ،قال :قال رسول الله(ص) (لا ينظر الله الى رجل أتى رجلاً أو إمرأةً في الدبرِ) خوای گەورە سەیری پیاوێك ناكات كە چووبێتە لای پیاوێك یاخود ژنێك لەدواوە ، واتە رەحمی پێناكات و بەر سۆز و بەزەیی خوا ناكەوێت.

عن أبي هريرة قال:

قال رسول الله(ص) (من أتى حائضاً أو إمرأةً في دبرها أو كاهناً فصدّقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمدٍ) ،هەركەسێك بڕواتە لای ژنێك لە سوڕی مانگانەیدا یاخود لە دواوەی ،یاخود بچێتە لای فاڵچییەك و باوەڕی پێ بكات

،ئەوە بێ باوەڕە بەوەی کە بۆ (محمد) (صلی الله علیه وسلم) هاتووەتە خوارەوە ، واتە بە قورئان .

عن خزیمة بنت ثابت قالت :

قال رسول الله (ص) : إن الله لا یستحیي من الحق لا تأتوا النساء في ادبارهنَ.

خوای گەورە لە هەق شەرم ناکات ، مەچنە لای ژنەکانتان لە دواوە .

زانای گەورە و ناوداری ئیسلام ئیمام نەوەوی دەفەرموێت : (واتفق العلماء الذین یعتدّ بهم علی تحریم وطء المراة في دبرها حائضاً کانت او طاهراً لاحادیث کثیرة مشهورة)

بەکورتییەکەی واتە :

ئەو زانایانەی کە جێی متمانەن لەسەر ئەوە کۆکن کە جووتبوون لەگەڵ ژندا لەدواوە حەرامە ، جا – لەکاتی سوڕی مانگانەدا بێت یان پاك بێت– ئەمەش لەبەر چەند فەرمودەیەکی زۆری ناسراو)[1] .

ئەمجا دەڵێین : ئایەتەکە دەفەرموێت : (نساؤکم حرث لکم) واتە ژنەکانتان کێڵگەتانن ، لێرەدا تەشبیهی ژنانی بە کێڵگە کردووە لەسەر شێوەی تەشبیهی (بلیغ) لەبەر ئەوە هەردووکیان وەك یەك ، بەرهەم هێنەرن و ئاوەدانی دونیا و بەردەوامی لەسەر هەردولایان وەستاوە بێجیاوازی ، جا بەمە دەردەکەوێت کە مەبەستی کونی پێشەوەیە، چونکە کونی دواوە ،ئەندامێکی ئاساییە وەکو ئەو دوای ئەندامەکانی مرۆڤ (فأتوا حرثکم انّی شئتم)واتە بڕۆن بۆ لای کێڵگەکانتان

١– سەرابەکان نابنەکانی: دکتۆر عوسمان هەڵەبجەیی ، لاپەڕە (١٦٣ ، ١٦٤ ، ١٦٥)

لە کوێوە نارمزو دەکەن ،بەڵام بەمەرجێك بیکەنە کونی پێشەوەدا ،چونکە ووشەی (حرث) ی (إضافة) کردووەتە سەر (کم) کەمانای عائیدییەت دەدات .واتە (مضاف) لەمانادا دەبێتە عائیدی (مضاف الیه) ئەمەش ئامازەیە بۆ کونی پێشەوە ، کە عائیدییەتی تێدا مەزەندە دەکرێت ،لەبەر ئەوە نەیگوتووە (فأتوا الحرث) .(وقدّموا لانفسکم) ئەم ڕستەیە ئامازە دەکات بۆ کاری چاکە کە جووتبوونە لەپێشەوە نەك لەدواوە کە کاری خراپەیە) لە لایەکی دیکەوە ، ڕستەی (قدموا)بەشێوەیەکی ناڕاستەو خۆ ئامازەیە بۆ کونی پێشەوە ،(واتقوا الله) واتەلەخوا بترسن و سنووری مەبەزێنن کە جووتبوونە لەدواوە (واعلموا انکم ملاقوه) ئەم بڕگەیە لەگەڵ بڕگەی (واتقوا الله)دا بەئاشکرا هەڕەشەیە لەو کەسانە کە سنووری خوا دەبەزێنن و لەکونی دواوە سێکس ئەنجام دەدەن (وبشر المؤمنین) ئەم ڕستەیەش مزگێنییە بۆ ئەو کەسانە کە فەرمانی خوا بەتەواوی جێبەجێ دەکەن ، لە پێشەوە لەگەڵ خێزانی خۆیاندا سێکس دەکەن.

لەدوای ڕاڤەی ئایەتەکە گەیشتینە ئەو ئەنجامە کە خوای گەورە لە ئەزەلدا زانیوێتی کە هەندێك لەکونی دواوە سێکس بەحەڵاڵ دەزانن ، بۆیە لە چەمکی ئایەتەکەدا ئەو هەڕەشە توندوتیژەی کردووە ، چونکە ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە نەبوایە بڕگەی (نساؤکم حرث لکم فأتوا حرثکم انّی شئتم) بەتەواوی مەبەستی خۆی دەپێکاو پێویست بەو دوای ئایەتەکە نەدەبوو ، بە واتایەکی دیکە ڕستەکانی (وقدموالانفسکم،واتقوا الله ،واعلموا انکم ملاقوه ،وبشر المؤمنین) زیادو بێ مانا دەبوون ، کەئەمە مەحاڵە لەقورئاندا ڕوو بدات .

لەلاپەرە (٤٣٨) دا مەریوان نووسیویەتی :

{نیوە دورگەی عەرەبیش دیاردەیەکی بەربلاوو کلتورێکی دەولەمەندی لە سێکسدا هەیە ، کەسێکی وەك عومەریش ئەزمونێکی گەورەی لە سێکسدا هەبووە .بەپێی سەرچاوەکان نۆ ژنی هەبووە ، ئەو کاتەی عومەر داوای (أم کلثوم) ی کچی عەلی کوڕی ئەبی تالیبی کردووە جیاوازی نێوان تەمەنی ئەو و (ام کلثوم) نزیکەی پەنجا سالّ بووە} .

ئێمەش دەڵێین : زەواجی صەحابەکان بەتایبەت ئیمام (عمر) بەتەنها بۆ خۆشی و ڕابواردنی دونیایی نەبووە ، بەڵکو بۆ زیادبوونی نەوەی صەحابەکان بووە ، هەر وەکو ئیمام لە فەرموودەیەکیدا ئاماژەی بۆ کردووە ، سەرباری ئەوەش ، ئەو زەواجە جێگەی شانازی و کامەرانی ئیمام بووە لەدونیاو لە قیامەتیشدا ، چونکە کچی ئیمام (علی) و کچە زای پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) بووەتە هاوسەری، هەروەها خوای گەورە لە ئەزەلدا زانیوێتی کە هەندێك خەڵکان دەبن ئیمام (عمر) بە دووژمنی (أهل البیت) دەزانن، بۆیە نوسیویەتی کە کچی ئیمام (علی) ببێتە خێزانی تاوەکو ڕەتی ئەوانە بداتەوە، ئیمەی موسوڵمانیش بەو جۆرە تەماشای ئەو زەواجە دەکەین، بە پێچەوانەی مەریوانەوە، کە وادەزانێت ئەم دونیایە هەموو شتێکە، ئیتر ئەودوای خەیاڵەو بەتاڵە .

لە لاپەرە (٤٣٩)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ ئەزمونی عومەر زۆرن ، کەسێکی سێکسی بووە ، ناردویانە بۆ خوازبێنی بەلاّم بۆ خۆی داوای کردووەو لە خۆی مارە کردووە . چەند کەسێك (جریر) و

(مـروان) و (عبـد الله)ی کـوڕی عومـەری کـوڕی خـەتاب ، هەرسـێکیان دەیانـەوێت یـەك ژن بخـوازن ، بـەم هۆیـەوە دەبێتـە مشـت و مڕیـان ، بـۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە نێوان خۆیاندا ڕێك دەکەون ، عومـەری کوڕی خەتاب بنێرنە داخوازی ژنەکەو ئەویش هەر کامیانی هەڵبژارد ، ئەمان ڕازی بن . کاتێ عومەر دەچێتە لای ژنەکە پێی دەڵێت : جورەیر دەتخوازێ و مەشروب خـۆرە ، مـەروان دەتخـوازێ و گـەنجێکی قوڕەیشـییە ، عەبـدوڵلاّ دەتخـوازێ و یەکێکە لەوانەی خۆم پەروەردەم کردوون (واتە کوڕی خۆمە) عومـەری کوڕی خەتابیش (واتە خۆم) دەتخوازێت ، تۆ شوو بە کامیان دەکەیت ؟ ژنەکەش کە گوێی لە ناوی (عومەر) دەبێت دەڵێ: ئەوە بە ڕاستە ؟ ئەوا شووم پێکردی}.

ئێمـەش دەڵێین : ئـەم ڕیوایەتـە بـەو جـۆرە کـە مـەریوان هێناوێتی جێگـەی گومانی زۆرە لەبەر ئەم هۆیانە :

یەکـەم : مـەریوان دەڵێـت : ئیمـام (عمـر) بـە ژنەکـەی ووتـوە : (جـورەیر دەتخوازێ مەشروب خۆرە) بێگومان ئەمە بوختانەو فەرموودەی ئیمام (عمـر) نییە ، چونکە ئەگەر (جریر) مەشروب خـۆر ببووایـە ، دەبوایـە سزای حـەددی بەسەردا جێبەجێ بکردایە ، ئەگەر ... نا ئیتر چۆن بوختانی وا دەکات .

دووەم : بـە گـوێرەی فـەرموودەکانی پێغەمبـەر (صـلی الله علیـە و سـلم) ، خـوازبێنی لەسـەر خـوازبێنی حەرامـە . ئیتر چـۆن زاتێکـی وەکـو ئیمـام لـە یـەك کاتدا خوازبێنی یەك ژن بۆ چوار کەس دەکات ؟

بە هەر حاڵ بوونی ئەم ڕیوایەتە ئامازەیە بۆ :

أ- پلەوپایە و خۆشەویستی ئیمام (عمر) لە نێوان موسوڵمانانداو ، بـە ڕادەیـەك ئەو ژنە لە نێوان چوار خوازبێنی کەریدا ئەوی هەڵبژاردووە .

ب- پەسەند کردنی ئیمام (عمر)ی تەمەن گەورە لە نێوان سێ گەنجدا ، ئەوە دەسەلمێنی کە زەواجی صەحابەکان بۆ سێکس نەبووە .
ج- ئەو کاتە ژنان ئازاد بوون لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیاندا .

لە لاپەرە (٤٤٥)دا مەریوان نووسیویەتی :
{ (مالك بن نویرە بن شداد) سەرۆکایەتی و کەسایەتییەکی گرنگی هەبووە لە هۆزی (تمیم) و (عرنین)دا ، ئەم دوو ناوەش لە هۆزە دیارەکانی عەرەبی ئەو کاتە بوون ، کەسێکی بە بەزەیی و پارێزگارو ئازاو چاونەترس بووە ، بەم هۆیەوە چەندین پەند و شیعریان بەسەردا هەڵداوە ، بە هۆی موسوڵمانبوونی ئەم پێاوەوە هەموو هۆزی (یربوع) بوونەتە موسوڵمان و موحەمەدیش لە دەستپاکیدا کردبووی بە بەرپرسی زەکات و پارەو پوولی موسوڵمانانی هۆزو ناوچەکەی . لە دوای مردنی موحەممەدو دانانی (ابو بکر صدیق) بە خەلیفەی یەکەم ، چەندین هۆزو خێڵ لە پێدانی زەکات پەشیمان بوونەتەوە. بەم هۆیەوە کێشەیەك پەیدا بوو کە لە مێژووی ئیسلامدا ناونراوە (حروب الردە) جەنگی هەڵگەڕاوەکان. یەکێك لەو سەرۆك هۆزانە ئەم مالیکە بوو ڕایگەیاند چیتر زەکات لە موسوڵمانان وەرناگرێ و بەم شێوەیەش هیچ پارە و پولێك ناداتە خەلیفە) هەروەها لەسەری دەڕوات و باسی ئەوە دەکات کە خەلیفە (ابو بکر) (خالد بن الولید) ڕادەسپێرێت بۆ بە گژا چوونەوەی (مالیك و هۆزەکەی) ئیتر خالدیش بە لەشکرێکەوە دەڕوات و مالیك و ژنەکەی و چەند کەسێکی دیکە دەستگیر دەکەن و دەکەوونە گفتوگۆ (خالد) بە مالك دەڵێت من بکوژی تۆم لەبەر ئەوەی تۆ شوێنکەوتەی (سجاح)یت نەك پەیامبەری خوا (سجاح کەسێك بوو

بانگەوازی پەیامبەرایەتی بۆ خۆی کردووە) مالیك دەڵێت (ئەو قسەیەی تۆ دەیکەیت کۆنە . کاتی خۆی هاوەڵانەکەتان ئەم گومانەی بۆ دروستبووە ، ئەمە ڕاست نییە ، من لەسەر موسوڵمانێتی خۆم و نەگۆڕاوم و ئایینەکەشم نەگۆڕیوە . خالید پێی دەڵێت : تۆ هاوەڵی ئێمە بە هاوەڵی خۆت نازانیت ؟ کەواتە دەتکوژم) ئیتر لە دواییدا فەرمان بە کوشتنی دەدات و ژنەکەشی بۆ خۆی دەبات} .

ئێمەش دەڵێین : هەر وەکو لە باسەکەدا هاتووە ، (مالك) بوبوو بە لایەنگری (سجاح) و پۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە لە هەڵگەڕانەوەی هۆزەکەیدا لە ئایینی ئیسلام ، بۆیە (خالد) فەرمانی کوشتنی دابوو ، ژنەکەشی بە دەستکەوتی جەنگ دانابوو ، چونکە لە ئایینی ئیسلامدا ، هەڵگەڕانەوە لە دین سزای کوشتنە ، لە لایەکی دیکەوە ، ئێمە داکۆکی لە (خالد) ناکەین و ناڵێین بێگوناە بووە ، ئەو بە ئیجتهادو ڕای خۆی (مالك)ی کوشتووە ، هەر وەکو ئیمام ابو بکر بە ئیمام (عمر)ی وتبوو کاتێك ڕەخنەی لەو کوشتنە گرتبوو . ئیتر هەر جۆرێك بێت ئیسلام لەو کارە بەرپرس نییە و تۆمەتبارکردنیشی نا ڕەواو نا بە جێیە.

لە لاپەڕە (٤٥٠)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ڕووداوێکی دڵتەزێن هەیە بە ناوی (حەرە) ئەم ڕووداوە شاییستەی تۆڕینەوەیەکی زۆرە) ئەمجا لەسەری دەڕوات و باسی (یزید) دەکات کە لە دوای مردنی (معاویە)ی باوکی دەبێتە خەلیفە و یاساکانی ئیسلام پیشێڵ دەکات بۆیە (عبد الله بن زبیر) لێی هەڵدەگەڕێتەوە و بانگەشە بۆ خەلافەتی خۆی دەکات . کاتێك یزید بەمە دەزانێت لەشکرێکی زۆر دەنێرێتە سەری ،

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

لێرەدا مەریوان ئاماژە بۆ ئیمام (سیوطي) دەکات کە دەربارەی ئەم ڕووداوە ووتویەتی :

(فأرسل إليهم جيشا كثيفاً و أمرهم بقتالهم ، ثم المسير إلى مكة لقتال (ابن الزبير) فجاءوا و كانت وقعة حرة على باب طيبة ، و ما أدراك ما وقعة حرة ؟ ذكرها الحسن مرة فقال : و الله ما كان ينجو منهم أحد ، قتل فيها خلق من الصحابة رضي الله عنهم و من غيرهم ، و نهبت المدينة ، و افتض فيه ألف عذراء ، فإنا لله و إنا إليه راجعون) }.

ئێمەش دەڵێین : ئیسلام بە هیچ شێوەیەك بەرپرس نییە لە خراپەکانی یزید ، چونکە بە گوێرەی یاسای شورای ئیسلامی هەڵنەبژێردرابوو بەڵکو (معاوية)ی باوکی لە موسوڵمانان بەیعەتی بۆ وەرگرتبوو ، کە لە دوای خۆی ببێتە خەلیفە ، ئیتر ئەوە بوو کاتێك بە ناهەق بوو بە خەلیفە ، بە بێ حەیاو ترس بە پێچەوانەی فەرمانەکانی خوداو یاساکانی هەڵس و کەوتی دەکرد . ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە مێژوونووسان هەر ڕیوایەتێکیان دەستبکەوتبایە دژی یزید یەکسەر دەیانقۆزیەوە و تۆماریاندەکرد ، بە بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ، بەو هۆیەوە هەندێك کاری خراپە دراوەتە پاڵی یزید کە لە ئەقڵەوە زۆر دوورە و بڕوا پێکردنی مەحاڵە . بۆ نموونە ئیمامی (سیوطي) لە (تأريخ الخلفاء)دا نووسیویەتی: (و كانت وقعة حرة على باب طيبة ... إلخ) [1] .

واتا کەس لەو گەڕەکە ڕزگاری نەبوو ، صەحابەیەکی زۆر کوژران ، شارەکە تاڵانکرا ، هەزار کچی عازەب کچێنیان لە دەستدا . ئێمە لێرەدا لێکۆڵینەوە

١- تأريخ الخلفاء ، امام سيوطي ، الصفحة (٢٠٩) .

لەسەر ئەو خاڵە دەکەین کە دەڵێت (هەزار کچی عازەب کچێنیان لە دەستدا) **دەڵێین** : ئەم ڕیوایەتە بە ڕاست نازانین لەبەر :

یەکەم : ئەو کاتە باری دارایی موسوڵمانان لە باشیدا بووە ، بۆیە بە یەك ژن ڕازی نەدەبوون و هەر کاتێك بیانزانیبایە کچێك کاتی شوو کردنی هاتووە ، یان ژنێك بێوەژن کەوتووە ، یەکسەر خوازبێنی کەریان ئامادە دەبوون ، ئیتر چۆن مەزەندە دەکرێت و دەسەلمێندرێت هەزار کچی عازەب لە گەڕەکی حەڕەدا بووبێت.

دووەم : گومان لەوەدا نییە کە سێکس بە نهێنی ئەنجام دەدرێت و بکەر و بدەریش ئەو کارە ئاشکرا ناکەن، ئیتر چۆن ئەو هەزار کچانە بێ زیاد و کەم زاندران و ناونوسیش کران ؟

سێیەم : ئەگەر ئەو کارە ڕاستبوایە دەبوایە ، دەیەها لەو کچانە منداڵیان ببوایە و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دروست ببوایە و مێژوونووسانیش هەندێکیانی تۆمار بکردایە !

لە لاپەڕە (٤٥٦)دا مەریوان نووسیویەتی:

{ لە باسکردنی داگیر کردنی (فەزارە)دا ئیمام موسلم نووسیویەتی: باوکی ئەیاس گێڕاوێتییەوە : ئەوەی لەو شەڕەدا کوژرا کوژرا ، هەندێك دیلیش هەبوون ، کاتێك تەماشای ناو خەڵکەکەم کرد بینیم چەندین کچیان تێدایە ، ترسی ئەوەم هەبوو بکەونە چیاکەو دەرباز ببن ، تیرێکم گرتە نێوان ئەوان و چیاکە ، کە تیرەکەی منیان بینی وەستان ، هەموویانم هێناو پێش خۆم دان ، ئافرەتێك لە نێوانیاندا هەبوو لە خێڵی فەزارە بوو ، کچێکیشی لەگەڵدا بوو لە

باشترین کچانی عەرەب بوو ، پێشی خۆم دان تا گەیاندمنە لای ابو بکر ئەویش کچەکەی پێدام ، کاتێ گەیشتینەوە شاری مەدینە ، هێشتا جلەکانیم لەبەردانەکەندبوو ، پێغەمبەری خوام بینی ، پێی ووتم سەلەمە ئەو ئافرەتەم پێ ببەخشە ، منیش پێم ووت ، ئەی پێغەمبەری خوا سوێند بە خوا سەرنجی ڕاکێشاوم و تا ئێستاش جلەکانیم لەبەر دانەکەندووە ، بۆ بەیانی لە بازاردا پەیامبەرم بینیەوە پێی ووتم ئەی سەلەمە ئەو ئافرەتەم پێ ببەخشەو بیکە بە خاتری باوکت ، خوام کرد بە گژتا ، منیش پێم ووت ئەی پەیامبەر با بۆ تۆ بێت ، سوێند بە خوا جلەکانیم دا نەکەندووە ، پەیامبەریش ئافرەتەکەی وەرگرت و ناردی بۆ شوێنی خۆی } .

ئێمەش دەڵێین : دەبا سوود لە پەرتوکەکەی ماموستای بەڕێز (عومەر کەمال دەرویش) وەربگرین کە دەڵێت:

(چەندە خیانەتە ، بڕگەیەك لە باسێکدا کە ئەو بڕگەیە باسەکە ڕوون بکاتەوە بە ئەنقەست نەهێنرێ و خەڵکی پێ چەواشە بکرێ ، مەریوان ئەو بەشەی کە خەتمان بە ژێردا هێناوە نەیهێناوە ، چونکە بە تەواوی بزرکانە بێ بنەماکانی هەڵدەوەشایەوە . ئەو بەشەی کە لە دەقەکەدایەو مەریوان نەیهێناوە کە لە دوای باسەکەدایە بەم جۆرەیە (پێغەمبەریش لە پاشان ئافرەتەکەی نارد بۆ خەڵکی (مەککە) لە بەرامبەری چەند موسوڵمانێك کە لە مەکە گیرابوون ، دیل بە دیلی پێکرد) [1] .

[1] – نەزانی و بێ شەرمی ، چاپی دووهەم ، لاپەڕە (١٧٤ ، ١٧٥) .

ئێمە لە کۆتاییدا دەڵێین : پیشەی ئاسایی مەریوانە هێنانی دەق بە ناتەواوی یاخود ڕاقە کردنی دەق بە هەڵە ، یاخود ئامازە کردن بۆ سەرچاوەی خەیاڵی .

لەلاپەرە (٤٧٥-٤٧٦) دا مەیوان نووسیویەتی :

{ ئەو ئایەتە قورئانییەی هاتووچۆی صەفا و مەروەی کردە دروشمێکی شیاو ئەمەیە :

(إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ) صەفا و مەروە لە دروشمەکانی خوان ،ئەوەی حەج دەکات یان عەمرە بەجێدەگەیەنێت ئەوە هیچ گوناهێکی تێدا نییە گەر هاتوچۆیان بکات ، ئەوەش عەمرەو تەوافی زیاتر بکات خوا سوپاس گوزارو زانایە .

لەزەمەنێکدا کە هێشتا موحەممەد لە ژیاندا مابوو، کۆمەڵێك لەموسوڵمانان لۆژیکانە بیریان لەم مەسەلەیە کردووەتەووە و هاتووچۆی صەفا و مەروەیان بەدیاردەیەکی کۆن و کلتووری سەردەمێکی گێڵی و نەفامی زانیوە .لەم بارەیەوە ئیمامی بوخاری ڕووداوێکی بۆ نووسیوینەتەوە :

أخبرنا عاصم قال: قلت لانس بن مالك (رض) اكنتم تكرهون السعي بين الصفا والمروة ؟قال :نعم ،لانها كانت من شعائر الجاهلية .

عاصیم بۆی گێڕاینەوەو ووتی بەئەنەسی کوڕی مالیکم ووتووە: ئایا ئێوە ڕقتان لە هاتوچۆی صەفاو مەروە دەبووەوە ؟ (ئەنەسیش لەوەڵامدا ووتوویەتی) بەڵێ چونکە لە دروشمەکانی سەردەمی نەفامی بوو .لەگەڵ ئەوەی کە موسوڵمانان بە کلتووریکی کۆن و نەفامییان زانیوە ، بەڵام ئیسلام بە ئایەتی (١٥٨) لەسورەی بەقەرە کردییە کارێکی زۆر باش } .

ئێمەش دەڵێین :لێرەشدا دەچینە سەر پەرتوکەکەی مامۆستای بەڕێز (عمر کمال درویش) کە نووسیویەتی :

شەرم نەکردن بەم جۆرە بەڕاستی ژیری و دانایی هیچ کەسێ بەم جۆرە ڕێگەی نادات .

بەڕێزان ئەو دەقەی کە لە (صحيح البخاري) دایە بەنمونە دەیهێنینەوە ، ئەوجا ئێوە چی بەمەریوان دەڵێن سەرپشك بن : (عاصم) دەڵێ : **قلت لانس بن مالك (رض) اكنتم تكرهون السعي بين الصفا والمروة ؟ قال نعم، لانها كانت من شعائر الجاهلية ، حتى انزل الله إن الصفا والمروة من شعائر الله** . (عاصم) دەڵێ بە (انس)م ووت : ئایا ئێوە وەختێ خۆی هاتو چۆی نێو سەفاو مەروەتان پێ ناخۆشبوو ؟ ووتی : بەڵێ ،چونکە یەکێك بوو لە دابودەستوورەکانی سەردەمی نەفامی ، هەتا ئەوەبو خوای گەورە ئایەتی (**إن الصفا والمروة من شعائر الله**) **البقرة** (١٥٨)ی دابەزاند .

هۆی ئایەتەکە ئەوە روونەکەنەوە ، کە بۆیە هەندێك پێیان ناخۆش بووە ، چونکە لەسەردەمی نەفامیدا، لەکاتی حەجدا ، لەسەر سەفا بتێکیان دانابوو بەناوی (اساف) وە لەسەر مەروەش بتێك بەناوی (نائیلە) دەبوایە ئەوەی سەعی نێوان سەفاو مەروە بکات ، وەك پیرۆزییەك دەستیش بهێنێ بەو دوو بتەدا ، جا کاتێ ئیسلام فەرمانی حەجکردنی داو هاتوچۆی نێوان سەفاو مەروە بووە یەکێك لە نیشانەکانی حەج ، هەندێ وایانزانی ئەگەر ئەوە بکەن هەمان کاری نەفامەکانیان کردووە .بەڵام خوای گەورە پێی ڕاگەیاندن ،کە هامشۆی سەفاو مەروە یەکێکە لە داخوازییەکانی خوای گەورە .

کەواتە : لە فەرموودەکەدا (حتی انزل الله ...) مەریوان بەدەستی ئەنقەس نەیهێناوە چونکە درۆکەی بۆ نەدەچووە سەر [1] .

دوابەدوای ئەم نووسینەی مامۆستا دەڵێن : مەریوان لێرەشدا وەك پیشەی هەمیشەیی ، فەرموودەکەی بەتەواوی نەهێناوە تا بۆچوونەکەی بسەلمێنێت ، ئەو بەو کارە وادەزانێت کەس پەردە لەسەر بوختانەکانی هەڵناداتەوەو ئاشکرا نابێت !

لەلاپەرە (٤٧٨) دا مەریوان نووسیویەتی :

{حاجییەکانی کەعبە لەپێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا ، جگە لە هاتووچۆیەکی بێ مانا بۆ صەفاو مەروە لەگەڵ ئافرەتانیشدا سێکسیان دەکرد ، لۆژیك بۆ ئەو حاڵەتەمان دەبات کە ئیسلام وەك دەرکەوتەیەکی نوێی ئایینی لەو سەردەمەدا ، ئەم نەریتە نەهێڵێت ،بەڵام بە پێچەوانەوە وەك خۆی هێشتییەوە ! بەڵگەی یەکەم ئەوەیە لە هیچ یەکێك لە دەقە پەسەنەکانی ئیسلامدا چ قورئان بێت و چ فەرموودە ،موتعەی حەج حەرام نەکراوە . موتعەی حەجیش ئەوەیە کە حاجییەکان بە ژن و پیاوەوە بۆ ماوەیەکی کورت خۆیان لەیەکتر مارە دەکردو خۆیان لەسێکس تێردەکرد دواتر جیا دەبوونەوە } .

ئێمەش دەڵێین : مەریوان وەکو کابرای برسی کە لێیان پرسی دوو لەگەڵ دوو چەند دەکەن ، ئەویش یەکسەر وەڵامی دایەوەو ووتی چوار کولێرە دەکەن ، مەریوانیش بەهەمان شێوە لەهەر دەق و فەرمودەیەکدا ووشەی (متعة) ببینێ

---

[1] – نەزانی و بێشەرمی لاپەرە (١٨١) .

وا دەزانێت سێکس کردنە . نەخێر، بەڵکو جۆرێکە لە جۆرەکانی حەج ، چونکە هەر وەکو زانایانی ئیسلام باسیانکردووە (حەج) سێ جۆرە :

یەکەم: حەجی (إفراد) ە .

دووەم : حەجی (قِرانَ) ە .

سێیەم: حەجی (تمتع) ە .

حەجی (تمتع)بەو جۆرە دەڵێن ، ئەو حاجییانە لەدەرەوەی مەککەدا لەمانگەکانی حەجدا کە دەڕۆن بۆ حەج، لە (میقاتی) تایبەت خۆیاندا نییەتی عەمرە بەتەنها دەهێنن و بەرگی ئیحرام دەپۆشن ، ئیتر لەو ماوەیەدا هەندێك شت لەسەریان حەرام دەبێت، وەکو (ڕاو) و (موو لەخۆکردنەوە) و (جووتبوون لەگەڵ هاوسەردا) ... تاد .ئەمجا کاتێك دەگەنە مەککە ، یەکەم حەوت جار تەوافی بەیت دەکەن ، دووەم حەوت جار هاتوو چۆی صەفاو مەروە دەکەن ، ئیتر عەمرە تەواو دەبێت و بەرگی ئیحرام دادەکەنن و ئەو شتانەی لەسەریان حەرام بووبو حەڵاڵ دەبێتەوە ، ئیتر بەو جۆرە دەمێننەوە تا ڕۆژەکانی حەج ، ئەمجا جارێکی دیکە بەرگی ئیحرام دەپۆشن و مەراسیمی حەج جێ بەجێ دەکەن ، ئیتر ووتەکەی مەریوان کە دەڵێت : (موتعەی حەجیش ... تاد) بێ مانایە و دووڕە لە ڕاستییەوە .

لەلاپەڕە (٤٧٩) دا مەریوان نووسیویەتی :

{باشترین بەڵگەش بۆ ئەوەی بیسەلمێنین موتعەی ژنان لەکاتی حەجکردندا حەڵاڵ بووە ، سەرگوزەشتەیەکە ئیمامی گەورەی ئیسلام (جلال الدین السیوطي) بۆمانی گواستووەتەوە:

له ئیعجازی قورئانەوە وەلامێك ..... عبدالله علی زەنگەنە

عن جابر قال : كثرت المقالة من الناس، فخرجنا حجاجاً ، حتى إذا لم يكن بيننا وبين ان نحلّ الاّ ليال ٍ قلائل امرنا بالاحلال ، فقلنا : ايروح احدنا الى عرفة وفرجه يقطر منياً ؟فبلغ ذلك رسول الله (ص) ، فقام خطيباً فقال : ايالله تعلموني ايّها الناس فانا والله اعلمكم بالله واتقاكم له .

بەڵگەی دووەمیش ئەم گەندەڵییە سێکسییە بەلای عومەری کوڕی خەتتابەوە دیاردەیەکی قێزەون بووە ، لەبەر ئەو هۆیەش لەخەلافەتی خۆیدا حەرامیکرد ،مێژوونووسان بۆمان دەگێڕنەوە ، کەلەناو موسوڵمانانداا دوو بەرەی درژ بەیەك هەبوون ، هەندێکیان بەباشیان زانیوەو هەندێکیش بە خراپ ، دەرئەنجام حەرام کراوە ، بۆ بەڵگەش با سەرگوزەشتەیەك لەم بارەیەوە بخوێنینەوە :

كان إبن عباس يأمر بالمتعة ِ وكان إبن الزبير ينهى عنها ، قال فذكرت ذلك ل(جابر بن عبدالله) فقال :على يدي دار الحديث ، تمتعنا مع رسول الله (ص) ، فلما قام عمر قال إن الله كان يحلّ لرسوله ما شاء بما شاء وإن القرآن قد نزل منازله فاتموا الحج والعمرة لله كما امركم الله }.

ئێمەش دەڵێین : بەڵگەی یەکەمی مەریوان لەسەر حەڵاڵبوونی زەواجی کاتی لەکاتی حەجکردندا ئەم فەرموودەیەیە (**عن جابر قال : كثرت المقالة من الناس ... الخ**) **دەڵێین** :ئەم بەڵگەیە ڕاست نییە و لەدورو نزیکەوە باسی موتعەی ژنانی تێدا نییە ،بەڵگو باسی حەجی (تمتع) دەکات کە لەمەوپێش باسمانکردووە .ئیتر ناڕەزایی موسوڵمانەکانیش لەسەر ئەوە بووە ، پێیان خۆشبووە عەمرە و حەج پێکەوە ئەنجام بدەن نەوەك لە حاڵەتی حەجی

(تمتع)دا جووتبون لەگەڵ خێزانەکانیاندا ئەنجام بدەن و دواتر مەراسیمی حەج جێبەجێ بکەن ، بۆیە ووتویانە : ایروح احدنا إلی عرفة و فرجه یقطر منیا .

دەربارەی بەڵگەی دووەمیش دەڵێین : مەبەستی (جابر)یش حەجی (تمتع) بووە کە باسمان کردووە ، بۆیە ئیمام (عمر) فەرمویەتی : (**إن الله کان یحلَ لرسوله ما شاء بما شاء وإن القرآن قد نزل منازله ف(اتموا الحج والعمرة لله) کما امرکم الله**) واتە خوا هەردووکیانی پێکەوە باسکردووە ، ئێمەش هەردووکیان پێکەوە دەکەین ، کەپێی دەوترێت حەجی (قران) .

لەلاپەرە (٤٨١) دا مەریوان نووسیویەتی :

{لە دیدی ئیسلامدا کێشەیەك کە پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە خواست و ئارەزوەکانی پیاوی پەشوکی و ئینسانەوە هەبێت ، دەبێ چارەسەرێکی وەهای بۆ بدۆزرێتەوە کە لە بەرژەوەندی پیاودا بگونجێت ، نیوە دورگەی عەرەب لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا،وەك هەموو ناوچەکانی دونیا، دیاردەی لەشفرۆشی تێدا بووە.لەشفرۆشی کلتورێکی کۆنی ناوچەکە بووەو پیاوانی ئەو ناوچەیە بە کردەکەی پاهاتبوون ،لەبەر ئەم هۆیە و لە پێناوی دڵڕاگرتنی پیاودا دیاردەی لەشفرۆشی ژنانی گواستەوە بۆ ناو شەریعەتەکانی خۆی و چەند ڕێوڕەسمێکی بچووکی بۆ زیادکرد بەتایبەت حەڵاڵیکرد، کەلەقورئاندا پێی دەوترێت زەواجی موتعە.

چەند ووشەیەك لە قورئاندا دەمانبەنە نێو قوڵایی چەمکی زەواجی موتعەوە .

(**فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ**) .

لەپاش ئەو لەزەت و خۆشییەی ئێوە لەژنان دەیبینن ،کرێکەیان بدەنێ .

ئەم چەند ووشەیە کەباسی موتعەی ژن دەکات ،دەروازەیەکی سەرەکی ئیمەیە بۆ تێگەیشتنمان لەدیاردەی لەشفرۆشی لە ئیسلامدا .بۆیە پێویستە هەر چەمکێك پەیوەندی پاستەوخۆی بەم ووشانە هەبێت .بەقوڵی و ووردی باسی بکەین و لایەنەکانی شی بکەینەوە .(**وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُمْ بِهِ مِنْ بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا**) }.

ئێمەش لە وەلامی ئەم بێشەرمییەدا دەڵێین :

با بچینە خزمەتی تەفسیری (الجلالین) کە دەفەرموێت :

(فما) فمن (استمتعتم) تمتعتم (به منهنّ) فمن تزوجتم بالوطء (**فآتوهنّ اجورهنّ**) مهورهنّ التي فرضتم لهنّ (فريضةً ولا جناح عليكم فيما تراضيتم) انتم وهنّ (به من بعد الفريضة) من حطها او بعضها او زيادةً عليها (إن الله كان عليماً) بخلقه (حكيماً) في ما دبره لهم [1] .

هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکەمان بەپێویستمان زانی سوود لە (معانی النحو) وەربگرین کە دەڵێت :

الفرق بين الجملة الاسمية والفعلية هو أن الفعلية تدل على الحدوث والتجدد ، والاسمية تدل على(الثبوت) . وايضاح ذلك أن الفعل يدل على حدثٍ مقرون بزمن فإذا كان الفعل ماضياً فقد انقضى. تقول: (حمدت الله) اي في الماضي فإذا كان مضارعاً فهو يدل على الحال او الاستقبال ،تقول :(احمد الله) اي في

١- تفسير الجلالين ، سورة النساء ، الاية (٢٤) .

الحال او الاستقبال .اما الاسم فهو غير متخصص بزمن وانما عام ثابت ، تقول (الحمد لله) على قصد ثبوت الحمد له ،ودوامه غير مخصص بزمن معين [١] .

وای بەباش دەزانین بۆ ئەو خوێنەرانەی کە شارەزاییەکی باشیان لە رێزمانی عەرەبیدا نییە ئەم ڕوونکردنەوەیە بنووسین:

ڕستە لە زمانی عەرەبیدا بەوە دەووترێت کە چەند ووشەیەکە و مانایەکی تەواو دەدات،ئەویش دوو جۆرە:

یەکەم : ڕستەی (اسمیە) یە کە بریتییە لە (مبتدأ) و (خبر) کە بە گوێرەی رێزمانەکەی سەرەوە ،ئاماژە بۆ (ثبوت) دەکەن . بۆ نموونە ئەگەر گوتمان (محمد عالم في النحو) مانای وایە (محمد) و (عِلمَ) ە کەشی پێکەوە بەردەوامن .

دووەم: ڕستەی (فعلیە)یە ئەویش بریتییە لە (فعل) و(فاعل)

وەکو ڕستەی (علم محمدٌ) واتە (محمد) شتێکی زانیوە لە ڕابردودا ، نەك لە هەموو کاتێکدا .

هەر وەها بۆ هەمان مەبەست وا بەباش دەزانین سوود لە (مغني اللبيب) وەربگرین کە لە باسی (ما الشرطية) دا دەڵێت :

ومحتمل في (فما استمتعتم به منهن فآتوهن اجورهن) الا أن ما هذه مبتدأ لا ظرفية والهاء من (به) راجعة اليها .ويجوز فيها الموصولية و (فآتوهن) الخبر والعائد محذوف اي لاجله [١] .

١- معاني النحو ، دكتور فاضل صالح السامرائي ، المجلد الاول ،الصفحة (١٦٩) .

١- مغني اللبيب،الجزء الثاني،لاپەڕە (٦) .

ئەمجا ئێمەش ئیعراب و راڤەی ئایەتەکە دەکەین تاوەکو بۆچوونەکەمان بسەلمێنین :

یەکەم: (ما) بەگوێرەی ئیعرابەکەی (ابن هشام) :

یان ئیعراب دەکرێت (**اسم شرط جازم في محل رفع مبتدأ**) وە(**استمتع**) (**فعل الشرط في محل جزم**) وە ڕستەی (**فآتوهن**) (**جواب الشرط في محل جزمٍ**) ئەمجا بەبۆچوونی پەسەندی زۆربەی نەحویەکان (**فعل الشرط**)لەگەڵ (**جواب الشرط**) هەردووکیان پێکەوە (**في محل رفع**) دەبنە خەبەر بۆ ما .

لێرەدا لە (**مبتدأ**) کەدا کە (ما)یەو بریتییە لەو شوێنەی کە چێژی لێوەردەگیرێت بەردەوامی تێدا دەبێت ، بەڵام لەخەبەرەکەدا کە بریتیە لە (**استمتع**) وە (**فآتوهن**) مەزەندەی بەردەوامی لەبەشی یەکەمی خەبەرەکەدا دەکرێت کە(**استمتع**) یە

واتە چێژوەرگرتن ، بەڵام لەبەشی دووەمی خەبەرەکەدا کە(فآتوهن) یە بەردەوامی مەزەندە ناکرێت ، چونکە لەگەڵ هەموو چێژوەرگرتنێکدا مارەییەك نادرێت .

یان ئیعراب دەکرێت (اسم موصول في محل رفع مبتدأ) وە (استمتعتم) (جملة فعلية لامحل لها من الاعراب صلة الموصول)وە(فآتوهن) (جملة فعلية في محل رفع خبر) لێرەدا ئەم ئیعرابەش ڕاست نییە ،چونکە هەروەکو گوتمان لە (مبتدأ)ەکەدا کە (ما) یە بەردەوامی دەبێت ،بەڵام لەخەبەرەکەدا کە(فآتوهن) یە واتە مارەییدان بەردەوامی نابێت ، چونکە مارەیی یەك جار دەدرێت جا بۆیە لەم ئایەتەدا ووشەی (ما) نە ئیعراب دەکرێت بە (اسم الشرط) نە بە (اسم موصول) یش و ئیعرابەکەی (ابن هشام) یش بەمەزەندەیە و زانستی نییە.

دووەم : (ما) بەڕای ئێمە :

(مـا) وا ئیعـراب دەکرێـت (نکـرة تامـة في محـل رفـع مبتـدأ)وەڕسـتەی (استمتعتم) (جملة فعلية في محل رفع خبر) ئیتر بەم ئیعرابە لـە(مبتدأ)کـەدا کـە (مـا)یـە و بریتییـە لـە شـوێنی چـێژوەرگرتن بـەردەوامی دەبێـت ، هـەروەها لـە (خبر)ەکەشدا کە بریتییە لە (استمتعتم) واتـە چێژ وەرگـرتن بـەردەوامی تێدا مەزەنـدە دەکرێـت و ئایەتەکـەش دەبێتـە بەڵگـە بـۆ زەواجـی بـەردەوامی نـەك بـۆ موتعە.بـەڵام لێرەدا دوو پرسیار سـەر هەڵدەدەن ، پرسـیاری یەکـەم: بـەگوێرەی ئـەم ئیعرابـە ڕستـەی (فـآتوهن) ئیعرابەکـەی روون نییـە ، **دەڵـێن** : ڕاسـتە بـۆ کەسـێك کـە شـارەزایی باشـی لـە ڕێزمـانی عەرەبیدا نـەبێت ، بـەڵام بـۆ ئەوانـەی شارەزان ،دەزانن کە پیتی (ف) لێرەدا پێی دەوترێت (فاء الفصيحة) ئەم (فا) یـە هەموو کاتێك دەڕواتە سـەر وەڵامی (شرط) یـك کـە (اداة الشرط) و (فعل الشرط) ی تێدا (حذف) کرابێت ، جا بۆیە ئایەتەکە پـێش (حذف) بـەم جۆرە بووە (فما استمتعتم به منهن، واذا استمتعم به منهن فآتوهن اجورهن) .

پرسیاری دووەم : لەهەندێك خوێندنەوەدا هاتووە (الی اجل مسمی) گوایـە ئەمـە دەبێتە بەڵگە بۆ زەواجی (موتعە) .

ئێمەش دەڵێین :

١- لە (فقه السنة) دا هاتووە (**فليست من القرآن عند مشترطي التواتر**) [١] واتـە بڕگەی (الی اجل مسمی) بەتـەواتور نـەهاتووە ،جا بۆیـە لای هەندێك زانایـان لـە قورئان ناژمێردرێت .

١- فقه السنة ، المجلد الثاني ، السيد سابق ، لاپەرە (٤٧) .

ب- مەرج نییە بڕگەی (الی اجل مسمی) لەلایەن بەشەرەوە بێت ،چونکە لەوانەیە لەلای خواوە ئەو ماوەیە دیاریکرابێت ،بەمردنی یەکێك لەو ژن و مێردە ، یان بەهۆی تەلاقدانەوە .کەوابوو بەدڵنیاییەوە **دەڵێین** : هیچ گومان لەوەدا نییە ، کە ئایەتەکە دابەزیوە دەربارەی زەواجی ئاسایی و نەسخیش نەبووەتەوە .سەرباری ئەم ڕوونکردنەوەی سەرەوە ، لە هەمان ئایەتدا چەند بەڵگەیەکی دیکەش بۆ زەواجی بەردەوامی هەن :

یەکەم : بڕگەی (**أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ**) ووشەی (محصنین) لێرەدا ئیعراب دەکرێت بە حاڵ لە واوی (الجماعة) هەروەها ووشەی (غیر)یش ئیعراب دەکرێت بە حاڵی دووەم . بێگومان ئەم دوو حاڵە لە یەك بڕگەیەکدا ، مانای تاکید دەدەن و ئاموژگاری و ئاگادارکردنەوەیەکی ئاشکرایە بۆ حەرام بوونی (متعة) چونکە خوای گەورە زانیوێتی هەندێك لە موسوڵمانان ئەو کارە بە حەلاڵ دەزانن ، بۆیە ووشەی (محصنین) و (غیر مسافحین)ی هێناوە کە ئاماژە بۆ داوێن پاکی و دوور لە زینا دەکەن ، خۆ ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە نەبوایە ئەوە بڕگەی (**أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ**) زیاد و بێ مانا دەبوو .

دووەم : لە کۆتایی ئایەتەکەدا هاتووە (**وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُمْ بِهِ مِنْ بَعْدِ الْفَرِيضَةِ**) ئەم بڕگەیەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ زەواجی بەردەوامی ، چونکە لە زەواجی کاتیدا کە چەند کاتژمێرێکە یاخود چەند ڕۆژێکە و کرێکەش هەموو پێشەکی دەدرێت و (مؤخرە)ی تێدا نابێت ، ئیتر چۆن مەزەندەی زیاد کردن و کەمکردنی مارەیی تێدا دەگونجێت ؟ ئەو زیاد کردن و کەمکردنەوە لە زەواجی ئاسایی و بەردەوامیدا تێبینی دەکرێت ،

چونکه لەوانەیە لە هەندێ جاردا پیاو لە کاتی مارەکردنی ژنەکەیدا هەژار بوبێت و مارەیی (مؤخرە)ی کەمی بۆ دانابێت ، ئیتر لە دواییدا دەوڵەمەند بووبێت و ئەو مارەییەی زیاد کردبێت ، یاخود بە پێچەوانەوە ، لەوانەیە لە کاتی دەوڵەمەندیدا مارەیی (مؤخرە) ی زۆری بۆ ژنەکەی دانابێت و لە دواییدا هەژار بووبێت و لە توانایدا نەبێت ئەو مارەییە هەمووی بدات ، ئیتر ژنەکەی ئەو مارەییەی کەم کردبێتەوە ، یاخود ئازادی کردبێت . ئەمجا ئایەتەکە دابەزیوە تاوەکو کێشە و ناخۆشی لە نێوان کەس و کاری هەردوو لادا زوونەدات ، لەسەر ئەو زیادکردن و کەم کردنەوەیە و بە فەرمانی خوا ڕازی بن . لە لاپەڕە (٤٨٩)دا مەریوان نووسیویەتی:

{هەمان ئەم کلتوور و نەریتە کۆنانە لە ئیسلامیشدا دووبارە بووەتەوە ، بە تایبەت دوو کلتوری بنەڕەتی. یەکەمیان مەسەلەی ئەو دیلانەیە کە لەشەڕەکاندا بە دەست موجاهیدەکانی ئیسلام دەکەوتن ، بە پێی یاسای ئیسلام دەبێت دیلە پیاوەکان بکوژرێن : (ما كان لنبي أن يكون له أسرى) . بۆ هیچ پەیامبەرێك نەبووە دیلی هەبێت .

بە حوکمی ئەم ئایەتە پەیامبەری ئیسلام ئەو پیاوە دیل کراوانەی دەکوشت کە لە شەڕەکاندا دەستگیری دەکردن . بۆ نمونە بە فەرمانی خودی موحەممەد هەموو پیاوە دیلەکانی شەڕی بەنی قورەیزەیان سەربڕی ، کە ژمارەیان لە نێوان (شەش سەد یان نۆ سەد) کەس مەزەندە کراوە . دووەمیش مەسەلەی کۆیلایەتییە کە لە ئیسلامدا حەرام نەکراوەو هەبوون و کڕین و فرۆشتنی کۆیلە بە ڕێگە پێدراوی ماوەتەوە .

ئێمەش دەڵێین : وا بە باش دەزانین بچینە خزمەتی تەفسیری (الزمخشری) کە دەفەرموێت :

(ما کان) ما صح له و استقام و کان هذا یوم بدر ، فلما کثر المسلمون نزل (فإما منا بعد و إما فداء) واته به بەرامبەر شتێك یا به بێ بەرامبەر [1] .

ئەم ئایەتە لە غەزای بەدردا دابەزیوە کە ئەو کاتە موسوڵمانان زۆر کەم دەس و بێ هێز بوونە ، بۆیە خودا (عیتاب)ی لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) گرتووە لەبەر ئەوەی ئەو دیلانەی نەکوشتووە ، تاوەکو کافرەکان ملکەچ بن ، بەڵام ئەوە بوو لە دواییدا ئەو یاسایە گۆڕا بە (فإما منا بعد و إما فداء) واتا دیلەکان بە بێ هیچ شتێك ئازاد بکەن یاخود لە بەرامبەر شتێکدا . لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ ئەوە بزانین ، جگە لە غەزای (بەنی قورەیزە) لە هیچ غەزایەکی دیکەدا دیل نەکوژراوە . ئێمە لە باسەکانی پێشوومانداباسمانکردووە و پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات ، هەروەها باسی کۆیلە و کۆیلەداریشمان بە تێر و تەسەلی کردووە .

لە لاپەڕە (٤٩٥)دا مەریوان نووسیویەتی:

{ بە پێی دەق ، هەموو ئەو کات و بارودۆخانەی کە مانای متعه لە دونیای فیزیك دەیانگرێتەوە بۆ کاتێکی کەمە ، واتە بۆ ماوەیەکە نەك هەتا سەر بێت ، لە قورئاندا چەندین جار ئاماژە بۆ ڕاستی ئەم لێکدانەوەیەمان کراوە :

١- (قل متاع الدنیا قلیل) ووشەی (قلیل) کەم دیاریکردنی کاتەکەیە .

٢- (و متاع إلی حین) ووشەی (حین) بۆ ماوەیەك دیاریکردنی کاتەکەیە.

---

[1] - تفسیر الزمخشري ، سورة الأنفال ، الآیة (٦٧) .

٣- (قل تمتع بكفرك قليلا) ووشەی (قليلا) كەم دیاریكردنی كاتەكەیە .

٤- (تمتعوا في داركم ثلاثة أيام) (ثلاثة أيام) سێ ڕۆژ دیاریكردنی كاتەكەیە .

٥- (و تمتعوا قليلا) ووشەی (قليلا) كەم دیاریكردنی كاتەكەیە .

٦- (و من كفر فأمتعه قليلا) ووشەی (قليلا) كەم دیاریكردنی كاتەكەیە.

لە دونیای فیزیكیشدا هەموو موتعەیەك كاتییەو تا سەر نییە ، لۆژیك و شێوەی ژیانی بوونەوەرەكانی دونیاش پشتگیری بۆ ئەم بۆچوونە دەكەن و پێچەوانەی ئەمەش خورافەیە . بەم پێیەش ، زەواجی كاتی یاخود موتعەی ژن كاتییە (إلى أجل مسمى) واتە كاتێكی دیاریكراو .

ئێمەش دەڵێین : مەریوان دەیەوێت بەو هاوكێشە و لۆژیكە سەقەت و ناتەواوەی خۆی بیسەلمێنێت كە ئایەتی (**فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ**) بۆ زەواجی (موتعە)یە ، پشت بەستن بەم شەش ئایەتانەی سەرەوە كە تۆمارمان كردوون . بە ڕاستی مەریوان هەموو سمێڵ سووڕێك بە حەمزە ئاغا دەزانێت . خۆ هیچ پێویست بەو ئایەتانە نەدەبوو كە بیسەلمێنێت مانای (**اسْتَمْتَعْتُمْ**) كاتییە ، ئێمەش وا **دەڵێین** ، چونكە چێژ وەرگرتن بە مردن یەكێك لەو ژن و مێردانە یان بە تەلاقدان تەواو دەبێت . بەڵام كێشەكە لە مانای(**اسْتَمْتَعْتُمْ**)دا نییە، بەڵكو لەناو بردنی كاتدایە لە كاتی ماڕەبڕیندا .

لە لاپەڕە (٤٩٩)دا مەریوان نووسیویەتی :

{ئایەتەكە لە سورەتی (**النساء**)دا ئایەتی (٢٤) هاتووە . مێژووی دەركەوتنی ئەم ئایەتە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی مەدینە و دوا دواییەكانی تەمەنی موحەممەد . چەندین ئایەت هەن باس لە زەواجی هەمیشەیی دەكەن ، بەڵام

جگە لەم ئایەتە هیچ کام لە ئایەتەکانی دی بە پوونی و بە ئاشکرا باسی موتعەیان نەکردووە . ئایەتەکانی دیکەش لە دوای ئایەتی موتعەوە نەهاتوون ، بگرە پێش ئایەتەکە نوسراون . بە مەش ناکرێ ئایەتێك حوکمی ئایەتێکی دیکە بسڕێتەوە کە لە دوای خۆی دەرکەوتووە . لە زانستی ناسخ و مەنسوخدا ئەو ڕاستییە هەیە کە ئەگەر ئایەتێك حوکمی ئایەتێکی دی هەڵبوەشێنێتەوە ، دەبێ ئەو ئایەتە کە ناو دەبرێت بە (ناسخ) لە دوای ئەو ئایەتە دەرکەوتبێت کە دەیسڕێتەوە ناو دەبرێت بە (مەنسوخ)}.

ئێمەش دەڵێین : لە باسەکانی پێشوومانداا بە باشی سەلماندوومانە ئەم ئایەتە نابێتە بەڵگە بۆ زەواجی کاتی ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ زەواجی هەمیشەیی و ئایەتەکەش نەسخ نەبووەتەوە ، جا پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات .

لە لاپەڕە (٥٠٢) مەریوان نووسیویەتی:

{ کۆمەڵێك سەرگوزشتە هەن بەڵگەن بۆ ئەوەی لە دوای مردنی موحەممەد و لەسەر دەستی خەلیفەی دووهەمی ڕاشدین (عومەری کوڕی خەتاب) حەرامکراوە }.

ئێمەش دەڵێین : وا بە باش دەزانین سوود لە کتێبەکەی مامۆستای بەڕێز (عومەر کەمالْ دەرویْش) وەربگرین کە نووسیویەتی: (حوکمەکەی : یەك دەنگی زانایانی لەسەرە کە (نیکاحی موتعە) لەسەرەتادا بۆ ماوەیەك ڕەوا بووە ، پاشان حەرامکراوە تا ڕۆژی دوایی ، هەر کەس ئەو جۆرە نیکاحە بکات ، نیکاحەکەی بەتاڵە . و هەندێ لە زانایانیش بە زینای دەزانن ، هەروەها کردنی ئەم کارە یەکێکە لە گوناهە گەورەکان .

کەی و چەند جاریش حەلاّل و حەرامکرا ؟

زانایان قسەیان لەسەر ئەم باسە زۆر کردووە ، بەلاّم لە هەموویان ووردتر و گشتگیر تر (إبن حجر)ە و لەمیش پوونتر کە قسەی لەسەر کردبێت (إبن القیم)ە کە بە پاستی مافی تەواوی بەم بابەتە داوە . من هەولّدەدەم زۆر بە پوختی قسەکانی ئەم دوو کەلّە زانایە بنوسم ، لێرەدا کە پێم وایە تا ئێستا کەس بەم جۆرەی ئەم دوو بەڕێزە لەسەر ئەم بابەتە شتەکانیان شی نەکردووەتەوە بۆیە دەلێم : پێغەمبەر لە سالّی فەتحی مەککەدا فەرمووی (ئەی خەلّکینە من لەمەو پێش مولّەتم دابوو کە موتعە بکەن لەگەلّ ئافرەتاندا، بەلاّم ئیتر ئەوە خوای گەورە تا پۆژی دوایی حەرامیکرد) کەواتە لە سالّی (فەتحی مەککە)دا حەرام و قەدەغە کرا بۆ هەتا هەتایە . واتە یەکەمجار پێ دراوە و بە یەکجاریش بۆ هەتا هەتایە قەدەغە کراوە . ئەمە لە هەموو بۆچوونەکانی پاستر ە .

پرسیار : گەر بووترێت ، ئەی چی دەکەیت لەو فەرموودەیەی کە لە (بوخاری و موسلیم)دایە کە (علی) بە (إبن عباس) دەلّێ (پێغەمبەر نەهی کرد لە موتعەی ئافرەتان و خواردنی گۆشتی گوێ درێژی مالّی لە پۆژی خەیبەردا) .

(**إن النبي نهى عن متعة النساء و عن لحوم الحمر الأهلية زمن خيبر**) زانایان لە وەلاّمی ئەم فەرموودەیەدا دەلّێن : ئەوەی وا دەردەکەوێ وەها نیە ، چونکە ئەوانەی وا دەلّێن پێیان وایە (زمن خیبر) دەچێتەوە بۆ هەردوو کارەکە ، بەلاّم لە پاستیدا (زمن خیبر) یان (یوم خیبر) وەك لە پیوایەتێکی تردا هاتووە تەنها دەگەڕێتەوە بۆ (لحوم الحمر الأهلية) . (سفيان بن عيينه) کە لە سالّی (١٠٧

ك) له دایك بووە (١٩٨ك) مردووە و دەڵێ (یوم خیبر) پەیوەستە بە گۆشتی گوێ درێژەوە نەك موتعە .

(سوهەیلی) دەڵێ : ئەوەی كە دەووترێ لە ڕۆژی خەیبەردا نەهی لە موتعە كراوە ، ئەمە شتێكە هیچ یەكێك لە زانایان بە سیرە و ڕاوی گێرانەوەكان لەلایان زانراو نییە.

(إبن عبد البر) لە ڕێگەی (قاسم بن أصبغ)ەوە ئەوە باس دەكات كە (حومەیدی) لە (إبن عیینە) باس دەكات گۆشتی گوێ درێژ بووە ، بەڵام نەهی موتعە لە غەیری ڕۆژی خەیبەر بووە .

هەروەها (إبن عبد البر) دەڵێ : زۆربەی هەرە زۆری خەڵكی لەسەر ئەم بۆچوونەن (و على هذا أكثر الناس) .

(أبو عوانە) لە (صەحیحە)كەیدا دەڵێ : گوێم لە ئەهل (علم) بووە كە ووتوویانە فەرموودەكەی (عەلی) باسی نەهییە لە گۆشتی گوێ درێژ ، بەڵام نەهی لە موتعە ئەوە لە ڕۆژی فەتحی مەككەدا بووە . گەر بووترێت : ئەی بۆ چی هەردوو بابەتەكەی پێكەوە باس كردووە ؟ . ووتراوە : كاتێ كە (إبن عباس) لەگەڵ (عەلی)دا (مناقشە) دەكەن لەسەر ئەم دوو بابەتە (عەلی) بە (إبن عباس) دەڵێ (تۆ كەسێكی سەرت لێ شێواوە و سەر لە بابەتەكە دەرناكەیت و پێغەمبەر موتعەی حەرامكردووە و گۆشتی گوێ درێژی ماڵیشی لە ڕۆژی خەیبەردا حەرامكردووە ، ئەوەتا (عەلی) باسی موتعە دەكات كە تایبەت نەكات ، بەڵام خواردنی گۆشتەكەی دیاری دەكات ، جا هەندێك خەڵك وا تێدەگەن كە مەبەست هەردوو شتەكە بێت لە یەك كاتدا ، بەڵام (عەلی) وەك موناقەشە ئەم دوو بابەتەی باس كردووە . (إبن قیم) دەڵێ (زۆربەی خەڵكی

لەسەر ئەم بۆچوونەن .

هەندێك كاتی تر باس كراوە لە بارەی حەرامبوونی (موتعە) بەلام هیچیان لە ڕەخنە بە دەر نین ، بە گشتی پێنج جێگەیان باس كردووە :

١- هەندێك ووتویانە گوایە لە (تەبووك)دا حەرامكرا ، بۆ ئەمە لە (أبو هريرة)وە فەرموودەیەك ڕاگوێز دەكەین ، بەلام (إبن حجر) جگە لەوەی وەلامی دەداتەوە ئاماژەش بەوە دەكات كە فەرموودەكە لاوازە (ضعيف)ە چونكە لە ڕێگەی (مؤمل إبن ئيسماعيل) لە (عكرمە بن عمار)ەوەیە ، كە ئەمە هەردووكیان قسەیان لەسەرە . دەڵێم ، ئەوەی كە (إبن حجر) لە بارەی ئەو كەسەوە ووتوویەتی مەبەستی لەوەیە كە :

أ- (مؤمل بن ئيسماعيل) كەسێكی لاوازە ، چونكە وەك (إبن حجر) خۆی لە (التقريب)دا دەڵێت (صدوق سيء حفظ) واتە: ڕاستگۆیە حیفزی خراپە (أبو حاتم) و كەسانی تریش دەڵێن : هەڵەی زۆرە (كثير الخطأ) .

ب – (عكرمه بن عمار)یش كەسێكی زۆر لاوازە (ضعيف جدا) وەك (إبن حزم دەڵێ) تێبینی ئەم دەستەیە فەرموودەیەكی تر دەهێننەوە كە (جابر) ڕیوایەتی دەكات بەلام ئەویش لاوازە ، چونكە لە ڕشتە (سند) لە سەنەدەكەیدا (عباد بن كثير)ی تێدایە كەسێكە زانایان وازیان لە گێڕانەوەی هێناوە (متروك) وەك (إبن حجر) دەڵێ : (بوخاری لە بارەیەوە دەڵێت وازیان لێهێناوە (تركوه) نەسائی دەڵێت (متروك) (تەبەڕانی) دەڵێ (متروك الحديث) احمد دەڵێ : فەرموودەی درۆ دەگێڕێتەوە (روى أحاديث كذب) .

٢- هەندێك دەڵێن لە (حجة الوداع)دا حەرامكراوە ، بەلام ئەمەش زانایان قسەیان لەسەر كردووە و وەلامیان داوتەوە كە (ربيع بن سبرة) بە (وهم) و

هەندا چووە لە جیاتی بڵێ سەردەمی (فەتحی مەکە) ووتویەتی (حجة الوداع) وەك (إبن حجر و إبن القیم و ألباني) ئامازەیان پێداوە : ئەوەی کە جاری وایە ڕاوی بە هەڵە دەچێ ، سەردەمێك دەگوڕێتەوە بۆ سەردەمێکی تر ، جێگەیەك دەکات بەجێگەیەکی تر ، یان ڕووداوێك بە ڕووداوێکی تر ، ئەمە زۆرێك لە شارەزایان تووشی دەبن ، چ جای ئەوەی کەسانێك کە لە پلەدا لە خوار ئەمانەوە بن ، وەك (إبن القیم) دەڵێ .

٣- هەندێکی تر دەڵێن : لە جەنگی (اوطاس)دا حەرامکراوە کە موسلیم دەگێڕێتەوە ئەمەش زانایان وەلامیان داوەتەوە بەوەی کە مەبەست لە (عام اوطاس) (عام الفتح) بووە . چونکە هەموو لایەك دەزانن کە جەنگی (اوطاس) ڕاستەوخۆ بە دوای فەتحی مەککەدا هات هەروەها ئەوەش ، چونکە وەك لە فەرموودەی ساغدا هاتووە کە لە فەتحی مەکەدا لە بارەی موتعەوە پێغەمبەر فەرمووی (هەتا هەتایە تا ڕۆژی دوایی حەرامە) بۆیە جێی خۆیەتی (عام اوطاس) مەبەست لە (عام الفتح) بێت .

٤- هەندێك دەڵێن : لە (عمرة القضاء)دا حەرامکراوە ، بەڵام ئەو گێڕانەوە لاوازە لە (مراسیل)ی حەسەنی بەسریە ، وە مەعلومیشە کە هەموو (مراسیل)ەکانی حسن لاوازە .

٥- ئەوەی کە لە ڕەخنە دەربازی بووە ، ڕەخنە زانستی زانا بەڕێزەکان نەگرێتەوە تەنها (فەتحی مەککە) بووە ئەو گێڕانەوەیە دەڵێت (موتعە لە فەتحی مەککەدا حەرام کرا) ڕاشکاوەو بێ پێچ و پەنا دەرچووە [1] .

١- نەزانی و بێ شەرمی ، عومەر کەمالّ دەروێش ، لاپەڕە (٢١٢) .

سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ خودای گەورە ، کە یارمەتی دام و توانای پێم بەخشی بۆ نووسینی ئەم پەرتوکە و ولامدانەوەی هەموو پڕوپاگەندەکانی نووسەری سەرلێشێواو مەریوان هەڵەبجەیی .

بە ڕاستی ئەگەر یارمەتی ئاشکرای خودای گەورە لەگەڵمدا نەبوایە لە توانامدا نەبو ئەو کارە ئەنجام بدەم ، چونکە تاکو ئێستا بە زبانی کوردی هیچ شتێکم نەنووسیوە .

هەروەها سوپاسێکی زۆر و بێپایان و پێزانینم بۆ مامۆستای بەرز و (مجاهد) دکتور سید احمد پێنجوێنی ، کە لە گەرماکەی تەموزدا ئەو پێشەکییە بە نرخەی بۆم نووسی ، هەر وەکو فەرموویەتی : (منیش ئەم کارەم بۆ کرد کە لە ناوەندی دەیان کار و جەنجاڵی و سەرقاڵیمدا) .

سوپاسی زۆر و بێ پایان بۆ زانای بە تواناو هەڵکەوتوو (د.د. نجم الدین الزنگی) پرۆفیسۆری بە ئەزموون بۆ ئەو پێشەکییەی کە بۆمی نووسیوە و هەروەها سوپاسیش بۆ برای بەڕێز دکتور ئازاد عبد الواحد کە دیزاینی بۆ پەرتوکەکەم کرد .

هەروەها سوپاس بۆ بەڕێز هیمن عبد الله زەنگەنە بۆ ماندوبوونی لە نووسینی پەرتوکەکەمدا بە کۆمپیوتەر .

سوپاسیش بۆ ئەو برا بەڕێزە کە پەرتوکەکەی مەریوانی بۆ هێنام و داوای لێکردم ناوی تۆمار نەکەم .

سەرچاوەکان

١. قورئانی پیرۆز .
٢. تەفسیری (ابن كثير) .
٣. تەفسیری (اللباب) .
٤. التذكرة للقرطبي .
٥. مختار الصحاح .
٦. السيرة النبوية ، محمد محمود الصواف .
٧. السيرة النبوية ، دكتور علي محمد الصلابي .
٨. الطبري ، السمط الثمين في مناقب ام المؤمنين .
٩. مجموعة امهات المؤمنين ، محمد محمود الصواف .
١٠. تەفسیری (الطنطاوي) .
١١. تەفسیری (الجلالين) .
١٢. تەفسیری (ايسر التفاسير) .
١٣. تەفسیری (البقاعي) .
١٤. تەفسیری (صفوة التفاسير) .
١٥. تەفسیری (ابن عباس) .
١٦. تەفسیری (السمرقندی) .
١٧. معاني النحو ، دكتور فاضل السامرائي .
١٨. تەفسیری (النسفي) .

١٩. تەفسیری (البیضاوي) .
٢٠. تەفسیری (الخازن) .
٢١. تەفسیری (مقاتل) .
٢٢. تەفسیری (الزمخشري) .
٢٣. تەفسیری (الآلوسي) .
٢٤. تەفسیری (المنتخب) .
٢٥. شرح التوضیح على التصریح .
٢٦. صحیح البخاري .
٢٧. تەفسیری (الثعالیبي) .
٢٨. دولّەتی خیلافەت ، ئیکرام کریم .
٢٩. نەزانی و بێ شەرمی ، عمر کمال درویّش .
٣٠. صحیح مسلم .
٣١. الناسخ و المنسوخ ، لأبن سلام .
٣٢. تەفسیری (ابن العجیبة) .
٣٣. سەرابەکان نابنە کانی ، دکتور عثمان هەڵەبجەیی .
٣٤. فیض القدیر ، شرح الجامع الصغیر للمناوی .
٣٥. فتح الباري ، شرح صحیح البخاري .
٣٦. تاریخ الخلفاء ، إمام السیوطي .
٣٧. مغنی اللبیب ، لأبن هشام .
٣٨. فقه السنه .

پێڕەستی بابەتەکان	لاپەڕە
پێشەکی ماموّستای گەورە و بەڕێز : دکتور سید احمد عبد الوهاب پێنجوێنی	٣
پێشەکی ماموّستای بە توانا (د.د. نجم الدین الزنگی)	٦
پێشەکی نووسەر	٨
باسی بەهەشت و مافی پیاوان و ژنان لە بەهەشتدا	١٠
وەلامی پرسیارێك لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) : (لن یفلح قوم ولوا امرهم إمراءة)	١٧
تێبینییەکی گرنگ	١٩
وەلامی پرسیارێك لە ئایەتی(وهو الذي یسیرکم في البر والبحر... الخ)	٢٠
باسی (عباس عبد النور)	٢٣
وەلامی پرسیارێك لە کوشتنی دیلەکانی (بنو قریظة)	٢٥
وەلامی پرسیارێك لە جەنگی (خیبر)	٢٧
وەلامی پرسیارێك لە ئایەتی : (فإذا لقیتم الذین کفروا ... الخ)	٢٨
باسی هاوسەرەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)	٣٠
تێبینییەکی گرنگ لە هاوسەرگیری پێغەمبەردا (ص)	٣٧
وەلامی دژایەتی لە نێوان ئایەتی (لا إکراه في الدین) و ئایەتی (قاتلوا الذین لا یؤمنون بالله ...الخ)	٤٠

وەلامی پەخنەی لە چەند ئایەتێك : ٤١
یەکەم : (و یسألونك عن الأهلة ... الخ) ٤٢
دووەم : (تغرب فی عین حمأة) ٤٦
سێیەم : (سیقولون ثلاثة رابعهم کلبهم ... الخ) ٤٨
چوارەم : (و یسألونك عن الروح ... الخ) ٦١
پێنجەم : (وەلامی پەخنە لە حیجاب) ٦٢
باسی ئیعجازی سورەتی (روم) ٦٤
باسی ئیعجازی سورەتی (لقمان) ٦٧
وەلامی پەخنە لە ئایەتەکانی (ایطمع کل امرئ منهم ...الخ + کل إنا خلقناهم مما یعلمون) ٧٠
وەلامی پەخنەی لە ئایەتی (إن الذین لا یؤمنون ...الخ) ٧٢
وەلامی دژایەتی لە نێوان ئایەتی (و إن تصیبهم حسنه ... الخ) و ئایەتی (و ما أصابك ... الخ) ٧٤
وەلامی پەخنەی لە ئایەتی (و نحشرهم یوم القیامه علی وجوههم ... الخ) و ئایەتی (و یوم نحشرهم جمیعا ...الخ) ٧٦
وەلامی دژایەتی لە نێوان ئایەتەکانی (و لنسألن عما کنتم تعملون + فوربك لنسألنهم عما کانوا یعملون) و ئایەتەکانی (فیومئذ لا یسأل عن ذنبه + و لا یسأل عن ذنوبهم المجرمون) ٧٨

وەلامی دژایەتی لە نێوان ئایەتی (فالتقمه الحوت وهو مليم ... الخ) و ئایەتی (فاصبر لحكم ربك ... الخ) ٧٩
وەلامی ڕەخنە لە ئایەتی (قل أتكفرون بالذي خلق الأرض...الخ) ٨٢
وەلامی دژایەتی لە نێوان ئایەتی (و الولدات يرضعن أولادهن ... الخ) و ئایەتی (و حمله و فصاله ... الخ) ٨٥
وەلامی ئایەتی (المائدة ١١٧) کە دەڤەرموێت : عیسی (علیه السلام) مردووە، و ئایەتی (النساء ١٠٧) کە دەڤەرموێت عیسی (علیه السلام) نەمردووە ٨٨
وەلامی ڕەخنەی لە ئایەتی (إن الذين كفروا سواء عليهم ... الخ) ٩١
وەلامی ڕەخنە لە ئایەتی (إليه يرد علم الساعة ... الخ) ٩٣
باسی مارە بە جاش لە ڕوانگەی ئیسلامدا ٩٦
باسی کچە کوردێکی بەند کراو ١٠٠
وەلامی ڕخنەی لە ئایەتی (الرجال قوامون على النساء ... الخ) ١٠٣
وەلامی ڕەخنەی لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (خرج رسول الله إلى المصلى ... الخ) ١٠٦
باسەکانی پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل ١٠٩
وەلام بۆ سەرنەکەوتنی پێغەمبەر (ص) لە مەککەدا ١١٥

چەند تێبینییەکی پێویست ١١٨
باسی (ادم) و (حواء) و دروست کردنی ئافرەت لە پەراسوی پیاو ١٢١
باسی قابیل و هابیل ١٢٧
باسی (یوسف)ی پێغەمبەر (علیه الصلاة و السلام) ١٣٢
باسی پێغەمبەر (ابراهیم) (علیه الصلاة و السلام) ١٣٦
باسی نەتەوەی (لوط) (علیه الصلاة و السلام) ١٤١
باسی خزمەت کار و خزمەت کراو و نێربازی لە بەهەشتدا ١٤٣
باسی سێکس لە بەهەشتدا ١٤٨
باسی جلباب و حجاب ١٥٠
وەلامی پەخنەی لە چاوەڕوانکردنی ژنی تەلاقدراودا ١٥٢
باسی هاوسەرگیری لە ئیسلامدا ١٦٠
باسی پێشکەش کردنی ژنان لەلایەن (انصار)ەکانەوە بۆ کۆچەرەکان ١٦٠
وەلامی ئەوە کە دەڵێت : لە مەککەدا سزای زیناکەر توند و تیژ بووە ١٦٢
بە پێچەوانەی مەدینەوە
وەلامی بوختانی دەربارەی لەش فرۆشی بە کەنیزەك لە ئیسلامدا ١٦٣
باسی فرەژنی لە ئیسلامدا ١٦٩
باسی ئازاد کردنی کۆیلە و هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا ١٨١

باسی پاساوی ئیسلام بۆ فرەژنی ١٨٥
باسی ژنانی چەند صەحابەیەك و چیرۆکی ژنهێنانیان ١٨٩
وەلآنی ڕەخنە لە ناڕەزایی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لە ژن هێنانی (امام علی) بەسەر (فاطمة)دا ١٩٥
وەلآمی ڕەخنەی دەربارەی زەواجی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لە (عائشة)ی تەمەن بچوك ١٩٨
وەلآمی ڕەخنە لە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) کە خزمەتکاری زۆری هەبووە ٢٠٠
وەلآمی ڕەخنە لە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) کە حەزی لە سێکس کیژۆڵە بووە ٢٠١
وەلآم بۆ ئەو بوختانەی گوایە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) لە جەنگەکاندا کۆمەڵێك ژنی جوانی دەستکەوت بووەو بۆخۆی حەلآلی کردووە ٢٠٢
وەلآمی ئەوە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لە ژیانی (خدیجة)دا ژنی دیکەی نەهێناوە ٢٠٥
وەلآمی ڕەخنە لە زەواجی پێغەمبەر (ص) لە عائشة ٢٠٦
باسەکەی (جویریة) و جەنگی (بنو قریظة) ٢٠٧
باسی تەلآقدانی (زینب) و شوو کردنی بە پێغەمبەر (ص) ٢١٢
باسی جەنگی (خیبر) ٢١٤
باسی خۆبەخشینی ژنان بە پێغەمبەر (ص) ٢١٦

باسی هێزی سێکسی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) ٢١٩
باسەکەی (مارية) ٢٢٣
باسی ئەو فەرموودە (ژن بۆ چوار شت مارە دەکرێت) ٢٢٨
باسی زینا لە ڕووانگەی ئیسلامدا ٢٢٩
باسی ئەوە کە دەڵێت (خۆڕازاندنەوەی ژن لە ئیسلامدا حەرامە) ٢٣٤
باسی هۆی جیاوازی سزای زینا لە مەککە و مەدینەدا ٢٣٧
بۆچوونی ئێمە دەربارەی ئایەتی (واللاتی یأتین الفاحشة ... الخ)
وئایەتی (و اللذان یأتیانها منکم ... الخ) ٢٣٩
تێبینییەکی گرنگ ٢٤٥
باسی سزای بوختانکەران بە ژنە ئازادەکاندا ٢٤٦
باسەکەی (مغیرة بن شعبة) ٢٤٨
باسی (ملاعنة) ٢٥٠
وەلامی ئەوە کە دەڵێت : ئەگەر ژنێك سێکسی کرد بۆی نییە
بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگا ٢٥٥
وەلامی ئەوە کە دەڵێت : ژنی تەلاقدراو نابێت لە ماڵەکەی خۆیدا
بچێتە دەرەوە ٢٦٠
باسەکەی (عبد الله بن ابی بن سلول) ٢٦٤
باسی جووت بوون لەگەڵ کەنیزەکدا پێش کڕینی ٢٦٥
باسی سزای بوختانی زینا بە کەنیزەکدا ٢٦٧

وەلامی ئەوە کە دەڵێت : ژنانی پێغەمبەریش (ص) بەشدار بوون له هەڕەشەی توند و تیژ سەبارەت بە زینا ٢٦٩
باسی بوختانی (الإفك) ٢٧٦
باسی تەلاق کە دراوە بە پیاو ٢٧٧
باسی مافی پیاو لەسەر ژن ٢٧٨
وەلامی ڕەخنەی لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) (ليكونن من أمتى ... الخ) ٢٨٦
وەلام بۆ ڕەخنە دەربارەی سەفەرنەکردنی ژن بە تەنها ٢٨٧
وەلامی ڕەخنە لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) (ما تركت بعدى فتنة ... الخ) ٢٩٠
وەلامی ڕەخنەی لە ئایەتی (زين للناس حب الشهوات ... الخ) ٢٩٤
وەلامی ئەوە کە دەڵێت : جەستەی ژن وەك کێڵگەیەك بۆ پیاو وێنە کراوە ٢٩٦
وەلامی ئەوە کە دەڵێت : دوو ژن لە شاهیدیداندا بە یەك پیاو دەژمێردرێن ٣٠١
وەلامی ڕەخنەی لە ئایەتی (وهو الذي انزل من السماء ... الخ) ٣٠٤
وەلامی ڕەخنە لە ئایەتی (و للرجال عليهن درجة) ٣٠٥
وەلامی ڕەخنە لە چاوەڕوانکردنی ژنی میرد مردووا ٣٠٥

وەڵامی ئەوە کە دەڵێت : ژنی تەڵاقدراو لە ماڵەکەی خۆی بچێتە دەرەوە زینا دەکات ٣٠٥
باسی مارە بە جاش ٣١١
باسی ژنێك کە بڕیاری دابوو هەرگیز شوو نەکات ٣١٣
باسی مەمك مژین ٣١٧
باسی نێرەمووکی ٣٢٢
باسی سێکسی ئیمام (عمر) لە دواوەی ژنەکەیدا و باسی حەرام و حەڵاڵ بوونی ئەو کارە ٣٢٤
وەڵامی پەخنەی لە زەواجی ئیمام (عمر)ی تەمەن گەورە لە کچی تەمەن بچووکی ئیمام (علی) ٣٢٩
باسی کوشتنی (مالك بن نویرة) ٣٣٠
باسی ڕووداوی (حرة) ٣٣١
باسی داگیرکردنی (فزارة) ٣٣٤
باسی هاتوو چۆی نێوان صەفا و مەروە ٣٣٥
باسی موتعەی ژنان لە کاتی حەجدا و حەڵاڵ و حەرام بوونی موتعە ٣٣٨
باسی کوشتنی دیل لە ڕوانگەی ئیسلامدا ٣٤٧
باسی زەواجی کاتی ٣٥١

ئەمە بەشێکە لە پێشەکییەکەی مامۆستای گەورە و بەڕێز دکتۆر سید احمد پێنجوێنی

بە خۆش حاڵی و شەوقێکی زۆرەوە , ئەم نوسراوە بەهێز و چروپڕەی بڕای بەڕێزم : مامۆستا عبدالله علی زەنگەنەی کەرکوکیم خوێندەوە .... ئەم نوسراوە بۆچوونی بەهێز و تازەی زۆریشی تێدایە ، کە نوسەرەکەی توانیوێتی بە بەڵگەی ڕوون و بەهێز بیر و بۆچوونەکانی بڵێت و بنوسێت کە زۆر جار ڕاو بۆچوونەکانی لەگەڵ ڕاو بۆچوونی زاناکانی تری پێش خۆیدا یەکیش ناگرنەوە ، بەڵام قسەی خۆی هەرکردووە و شتی تازەشی نیشانداوە ، کە کەسایەتی خۆی تێدا نمایش کردووە ، کە ئەمەش یەکێکە لە قەدر و بەهای ئەم کتێبە و ، زیرەکی نوسەرەکەی و نایابی نوسەرەکەی مامۆستا عبدالله زەنگەنە لە زبانی عەرەبی و ڕێزمانەکەشیدا تۆیشووی باشی هەیە و دەوڵەمەندە ، هەروەها ئاگادارییەکی باشیشی لە شەریعەت و فقهدا هەیە ، کە ئەمەش یەکێکی تر لە نایابی ئەم کتێبەی ، من هیوادارم خوشك و برایانی ڕۆشنبیر بە تامەزرۆیی و گرنگی یەوە ئەم کتێبە بخوێننەوە و زیاتر شارەزایی پەیدا بکەن لە ئایینەکەیان و ، لەبێ ویژدانی دوژمنەکانی و داخ لە دڵی و بێ ئاگایی یان لە ئەلف و بێی ئەم ئاینە ڕوون و بێ گەردە .

لە کۆتاییدا ، سەرکەوتنی زیاتر و زۆرتر ئەخوازم بۆ مامۆستای نوسەر ، بەهرە و بەرەکەت و غیرەتیش بۆ خوشك وبرایانی خوێنەری ئەم نوسراوە خنجیلانەیە ، هیواداریشم بەرهەمی چاکتر و دەمکورتکەرتر مان بکەوێتە بەرچاو ومیللەتەکەمان پارێزراو بێت لە ژەنگ و ژاری خەڵکی دۆراو و بێگانە پەرست و ، پتر شانازی بکەین بە ئیمان و ئاینەکەمانەوە ، لەگەڵ ڕێز و حورمەتم بۆ هەموان و ئومێدی وڵاتێکی ئاوەدان و گەلێکی خاوەن هۆش و عیرفان .